https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی لە خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٨-١٩٢٤

هەوالنامەی کتێب

د. ئامانج احمد مصطفی
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئادابmustafa@soran.edu.iq

م. نعمت علی محمود
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئاداب
Niamat.Mahmud@soran.edu.iq

پوختە

کورد یەکێکە لە کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی مێژوو و کلتور و زمانی تایبەت بە خۆیەتی و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مێژووی ناوچەکەدا گێڕاوە و لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا هەوڵی داوە کە لە دەست زوڵم و ستەمی داگیرکەراندا ڕزگاری بێت و سەربەخۆیی نەتەوەیی بەدەست بێنێت, بۆیە ئەگەر بێت و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە, ئەوا بەدەگمەن قۆناغێکمان بەرچاو دەکەوێت کە کورد چالاکی تێدا ئەنجام نەدابێت لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی. بەڵام مێژوونوسان و توێژەرانی بواری مێژوو وەکو پێویست گرنگییان بەو خەبات و ماندووبوونە نەداوە و تەنیا لە بازنەی ستایش و گێڕانەوەی چیرۆکی قارەمانانە خۆڵاوێتەوە و شکستەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەییان خستۆتە ئەستۆی بێگانەوە. هەوڵ دراوە لەو لێکۆڵینەوەیە ئۆبالّی ئەو دۆخە بخرێتە پاڵ فاکتەرە ڕاستەقینەکان, وەک کەمتەرخەمی و ناکۆکی و ناتەباییی نێوخۆیی کورد کە لێکەوتەو دەرەنجامەکانی هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو سەرەتای سەدەی بیست و یەک زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی دیارن.

وشە کلیلییەکان: سەرکردایەتی ناوچەگەری، شێخ مەحمودی بەرزنجی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی، سەرۆک هۆزەکان.

ڕۆڵـی سـەرکردایەتی نـاوچەگەریەتی لە خەبـاتی بـزوتنەوەی ڕزگـاری خوازی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٨- ١٩٢٤

پێشەکی

دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی دەرفەتێکی سیاسی بۆ کورد ڕەخسا بۆ ئەوەی بتوانێت هاوشێوەی گەلانی ژێر دەستەی ناوچەکە بە مافە نەتەوەییەکانی بگات. تەنیا تێڕوانینێکی نا لۆژیکییانەی سیاسی وڵاتانی کۆلۆنیالیست سەبارەت بە دۆزی کورد فاکتەر نەبوو بۆ نەگەیشتنی کورد بەمافە نەتەوەییەکانی، بەڵکو نەبوونی تێڕوانینێکی دروست و ئەزموونی کاڵی سیاسی و ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی کورد ئەو دەرفەتەی بێ ئەنجام هیشتەوە و ڕووبەڕوی هەمان چارنوسی پێشووی کردەوە.

سەبارەت بە فاکتەرەکانی کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە بە ئەنجام نەگەیشتنی کورد بۆ مافە سەربەخۆییەکان، دەکرێت لەپاڵ فاکتەرە دەرەکییەکان فاکتەرە ناوخۆییەکانیش هەمان کاریگەرییان بینیبێت، هەر بۆیە پێویستە مێژوونوسان بەشێوەیەکی زانستییانە ڕووداوە مێژییەکان شی بکەنەوە دوور لە پێداهەڵدان و ستایشکردن, پەنجە بخەنە سەر هەڵەکان و ڕەخنەگرانە بێنە مەیدان بۆ ئەوەی دەستنیشانی خاڵە لاوازەکانمان بکەین بە ئومێدی چارەسەرکردنیان.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەمیشە وا لە خوێنەری کورد گەیەنراوە کەوا تەنیا فاکتەرە دەرەکییەکان هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتییانەی نەتەوەی کورد بوون، بێئاگا لەوەی فاکتەرە نێوخۆییەکان بەردەوام هۆکاری سەرەکی بوون و هەموو ئەو دەرفەتە مێژوویییانەی بۆ کورد هەڵکەوتوون بەهۆی نەبوونی تەبایی و تێڕوانینێکی دروست لەبار براون.

(ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی لە خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٨- ١٩٢٤) کە ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە فاکتەرێکی گرنگ بووە لە شکست پێهێنانی پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد. ئەو توێژینەوەیە لە دوو باس پێک دێت. باسی یەکەم، باس لە ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی کوردستان دەکات لە هەردوو پارچەی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان. باسی دووەمیش، ئاماژە بە هەمان ڕۆڵ دەکات لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توێژینەوەکە بە دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت. لەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی کراوە و ناوەناوەش شرۆڤەی ڕووداوەکان کراوە.

باسی یەکەم: ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان:

کاریگەری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی بەڕوونی لەو بەشەی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە. لەو کاتەی سەرکردایەتی کورد ئەوانەی خۆیان بە نوێنەر و ڕابەری گەل و نیشتمان دەزانی لە هەردوو بنەماڵەی (نەهری و بەدرخانی) چۆن کەوتنە هەڵە و ناکۆکی و لەدەستدانی دەرفەتی گونجاو بۆ ڕزگار بوون لەدەست بێگانە و داگیرکەران. ئەگەرچی ئەم بەشەی کوردستان زۆرترین ڕووبەری خاکی کوردستان و چڕی دانیشتوان پێکدەهێنێت و پەیوەندی و تێکەڵاوی زۆری هەبووە لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکە، دەبوایە کاری زۆرتریان بکردایە لەپێناو بەروپێش بردن و ناساندنی دۆزی کورد بەتایبەتی پاش جەنگی یەکەمی جیهان و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی بەمەبەستی چارەسەرکردنی دۆزی کورد و هەنگاونان بەرەو دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد، بەڵام ئەو هەوڵانە هەموویان نەبوونە جێگای هیوا و ئاواتی کورد و بێ ئەنجام مانەوە, ئەمەش زیاتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەدیار دەکەوێت بە

تایبەتی لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی بەناوی (یەکێتی عوسمانی[1]) (ناوخۆش، ٢٠٠٠ :٢٩).

دواتر ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی(١٩٠٨) گۆڕا بۆ (ئیتیحاد و تەرەقی) کە هەریەکە لە (عەبدوڵا جەودەت و ئیسحاق سکۆدی) کەوا کورد بوون و دەستەی دامەزرێنەری بوون. عەبدوڵڵا جەودەت لە وتارێکیدا کە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو (سەردەم[2]) بەناوی (**عوسمانی**) بڵاوکراوەتەوە دەڵێت **" دەسەڵاتی عوسمانی دەبێت بە هی هەموو لایەک ئەگەر بێت و کار بە دەستور بکەین هەموو لایەک یەکسان دەبن و زمان و نەتەوەکانیش مافی خۆیان وەردەگرن"** (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ١٨٥).

کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) داوای لە زۆربەی وڵاتان کرد کە لە دەوریان کۆببنەوە و لە ڕێگەی دروشم و سیاسەتی فێڵبازانە بۆ ئەوەی پێگە و دەسەڵاتیان پتەو و بەهێز بکەن و بتوانن جێگای سوڵتانە عوسمانییەکان بگرنەوە و کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن کە کوردەکان بەشداریییەکی بەرچاویان هەبووە بەتایبەتی لە کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمەڵەکە (هاوار، ٢٠٠٠: ٤٦٥).

ڕۆلی بەشداری کردنی کورد لە کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە ڕاستیدا زۆر ڕوون و ڕاست بووە و بە دروشمەکانی کۆمەڵەکە هەڵخەڵەتاون و بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیان بکەنەوە بۆ نموونە کاتێک (شەریف پاشای خەندان) کرا بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە وڵاتی سوید, لەو سەردەمە سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) لەسەر دەسەڵات بوو تێکەڵ بە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی نەبوو، بەڵام دواتر وردە وردە دەستی لەگەڵ کۆمەڵەکە تێکەڵ کرد و هاوکارییەکی باشی کارەکانیانی لە دەرەوەی وڵات کرد, بەڵام دواتر لە ساڵی (١٩٠٩) ئیتیحاد و تەرەقی لە کۆمەڵەکە لایدا و هەر بەوەش نەوەستان دەستیان بە دژایەتی کردنی کورد و هەموو نەتەوەکانی

ناتورک کرد. بۆیە کوردەکان دابەشی سەر دوو بەرە بوون. یەکەمیان دەیانەویست کۆمەڵەیەکی کوردی سەربەخۆ پێکبهێنن. بەرەی دووەمیش، بە پێویستیان زانی هەر لەناو کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی بمێننەوە بە تورک ناوبانگ دەربکەن نەک بە کورد بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کورد. چونکە پێیان وابوو ئەگەر بەشداری لەم کۆمەڵەیەدا بکەن هەموو دەسەڵات و پلەو پایەیەکیان پێدەدرێت، بەڵام دواتر هەندێک لەو ئەندامە کوردانە بە ناچاری لە کۆمەڵەکە چوونە دەرەوە و هەندێکی تریش دوور خرانەوە، هەر بۆیە هەڵسان بە دامەزراندنی کۆمەڵێک ڕێکخراو گرینگترینیان (ئیتیحاد و تەرەقی کورد) بوو کە لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان شەریف پاشای خەندان, شێخ عەبدولقادری نەهری، زولکەفل پاشا، کامەران پاشا، فوئاد پاشا، حیکمەت پاشا، ئەکرەم پاشا) و چەندین کەسی تر لە ساڵی (١٩٠٨) دامەزرا. (جەلیلی، ٢٠٠٣: ١٠٢)

دواتر بەهۆی پاشگەز بوونەوەی ئیتیحاد و تەرەقی لە پرنسیپەکانی خۆی و دژایەتی کردنی مافەکانی کورد و هەموو میللەتانی ناتورک چەندین (ڕێکخراو و کۆمەڵەی[٣]) لەو جۆرە دروست بوون ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو میللەتانە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕووی لە زیاد بوون دەکرد لە سەرووی هەموشیانەوە کورد هەرچەندە لەلایەکی تریشەوە دەبینین ئەوانەی ئەو پارت و ڕێکخراوانەیان دامەزراند زیاتر ئەو کۆمەڵە کەسانە بوون کە کۆمەڵەکەیان پێکهێنابوو. (عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ٢٢٠ ؛ هاوار، ٢٠٠٠: ٤٩١-٤٩٦) لەلایەکی تریشەوە پاشماوەی ململانێی دەرەبەگایەتی لە نێوان عەشیرەتەکان و ناکۆکی نێوان سەرکردە سیاسییەکان ڕێگای لەبەردەم تورکیای لاو خۆشکرد کە درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆی بدات دژ بە کورد. (جەلیلی، ٢٠٠٣: ١٠٤)

هەریەک لە (ئەمین عالی بەدرخانی) و (عەبدولقادری نەهری) لە هەوڵی ئەوە دابوون ڕۆڵی خۆیان لەناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان بەدیار بخەن، ئەمین عالی ڕایگەیاند کە ئەو لەناو

ڕیزی شەمزینییەکان و پیاوانی ئاینی هاتووە، عەبدولقادری نەهریش کە لایەنگری خودموختاری بوو, (مکداول، ٢٠٠٥:١٦٤) دەیوت کە بەدرخانییەکان تەنیا فەرمانڕەوا نەبوون، بەڵکو فەرماندەی سەربازیش بوون. (جەلیلی، ٢٠١٣: ١٠٤) ئەم لێدوانانەی ئەو دوو سەرکردەیە تەنیا بە مەبەستی یەکتر شکاندن بووە، چونکە ویستویانە لە ڕێگای یەکتر شکاندن هەنگاوێک بچنە پێشەوە، مەبەستی عەبدولقادری نەهری ئەوە بووە نیشانی بدات کە بنەماڵەی بەدرخانی مەیلیان بەلای سەربازیدا بووە بۆ ئەوەی لەڕێگەی سەربازی دەسەڵاتیان فراوان بکەن.

هەردوولایان هەوڵیان دەدا لەپێش چاوی حکومەتی تورکیا یەکتری تاوانبار بکەن بۆ ئەوەی خۆیان خۆشەویست بکەن و چەند قۆناغێک بچنە پێشەوە ئەویش بە تاوانبارکردنی یەکتری بە خیانەت کردن و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیا و هەستی جوداخوازی. بۆیە حکومەتی تورکیا ئەو ناکۆکییەی نێوان هەردوو بنەماڵەکەی قۆستەوە و لە ساڵی (١٩٠٩) کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی داخست و ڕۆژنامەکانیشی قەدەغە کرد. (جەلیلی، ٢٠٠٣: ١٠٤) لە بڕوسکەی مستەفا کەمال بۆ والی دیاربەکر لە (١٥ی حوزیرانی ١٩١٩) کە هاتووە" **پێویستە هەموو ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەی تۆوی دووبەرەکی لەنێو وڵات بڵاو دەکەنەوە دابخرێن، ئەوە پێویستییەکی نیشتمانییە، و سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو ڕێوشوینانە**" (جلیلی وآخرون، ٢٠١٢: ١٢٩). ئەو یانە و کۆمەڵە کوردییانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و بیری شۆڕشگێڕی کەوا دەرەنجامەکەی لە نیسانی (١٩١٤) شۆڕشێکی گەورەی لە باکووری کوردستان لێکەوتەوە کە هەریەکە لە (مەلا سەلیم و شێخ بەهادین و سەید عەلی) لە سەرکردە گەورەکانی شۆڕش بوون. (عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ١٠٤)

سەرانی کورد نەیانتوانی یارمەتی وڵاتانی دەرەکی و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕوسیا و بەریتانیا وەربگرن دوای نەمانی عوسمانییەکان

و هاتنی تورکه کەمالیستەکان. دۆزی کورد هەر بە چارەسە نەکراوی مایەوە و کورد دووبارە کەوتەوە هەڵەی یارمەتیدانی کەمالییەکان، کەوا بەرەیەک لە ئەفسەر و سەرکردە خێلەکییەکان تەواو لەژێر کاریگەری دروشمەکانی ئەتاتورک بوون باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردی نەبوو، هەرچی ڕۆشنبیرانیش بوون چاوەڕوانی یارمەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون کە دەوڵەتیان بۆ دروست بکات. (أحمد عثمان، ۲۰۱۸، ج۱، ۵۰۹) ئەو سەرانەی یارمەتی عوسمانییەکانیان دا بریتی بوون لە (عەبدوڵا جەودەت، ئیسحاق سکۆدی، حەسەن خەیری زادە) . (جليلي و آخرون، ۲۰۱۲: ۱۲۱-۱۲۲)

شەڕی یەکەمی جیهانی و دەرەنجامەکانی گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەر دۆزی کوردەوە هێنا، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کرد و پەیمانی سێڤەر و لۆزانی لێکەوتەوە و کوردستانی لێوە دابەش کرا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زیاتر بەرەو پێش برد. کاتێک کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە(۱۹۱۹) بەسترا, بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی مابوونەوە لە دوای جەنگ و دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوە چەوساوەکانی تورکیای عوسمانی, وڵاتە هاوپەیمانەکان ڕێککەوتن لەسەر جیاکردنەوەی (ئەرمینا و سوریا و میزۆپۆتامیا و کوردستان و فەڵەستین و دورگەی عەرەبی) لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێرەدا دەردەکەوێت کە دۆزی کورد بوونی هەیە و بەشێکە لە کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڵام دوای واژووکردنی بەڵێننامەی ئاشتەوایی و دابەش کردنی دەستکەوتەکانی دەوڵەتی عوسمانی, تورکیا هەوڵیدا کورد بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و پاراستنی یەکپارچەیی ئەو سنوورە جوگرافییەی ئەنادۆڵ (تورکیای ئێستا) هەریەک لە کۆنگرەی سیواس (۱۹۱۸) و کۆنگرەی ئەرزەڕۆم (۱۹۱۹) باشترین نموونەی بەکارهێنانی کورد بوو لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک. پەیماننامەی سێڤەر (۱۹۲۰) یەکەم بەڵێننامەی نێودەوڵەتی بوو کەوا دانی نا بە مافەکانی نەتەوەی کورد وەکو

گەلێکی سەربەخۆ لە ناوچەکە, بەڵام ماوەیەکی درێژی نەخایاند وڵاتە گەورەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندا لەسەر دەستکاری کردنی بەندەکانی بەڵێننامەکە بەتایبەتی ئەو بەندانەی کە باسی کورد دەکات. کەمالیستەکانیش زۆر بە توندی دژی ئەوە وەستانەوە کە بابەتەکانی بەڵێننامەکە بخرێتە ناو خشتەکانی کۆنگرەی لۆزان(١٩٢٣), هەموو توانایەکیان خستەگەڕ بۆ هەڵپەساردنی ئەو مەرجانەی کە دانرابوون لەسەر تورکیا لە پەیماننامەی سیڤەردا, ئەوە بوو کەمالیستەکان هەوڵی بێ وچانیان دەدا کە کوردەکان ببەستنەوە بە ڕێکخراوی (یەکێتی کۆمەڵایەتی) و بڕیاریاندا کە کورد گەلێکە مافی یەکسانی هەیە لەگەڵ تورکەکاندا. نوێنەری کورد لە ئەرزەڕۆم (حوسێن عەونی) بەڕاشکاوی وتی" **ئەو وڵاتە بۆ کورد و تورکە کەسیش بۆی نییە لەسەر ئەم دوانگەیەوە قسە بکات تەنها دوو نەتەوە نەبێت ئەوانیش نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکن** " هەرواها هەریەک لە(حەسەن خەیری و یامز) لە دێرسیم و (بوزان بەگ و شاهین بەگ) لە ئورفا و بە هەمان شێوە نوێنەرەکانی بالۆ و وان و بەدلیس و مەلاتییە پشتیوانییان کرد(لازارێف، ٢٠٠٨: ٣٢٩). وێڕای ئەوە نوێنەری تریش هەبوون داکۆکیان لە یەکپارچەیی تورکیا دەکردەوە لەوانە (حەسەن خەیری) کە زۆر ڕاشکاوانە داکۆکی لە یەکپارچەییی دەوڵەتی تورکیا دەکرد لە کۆنگرەی لۆزان لە کاتێکدا کە سەرکردەکان دەیانتوانی ئەو هەڵە زێڕینە بقۆزنەوە و پێداگری بکەن لەسەر سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە تورکیا هەوەکو ئەوەی ئەرمەنەکان کردیان. بەڵام لەلایەک نەبوونی پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی و لەلایەکی تریش ناکۆکی و پەرتەوازەی نێوخۆیی ئەو هەڵەی لەدەست کورد دا و تورکیاش دەستەوەستان نەوەستا تاکو هەموو هەوڵەکانی لەناو برد. (لازارێف، ٢٠٠٨: ٣٣٠)

لە هاوینی (١٩٢٠) (خالید بەگی جوبرانلی) کە ئەفسەرێکی کورد بوو لە لەشکری تورکیا و داوای لە سۆڤیەت کرد کەوا لە کۆنگرەی لۆزاندا کە

بڕیاره له (۱۹۲۳) ببەستریێت یارمەتی کورد بدات بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر چاودێری سۆڤیەت پاش ئەوەی کە کوردەکان متمانەیان بە ئینگلیزەکان نەما بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام سۆڤیەت هیچ هاوکاری و یارمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی نەکرد چونکە ڕوسیای سۆڤیەت پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ تورکیای کەمالیدا هەبوو, کە پەیماننامەی (سۆڤیەتی- تورکی) لێکەوتەوە لە (١٦ی ئازاری ١٩٢١) هەموو هەوڵەکانی کورد شکستی هێنا. (لازاریڤ، ٢٠٠٨: ٣٤٠)

سەبارەت بە کوردستانی ڕۆژئاوا، هەرچی لە کاروچالاکی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیدا هەبوو هەمووی لە چوارچێوەی ڕزگاری سوریاوە بوو نەوەک بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و خۆبەڕێوەبردن, ئەمەش بەهۆی لاوازی کامڵ نەبوونی هەستی نەتەوایەتی بوو لەو پارچەی کوردستانەدا.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کورد لە باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان نەیتوانیوە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ دابمەزرێنێ لەم ڕووەوە کەوتونەتە هەڵەیەکی سیاسی گەورە و سادەیی سیاسی و خۆشباوەڕی توشی شکستێکی مێژوویی کردن. هەر لەسەرەتاوە لە بری ئەوەی کار بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی سیاسی کوردی بکەن لە پێناو هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی کورد, پێیان وابوو کەوا دەتوانن لەنێو پارت و کۆمەڵی تورک و عەرەبەکانیشەوە مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکەن.

باسی دووەم: ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

١- باشووری کوردستان:

دوای جەنگی یەکەمی جیهان و ئەو کاتەی ئینگیزەکان عێراق و کوردستانیان داگیر کرد لە (١٩١٨)دا. پڕۆژەی ڕێککەوتننامەی سایکس

بیکۆ (١٩١٦) سەرەتایەک بوو بۆ دابەش کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان وڵاتانی زلهێز، کوردستانیش پشکی ئەو دابەشکارییەی بەرکەوت, بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان دوای کۆتایی هاتنی جەنگ هەوڵی ڕزگار بوون و سەربەخۆیی دەدا کە سلێمانی ببوە مەڵبەندی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخ زنجیرەیەک گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێنا (هەروتی، ٢٠٠٦: ٧٩).

هەموو کوردەکانی باشوور چاوەڕوانی ئەوە بوون کە کەوتنی ئیمپراتۆری عوسمانی و هاتنی ئینگلیز ببێتە سەرچاوەی خێر بۆ کوردستان هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون تانک و فڕۆکەکانی ئەوانیش بکەونە بۆردومان کردن و کاول کردنی کوردستان. (مەزهەر، ٢٠٠٩: ١٤٢)

(شێخ مەحمودی بەرزنجی[٤]) کە پیاوی ئاینی بە ناوبانگ و خاوەنی دەسەڵات و قەڵەمڕەوییەکی گەورە بوو لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان تا کۆتاییەکانی ساڵی (١٩١٨) لەگەڵ عوسمانییەکان بوو, بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بانگەوازی (جیهاد)ی دژی ئینگلیزەکان ڕاگەیاندبوو بۆ سوود وەرگرتن لە توانا مرۆییەکانی تەنانەت لە شەڕی گەورەی (شوعەیب)ش لە خواروی عێراق بەشداریان پێ کرد (مەلا عزەت، ٢٠٠٦: ٦٤). تورکەکان کردیانە فەرمانڕەوای سلێمانی و دوابەدوای ئەوانیش ئینگلیزەکان کردیان بە مەلیکی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرەنجە شێخ مەحمود دوو جار لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کراوە بە فەرمانڕەوای سلێمانی جارێکیان لە (تشرینی دووەمی ١٩١٨ تاکو حوزەیرانی ١٩١٩) (سائیب، ٢٠٠٨: ٢٠). جاری دووەمیش لە (ئەیلولی ١٩٢٢ تاکو نەورۆزی ١٩٢٤). بەهۆی ئەوەی کە شێخ مەحمود نەیتوانی سوود لە هەڵەکانی جاری پێشوو وەربگرێت جاری دووەمیش فەرمانڕەوایەتییەکەی زۆری نەخایاند و بێ دەستکەوت لەژێر دەستی هاتە دەرەوە. (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٩٩)

دوای بێهیوا بوون له عوسمانییەکان و شکست هێنانیان له جەنگی جیهانی و نزیک بوونەوەی ئینگلیز و ڕوس له باشووری کوردستان شێخ مەحمود بەهیوای دروست کردنی حکومەتی کوردی پەیوەندی بە ڕوسەکانەوە کرد (بیری نوێ، ٢٠٠٦: ٢٢٣). هەمان داواکاریشی له ئینگلیز کرد بۆ هەمان مەبەست. دوای هاتنی حاکمی گشتی بەریتانی (ویلسۆن) بۆ سلێمانی، شیخ مەحمود داواکاری نزیکەی (٤٠) سەرۆک هۆز و خێڵی کوردی پێشکەش کرد کە داواکارییەکەیان بریتی بوو له ڕێگەدان بە کورد بۆ خۆبەڕێوەبەری لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا. (سائیب، ٢٠٠٨: ٢٠)

شێخ مەحمود دوای ئەوەی بوو بە حوکمداری کوردستان ڕووبەڕوی چەند کێشەیەک بووەوە لەوانە: کەم ئەزموونی و لە مەیدانی سیاسەتدا بێکەس بوو سەرەڕای ئەوەی ڕاوێژکار و دڵسۆزی لێهاتووی نەبوون، ئەوانەش کە بەدڵ خزمەتیان کردووە, لەم بارەوە کەم ئەزموون بوون. شێخ مەحمود بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەسەر کارگێڕیەکەیدا هەبێت هەوڵیداوە پلە و پایەی بەسەرخزم و دۆستەکانیدا ببەخشێت، بۆیە دەبینین دەسەڵاتی حوکمداری یەکەم لە بازنەی داخراوی بنەماڵەی شێخدا ماوەتەوە (عبدالرحمن ادریس، ١٩٢٥: ١١٥). ئەمە جگە لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری یان سەرکردەیەکی ئەوتۆ کە زۆرینەی کوردان ڕازی بن بە دەسەڵاتی, هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە دروست کردنی دەسەڵاتی کوردی بێ ئومێد بن. (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٢٦)

نەبوونی کاریگەری هەستی نەتەوایەتی پتەو لەناو کورد لە بەرامبەر بەریتانییەکان وای لە کاربەدەستانی بەریتانی کرد لە نوسینگەی کۆمیسیاری باڵا لە ئەستەمبوڵ و بەغدا بڕوا بهێنن هەستی نەتەوایەتی کورد لاوازە. (لوید جۆرج) سەرۆک وەزیرانی بەریتانی لە ساڵی(١٩٢٠) دەڵێ: هەوڵەکانمان بۆ توێژینەوە لە هەستی نەتەوایەتی کورد لە ئەستەمبوڵ و بەغدا بەدیار دەکەوێ مەحاڵە کوردێک ببینی کە زۆربەی

کورد پشتگیری لێبکەن. چەندین بەیاننامە لە نوسینگەی کۆمیسیاری بالا لە ئەستەمبوڵ هەیە کە تێیدا هاتووە یەکدەنگی هەمە لایەنەی پتەو لای کورد نابینرێت. (عوسمان عەلی، ۲۰۱۰: ۳٤۱)

شێخ مەحمود وەکو سەرۆکێک زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت، بەڵام شارەزا نەبوو لە ئامرازەکانی ئەم دامەزراندنە. هەر ناکۆکی بەردەوام لەگەڵ ڕۆشنبیرانی سەردەم تا دەگاتە بەهێز بوونی پەیوەندی خێڵایەتی لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانییەکەی و بەردەوام لەسەر هەڵوێستێکی سیاسی جێگیر نەبوو، بەڵکو لەترسی ئینگلیز پەنای بۆ تورک و لە ترسی تورک پەنای بۆ ئینگلیز و لە ترسی ئینگلیز پەنای بۆ ئێران و ڕوسیا دەبرد (قانیع، ۲۰۱۱: ٤). دەربارەی حوکمڕانی شێخ مەحمود ئەمین زەکی بەگ دەڵێت **" لە کۆشەیەکی کوردستان جنوبی مانای لە سلێمانیدا بە هاوکاری حکومەتی ئینگلیز ئیدارەیەکی ناوخۆیی دامەزراند بەڵام بەباشی ئیدارەی نەکراو پێک چوو"** (خولاسەیەکی تاریخی، ۲۰۱۱: ٤).

ئینگلیزەکان سوودی زۆریان لە ناکۆکی هۆزایەتی و بنەماڵەیی و دواکەوتوویی بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتیی کومەڵگەی کوردەواری وەرگرت (هەروتی، ۲۰۰٦: ۹۱۱). کۆسپی هەرە گەورەی بەردەم حکومەتەکەی شێخ مەحمود بریتی بوو لە ئاغا و شێخ و سەرۆک هۆزەکان. سەرۆک هۆزەکانی کە دۆستی شێخ بوون سامان و تاڵان و ئیمتیازاتیان دەویست، لە هەمان کاتدا ڕقیان هەبوو لە گوێڕایەڵی بۆ کاربەدەستانی شێخ مەحمود و پاشان ئاستی وشیاریی سیاسی و ئەزموونی کۆمەڵایەتی و سروشتی ڕابردووی نەریت، هەموو ئەم دیاردانە حکومەتی شێخ مەحمود و ئاکامەکەیان بەم ڕۆژە گەیاند. بەرپرسانی بەریتانی سوورببوون لەسەر ئەوەی کورد پێویستی بە هەستی نەتەوایەتییە هەر ئەوەش بووە نوشوست هێنانی شێخ مەحمود لە بەگەڕخستنی کورد لە دەوری خۆیدا، ئەو بانگەشەی هەستی نەتەوایەتی دەکرد کە ئەو هەستە نە لای سەرکردە تەقلیدییەکان نە لای زۆربەی

خەڵکی کە نەخوێندەوار بوون دەست نەدەکەوت (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٤٠-٣٤١).

هۆکاری سەرەکی کەوتنی ئیدارەی شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکێتی ڕاستەقینە لە نێوان سەرکردە تەقلیدییەکانی کورد, لە ڕاستیدا کورد بەسەر ئەو سەرکردانەدا دابەش بووبوون. هەمیشە بە هاندانی ئینگلیز بەگژ شێخدا دەچوون هەندێکیان خیانەتیان لێکرد و چوونە پاڵ ئینگلیز (هاوار، ١٩٩٠: ١٨). لەو ماوە کورتەی حوکمی شێخ لە سلێمانی لە مایسی(١٩١٩) ناکۆکی کەوتە ناو کوردەکانی باشوور. گەورەترین هۆزی ناوچەی سلێمانی نەیاری شێخ بوون. سەرۆک هۆزەکانی بەرزنجە لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێککەوتن بۆئەوەی پشێوی بخەنە دەسەلاتی شێخ مەحمود. لە ناوچەی کەرکوک و کفریش هەندێک هەبوون لەژێر کاریگەری شێخەکانی تاڵەبانیدا بوون کە سەرسەختترین دوژمنی بەرزنجییەکان بوون و ئەوانیش فەرمانڕەوایەتی شێخیان نەدەویست. لە ڕانیە و قەلادزێ هۆزی پشدەر بە سەرۆکایەتی (بابکر ئاغا) لە ماوەی شۆڕشی مایس نەچووە ژێر فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود بەڵکو پشتگیری ئینگلیزەکانی کرد. لە هەولێریش هۆزی دزەیی جگە لە سەرکردەکانیان دانیان نەناوە بە هیچ دەسەلاتێکی تر و مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەریتانییەکان بوو لە کۆیەش (حەماغای غەفوری) دژی لکاندنی کۆیەبوو بە دەسەلاتەکەی شێخ مەحمود. تەنانەت لەناو شاری سلێمانی هەردوو نوخبەی ڕوناکبیران و بازاڕیش دژی شێخ بوون و بۆ لاواز کردنی پێگەی شێخ پشتیان بە هاوکاری ئینگلیز دەبەست (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٤٣).

وێڕای ئەمانەش شێخ مەحمود لە بڕیارەکانیدا تەنیا ڕای تایبەتی خۆی سەپاندووە و پشتی نەبەستووە بە ڕای یاریدەدەرەکانی هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لاوازی بڕیارەکانی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی. لیوا (سەدیق قادری[٥]) کاتێک لێکۆڵەری گشتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو ئاماژەکات بەوەی کە پلانێکی

باشی بۆ شێخ کێشاوە، بەڵام شێخ لەبەر چێژ وەرگرتن لە خۆدەرخستن گوێی پێنادات و پلانەکەی فەرامۆش دەکات (قادری، ١٩٢٤: ٢٤٨).

ئەوەی لەبارەی شێخ مەحمود زانراوە کەسێکی کەم حاڵی بووە لە سیاسەت و ئاگاداری پێشهاتە هزرییە نوێیەکانی ئەو سەردەم نەبوو هەروەها لە چینی سیاسەتمەداران نەبوو, ئەوانەی دەرچووی قوتابخانە و کۆلیژە سەربازی و مەدەنییەکان بوون. بۆیە ئەوە وای کردبوو کە هەڵسوکەوتەکانی دوور بن لە پیاوانی سیاسی (احمد عثمان، ١٩٧٣: ٧٣٤). جگە لە نەبوونی سوپایەکی ڕێک و پێکی سەردەمی, وێڕای گەڕانەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کورد کەوا لە سوپای عوسمانی کاریان دەکرد بەڵکو سوپاکەی تەنیا لایەنگران و شوێنکەوتووانی بوون لەگەڵ دەیان کەسی هێزی لیڤی (کوردی) کەوا لەلایەن ئەفسەرە بەریتانییەکانەوە سەرپەرشتی دەکران. یەکێک لە ئەفسەرە بەشداربووەکانی سوپای شێخ مەحمود بەناوی (فوئاد مستی) ئاماژەدەکات بەوەی کە ئەو سوپایە وێڕای کەموکوڕی لەڕووی شێوازی شەڕکردن و چەکی پێشکەوتوو ئینتیمای هۆزایەتیشی پێوە دیار بوو (التآخي، ١٩٧٤).

بەشێوەیەکی گشتی شێخ مەحمود هیچ لایەکی ڕازی نەکرد نە ئینگلیز و هاوپەیمانەکان نە هۆزە کوردییەکان نە ڕۆشنبیران و نە تورکیای کەمالی تەنیا کوردە ڕەشۆکی و هەژارەکەی دەوروپشتی کە بوون بە دەست و پێوەندی (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٤٩).

٢- ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەم زۆرترین ڕووداو و گۆڕانکاری تێیدا ڕوویانداوە بە بەراود لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان. هەر لەسەرەتای جەنگەوە ئاژاوە و پشێوی باڵی کێشابوو بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش ئەو هەلەی ڕەخساند کە سەرکردە کوردە خێڵەکییەکان کە بە

شێوەیەکی سەربەخۆ بە پەرتەوازەیی کار بکەن کە کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە بەهۆی هاتنە ناوەوەی هێزی تورک و ڕوس و ئەڵمانی (لازاریێف، ١٩٨٩:٣٠١).

دوای کشانەوەی لەشکری ڕوس لە ئێران لە ساڵی (١٩١٨) (سمکۆ شکاک[٦]) هەڵسا بە ئەنجامدانی چالاکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چونکە بۆشاییەکی گەورەی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و سەربازی ناوچەکە دروست بووبوو, بۆیە سمکۆ گشت دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانی دەرکرد و متمانەی زۆربەی خێڵە کوردییەکانی باکووری خۆرئاوای ئێرانی بەدەست هێنا و پشتیوانی خۆی بۆ ئەنجومەنی دیموکراتی نیشاندا کە ئەوکاتە لە ناوچە کوردییەکان پێکهاتبوو, کەوا توانی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ کوردانی دەوروپشتی دروست بکات (لازاریێف، ١٩٨٩: ٣٥٦).

سمکۆ کەسێکی ئازا و زیرەک و نیشتمان پەروەر بوو ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە جگە لەوەی کە سمکۆ زۆر باش بەهای پشتیوانێکی دەرەکی لەو ئەرکەی خستبووە سەرشانی خۆی. ئەو بڕوای بە یارمەتی و پشتگیری دەرەکی هەبوو بۆیە (سەید تەهای نەهری) نارد لای ئینگلیزەکان لە بەغدا بە ئومێدی بەدەستهێنانی یارمەتی بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت کۆمەڵێک هەڵەی هەبوو کەوا بوونە فاکتەری شکستپێهێنانی کە گرنگترینیان سوود وەرنەگرتنە لە لاوازی دەسەڵاتی ئێران لەو ماوەیەدا(مکداول، ٢٠٠٥: ٣٦١).

پێش بەرپا بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) لەبار بوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش. چونکە ئێران لەڕووی دارایی و سەربازی و کارگێڕییەوە زۆر شێواو بوو، شەڕی هۆزەکان و بێسەروبەری و قات و قڕی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە (مکداول، ٢٠٠٥: ٣٥٦). بەڵام نەبوونی هوشیاری

نەتەوەیی و سەرکردەیەکی یەکگرتوو کە بتوانێت خەڵکی کوردستان هان بدات و ڕێکیان بخات بێ ئەنجام مایەوە (عوسمان عەلی، ٢٠٠٥: ٣١٠).

ماوەی چەند ساڵێکی ویست تاکو دەسەڵاتی ناوەندی ئێران توانی خۆی ڕێکبخاتەوە و هەندێک لە لاوازییەکانی چارەسەر بکات, لەو ماوەیەدا سمکۆ وەک سەرکردەیەک نەیتوانی سوود لەو بارودۆخە خراپەی ئێران وەربگرێت، چونکە هیچ ئەنجومەنێکی سەربازی شەڕکردنی نەبوو ئەمە جگە لە نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی یاخود ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەروەها ستراتیژییەتێکی دوور مەودای بۆ جەنگێکی سیاسی و دبلۆماسی دیاریکراو نەبوو (نەوشیروان مستەفا، ٢٠٠٧: ٥٦). هەرجارەی ڕووی خۆی دەکردە لایەک. جارێک بەلای ڕوسەکان بۆ دەرباز بوون لە دەسەڵاتی ئێران و عوسمانی و جارێکی تریش دەیەویست بە پاڵپشتی هەواڵگری ئێرانی لە ڕێگەی دژایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی ڕوس و ئینگلیزەکان مافی خۆی لە ئێرانییەکان وەربگرێت. لە نامەیەکیدا بۆ کونسوڵی ڕوسیا لە ورمێ دەنوسێت " **تورکەکان بە هەڵی دەزانن کە کزی و لاوازی ڕەوشی ئێران بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن ... ئێوەش کە خۆتان بە پاڵپشتێکی ئێران دەزانن و لەسەر هەموو دەست درێژییەک لەسەر ئەم وڵاتە بە وەڵام دێن ئومێدم هەیە یارمەتیم دەدەن تا دژی ڕژێمی تورکیا ڕاپەڕم**" (چوار چرا، ١٩٨٦: ٤٩).

لە کاتی دیدارەکەیدا لەگەڵ مستەفا پاشای یامولکی لە ساڵی (١٩٢١)، سمکۆی شکاک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کاتێک دەسەڵاتدارانی ئێران بە ئامانج و جموجۆڵەکانی ئاسوورییەکانیان زانی, داوایان لێکردم لە دژی ئێران نەچمە پاڵ ئاسوورییەکان, هەروەها بەڵێنیان پێدام ئەگەر (مارشمعون[٧]) بکوژم دیاریم پێ دەدەن, لەبەر چەند هۆیەک ڕازی بووم بە کوشتنی مارشمعون (عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ٢٠٨). هەبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییەش پشتڕاست کراوەتەوە کاتێک هێزەکانی ئاسووری پەلاماری

بنکەی سمکۆیاندا لە (چەهریق) لە ماڵی سمکۆ نامەیەکی (محەمەد حەسەن میرزا)ی والی (خوی) یان دۆزیوەتەوە کە بۆ سمکۆ نێردراوە و داوای لێکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاسوورییەکان (دیلمقانی، ١٣٨٦: ١٣٧). هەروەها لەلایەن والی تەبریزیش (مەهدی ئەلشەمس) نامەیەک بۆ سمکۆ نێردراوە کە ئەگەر مارشمعون بکوژێت ڕەزامەندی حکومەتی ئێران بەدەست دێنێت (بارمتی، ١٩٨٩: ١٠٥).

هەروەک باسمان کرد سمکۆ نەیتوانی سوود لە لاوازییەکانی ئێران وەربگرێت. هێزێکی تۆکمە دابمەزرێنێ بۆیە (ڕەزاخان) توانی سوود لە لاوازی جولانەوەی سیاسی ئێران وەربگرێت و بە تایبەتی بزوتنەوە سیاسی و دیموکراتخواز و ئازادیخوازەکانی ئێران و بە ئاسانی سەرکوتیان بکات لەوانەش بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە لە دۆخێکدا بوو نە یەکگرتوو و نە خاوەن ئامانجێکی ڕوون و دیاریش بوو (لازاریف، ١٩٨٩: ٣٣٨).

لەگەڵ ئەوەی سمکۆ نەیتوانی لەگەڵ کوردەکانی هاوخەباتی پەیوەندیی پتەو پەیدا بکات لە هەمان کاتیشدا نەیتوانی لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێرانیش هیچ کارێکی هاوبەش ئەنجام بدات (نەوشیروان مستەفا، ٢٠٠٧: ٤٢١) .

لەنێو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکاندا هەستێکی جیاواز بەرامبەر بە کورد هەبوو لەچاو ناسیۆنالیستە عەرەب و تورکەکاندا ئەویش ئەوە بوو کە ئەوان کەمتر دوژمنایەتیان بەرامبەر بە ناسنامەی کورد هەبوو (دیرک کینان، ٢٠٠٠: ٧٦).

سمکۆی شکاک بزوتنەوەیەکی چەکداری بەرفراوانی بەباشتر زانیوە لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی (عوسمان عەلی' ٢٠٠٦: ٣٠٥)، بەڵام ڕوناکبیران و ئەوانەی خۆیان بە سەربەخۆخواز زانیوە بڕوایان وابووە کەوا خەبات کردن بە ڕێگای مەدەنی و کاری هاوبەش لەگەڵ بزوتنەوەی

ئازادیخوازی ئێرانی باشتر بووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. سمکۆ زیاتر ویستی ئەوە بووە کەوا خۆی وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی بەدیار بخات لەپێناو ئەمەشدا زۆر ڕێگای گرتەبەر. جارێک لەگەڵ عوسمانییەکان و جارێک لەگەڵ ئینگلیز بوو بەرژەوەندی لەگەڵ هەر کامیان تێبینی بکردایە ئەچووە لای ئەو و لایەنەکەی تری فەرامۆش دەکرد، ئەمە ڕەفتاری توندی سمکۆ بوو، کەوا زۆر جار بەخراپ بەسەریدا شکاوەتەوە و لە بری بیر و گوفتاری هێمن و ئاشتیخوازانە بە کەسێکی توندوتیژ و شۆڤینیست ناوزەند کراوە. ئەمەش بۆ ئینگلیز و تورکەکان بۆتە پاساوێک بۆ ناشیرین کردنی وێنەی کورد و نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان کورد و گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە. دەسەڵاتدارانی ئێران بە یارمەتی ئینگلیز توانیان لە بەهاری (١٩١٨) ناکۆکی و پشێوی بخەنە نێوان هۆزی شکاکی کوردی و ئاشووریەکانی ئازەربیجان و لوتکەی بارگرژییەکەش گەیشتە تیرۆرکردنی (مارشمعون)ی سەرکردەی ڕۆحی و سەربازی ئاشوورییەکان بە دەستی سمکۆ و دەست و پێوەندەکانیەوە (لازاریف، ١٩٨٩: ٣١٢). ئەمەش بووە لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی پەیوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی سمکۆی شکاک.

هەوڵەکانی سمکۆی شکاک لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٤) بەردەوامی هەبوو و بزوتنەوەکەی خاوەن هێزی چەکدار بووە، کەوا ژمارەکی زۆری خێڵی شکاکی لەگەڵ بوون، ئەمە جگە لەوەی سمکۆ وەک سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی دەرکەوت، بەڵام سیمای خێڵایەتی پێوە دیار بوو هەوڵی لەپێناو سەربەخۆیی داوە، بەڵام سنووری ئەم سەربەخۆییەی دیاریکراوبوو کە تەنیا ئەو بەشەی خاکی کوردستانی دەگرتەوە کە لەژێر دەستی فارسدا بوو (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٢٥٧).

بزوتنەوەکەی سمکوی شکەک شێوەی خێڵەکی توندی وەرگرت و بۆ ماوەیەکیش بەردەوام بوو, بەڵام دواتر بەهۆی هەڵەکانی و ئاراستە تاکەکەسییەکانی و بەردەوامبوونی لەسەر ئەم ڕێبازە و هەوڵ نەدان بۆ

گۆڕینی بۆ بزوتنەوەیەکی نیشتمانی خاوەن ئامانجی نەتەوەیی ڕوون ورده وردە توشی شکست هات (تاڵەبانی، ٢٠١١: ٩٦).

ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کەوا بزوتنەوەکەی سمکۆی شکەک بزوتنەوەیەکی ناوچەگەری و خێڵەکی بووە و خاوەنی مەودایەکی دوور نەبووە, بەڵکو لە بەستنی پردی پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکەش شکستی هێناوە هەر بۆیە دوای کوژرانیشی لە (١٨ی تەممووزی ١٩٣٠) لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بزوتنەوەکەشی سەرکوت کراو سەرکردەکانیشی گیران و بڵاوەیان پێکرا (لازاریێف، ١٩٨٩: ٣٦٧).

لەلایەکی تریشەوە (عەبدەلڕەزاق بەدرخان[٨]) لە سەروبەندی پڕۆگرامەکەی خۆیدا بۆ ئازادی کوردستان نەیتوانی زۆربەی جەماوەری کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت بە تایبەتی سەرۆک هۆز و دەرەبەگەکان کە زۆربەیان نەک هەر هاوکاری عەبدولڕەزاقیان نەکرد بەڵکو هاوکاری تورکەکانیان دەکرد لە پێناو پاراستنی دەستکەوتە ئابووریێەکانی خۆیان وێڕای ناکۆکی سەرکردە کوردەکان و پەیوەندی کردنی هەریەکەیان لەگەڵ ڕوسەکان بەو ئومێدەی ڕوسەکان یارمەتییان دەدەن لە دژی تورکەکان ئەمە جگە لەوەی ئەو سەرکردانە هیچ هێڵێکی ستراتیژی ڕوونیان نەبوو بۆ دواڕۆژی بزوتنەوەی کورد و نەشیان دەویست لە پێناو کوردستانێکی یەکگرتوو تێبکۆشن(چوار چرا، ١٩٨٦: ٤٨).

عەبدەلڕەزاق دەیویست ئێران ڕازی بکات و بەگژ تورکەکاندا بچێتەوە ئەوەش لۆژیکی نەبوو، چونکە هەردوو وڵات لەلایەن خۆیانەوە لەسەر دابەش کردنی کوردستان ڕێککەوتبوون و بەرژەوەندیی خۆیان لەو دابەشکارییەدا دەبینیەوە. هەرچی سیاسەتی ڕوسیاش بوو بەرامبەر بە دۆزی کورد تەنیا لە چوارچێوەی ڕاگەیاندن تێپەڕی نەدەکرد چونکە ڕوسیا وێڕای ترسی لە تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو وڵاتەکە

ترسی له ولاته کۆلۆنیالیسته هاوپەیمانەکانیش هەبوو بۆیە جەلیلی دەڵێت **"" مەسەلەی ئازاد کردنی کورد لە دەستی تورک لای دبلۆماسیەکانی قەیسەر خەیاڵ بڵاو بوو..."** (جەلیلی، ١٩٨٥: ١١٥).

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕەوشی سیاسی ئێران و کوردستان گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینی کە ئەویش دەستوەردانی وڵاتانی هاوپەیمان بوو لە کاروباری ناوخۆیی ئێران و لەشکرکێشیان بۆ ناو خاکی ئێران. لە کوردستانیش لە ساڵی (١٩٣٩) کۆمەڵەی (ژ. ک) دامەزرا کە ئەرکی سەرەکی داڕشتنی بەرنامەیەکی دیاریکرا بوو بۆ ڕێکخستنی گەلی کوردستان بۆ خەبات لەپێناو دیمۆکراسی و مافە نەتەوەییەکانی, چونکە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران بە تەواوەتی لە کوردستان پەکی کەوتبوو, بۆیە لە (١٩٤١) (هەرێمی مهاباد) وەکو ناوچەیەکی کوردی خاوەن بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی دەمەزرا (لازاریف، ١٩٨٩: ٣٩٧). تەنانەت کۆمارەکەی کوردستانیش (١٩٤٦/١/٢٢) کە تەنیا ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە خۆگرتبوو گیرۆدەی هەمان فاکتەری لاواز بوو بۆیە دوای کەمتر لە ساڵێک لە (١٢/٥/ ١٩٤٦) ڕوخا.

ئەنجامەکان:

١- نەبوونی هوشیاری نەتەوەیی و سیاسی لای سەرکردە و تاکی کورد بەوەی لە بری بیرکردنەوە لە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ لە بیری بەرژەوەندیی تایبەت و ناوچەگەریدا بوون.
٢- نەبوونی (مرجع)یک لە نێو کورد کە بتوانێت کۆدەنگی زۆربەی کورد بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە چەقێک بۆ بڕیاردان لەسەر دواڕۆژی کوردستان.

٣- سادەیی و خۆش باوەڕی سەرکردەکان و پەند وەرنەگرتن لە ڕابردوو بەشێوەیەک چەندین جار توشی هەڵەی هاوشێوە بوونەتەوە.
٤- نەبوونی تێڕوانینێکی هاوبەش بۆ ئایندەی کوردستان و دابەش بوون بەسەر چەندین ئاراستەی جیاواز لە بیرکردنەوەدا.
٥- خۆ بەکەم زانیین لە بەرامبەر دوژمنان و یەکتری قەبوڵ نەکردن لە نێو سەرکردە کوردەکاندا بەوەی هەر یەکێکیان خۆی بە شایستەتر دەزانی لەوەی تریان.
٦- سروشتی پێکهاتەی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەربەستبوو لەبەردەم یەکێتی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی. ئاراستەی دژبەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردی و جیاوازی بەرژەوەندیی چین و توێژەکان, پاڵی نا بە زۆر لە سەرکردە سەربازییەکان پاڵ بدەنە لای نەتەوە پەرستەکانی تورک.
٧- ئەوەی پێویستە لێرەدا بیخەینە ڕوو بەشێوەیەکی تایبەت ئەوەیە کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دابڕابوون لە گەلەکەیان. درکیان بە خواستیان نەدەکرد بۆ سەربەخۆیی. ئەو سەرکردانەی کە پشتیوانی جەماوەری گەلیان نەبوو، متمانەشیان بە گەل نەبوو و پشتیان پێ نەدەبەستن، بەڵکو ئومێدیان بە وڵاتە گەورەکان و هەندێک جاریش بە تورکیا گرێدابوو. لە کۆتاییدا چارەنوسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە پشت گەلی کورد و لەنێوان بەرژەوەندیی جیاوازی وڵاتانی گەورە و تورکە کەمالییەکان بڕیاری لەسەر درا لە پەیماننامەی لۆزان ١٩٢٤.

پەراوێزەکان:

(١) ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٨٨٩) لەسەر دەستی چوار قوتابی قوتابخانەی پزیشکی دامەزرا کە ئەوانیش: ئیبراهیم تیموری ئەلبانی و ئیسحاق ئیسکۆتی دیاربەکری و عەبدوڵڵا جەودەتی خەربۆتی و محەممەد ڕەشیدی چەرکەسی بوون. سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵەیە دوازدە کەس بوون، ئەو یەکیەتییە بووە بەردی بناغەی ڕێکخستنێکی تر کە بە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی ناسرا لە ساڵی ١٩٠٨. علی تتر توفیق نێروەیی، الحیاة الحزبیة فی کوردستان (١٩٠٨– ١٩٢٧)، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهۆک، ٢٠٠٧، ص ٤٧.

(٢) لەماوەی دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو قەدەغەکردنی لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک، چەندین بڵاوکراوەی کوردی دەردەچوون. لەوانە: (ژین، گۆوار، کوردستان، ئەستەمبوڵ، عیرفان، ژیان، ژیانەوە) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ ؛ Malmîsanîj & Mahmûd, ROJNAMAGERYYA KURDÎ (1908–1992) Li Kurdistana Bakur û li Tirkiyê, Ankêra, 1992

(٣) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چەندین پارتی کوردی دامەزران لەوانە: (کۆمیتەی سەربەخۆی کورد کۆمەڵەی تەعالی کوردستان پارتی دیموکراتی کورد جەمعیەتی ئازادی کورد کۆمەڵەی ئیجتیماعی کورد) بڕوانە : نەجاتی عەبدوڵڵا، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٨٧٩– ١٩٦٣، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠١٨.

(٤) شێخ مەحمودی حەفید: کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە. لە ساڵی (١٨٨١) لە سلێمانی لەدایک بووە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بزاڤی نەتەوەیی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ساڵی (١٩٥٦) لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە (عقراوي، ٢٠٠٥: ٤٦).

(٥) لیوا سەدیق پاشا ڕەسول قادری لە سەرکردەکانی کورد بوو لە سوپای ڕوسیا لەسەر داواکاری نوێنەری سامی بەریتانی (برسی کوکس) لە

ڕوسەکان هەڵگەڕایەوە و پاش بانگ کردنی بۆ بەغدا لە ساڵی (١٩٢١) بووە پشکنەری گشتی حکومەتی شێخ مەحمود لە (١٩٢٢). بڕوانە: صديق قادری، مذكرات القادري- بيان الثورة الروسية العظمي وايضاح غوامضها، مطبعة الفلاح، بغداد، ١٩٢٤.

(٦) سمکۆی شکاک: ئیسماعیلی کوڕی محەمەد کوڕی عەلی ئیسماعیل سادقە. لە ساڵ (١٩٧٥) لە ناوچەی شپیران لە گوندی چاری (چهريق) لە دایک بووە. سمکۆ سەرۆک هۆزی شکاک بووە و شوێنێکی بەرزی هەبوو لەناو کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە خەباتی نەتەوەیی کورد دژ بە ڕژێمی ئەوسای ئێران و لە ساڵی (١٩٣٠) لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە بە فەرمانی (ڕەزا شا)ی پەهلەوی تیرۆر کرا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(خريزی، ٢٠٠٤).

(٧) مارشمعون: پۆستێکی پێشەوای ئایینی نەستوریەکان بوو, ئەم پۆستە بە میرات بۆیان ماوەتەوە. بنکەی سەرەکی مارشمعون ماوەیەک لە ئەلقۆشی نزیک موسڵ و دواتر لە عەینکاوەی هەولێر و پاشان لە سەردەمی مارشمعونی سێزدەهەم (١٦٦٠-١٧٠٠) گوازرایەوە بۆ گوندی (قوچانس) لە نزیک جولەمێرگ لە چیای هەکاری(احمد سوسە، ١٩٧٩: ١٢٠).

(٨) عەبدولڕەزاق کوڕی نەجیب پاشای کوڕە گەورەی بەدرخان بەگە. لە ساڵی (١٨٤٦) لە ئەستەمبوڵ لە دایک بووە. چەندیین ساڵ لە وەزارەتی هەندەرانی تورکیا فەرمانبەر بووە و دوایی کراوە بە سکرتێری سێیەمی بالوێزی تورکیا لە پیترسبۆرگ و لەوێ فێری ڕوسی بووە دواتر بۆتە سکرتێری دووەمی بالوێزی تورکیا لە ئێران. ماوەیەک سەرۆکی تەشریفاتی سوڵتان عەبدولحەمید بووە دوای ماوەیەک دەگیرێت و ڕەوانەی تەڕابلسی دەکەن بەڵام دوای کودەتاکەی ئیتیحاد و تەرەقی دەگوڕێتەوە کوردستان. بڕوانە: جەلیلی جەلیلی، چەند لاپەڕەیەک لە میژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئۆپسالا، ستوکهۆڵم، ١٩٨٥، ل١١٨.

سەچاوەکان:

- پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کورد و ژیانێکی پڕ لە ئەندێشە، چرا، هەولێر، ٢٠٠٠.
- جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، ب١، و: ح-ا، بەیروت، ١٩٧٠.
- جەلیلی جەلیلی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئوپسالا ستوکهۆڵم، ١٩٨٥.
- جەلیلی جەلیلی، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، و: بەهائەددین جەلال مستەفا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
- حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
- دێرک کینان، کورد و کوردستان لە نێوان بەردەئاشی داگیرکەراندا، و: سەلام ناوخۆش، چاپخانەی کاژ، کوردستان، ٢٠٠٨.
- دیقید مکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، هەولێر، ٢٠٠٥.
- ڕەسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروو کوردستان، چاڤی پریس، لەندەن ١٩٩٠.
- سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی هاوچەرخی ڕزگاریخوازی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
- سەلام ناوخۆش، کوردستان چۆن داگیر کراو دابەش کرا، چ٢، بێ شوێنی چاپ ٢٠٠٠.
- عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامران جەمال بابان زادە، ب١، چ١، چاپخانەی ڕێی نوێ، ٢٠١٠.
- عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، و: کامەران جەمال زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣.

- عەتا قەرەداغی، چەقی دەوڵەت و تیروشیری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردی دا، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤.
- عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤا سیاسی لە کوردستانێ (١٩٠٨-١٩٢٧)، دهۆک ٢٠٠٢.
- عەلی تەتەر نێروەیی، کورد و مێژوو(چەند لێکۆلینەک لدور مێژوویا نوێ و هاڤچەرخا کورد و کوردستانێ)، ب٢، چ١، دهۆک، ٢٠١٠.
- کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب١، بەغدا، ١٩٨٥.
- کامەران وریا قانیع، نابێ لە نوسینەوەی مێژووی سیاسیمان شەرم بکەین، پاڵە، ژ(٢٣٣)، هەولێر، ٢٠١١.
- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
- م. س. لازاریف، کێشەی کورد (١٨٩٦-١٩٧٧) ، و: کاوس قەفتان، ب١، بەغدا، ١٩٨٩.
- محمدامین زەکی بەگ، خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب١، چاخانەی وەزارەتی پەروەرد، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- نەجاتی عەبدوڵڵا، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٨٧٩- ١٩٦٣، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠١٨.
- نەوشێروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٧.

کتێبە عەرەبیەکان:

- أحمد عثمان أبوبكر، الاثار الكاملة، الجزء الاول، مطبعة شڤان، سليمانيه، ٢٠٠٩.
- احمد سوسه، ملامح من من التاريخ القديم ليهود العراق، مركز الدراسات الفلسطينية، جامعة بغداد، ١٩٧٨.

- رشيد كريم عقراوي' الطريق الى الدولة الكردية' دهوك' ٢٠٠٥.
- صديق قادرى، مذكرات القادري- بيان الثورة الروسية العظمى وايضاح غوامضها، مطبعة الفلاح، بغداد، ١٩٢٤.
- عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) و النفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.
- على تتر توفيق نێروەيى، الحياة الحزبية فى كوردستان (١٩٠٨- ١٩٢٧)، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، دهۆک، ٢٠٠٧.
- قسطنطين بتروفيج ماتفيف بارمتى، الاشوريون والمسألة الاشورية في العصر الحديث، الطبعة الاولى، مؤسسة الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٨٩.
- جليلي جليلي، ل. س. لازاريف، م. أ. حسرتيان، شاكروي محويان، أولغا جيغالينا، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت: عبدي حاجي، مطبعة خاني، دهوك ٢٠١٢.
- مسعود البارزانى، البارزاني و الحركة التحررية الكوردية، ج٢ ، للثقافة كردية، لبنان، ١٩٩٧.

كتێبە كوردییەكانی ڕێنوسی لاتینی:

- Malmîsanîj & Mahmûd, ROJNAMAGERYYA KURDÎ (1908–1992) Li Kurdistana Bakur û li Tirkiyê, Ankêra, 1992.

كتێبە فارسیەكان:

- دكتر توحيد ملک زاده ديلمقانی، آزربايجان در جنگ جهانی اول يا فجايع جيلولوق، انتشارات هاشمی، سودمند با همكاری نشر اختر، چاپ دوم، تبريز، ١٣٨٦.

گۆڤارەكان بە زمانی كوردی:

- بيرى نوێ، گۆڤار، ژمارە (٢٨) ، ساڵی ٢٠٠٢.
- گۆڤاری چوار چرا، ژمارە ٢، ساڵ١، خاكەلێوی ١٩٨٦.

گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:

- احمد عثمان ابوبكر، حركة الشيخ محمود والعلاقات الدولية، مجلة المجتمع العلمي الكردي، مج١، العدد الاول، بغداد، ١٩٧٣.
- التآخي، بغداد، العدد ١٥٨٤، ١١ ئاذار ١٩٧٤.

ملخص

الكورد أحد أقدم أقوام الشرق الاوسط والتي تمتلك تاريخا وثقافة ولغة خاصة به. وكان له دور ملحوظ في تاريخ هذه المنطقة، حيث ناضل في سبيل انهاء ظلم واضطهاد الحكام المحتلين. لذلك لو قلبنا صفحات التاريخ نادرا ما نلاحظ مرحلة من مراحل التاريخ والكورد لم يقوموا بنشاطاته السياسية و العسكرية من اجل نيل مبتغاهم في الحرية والاستقلال. ولكن معظم المؤرخون و الباحثون في مجال التاريخ الحديث و المعاصرلم يولوا الاهتمام المطلوب بهذا النضال والجهد الكبير. حيث كانت أبحاثهم تدور في فلك الثناء والمدح وسرد قصص بطولاتهم. أما الهزائم والخسائر التي تكبدوها في النضال للاستقلال والحرية فيضعونها في اعناق القوى الخارجية. لذا حاول الباحثان في هذا البحث ان يعالجا هذه الاسباب التي ادت الى هذه النتائج هي قلة الاهتمام والخلافات الداخلية الكوردية ونتائج هذه الخلافات على الحياة السياسية والاجتماعية و الاقتصادية من بداية القرن العشرين الى يومنا هذا.

Abstract

Kurd is the one of the most ancient nation in the Middle East that owns their history, culture, language and their role are very effective. They always tried to get rid of aggressive and injustice of invaders. If we look back to history, we can easily grasp that Kurds always tried to be free and librated. Unfortunately, Kurdish historians and researchers have not highlighted deductively on this tiredness and revolution. They only praised them in the form of stories and narration and they mentioned the failure of their revolution to traitor and strangers.

Throughout this study, the researchers try to show the in justice, inconvenience, and unbalanced of Kurdish internal home. Thus, the results and outcomes of this are remarkably shown form the first days of 20th century till nowadays.

هاوڕێیانی کێبڕکێ

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

سیستەم و پێگەی ڕێکخستن و سەندیکا پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی

کتێبخانەی کۆلێژی

م. ی. ستار شیخ حسن
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
star.hasan@soran.edu.iq

پوخته

ماوەی دەسەڵاتداری عوسمانی بەچەندین تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە لە سەردەمەکانی پێشووتر، نەک تەنها بە درێژی ماوەی حوکم و فراوانی جوگرافییەکەی، بەڵکو بە بوونی سیستەمێک کە بایەخێکی گەورەی هەبوو لەڕووی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و سیاسی و سەربازی و ئاینی هەتاکو شارستانیش کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.

زیادبوونی چالاکی پیشەیی و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە نێوان پیشەگەران و لەگەڵ توێژەکانی تر و دەسەڵات و پێویستی پاراستنی پیشەگەری بووە هۆی زیادبوونی بایەخی ڕێکخستنە پیشەییەکان، بەوپێیەی ڕێکخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی خاوەن بنەمای ڕەوشتییەکان بوون، ئەندامانیشیان هێزی کارای کۆمەڵگە و زۆرینەیان پێکدەهێنا و ڕۆڵیان هەبوو لە پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان گرووپە پیشەگەرییەکان و پەیوەندی تاکەکانی.

هەولێر کتێب

وشە کلیلییەکان: ڕێکخستن، پیشەگەری، خاوەن پیشە، سەندیکا، سنفەکان، دەوڵەتی عوسمانی.

سیستەم و پێگەی ڕێکخستن و سەندیکا پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی

پێشەکی

یەکێک لە دیارترین سیما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕێکخستنە پیشەییەکان بوون، کە ئەندامانیان گرنگترین دەستە و گروپی کارای کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا و بەهۆیانەوە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە پتەوتر بوون بە بەشداری چالاکانەی پایەدارەکانیان، زۆربەشیان لە شارەکان و چینی ناوەڕاست بوون، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەش ئەو ڕێکخستنانەش لە ڕێکخستنی سادەوە گۆڕان بۆ ڕێکخستنی تۆکمە و بەهێز. هەروەها پیشەگەری بەهۆی ڕێکخستنەکانەوە توانی پارێزگاری لەمانەوەی خۆی و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئایدۆلۆژیای ئاین بکەن و بەشداربن لە بوژاندنەوەی هەموو لایەنەکانی ژیان و ڕۆڵیان هەبێت لە کرداری بە میراتیکردنی پیشەگەری بۆ خێزانەکان.

ئەم توێژینەوەیە ئاشنامان دەکات بە ڕێکخستنەکانی پیشەگەران و بەدیارخستنی سنفەکانیان کە لەشێوەی سەندیکا پیشەییەکانی ڕۆژگاری ئێستا کاریان کردووە و نوێنەرایەتی خاوەن پیشەکانیان کردووە لەبەرامبەر دەوڵەتدا، و زانینی بنەما و بنچینەکانی پێکهێنانی ئەو سەندیکایانە و دیاریکردنی ئەرک و ماف و پابەندبوونی ئەندامانیان لە پێناو دابینکردنی ئاستی پێویستییان.

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (سیستەم و پێگەی ڕێکخستن و سەندیکا پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی)یە، ڕێبازی تەرکیبی شیکاری پەیڕەو کراوە، تێیدا بابەتیانە چەمکی ڕێکخستنی پیشەگەری کە لە سنفدا خۆی دەنوانند و پەیکەری ڕێکخستنەکانیان و پایەکان و پلەبەندی کارامەیی خاوەن پیشەکان و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پابەندبوونی پیشەگەران لە چوارچێوەی ڕێکخستن و بەها کۆمەڵایەتییەکان دیارخراون، هەموو ئەمەش بە گشتی لە سەرانسەری

دەوڵەتی عوسمانی وەرگیراوە و سنفەکانیش بەگشتی باسکراون و لێک جیا نەکراونەتەوە، چونکە هەموویان لە هەموو ناوچەکان سیمای گشتی هاوبەشیان هەبووە و بارودۆخیان لەیەک دەچن، ئەگەرچی لەهەندێ وردەکاری هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێن کە ئاماژەیان پێکراوە، ئەستەمیشە یەکبەیەک و شوێنبەشوێن باسیان بکرێ، بەتایبەتی لەبەر نەبوونی وردەکاری تەواو لەسەر هەریەکەیان بەجیا، هەرچەند هەندێ لە سەندیکاکانیان کاریگەرتر بوون، هەروەها سروشتی بابەتەکە دەخوازێ کە ڕێبازی تێکهەڵکێشراو پەیڕەو بکرێ و شیکاری زانستی بۆ بکرێ.

لە تۆێژینەوەکەدا سەرچاوەی گرنگ بەکارهێنراون کە بەشێکیان تایبەتن بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکە و بەرهەمی کارکردنی فراوانی نوسەرەکانیش لە نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، وەک (مجموعة مؤلفين، الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، إشراف وتقديم: أكمل الدين احسان أوغلي, ترجمة: صالح سعداوى) و (عبدالله حنا، حركات العامة الدمشقية في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر "نموذج لحياة المدن في ظل الاقطاعية الشرقية") و (هاملتون جيب و هارولد بوين، المجتمع الاسلامي والغرب) و (د. خليل إينالجيك، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار)، جگە لە نامەو تێزی ئەکادیمی وەک (عائشة غطاس، الحرف والحرفيون بمدينة الجزائر ١٧٠٠_١٨٣٠ مقاربة اجتماعية–اقتصادية، أطروحة دكتوراه) و (مريم حميدي و نادية حموش، نظام الطوائف الحرفية في الدولة العثمانية خلال القرن ١٠هـ/١٦م "بلاد الشام ومصر" نموذجا، رسالة الماجستير)، کە هەریەکەیان زانیاری و ئاماژەی گرنگیان تێدایە سەبارەت بە تۆێژینەوەکەمان.

گەشەکردنی ڕێکخستنی پیشەیی:

کۆمەڵگەی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی دابەش ببووە سەر دوو بەشی سەرەکی، یەکەمیان دەسەڵاتداران، دووەمیشیان کە زۆرینەیان پێکدەهێنا چەند دەستەیەکی لەخۆ دەگرت وەک بازرگان و پیشەگەر و

خەڵکی ئاسایی، دەستەی کارای کۆمەڵیش پیشەگەر و خاوەن پیشەکان بوون.

بەگشتی کەرتی پیشەیی جۆراوجۆر، کەرتێکی فراوان و جەماوەری بوو، لەشاردا کەرتی سەرەکی پێکدەهێنا، تا ئەو کاتەی ئەو پیشانە پیشەی مااڵوە بوون، بوونی ڕێکخستن و سیستەمێکی دیاریکراو زەرورەتێک نەبوو بۆ دەستەبەری ئەرک و مافیان، بەاڵم دوای پێشڤەچوونی چالاکی پیشەگەری و پەیوەندییە پیشەییەکان، پێویستی بە سیستماتیک کردنی ئەو چالاکیانەی هێنایە گۆڕێ و ڕێکخستنی نێو خاوەن پیشەکانیش لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەاڵیەتی و ئابووری بووە کارێکی حەتمی، تاکو یەکڕیزی ناو ئەو گاڵتەی کۆمەڵ بێتەدی، ئەویش مەبەست ئەو ڕێکخستنانەیە کە چینەکانی کۆمەاڵگەی دروست کردووە لە بزاوتە مێژوویییەکەیدا، ئەویش بریتی بوو لە (سنف)، کە هاوشێوەی سەندیکا پیشەییەکانی سەردەمی ئێستان، بەجۆرێک هەریەک لە جۆرەکانی پیشەگەری سنفی تایبەت بەخۆی هەبووە و خاوەن پیشەکان لەژێر چەتریدا کۆبوونەتەوە و خۆیان ڕێکخستووە، ئەو ڕێکخستنانەش بوونەتە سیمای ئابووری و کۆمەاڵیەتی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

بە گەڕانەوە بۆ بنەچەی ڕێکخستنی پیشەگەری و سەندیکا پیشەییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی، دەردەکەوێت کە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە و میراتی فەرهەنگی ناوچە فراوان و فرە کەلتورەکەیە، بەتایبەتیش بەشە زۆرەکەی لەژێر کاریگەری سیستەمی کۆمەاڵیەتی و ئابووری ڕۆژهەاڵتی و ئیسالمیدابوو، لە پاڵ ئەو بەشەی ئەوروپا کە کەوتبووە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی.

سنف وەک مێژوونوسە کۆنەکان لەسەری کۆکن، هەر لەسەرەتاوە بەکارهاتووە بۆ کۆمەڵەکانی پیشەگەری لە کۆمەڵگەی ئیسالمیدا، هەر بۆیەش لەهەندێ شوێنی وەک میسر و شام لەجیاتی سنف دەستەواژەی (تایەفە) یان (کۆمەڵە) بەکارهاتووە، هەرچەندە کۆمەڵە بۆ گرووپە

پیشـــەییەکان لەســـەردەمی مەمالیکەکـــان بەکارهـــاتووە و لەســـەردەمی عوسمانییەکان بەکارنەهاتووە (غطاس،٢٠٠١: ١٤٥).

لێکۆڵەرە نوێیەکان پێناسەی جۆراوجۆر بۆ سنف دەکەن، هەروەک لویس ماسینیۆن(١٨٨٣–١٩٦٢) پێی وایە (سنف) دەزگایەکی سەندیکاییە، هەڵدەســـتێ بەڕێکخســـتنی پیشـــەگەری و پاراســـتنی نهێنیـــەکانی و جیگیرکردنـی نرخـی بەرهـەم و خزمەتگوزارییـەکانیان بـە دادپـەروەری و پاراستنی ئاستی پیشە مرۆییەکان (الشيخلي، ١٩٧٦: ٦٥–٦٩).

سـنفەکان کە ڕەگ و ڕیشـەیان لـە کۆمـەڵگەی ئیسـلامی دەگەڕێتـەوە پـێش عوسـمانییەکان و بـۆ سـەردەمی عەباسـییەکان، بگـرە لە شـارەکانی بەشی ئەوروپاش ئەو جۆرە ڕێکخستنانە هەبوون، بۆ نموونە ئەستانبۆل لەســەردەمی پــێش عوسـمانییەکانیش ســەندیکای بازرگـانی و پیشــەیی لێبـووە، بەڵام لە سـەردەمی عوسـمانییەکان گەشـەی زیاتریـان کـردووە و ژمارەیـان لە سـەردەمی سـوڵتان محمـد فـاتح (١٤٥١–١٤٨٢ز) زیـادی کردووە (Kia, 2011: 84).

بەرلەوەی ڕێکخســتنە پیشــەییەکان لەشــێوەی ســنف دەربــکەون، پیشەگەران لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەنێو کۆمەڵەکانی فتوەی[١] سۆفیگەری خۆیـــان دەرخســـتووە و تەکـــیە و خانەقاکـــان[٢] بـــوونەتە شـــوێنی کۆبوونەوەیـــان، بەجۆرێـــک پیشـــەگەری و فتـــوە ببـــوونە دوانەی لێـــک جیـانەکراو، بەتـایبەتی کە مەرجـی چـوونە نـاو فتـوە موسـڵمان بـوون و خاوەن پیشە بوونبووە، هەربۆیەش دوای دوورکەوتنەوەشیان لە تەکیە و خانەقاکان و دروستکردنی ڕێکخستنی پیشـەیی تـایبەت بەخۆیان، کەچی هێشتا لەژێر کاریگەری نەریتی فتوە دابوون، فتوەش لە ئەنادۆڵ[٣] لەژێر نـاوی ئەخیـان یـان ئەخیـە (آخيلک)[٤] بـوو، کە ڕۆڵـی دیاریـان هەبـوو لە سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی عوسـمانی و فراوانخوازییەکـانی بەتـایبەتی لەلای ڕۆژئاوا، و هەندێ لە سـوڵتانە بەراییەکانی عوسـمانی شـوێنکەوتووی ئەو

ڕێکخستنانە بوون (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣ ؛ Faroqhi, 2009: 28–29).

ڕەوشی پیشەگەران و پێویستیان بە پێکەوە ژیان بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە و ڕێکخستنێک کە بەیەکەوە بیان بەستێتەوە، پێویستی هەبوونی شوێنی کۆبوونەوەی هێنایەکایەوە، پاشان وردەوردە دووركەوتنەوە لە تەکیە و خانەقاکان (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣–٧٢٤) و دواتر لە ئەنجامی زیادبوونی چالاکی پیشەگەری و جۆراوجۆربوونی پسپۆری و پەیوەندییان بەیەکەوە و پێشکەوتنی پەیوەندییە بەرهەمییەکان لە نێوان پیشەگەران لەلایەک و هەریەک لە جوتیار و بازرگانەکان لەلایەکی ترەوە (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٨٩)، زەمینەی دروستکردنی سنفەکانی پیشەگەری ڕەخساند کە هەمووان لەخۆبگرێت، هەرچەندە بەهۆی هەندێ ناکۆکی لەسەدەی هەژدەهم جیابوونەوەی سنفەکانی موسڵمان و ناموسڵمان لەیەکتری بووە دیفاکتۆ (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣–٧٢٤), بەمەش گرنگی سنفەکان زیادی کرد وەک ڕێکخستنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی پیشەگەران و مسۆگەرکردنی ئاستی پێویستییان و دیارکردنی بەهای کار و کالاکانیان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لە نێوخۆ و لەگەڵ دەوڵەتدا (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٨٩ ؛ الحمداني، ١٩٨٩، ١٧٥).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ سنف و دەستە پیشەییەکان بکرێن بە سێ کۆمەڵە پیشە بەپێی پسپۆری و ئەرکەکانیان، هەر یەک لەوانیش چەندین سنفی تری پیشەیی لەخۆدەگرن، ئەوانیش بریتین لە گروپی پیشە بەرهەمهێنەکان و گروپی پیشە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها گروپی پیشەکانی تایبەت بە بازاڕکردن و بازرگانی.

ژمارەی سنفەکانی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی گەلێک زۆرن، بەشێوەیەک بۆ هەموو جۆرە پیشەیەک و لە هەر ناوچەیەکی عوسمانی سنفی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەهەندێ سەردەم بۆ ئاینزاکانیش بەجیا، ئەستانبوڵ لەهەر شارێکی تر زیاتر ڕێکخستنە پیشەییەکان تێیدا گەشەیان

کـردووه، دواتـر له هەنـدێ شـاری گەورەی وەک سـالۆنیک و بەلگـراد و بۆرسـه و ئەدرنه و قـاهیره و دیمەشـق و موسـڵ، پاشـان له شـاره بچوکتره‌کـانیش وەک ئەماسـیه (Qwataert, 2005: 136)، تەنیـا له ئەسـتانبۆلی پایتەخـت لەسـەدەی حەڤـدەم زیـاتر له هەزار سـنفی جۆراوجۆری پیشەیی، و نزیکەی هەشتا هەزار خاوەن پیشـه و پیشـەگەر و بیست و سێ هەزار شوێن و وەرشـەی پیشـه هەبوون، ئەو ژمـارەیەش له سـەدەکانی دواتـر بەرزبـۆتەوه بـۆ هەزار و شـەش سـەد و چل سـنفی پیشـەیی و بازرگـانی (Kia, 2011: 84–85)، له شـارەکانی تـریش به دەیان و سەدان بوونه، تەنانەت هەموو کۆمەڵگەی عوسمانی دابەش ببووه سـەر چەنـد گـرووپ و سـنفێک لەوانـه، پیـاوانی شمشـێر، پیـاوانی قەڵـەم، بازرگان، پیشەگەران، چوتیـار، کۆیلـەکان, هەریەک لەو گرووپانەش کـاری خۆی دیار بوو، بێ ئەوەی ڕەوا بێت دەست لەکاری یەکتر وەربدەن، سنفه پیشەییەکانیش هێزی کارای کۆمەڵگەبوون (جیب و بوین، ۱۹۹۷: ۲۳۹).

له هەنـدێ نـاوچەدا هۆزەکـان و خێزانەکـان ڕۆڵیـان هەبـووه له ڕێکخسـتنه پیشـەییەکان و تـاڕادەیەک سـنفەکان مـۆرکی تیـرەگەری و بنەماڵەییان پێوەدیاره، چونکه هەر تیره و بنەماڵەیەک به جۆره پیشـەیەک ناسـراونەتەوه و جۆرێـک له دابەشـکاری هەیە لە نێوانیـان له تایبەتمەنـدی پیشـەیی، بـۆ نمـوونه هەنـدێ له تیرەکـان به کـۆڵبەری خەریـک بـوونه و هەندێکی تر به خەڵـوزکردن و هـی تر به قەسـابی و حەمـامچێتی و ...هتد (باشـا، ۲۰۰۹، ۲۵۳–۲٦۹)، هەروەهـا هەنـدێ نـاوچەش هەبـوون زۆرتـر له بواریـک یـان دووان کـارامه بـوون و پێـی دەناسـرێنەوه، بـۆ نمـوونه ئەندەلوسـییەکان به تەلارسـازی (القفصـي، ۱۹۸۸: ٦۱۰)، هەر ئەوەش وایکـردووه ئەو پیشـانه ببـنه نازنـاوی ژمـارەیەکی زۆر له بنەمـاڵه و خێزانەکـان و تـا ئێسـتاش ئەو خـانەوادانه بەو نازنـاوانه دەناسـرێنەوه (الجميل، ۱۹۹۷: ۸۹).

ئامانجی ڕێکخستنە پیشەییەکان:

ئامانجی ڕێکخستنە پیشەییەکان سەرپەرشتیکردنی پیشەییانەی سەر ئەندامەکانی بوو، لە سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کرداری دروستکردن و چۆنیەتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها گرنگیدان بە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان خاوەن پیشە و کرێکاران، لە ئەرکەکانی تری پارێزگاری کردن بوو لە ئاسایشی ڕێکخستنە پیشەییەکان، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی دەسەڵات و دانیشتوانی شار. جگەلەوە ڕێکخستن و سنفی پیشەگەری شانەیەکی کارگێڕی بوو یارمەتی دەسەڵاتی دەدا بۆ کۆنترۆلکردنی هاوڵاتییان، هەروەها دەوڵەت لەڕێی ئەو ڕێکخستنانەوە چاودێری و سەرپەرشتی پیشەگەر و خاوەن پیشەکانی دەکرد و باجەکانی وەردەگرت، لەکاتی شەڕیشدا سەربازگرتنی بۆ ئاسان دەکرد.

هەرچەندە پیشەگەرانی ناو ڕێکخستنە پیشەییەکان یەکسان بوونە، بەڵام لەنێویاندا گرووپ هەبووە ڕۆڵی زیاتربووە لە یەکێکی تر، کە ئەوانیش گەورە پیشەگەر و خاوەن ئەزموونەکان بوون و لەشێوەی دەستەیەکی ڕاوێژکاری یارمەتی سنفەکەیان دەدا بەبێ ئەوەی سیفەتی فەرمی و یاساییان هەبووبێت، ئەوانە بەشداریان کردووە لە دانیشتنەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی نێوان پیشەگەران و ڕێکەوتنەکانی سنفەکەیان لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٨_٢١٢).

تێبینی دەکرێ ئەو سنفانە ئامرازێک بووبن بۆ گەیشتن بەهێز و پێداویستییەکانی ژیان، هەروەک دەگوترێ: ((مرۆڤ ناتوانێ ژیان و بوونی خۆی مسۆگەر بکات، تەنها بەکۆمەڵ و هاوکاری نەبێت، بۆ گەیشتن بەهێز و پێداویستیەکانی)) (فروخ، ١٩٨٤: ٤٦)، هەروەها ئامرازێکیش بوون بۆ دەربڕینی مەیل بۆ کۆمەڵگە و هەستکردن بەهاونیشتمانی بوون.

سنفه پیشەییەکان نیمچە سەربەخۆ بوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان، و ئەندامانی هەموو سنفەکان جۆرێک لە سۆزیان بۆ سوڵتان هەبوو، ئەمەش مۆرکی ئاینی بەسەر زاڵ کردبوو, بەڵام سۆز و لایەنگریان بۆ ڕێکخستنە پیشەییەکانیان مۆرکی ماددی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو (الشناوي، ١٩٨٠: ٦٨٥). هەروەها نەریت و ڕەوشت و مەراسیمی خۆیان هەبووە و خاوەنی دەزگا و کەرەستەی خۆیان بوون و هەریەک سیمبول و ئاڵای تایبەتی هەبوو، هەموو سنفێکیش وەلی یان پیرێک یان دووانی هەبووە، کە باوەڕیان وابوو ئەو وەلییە داهێنەر یان نوێکەرەوەی پیشەکەیانە، ئەمانەش هەردەم لە کەسایەتییە ئاینییەکان بوون بەزۆریش لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) (ونتر، ٢٠٠١، ٣٦٥).

کوردستان و ڕێکخستنی پیشەگەری:

سەبارەت بە شارەکانی کوردستان هەرچەندە زانیاری وردمان لەبەردەستدا نین لەبارەی بوونی ڕێکخستنە پیشەییەکان، بەڵام لە شارە گرنگەکانی باکووری کوردستان وەک ئامەد و وان و بەدلیس و ماردین و مەڵاتیە، بەو پێیەی چالاکی پیشەگەریان تێدا فراوان بووە و پیشەگەری کارامەی زۆریان تێدابووە لە بوارەکانی ئاسنگەری و دەباغی (پێستەخۆشکردن) و بەرگدووری و جۆڵا و تەونکاری و بۆیەسازی (خمچێتی) (چلبي، ٢٠١٤: ١٥٦_١٥٧و٢٤٦ ؛ برانت، ٢٠١٤، ٨٣_٨٤)، باشووری کوردستانیش بەهەمان شێوە چالاکی پیشەگەری جۆراوجۆر و خاوەن پیشەی بەتوانای هەبووە لە بوارەکانی دەباغی و سەڕاجی (کورتاندووری) و دارتاشی و سەرتاشی و ڕستن و چنین و ئاسنگەری و بەرگدووری و چەخماخسازی و سفرسازی و سەعاتسازی و جۆڵایی و خەڵوزکاری و دروستکردنی شاڵ (شوانی، ٢٠٠٩، ١٧٤_١٧٥ ؛ هەروتی، ٢٠١٣: ١٩٠_٢١٦ ؛ مراد و البوتاني، ٢٠١٣: ٢٩_٣٠و ٤٣و٥٥)، بەتایبەتیش کە لە دەوروبەریاندا ئەو سەندیکایانە دیاردەیەکی بەربڵاوبوون، بۆیە ڕێی تێناچێ لەنێو ئەو دەوروبەرە کوردستان ئەو جۆرە ڕێکخستنانەی

تێدانەبووبێت و خاوەن پیشەکانی بیریان لە خۆ ڕێکخستن نەکردبێتەوە، بەتایبەتی شارە گرنگەکانی. هەرچەندە تۆژەرێک زیاتر لەوباوەڕەدایە ئەو سەندیکا و ڕێکخستنە پیشەگەرییانە لە کوردستان بوونیان نەبووبێ، بەتایبەتی لەسەدە یەکەمەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان، ئەویش بە پشت بەستن بە نەبوونی ئاماژەی لەوجۆرە لە گەشتنامەی گەڕیدەکان، ئەگەرچی ئاماژە بە ئەگەری تێبینی نەکردنی ئەو گەڕیدانە دەکات بۆ ئەو دیاردەیە (هەروتی، ٢٠١٣: ٢١٦).

هەندێ ئاماژە و بەڵگەنامەی عوسمانیش هەن کە بوونی ئەو ڕێکخستنە پیشەگەرییانە دەسەلمێنن لە شاری کەرکوک ئەویش بە تۆمارکردنیان لە سالنامەی[٥] ساڵی ١٩١١_١٩١٢ز (شوانی، ٢٠٠٩: ١٧٦)، هەروەها بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانی، شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆری پیشەگەری تێدابووە تا ئەو ئاستەی جۆرە پیشەیەکی وەک سەڕاجی گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە (مراد، ٢٠١٥: ١٣٣)، ئەمەش ئەوەمان نیشاندەدات کە ئەو ژمارە پیشەگەرە ناکرێ بەبێ ڕێکخستنی تایبەت بووبن لەکاتێکدا لەناوچەکانی تری دەوروبەری دیاردەیەکی باوبووە.

شیاوی باسە لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانیش ژمارەیەکی یەکجار زۆری کورد هەبوون کە پیشەگەر و خاوەن پیشە بوون و ئەندامی سەندیکا و ڕێکخستنە پیشەییەکان بوون، لەسەرووی هەموشیانەوە ئەستانبۆلی پایتەخت هەزاران پیشەگەر و کرێکاری کوردی تێدابووە، زۆربەشیان لەنێو سنفی کۆڵبەرەکان بوون و ئەوانی تریش لە پیشە خزمەتگوزارییەکان و دارتاشی و خەڵوزکاری و شاگردی پیشە جیاوازەکان، کوردێکیش بەناوی (زارۆ ئاغا)[٦] زیاتر لە بیست ساڵ کتخدای[٧] سنفی کۆڵبەران بووە لە ئەستانبۆل لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٦٦و١٨٦).

پەیکەری ڕێکخستنی سنفە پیشەییەکان (پۆست و پایەکان):

پێشڤەچوونی پیشەگەری، ڕێکخستنی پیشەیی بەدوای خۆداهێنا، کە ڕێکخستنی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی سنف و پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ سنفەکانی دیکە یان لەگەڵ دەسەڵات لەخۆدەگرت، بۆیە هەموو سنفە پیشەییەکان پێویستبوو کەسانێک هەبن بەڕێوەی ببەن و نوێنەرایەتی بکەن هەریەک بەپێی پسپۆری خۆی، بەو جۆرە سنفەکان لە پۆست و پایەدا بوونە خاوەنی پەیکەرێکی ڕێکخستنی دیاریکراو لە هەموو دەوڵەتی عوسمانیدا.

لە وردەکاری ڕێکخستندا سەندیکا و سنفەکانی پیشەگەری جیاوازییان هەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لەنێو نەتەوە و ئاینزا جیاوازەکان، تەنانەت لە سنفێکەوە بۆ یەکێکی تریش و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تریش جیاوازی بەدی دەکرێ، هەتاکو لە ڕۆڵ و پێگەیان لە کۆمەڵگەی عوسمانی و لە شێوازی ڕێنوێنی و ئاراستەکردن و بایەخدا جیاوازیان هەبوو، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک بەلقان (Freitag, 2011: 199_200) و بەشەکانی تری وەک ئەنادۆل و شام و عێراق و حیجاز و لوبنان و فەلەستین و جەزائیر و کوردستان...هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان سیستەمێکی گشتییان پەیڕەو کردووە، کە پێکهاتەیەکی شێوە هەرەمییان هەبووە لەسەرەوە بۆ خوارێ.

کتخدا _ شێخی سنف:

لەسەرووی هەر سنفێک کەسێک هەبووە نوێنەرایەتی دەکردن لەبەرامبەر دەوڵەتدا و کارەکانی ناوخۆی بەڕێوەدەبرد و نهێنیەکانی دەپاراستن، کە لە شارە تورکییەکان پێی دەوترا (کتخدا_ کەهیە) و لەناوچە عەرەبییەکانیش (شێخ)ی پێ دەوترا، لەهەندێ شوێنیش (گەورەی پیشە) یان (سەرۆکی پیشە) و لە جەزائیریش (ئەمین) بەکارهاتووە (غطاس، ۲۰۰۱: ۱۸۹).

هەبوونی کتخدا لەهەر سنفێک بایەخێکی گەورەی هەبوو، چونکە نیشانەی سەربەخۆیی سنفەکە بوو، هەر سنفێک کتخدای نەبایە بە سەربەخۆ دانەدەنرا، خاوەنی ئەو پایە کەسێکی بەتوانا و سەربەخۆ بووە و بە هەڵبژاردن لەنێو وەستا و گەورە پیشەگەران دیاری دەکرا، دواتر بەئامادەبوون و بڕیاری وەستاکان بە ڕەسمی لەلایەن قازی دادەنرا و لە تۆماری دادگا تۆماردەکرا (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٣٥ ؛ إیبش، ٢٠١٢: ٢٤), و پیشەگەران پابەند دەبوون پێیەوە. دانانەکەشی بەبڕیاری ڕەسمی قازی جۆرێک لە هۆشداریدان بووە بە ئەندامان بۆ پابەندبوون پێوەی و بەرهەڵستی نەکردنی، هەروەها مافی مەعنەویشی بۆ دەستەبەر دەکرد وەک پێویستی ڕێز لێ گرتنی لەلایەن ئەوانی تر و پێگەیەکی جیاوازتری پێ دەدا لەوانی دیکە.

سەبارەت بە وەرگرتنی پلەوپایەی شێخی سنف (کتخدا)، ئەوا بەگشتی لەلایەن وەستا دیار و کۆنەکانەوە هەڵدەبژێردرا (العطار، ١٩٧٦: ٣٢٥ ؛ الجمیل، ١٩٩٧: ٨٦), کە لە کۆبوونەوەی موسڵمان و ناموسڵمانەکانی ناو سنفەکە، موسڵمانێک دیاری دەکرا لەسەردەمەکانی بەرایی، بەڵام دواتر لەنێو گروپی زۆرینەی ناو سنفەکە دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرا لەکاتی زیادبوونی ئەندامانی گرووپەکەی تر هەڵبژاردن بکرێت و کتخدایەک هەڵبژێردرێ، کاتێکیش ناموسڵمانەکان (مەسیحی و جولەکە) ڕێکخستنی پیشەیی تایبەت بەخۆیان دروستکردن، کتخدایان لەنێو خۆیان دادەنا (مجموعة مؤلفین، ١٩٩٩: ٧٢٥), بەڵام ئەو هەڵبژاردنە بەڕێککەوتن بووە نەک بەدەنگدان، ئەگەر بەڕێککەوتنیش نەگەیشتبانە ئەنجام، ئەوا شێخی سنفەکان (کتخدای گەورە) یەکێکی لە پاڵێوراوان دادەنا، دواتر ئاهەنگی دانپێدانانی بۆ دەکرا و ئەویش سوێندی دەخوارد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥).

هەرچەندە بەزۆری بەتەمەنەکان ئەرکی کتخدایان وەرگرتووە، بەڵام هەموو کات مەرجی سەرەکی نەبووە و نموونەی کەسی گەنج هەن لەو

پۆستەدا (غطاس، ٢٠٠١: ١٩١)، زۆر جاریش وەستاکان دەیانتوانی کتخدا لە پۆستەکەی لابدەن گەر بیانویستایە و کارەکانی لەسنووری خۆی تێپەڕبووایە، یان ئەندامانی سنف لێی ناڕازی بوونایە لایان دەداو یەکێکی تریان دادەنا (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٣)، هەروەها ڕێگرییان دەکرد لە دەستوەردانی حکومەت لە دانانی کتخدای نوێ و سەپاندنی کتخدایان لەلایەن والی و قازی ڕەتکردووەتەوە (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٣٥).

هەموو کات شێخی سنف_کتخدا بەڕێککەوتن و هەڵبژاردن و دیموکراسی دانەدەنرا، بەڵکو هەندێ جار لەلایەن دەوڵەت یان والی و کاربەدەستان دانراون، هەروەها پایەکە بە میراتیشکراوە بۆ خێزانێکی دیاریکراو لە باوکەوە بۆ کوڕ، ئەمەش پێچەوانەی ڕێساکانی هەڵبژاردن نەبوو، چونکە ئەندامان ڕای خۆیان هەبوو، دەیانتوانی گەر کەسی بەتواناتر هەبوایە هەڵیبژێرن (أبو سلیم، ٢٠٠٠: ٤١٦)، ئەوەتا لە موسڵ کە دەیان سنفی پیشەگەری لێبووە، لە سەردەمی جەلیلییەکان[٨] ڕژێمی پشتاوپشت لەو پۆستانەدا پەیڕەو کراوە، کە لە هەموو پیشەیەک بنەماڵەیەکی دیاری ناو سنفەکە، ئەو پۆستەی قۆرخ کردووە (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩١)، بەڵام ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بەوە هەبێت کە زۆر لەو پیشانە لە بنەڕەتدا بنەماڵەیی بوونە یان خێزانێک دەستی بااڵیان تێیدا هەبووە، لەو بارەشدا هیچ ڕێگریەک نابێت کە بەڕەزامەندی و ڕای هەموو ئەندامان کەسێک بەبێ بەرهەڵستی پۆستەکە وەربگرێ.

لە کاتی هەبوونی زیاتر لە کەسێک بۆ پۆستی شێخی سنف لە هەندێ ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی قازی یەکلای دەکردەوە لەڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک و دیاریکردنی باشترینیان، هەندێ جاریش زانا ئاینییەکان دەستیان دەخستە نێو دیاریکردنی شێخی سنف لەپێناو سەرخستنن و دانانی پاڵێوراوێک کە پابەندی بنەما ئاینییەکان بێت و بەها بەرزەکانی تێدابێت (حمیدي و حموش، ٢٠١٥: ٣٣).

شیاوی باسه حاڵەتی دەگمەن هەن کە لە هەندێ ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی هەندێ سنف زیاتر لە یەک شێخیان هەبووە، هەروەک لە ساڵی (١٦٣٣ز) لە قودس ئاماژەی بوونی دوو شێخ بەناوەکانی (حاجی محمد حسین) و (حاجی شحاده موسی) لە سنفی دەلالەکان دەبینرێ، ئەویش بە ڕەزامەندی قازی و ئەندامانی سنفی پیشەیی (الجبوري، ٢٠١١: ٢٤٣)، هەرچەندە وردەکاری بوونی دوو شێخی سنف و هۆکارەکەی دیار نییە، مەگەر لەبەر زۆری ئەندام و فراوانی و قورسی کارەکانیان بێت، یان بەهۆی ململانێ و بۆ ڕاگرتنی باڵانس بێت.

هەرچەندە بەگشتی کتخدا لە نێو سنفی پیشەگەرانی خۆی هەڵبژێردراوە، بەڵام نموونەی واش هەن لەهەندێ شوێن پیشەی کتخدای سنف جیاوازە لەگەڵ پیشەی سنفەکەی، بۆ نموونە خۆی بەرگدروو بووە و بۆتە شێخی کورتاندروەکان (غطاس، ٢٠٠١: ١٩٤).

مانەوە لە پایەی شێخی سنف ماوەیەکی دیاریکراوی نەبووە، بەڵکو دەیتوانی تا لە ژیاندابێت بەردەوام بێت، ئەگەر هۆکارێک نەبووایە بۆ وازهێنان و گۆڕین و لادانی (حنا، ١٩٨٥: ٤٢)، تەنانەت حاڵەتی دەگمەنیش هەن کەوا کەسێک زیاتر لە جارێک و دووجاریش هەمان پۆستیان وەرگرتووە، دوای ئەوەی بەهەر هۆکارێک وازی هێنابێت دواتر گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی (غطاس، ٢٠٠١: ١٩٨)، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە کاریگەری و لێهاتوویی و ئەزموون و تەمەنی ئەو کەسەوە هەبووە کە جێی ڕەزامەندی ئەندامان بووە، یان بەهۆی بەهێزی دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵەکەی بووە توانیویەتی خۆی بسەپێنێ.

ئەرک و ماف و دەسەڵاتەکانی شێخی سنف:

شێخی سنف لەسەر ئاستی سنفەکەی کۆمەڵێک ئەرک و کاری هەبووە و بەرپرسی یەکەم و سیمبولی بووە، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سنفی دەکرد و لە ڕووی ئابوورییەوە چاودێر بووە بەسەر

پیشه و کوالیتی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی، لەهەمان کاتیشدا پارێزەر و پاسەوانیشی بووە، چاودێری کردنیشی بۆ کاڵا لە قۆناغی یەکەمدا دەستی پێ دەکرد لە دەسکەوتن و بەکارهێنانی کەرەسەی خاو، تاکو بەرهەمهێنانی کاڵا یان قۆناغی سوودمەندبوونی خەڵک، ئامانجیش لەمە پاراستنی پیشە بوو لەلایەک و پارێزگاری بەکاربەریش لەلایەکی ترەوە، لەو ڕووەشەوە سزای هەر پیشەگەرێکی دەدا کە زیان بە پیشەکە بگەیێنێ (حنا، ١٩٨٥: ٤٢)، ئەرکی تریشی بریتی بوو لە نوێنەرایەتیکردنی پیشەگەرانی سنفەکەی لە مەراسیم و ئاهەنگ و بۆنە ئاینی و سوڵتانیەکان (الجميل، ١٩٩٧: ٨٦), هەروەها پاراستن و ڕێکخستنی پەیڕەوی ناوخۆی سنفەکە و نەهێشتنی جیاوازی و ناکۆکی نێوان ئەندامان (الحمداني، ١٩٨٩، ٤٥)، زۆرجاریش سەرپەرست بوو لە پێدانی کار بە خەلفەکان (صناع) بە ڕاسپاردنی وەستاکان (حنا، ١٩٨٥: ٤٢).

لە سیستەمی باجیشدا شێخی سنف ڕۆلێکی باڵای هەبوو، بەشێوەیەک بەرپرس بوو لەبەرامبەر حکومەتدا، تا ئاستێک گەر پیشەگەرێک باجی لەسەربایە لەدوای مردنی، شێخی سنف سەرپەرشتی قەرزدانەوەکەی دەکرد ئەگەر بە فرۆشتنی دوکان یان کاڵاکانیشی بووایە، هەروەها ڕێگری دەکرد لە کڕین و فرۆشتنی دوکان و شوێنی پیشەکان گەر خاوەنەکەی باجی لەسەربایە یان قەرزدار بووایە (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٢).

هەرچەندە بەڵگەی سەلمێنەر نیە لەسەر ئەوەی شێخی سنف مووچەی هەبووبێت لە سنفەکەی، بەڵکو بەزۆری لەسەر کاری خۆیان ژیاون، بەڵام هەندێ ئیمتیازی ماددیان هەبووە، بەهەر جۆرێک بێت پارەی شێخایەتی هەبووە، بەڵام لەوە ناچێت ئەو بڕە پارەیە پابەندبوونێکی جێگیر بووبێت لەسەر سنفەکان بەرامبەر شێخەکەیان (الجبوري، ٢٠١١: ٢٤٥).

لە بـواری کۆمەڵایەتیشـدا شـێخی سـنف پـێگەی خـۆی هەبـووە کە هەردەم بەرژەوەندی ئەندامانی پیشـەکەی لەبەرچاو گرتـووە، تەنانەت لە دەرەوەی چوارچێوەی کـاری پیشـەیی چـاودێری مافەکـانی کـردوون، بـۆ نموونە لە دابەشکردنی میراتی میراتگران ڕۆلی هەبووە، نەک هەر لەکاتی سـەرۆکایەتی پیشـەکەی، بەڵکـو لەدوای نەمانیشـیان لە پۆسـتەکانیان توانیویانە پێگەی خۆیان بپارێزن و خەڵک ڕێزیان لێ بنێ و پەنایان بۆ ببەن لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی نێو پیشـەگەران (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٢).

یگیت باشی[٩] _ شاویش:

لـە پاڵ هـەر شـێخ یـان کتخدایەک یاریـدەدەرێک هـەبوو پێی دەوتـرا (یگیت باشی– مامۆستای گەورە) یان (شاویش)، کە بە هـەڵبژاردن دادەنـرا لـە لایـەن خـاوەن پیشـەکان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥ ؛ حنا، ١٩٨٥: ٤٣)، لەڕێی ئەوەوە ئەندامانی سنف پەیوەندییان بـە شـێخەوە دەکرد. گرنگترین ئەرکەکانیشـی بریتـی بـوون لە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری نـاوخۆی سـنف لـەکاتی ئامادەنـەبوونی شـێخ و بەرپرسـیارێتی تۆمـارکردنی سـنف و بەرپرسـیارێتی کڕینـی کەرەسـە سـەرەتاییەکانی پیشـەکەیان لـە بـازاڕ و دابەشکردنی بەسـەر پیشـەگەران، هەروەها ئاگادار کردنەوەی شێخ لە توانا و ئارەزووی هەر پیشەگەر و خاوەن پیشەیەک بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی (الجمیـل، ١٩٩٧: ٨٦ ؛ اینالجیـک، ٢٠٠٢: ٢٣٦), جـگە لە پشـکنینی کـاڵای دروسـتکراو و چـاودێری ئەنـدازەی لەبەرچـاوگرتنی ئەو پێـوەرانەی سنفەکان دایاننابوون لە بەرهەمەکاندا، هەروەها چارەسـەرکردنی کێشـەی نێوان پیشەگەران (نصار، ٢٠٠٥: ٤٠).

لە نـاوچەی جەزائیر شـێخی سنف یـان ئەمینـی کۆمەڵە پیشـەییەکان دوو یاریـدەدەری هەبـوو، یەکیـان پێی دەوتـرا (شـاویش) کە هاوشـێوەی یگیت باشی بووە لەکاتی ئامـادەنەبوونی ئەمین کارەکانی ئەوی دەکرد و وەک وتەبێژی فەرمـی کۆمەڵەکەی بـووە، و لەنێـو ئەندامانی کـۆمەڵەکەی

دادەنران و لەلایەن خودی ئەمین دیاری دەکران، یاریدەدەری تریشیان پێی دەوترا (خۆجە) کە وەک نوسەرێک وابوو کاروباری پەیوەست بە کۆمەڵەی پیشەکەی تۆمار دەکرد (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٨–٢٠٩).

دەستەی خاوەن ئەزموونەکان (أهل الخبرة):

جگە لە کەسە سەرکردەکان لەناو سنفەکاندا دەستەی خاوەن ئەزموونەکان (أهل الخبرة) هەبوو کە لە وەستا بە ئەزموونەکان پێکدەهات، ئەوانەش بۆچوونی خۆیان دەبوو لەسەر کالا و دانانی نرخەکان و دیاریکردنی خەلفەکان (صناع)، لەهەندێ سنفیشدا هەندێ ئەرکی کتخدا و یگیت باشیان هەڵدەگرت، لە هەندێ سنفی گەورە و پێشکەوتووی پیشەگەری ئەو لیژنەیە لە شەش کەس پێک دەهاتن، ئەندامەکانیشی لەنێو وەستاکان هەڵدەبژێردران و پێ دەچێ هەڵبژاردنەکە بە کۆدەنگی بووبێت و دواتر گەر هیچ گازندەیەک نەبووایە وەستاکان دەچوونە بەردەم قازی بۆ تۆمارکردنی دانانەکە لە تۆماری دادگا (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٣٦–٢٣٧)

دەستەی پیران (اختیارلر):

دەستەیەک لە گەورە وەستا و پیشەگەرەکان پێکدەهات کە بە دەستەی پیرەکان (اختیارلر) دەناسران (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٧–٣١٨)، ئەوانە وەک دەستەیەکی ڕاوێژکاری بوون کە شێخی سنف لەکاتی پێویستدا ڕاوێژی پێکردوون و بەشداری دانانی نرخ و سەرپەرشتی پێوانە و تەرازوویان کردووە و لەکاتی پێویستبوونی سزادانی پیشەگەرێک ڕایان وەرگیراوە (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٥)، لەهەندێ سنفیشدا ئەو وەستایانەیان دیاریکردوون کە مافی کاری پیشەیی و کردنەوەی دوکانیان هەبووە، ئەویش لەپێناو ڕێگری کردن لە کەسانی ناشارەزا لە ئەنجامدانی کاری پیشەگەری (ریمون، ١٩٧٤: ١٥).

هەنواڵنامەی کێبڕکێ

کتخدای گەورە_ شێخی سنفەکان (شيخ المشايخ):

پۆستێکی گەورەی ڕێکخستنەکانی پیشەگەری بریتی بوو لە (شێخی سنفەکان) یان (شيخ المشايخ), لە ئەنادۆڵ پێی دەوترا (کتخدای گەورە)، ئەویش پایەدارێک بوو سەرۆکایەتی هەموو سنفەکانی پیشەگەری دەکرد، واتا دەستەیەک هەبوو کەوا شێخی هەموو سنفەکان تێیدا ئەندام بوون و شێخی سنفەکان سەرۆکایەتی کردوون، کە خاڵی پەیوەندی بوو لەنیوان والی و قازی لەلایەک و ڕێکخستنە پیشەییەکان لەلایەکی تر‌ەوە، و هەڵبژاردنی شێخی هەموو سنفێکی پیشەگەری بە ئامادەبوونی ئەو دەکرا (كوثراني، ١٩٨٨: ٦٢٥)، بەتایبەتیش ئەو پۆستە بۆ پیاو ماقوڵێکی شارەکە دەبوو، کە ڕاوێژی لەگەڵ شێخەکانی سنفەکان دەکرد لەبارەی کاری هاوبەشی سنفەکانی پیشەگەری (الجميل، ١٩٩٧: ٨٦).

لە هەندێ ناوچەی دەوڵەتی عوسمانیش هاوشێوەی ئەو پۆستە هەبووە بەتایبەتی لە جەزائیر، ئەویش بەناوی (أمين الأمناء)، و لە هەندێ شاریشدا هەر نەبووە و هەندێکیشیان تا درەنگ نەیان بووە (غطاس، ٢٠٠١: ١٨١–١٨٣).

شێخی سنفەکان_کتخدای گەورە، ئەگەرچی زۆربەی جار بە هەڵبژاردن و دانانی کەسێکی دیاریکراوی شارەکە بووە، بەڵام ئەو پۆستە زیاتر ئاینی بووە لەوەی پیشەیی بێت، لە ناوچە عەرەبییەکان مەرج بوو خاوەنی ئەو پۆستە لە ڕەچەڵەکی هاشمی بێت (نعيسة، ١٩٨٦: ٢٩٠)، لە شام لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم بە میرات بۆ بنەماڵەی نەقیبی ئەشرافەکان قۆرخ کرابوو (جيب و بوين، ١٩٩٧: ٣١٣)، تەنانەت زۆرجار لەنێو یەک بنەماڵەدا ململانێ هەبووە لەسەر ئەو پۆستە، ئەوەتا لە نێو بنەماڵەی بەنی عجلان[١٠] عەتا ئەفەندی لە ساڵی ١٨٨٣ز پۆستەکەی وەرگرتبوو کە لە براکەی ئەحمەد ئەفەندی بەتەمەن بچووکتر بوو، بەڵام ئەحمەد ئەفەندی بەمافی خۆی زانیوە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئەستانبۆل

و توانیویەتی فەرمانی سوڵتانی بەدەست بێنێ لەبەرژەوەندی خۆی، بەو پێیەی لەبراکەی گەورەتر بووە (حنا، ١٩٨٥: ٣٩).

نەقیب:

شێخی مەشایخ سکرتێری تایبەتی هەبوو پێی دەوترا (نەقیب)، هاوشێوەی یگیت باشی یاریدەدەری شێخی سنف بوو، جیاوازی نێوانیان شێوازی دانانیان بوو، کە نەقیب لەلایەن شێخی مەشایخ دادەنرا، بەڵام یگیت باشی لەلایەن پیشەگەرانەوە هەڵدەبژێردرا، لەبەر پێگە ئاینییەکەی شێخی مەشایخ نەیدەتوانی لە کۆبوونەوە گشتییەکان ئامادەبێت کە لەنێو خاوەن پیشە و سنفەکان دەبەسترا لەبارەی کاروباریان یان لە ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەگەران، بۆیە نەقیب نوێنەرایەتی ئەوی دەکرد، لە پێش سەردەمی تەنزیمات[١١] کاتێ شێخی مەشایخ دەسەڵاتی فراوانتر بوو زیاتر لە نەقیبێکی هەبوو، بەڵام لەسەردەمی تەنزیمات بایەخی هەردووکیان کەمی کرد بە هۆی یاساکانی دەوڵەت، خاوەنی پۆستی نەقیب مەرجی ڕەچەڵەک و میراتی نەبوو، بەڵکو شێخی مەشایخ مافی دانان و لادانی هەبوو (حنا، ١٩٨٥: ٤١و٤٣).

شێخی حەفت سنفەکان:

ئاماژەیەک هەیە بۆ هەبوونی پایەی (شێخی حەفت سنفەکان)، ئەویش لە موسڵ سەرۆکایەتی حەفت سنفی پیشەگەری کردووە، بەڕای تۆێژەرێکیش دیاریکردنی ژمارەی سنفەکان بە حەفت سنف ئامانج لێی یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی هەموو ئەو کۆمەڵە سنفانەیە کە پیشەکانیان لێک نزیکن لە یەک سنفدا و لەژێر سەرکردایەتی یەک سەرۆکدا، ئەویش بە پاڵنەری دارایی و کارگێڕی وەک ئاسانکارییەک بۆ سەرپەرشتی کردنیان (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩٠)، بەتایبەتی لەوەرگرتنی باجدا، و تۆمارێکی تایبەتی هەبووە بۆ خەرجی و هۆکارەکانی، هەروەها سەرپەرشتی کاروباری دارایی سنفەکانی کردووە (الحمداني، ١٩٨٩: ١٧٦). بە دووریش

نـابینرێ ئەوە پەیوەنـدی بەو دیـاردەوە هەبێـت کە هەنـدێ لەو سـنفانەی کالاّی هاوشێوەیان بەرهەم دەهێنا لەسەدەی شازدەم لێک جیا دەبـوونەوە بە پێی تایبەتمەندییان هەریەکە و سنفی سەربەخۆی هەبوو، بەشـێوەیەک سـنفە کۆنەکـان سـنفی نوێیـان لـێ جیـادەبووەوە (اینالجیـک، ٢٠٠٢: ٢٤٥)، بەلاّم لە سـەدەی نـۆزدەم بەهـۆی لاوازبوونیـان ئەوسـنفانە جـارێکی تـر چـوونەوە پـالّ یەکتـر و لەژێـر سـەرکردایەتی یەک رێکخسـتن و کتخـدا و شێخ دا (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٦٧٥).

شیاوی باسە کۆشکی سەلّتەنەتیش پلەداری خاوەن پیشەی تێدابووە، چونکە لەبەر پێویستی کۆشـک بە خزمەتگوزاریـان، زۆرێـک لە پیشـەگەری تێـدابووە، هەرچەنـدە نـازانرێ تاچەنـد پەیوەنـدییان بەرێکخسـتنە پیشـەییەکانی دەرەوەی کۆشـک هەبـووە، بەلاّم ئەوانـیش لە نێوخۆیانـدا جۆرێـک لە رێکخسـتنیان هەبـووە یـان هەر هـیچ نەبێـت هەر جـۆرە گرووپێکـی پیشـە سـەرۆکێکیان هەبـووە سەرپەرشـتی و نـوێنەرایەتی کـردوون، بـۆ نمونـە سەرتاشـەکانی کۆشـک سـەرۆکێکیان هەبـوو کـە سەرپەرشـتی سەرتاشـەکانی ژووری شـەڕی دەکـرد پێـی دەوتـرا بەربەر باشی (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٧٤)، هـەروەها بەرگدووەرەکانیش کە جل و بەرگی فەرمانبـەرانی کۆشـکیان دەدووری، کەسـێک سـەرۆکایەتی دەکـردن پێـی دەوتـرا تەرزی باشـی، جگـە لـە چەنـدین پیشـەگەری تـریش (جیـب و بوین، ١٩٩٧: ٣٨٤).

پلەکانی کارامەیی و خاوەنداری لە پیشەدا:

هەموو پیشەگەرێک بەپێی جۆر و تایبەتمەندی پیشەکەی ئەندام بوو لە سنفەکانی رێکخستنی پیشەگەریدا لە ناوچەکەی خۆی، جگە لە ئافرەت و پیشەگەری گەڕۆک و کۆیلە کە لەنێو رێکخستنەکاندا نەبوون (فاروقي و اخـرون، ٢٠٠٧، ٢٧٨–٢٨٠)، رێکخسـتنی ئەنـدامەکانی نـاو سـنفیش بە شـێوەیەکی دینـامیکی بـوو، پلەکـانی پیشـەگەران جێگیـر نـەبوون، بـەلّکو پلەبەنـدی بـوو لە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە، بەپێـی کـارامەیی و شـارەزایی

پلەکان بەرز دەکرانەوە و دەرفەتی کاریان پێدەدرا، بەجۆرێک شاگرد یان منداڵی دەستپێک نزمترین پلە و سەرەتای پیشە بوو، وەستاش دوا قۆناغی پیشە و لێزانی و خاوەندارێتی بوو.

شاگرد _ چراک:

پلە پیشەییەکان لە خواروو هەڕەمەوە دەستی پێ دەکرد لەسەرەتای پەیوەندی کردنی خوازیارێک بە وەستایەکەوە، ئەویش بە (چراک_ شاگرد) یان (منداڵ_ دەستپێکەر) دەناسرا، کە بەزۆری منداڵێک دەبوو پەیوەندی بە پیشەگەرییەوە دەکرد و هیچی لێ نەدەزانی و بەزۆریش تەمەنیان بچووک دەبوو (هرشلاغ، ١٩٧٣: ٣٠)، ئەگەرچی خەڵکێک لە تەمەنی گەورەترەوە چونەتە نێو کاری پیشەییەوە. ناردنی منداڵیش بۆ فێربوونی پیشە سیمایەکی دیاری زۆرینەی منداڵانی چینی گشتی بووە، ئەویش لەسەربنەمای دابینکردنی دواڕۆژیان، بۆیە باوک کاتێ کوڕەکەی دەخستە بەردەستی وەستایەک هەمیشە ئەوە باوبوو کە دەیگوت (لێیدە، گۆشتەکەی بۆتۆ و ئێسکەکەی بۆ من) (عامر، ١٩٩٤: ٢٧)، ئەمەش لە ئەدەبیاتیان ڕەنگی دابووەوە و چەندین پەند هەبوون لەوکاتدا کە هانی فێربوونی پیشەی دەدا وەک (کاری بەدەستی لەهەژاری دەتپارێزی) و (خاوەن پیشە خاوەن قەڵایە) و (کار بکە بە فلسێک باشترە لە بێکاری) (حنا، ١٩٨٥: ٤٨–٤٩).

مەرجی وردی تایبەت بە منداڵ نەبوو بۆ چوونە نێو مەیدانی پیشەگەری، جگە لە دروستی جەستە و تەندروستی تەواو، چونکە هەندێ پیشەی وەک دارتاشی و ئاسنگەری و بۆیەچی بۆ کەسانی نەخۆش نەدەگونجان، هەروەها ئەو کەسەی دەچووە ناو پیشەیەک باشتر بوو پەیوەندییەکی بە پیشەکە هەبووبێت، بۆ نموونە کوڕی پیشەگەرێک یان کەسێک بێت پێویستی زۆری بە بژێوی هەبووبێت، کە ئەمەشیان وەستاکەی دەیتوانی دەستی پێوەبگرێت و بەردەوام بێت، یان کەسێک پێشتر لە پیشەیەکدا کاری کردبێت و وازی هێنابووبێت، ئەمەش بۆ

وەستاکان سوودیان زیاتر بوو بەهۆی ئەزموونی پێشتریان، زۆربەی جاریش باوک پەیوەندی بە وەستاکەوە دەکرد بۆ وەرگرتنی منداڵەکەی و فێرکردنی (حميدي و حموش، ٢٠١٥: ٣٥).

ماوەی مانەوە لە پلەی شاگردی و فێربوونی پیشە بەگوێرەی شوێن دەگۆڕا و بەلانی کەم دوو ساڵ بووە بەرەو سەرەوە، شاگرد لەو ماوەیەدا فێری بنەما و پیشە و ڕەوشت دەبوو لای وەستاکەی، بێ ئەوەی مافی گۆڕینی هەبێت مەگەر لە حاڵەتی تایبەت، کاتێ فێری بنچینەکانی پیشە دەبوو ڕێگەی پێ دەدرا هەندی کاری سادە بکات بە چاودێری وەستاکەی. زۆربەی جار کارەکانی بریتی بوو لە خزمەتی کەسی و خیزانی وەستا و خەلفە، ناچاریش بوو گوێڕایەڵ بێت، بۆیە لەناخیدا جۆرێک لە هەستی دوژمنایەتی چینایەتی شاراوە دژی وەستا و خەلفە پەنگی دەخوارد، ئەگەر دۆخەکەش گەیشتبا ئەو ڕادەیە دەچووە پاڵ خەلفە دژی وەستاکەی (حنا، ١٩٨٥: ٤٦).

شاگرد ماوەی چەند ساڵێک لە وەرشەکەی کاری دەکرد، لەسەرەتادا بێ بەرامبەر بەڵام دوای ماوەیەک لە هەندێ شوێن کرێیەکی کەمیان وەردەگرت، هەروەها وەستاکەی خەرجی خواردن و خواردنەوە و پێداویستیەکانی تری کە لە شوێنی پیشەکەی پێویستی بوو دەگرتە ئەستۆ (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٦).

خاوەن کرێ_کرێگرتە (اجیر):

کاتێک شاگرد توانای پیشەیی بەرز دەبووەوە و بەشدار دەبوو لە بەرهەمهێناندا، دەبوو بە خاوەن کرێ (اجیر) و کرێیەکی دیاریکراوی لە وەستاکەی وەردەگرت وەک لەناوەکەی دیارە، ئەو جۆرە پیشەگەرە بەهۆی پێگەیشتنی دەیتوانی کاروباری خۆی ڕایی بکات و لای وەستاکەوە بچێتە لای یەکێکی تر (أبو سليم، ٢٠٠٠: ٨٢).

دوو جۆری خاوەن کرێ (اجیر) هەبوو، یەکیان پابەند بوو کە وەک خزمەتکار لای وەستاکەی کاری دەکرد و لێیانەوە فێر دەبوو و تەمبێش دەکرا، ماندووبوونی زۆری دەبینی لەپێناو فێربوونی پیشە. جۆری دووەمیان (اجیر)ی ڕەها بوو، کە ئەویش هەندێکیان لەبەردەستی وەستا و خەلفە بوون و پێداویستییەکانیان دەخستنە بەردەست و کرێیەکی دیاریکراویان هەبوو، هەندێکی تریان دەبوونە کرێگرتەی هەرکەسێک بیویستایە یان هێزی کاری خۆی ڕۆژانە دەفرۆشت لەهەر پیشەیەک کە پێویستی ئەوتۆی بە کارامەیی نەبووایە (حنا، ١٩٨٥: ٤٧).

خەلفە (قلفه _ صناع):

لە دوای فێربوونی زیاتری پیشەکەی و پەیداکردنی کارامەیی فێرخواز لە (اجیر)ەوە دەچووە پلەیەکی تری کارامەیی و دەبووە (خەلفە)، ئەویش دوای سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەیەک کە لەبەردەم دەستەی پیرەکانی سنفەکە ئەنجام دەدرا (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٦). خەلفە بەرزترین ڕێژەی کارگەرانی وەرشەکانیان پێکدەهێنا و ژمارەیان لە وەستا و شاگردەکان زیاتر بووە (نعيسة، ١٩٨٦: ٧٢٦ ؛ غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٥)، ئەو پیشەگەرە لێهاتوویەکەی نەدەگەیشتە ئاستی وەستاکەی و وەک پیشەگەری دروستکەر کاری کردووە لەگەڵ وەستاکەی بەپێی ڕێککەوتنێک کە ماوەی کار و کرێیەکەی دیاری دەکرد (رافق، ١٩٨٦: ٦٦٧).

وەستا (أوسطة_المعلم):

خەلفە دوای فێربوونی پیشەکەی بەتەواوی و هەبوونی خەسڵەتە باشەکانی ڕەوشت و پەیوەندی هاوڕێیانە و بەها جوانەکان لەگەڵ توانای سەربەخۆ کارکردن و هەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ کارکردن بە سەربەخۆ و دەستکەوتنی دوکان و شوێنی بەتاڵ بۆ پیشە، وەستاکەی شێخی سنفی ئاگادار دەکردەوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی بۆ وەستا, کە

دوا ئاستی لێهاتوویی بوو له پیشەدا و لوتکەی هەڕەمەکە بوو، هەربۆیە سەربەخۆ دەبوو لە کارەکەیدا و خاوەنی دوکانی تایبەتی خۆی دەبوو و ئەوانی تر لای ئەو کاریان دەکرد وەک هاوکار و بەردەست (هرشلاغ، ۱۹۷۳: ۳۰ ؛ Kia, 2011: 85)، بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراوی خەلفەکان دەگەیشتنە پلەی وەستا، ژمارە زۆرەکەیان هەر لە ئاستی خەلفە دەمانەوە، جا چ لەبەر کەم لێهاتویی بێت یان لەبەر نەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ کردنەوەی دوکانی تایبەت و بەڕێوەبردنی پیشەکەی بەسەربەخۆیی (حنا، ۱۹۸۵: ۵۲)، یان ڕەنگە پەیوەندیشی بە دروستکردنی کۆسپەوە هەبێت لەلایەن وەستاکەیەوە لەبەر ململانێ، هەربۆیەش لەشارە گەورەکان هەندێک لەوانەی نەدەگەیشتنە پلەی وەستایی لە دەوروبەری شاردا دوکانیان دەکردەوە (فاروقي وآخرون، ۲۰۰۷: ۲٦۸).

وەستا کەسێک بوو کە دەگەیشتە لوتکەی کارامەیی و لێهاتوویی لە پیشەکەیدا، سێ جۆریشی هەبوو لە پیشەگەریدا، یەکیان ئەو وەستایەی بەدەستی خۆی کاری دەکرد و ژمارەیەک خەلفە و شاگردی هەبوو، بەزۆریش ئەو وەستا تازانەبوون کە سەرمایەی گەورەیان نەبوو، جۆری دووەمیان ئەو وەستایە بوو کە کاری دەستی جێ دەهێشت و دوای کۆکردنەوەی سەرمایەی زۆر سەرپەرشتی بەرهەمی ژمارەیەک خەلفە (صانع)ی دەکرد کە بۆ ئەو کاریان دەکرد، ئەمەیان نیمچە بازرگانێک بووە، سێیەم جۆری وەستا ئەو وەستایە بوو کە بەتەواوی پیشەکەی جێ دەهێشت و دەبووە بازرگان و بەرهەمی خاوەن پیشەکانی قۆرخ دەکرد و لێیانی دەکڕیەوە و دەیفرۆشتەوە (حنا، ۱۹۸۵: ۵۳–۵٤).

ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەیی:

بەرزکردنەوەی پلەکانی کارامەیی بەتایبەتی لە شاگردەوە بۆ خەلفە، لەویشەوە بۆ وەستا بە سازدانی ئاهەنگی تایبەت دەبوو بە سەرپەرشتی شێخی سنف و ئامادەبوونی پلەدارەکانی ناو سنف و پیشەگەرە دیار و وەستا و ئەندامانی پیشە، شاگردێک بۆ ئەوەی بەرزبێتەوە بۆ ئاستی

خەلـفە پێویسـت بـوو تـاقیکردنەوەیەک ئەنجـام بـدات لەبەردەم دەسـتەی کـارگێڕی سـنف، گەر سـەرکەوتوو بـووایە دەبـووە خەلـفە دوای سـازدانی ئـاهەنگی تـایبەت، بـۆ یەکەمـین جـار بەرگـی تـایبەت بە پیشـە و سـنفەکەی دەپۆشـی و دواتـر لەلایەن شـێخی سـنفەوە هەنـدێ ئامۆژگـاری دەکـرا. لە ئاهەنگی پلە بەرزکردنەوە بۆ وەستا ڕەچاوی ئەوەیان دەکرد کە لەوەرزی بەهاردا بێت لەو ڕۆژەی خـاوەن پیشـەکان سـاڵانە ئاهەنگیـان تێدا دەگێڕا، لەو ئاهەنگەشدا شـێخی سـنف و قـازی ئامـادە دەبـوون، دوای ئامۆژگـاری شـێخی سـنف ڕەزامەنـدی دەردەبـڕی لەسـەر بـوون بە وەسـتا و دانـانی بەرگی خەلفە و پۆشـینی بەرگی وەسـتا، پاشـان ئامـادەبووان پیرۆزباییـان لێ دەکرد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٧ ؛ مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٦).

ئـاهەنگی پـلە بەرزکـردنەوە تـا ڕادەیەکـی زۆر مـۆرکی ئـاینی پێـوە دیاربووە و نزا و سـروودی ئاینی تێدا دەخوێندرایەوە و جۆرێک بـوو لە پەیمان و بەڵێندان لەبەرامبەر خودا و ئامـادەبووان لە پابەندبوون بە فێڵ نەکـردن و دانـانی نرخەکـان بە دابەروەری و هاوکـاری یەکتـری و دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نەشیاو (كوثراني،١٩٨٨ : ٦٢٦).

پۆشاکی ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان:

بەپێی فەرمانی سوڵتانی ئەندامانی هەر سنفێکی پیشـە جل و بەرگی شیاویان دەپۆشی کە لە کۆمەڵگەدا دەربـڕی دۆخەکەیـان بێت، بـۆ خـاوەن پیشـە و دوکانداڕەکان قەدەغە بوو جلوبەرگی گرانبەهـای تـایبەت بە چینی بـاڵا بپۆشـن (اینالجیـک، ٢٠٠٢: ٢٣٣)، ئەنـدامانی هەرسـنفێک جلـوبەرگی جیاوازیـان دەپۆشـی لەوێتـر، ئەو بەرگەی دەباغێـک دەیپۆشـی جیـاوازبوو لەگەڵ سـەفارێک، بگـرە لەنـاو یەک سنفیشـدا جیـاوازی لە جلوبەرگـدا هەبـووە، بەرگی شـێخی سنف جیابوو لەگەڵ وەسـتا و شـاگرد، هەروەهـا وەسـتاش لەگەڵ شـاگرد جیـابوو، ئەوەش بـۆ لێکجیـاکردنەوەی ئەنـدامانی سنف بوو (حميدي و حموش، ٢٠١٥: ٣٦).

چاودێری ئابووری سنفە پیشەییەکان:

دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ژیانی پیشەیی لە بازاڕدا ڕەنگدەداتەوە و کۆدەبێتەوە، وێڕای هەندێ لەو پیشانەی کەلە دەرەوەی بازاڕدان، زۆربەی ئەو پیشەگەرانە گەر خۆشیان لە بازاڕدا نەبووبن ئەوا بەرهەمەکانیان لە بازاڕدابوون، واتا پیشە و بازاڕ تەواوکەری یەکترن.

لەبەرئەوەی خاوەن پیشەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبوو، لە دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری و پەیوەندییان بە بازرگانە گەورە و بچووکەکانەوە هەبوو و کاریگەری فراوانیان هەبوو لەسەر بازاڕی ناوخۆیی، بۆیە دەوڵەت لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی (ئیحتیساب) بازاڕی خستبووە ژێر چاودێری هەمیشەیی، ئەویش بەسەرپەرشتی کەسێک پێی دەوترا (محتسب) یان (احتساب أغاسی) و یاریدەدەرەکانی کە پێیان دەوترا پیاوانی پشکنین (قول ئۆغلانلری)، موحتەسیبیش لەلایەن سوڵتان یان حکومەتەوە دادەنراو دیاری دەکرا (صباغ، ۱۹۹۹: ۲۲۹)، ئەویش چەند ئەرکێکی لەسەر بوو، لەوانە کۆکردنەوەی باج و رسوماتی وەک ڕۆژانەی بازاڕ (یومیە دکاکین) و تەمغا (دمغە) و باجی بازاڕ بە ڕێژەی دیاریکراو لە خاوەن پیشەکان و ئەهلی سنفەکان (رؤوف، ۱۹۷۵: ۲۹۱ ؛ مجموعة مؤلفین، ۱۹۹۹: ٦٧٦)، هەروەها سەرپەرشتی بازاڕی دەکرد و کاری دەکرد بۆ دابینکرنی خۆراک لە بازاڕ بۆ هاوڵاتییان، و هەموو مانگ جارێک سەرپەرشتی دوکان و پیشەگەرانی دەکرد و چاودێری ڕاستی و دروستی پێوانە و کیلۆ و تەرازوەکان و دانانی نرخ بەڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەت و پیشەگەرانی دەکرد (هرشلاغ، ۱۹۷۳: ۲۲۹ ؛ صباغ، ۱۹۹۹: ۲۲۹).

سەبارەت بەدانانی نرخەکان ئەوا بە ئامادەبوونی پیشەگەرە بە ئەزموونەکان و قازی دەبوو، کە تێچوو و هێزی کاریان دەخەملاند، پاشان ڕێژەیەکی قازانجیان بۆ بەرهەمەکە دادەنا کە لەنێوان (۱۰% _۲۰%)دەبوو، لە ئەستەنبۆلیش هەندێ جار سوڵتان بەخۆی چاودێری

لیستی نرخەکانی بازاڕی دەکرد، جگە لەوەش محتسب هەڵدەستا بەمۆرکردنی کاڵایەکانی بازاڕ، و فرۆشتنی هەر کاڵایەکی مۆر نەکراو قەدەغە بوو (الجميل، ١٩٩٧: ٨٨ ؛ اينالجيک، ٢٠٠٢: ٢٣٨).

چاودێری بازاڕ لەلایەن محتسب ڕۆژانە بوو کە چەکداری تایبەت هاوڕێیەتییان دەکرد، محتسب دەسەلاتێکی بالای هەبوو لەو بوارەدا لەکاتی هەر سەرپێچیەک بۆی هەبوو دوکاندار و پیشەگەرەکە دەست بەجێ سزا بدات، زۆر جاریش لە پێش دوکانەکان لە سەرپێچیکەر دەدرا، ئەگەر دووبارەشیان بکردبایەوە ئەوا لە پیشەکەیان دەردەکران و بەند دەکران (جيب و بوين، ١٩٩٧: ٣٢١ ؛ Faroqhi, 2009: 220)، لە ئاستانبۆلیش لە کاتی سەرپێچی بچووک تەنها ئاگادار دەکرایەوە، بەڵام گەر سەرپێچیەکە ترسناک بووایە بۆ موسڵمانان سزای زیندانی هەبوو، بۆ ناموسڵمانیش کارپێکردنیان بوو لە کەشتییەکانی بەندەرەکاندا (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٤١٩–٤٢٠)، بەڵام محتسب مافی ئەوەی نەبوو بچێتە نێو ماڵان و سزای ئەو سەپێچیکەرانە بدات کە تایبەتمەندی خیزانیان هەبوو (Kia, 2011: 89). لەمەشەوە دەردەکەوێ کە بەشێک لە پیشەگەران و بەرهەمەکانیان نەکەوتوونەتە ژێر چاودێری و لە باج دان بەدەربوونە، ئەگەری سەرپێچی لە ڕینماییەکان هەمیشە لە ئارادابووە بەو پێیەی زۆرێک لەو پیشانە لە دەرەوەی بازاڕەکان بوون، هەرچەندە تاڕادەیەکی باش پابەندی دەستوری نەریت و بەها ڕەوشتییەکان دەبوون.

لە ساڵی ١٨٣٨ز لەژێر فشاری نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت بەشێک لە رسوماتەکانی سەر پیشەگەرانی نەهێشت کە موحتەسیب وەری دەگرت، لەساڵی ١٨٥٤ز یش سیستەمی ئیحتیساب بەتەواوی هەڵوەشایەوە و دواتریش ئەو باج و رسوماتانەش هەڵوەشانەوە کە ئەو دەزگایە وەری دەگرتن بەتایبەتی باجەکانی سەر پیشەگەران (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٦٧٦).

سیستمی (گیدیک):

گیدیک ڕێوشوێنێکی دیکەی دەوڵەت بوو پەیوەست بە پیشەگەران و بۆ کۆنترۆلکردنی بازاڕ، ئەویش بریتی بوو لەو شوێنەی کە کەسانێک کاری دیاریکراویان تێدا ئەنجام دەدا لەنێو کۆمەڵێکی دیاریکراودا کە ژمارەیان زیاد و کەم نەدەکرا، خاوەندارێتییەکەی بۆ خاوەن پیشەکە نەبوو, بەڵکو بەکرێگرتنی سالانەبوو (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦)، هەرکاتێکیش شوێن و کارەکە بەتاڵ بووایە دەوڵەت کەسێکی دیکەی تێدا دادەنا، دیارترین ئەو گیدیکانەش خاوەن پیشەکان بوون، ئەمەش جۆرێک لە ئیمتیاز و کۆنترۆل بوو لە یەک کاتدا، هەموو جۆرە پیشەیەک ژمارەیەک شوێنی کار و دوکانی دیاریکراوی هەبوو. کاتێ یەکێک گیدیکی بەدەست دەهێنا لەبەرامبەردا بڕێک پارەی دەدا، واتە دەوڵەت ژمارەی دوکان و وەستاکانی سنووردار کردبوو بۆ هەر جۆرێکی پیشە بە پێی پێویستی شار و ئاواییەکە، و هیچ لایەک ڕێگەپێدراو نەبوو ژمارەکان زیاد بکات نە حکومەت و نە ڕێکخستنە پیشەگەرییەکانیش، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو سیستمە پێشێل نەکرابێ، بەڵکۆ لە هەندێ کاتی پێویستدا ژمارەی دوکان و وەرشەکان لە سەرووی ڕێنمایی سیستمەکە بووە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار وەرشە زیاد لە پێویستەکان داخراون، ئەمەش لە پێناو ڕاگرتنی باڵانسی نێوان خواست و بەرهەمهێنان (مجموعة مؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٦–٧٢٧).

بەشێوەیەکی گشتی هەر کەسێک خاوەنی گیدیک نەبووبێ مافی کردنەوەی دوکان و کاری پیشەیی نەبووە، بۆیە ئەو سیستمە لە هەندێ ناوچە زۆر پێشوازی لێکراو نەبوو بەتایبەتی قاهیرە (Faroqhi, 2009: 140)، هەروەها گیدیک کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە، ئەو گیدیکەی خاوەنەکەشی دەمرد کرداری گواستنەوە و فرۆشتنی دەکەوتە دەست کەسانی دیاریکراوی وەک کوڕەکەی گەر هەیبوایە، گەر هیچ کوڕیشی نەبوایە خەلفەکەی مافی کڕینەوەی هەبوو (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦ ؛

مجموعـــة مـــؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٧)، ئەو كـــرداری گواســـتنەوەیەش بە سەرپەرشتی کتخدای سنف ئەنجام دەدرا (نصار، ١٤٢٧هـ: ٤٠)، لەمەشدا دەردەکەوێت کە ئەو گیدیکە جۆرێک لە خاوەندارێتی تێدابووە هەربۆیە میراتەکەی بۆ کەس و کارەکەی بەجێ دەما، لە کاتی بوونی کۆڕ خاوەندارێتی بۆ میراتگرانی دەمایەوە، بەڵام بۆ ئافرەت تەنها میراتی فرۆشتنەکەی بۆ دەگەڕایەوە.

دوو جۆر گیدیک هەبوو، یەکیان جێگیر (مستقر گیدیک) کە دوکان و وەرشەکانی دەگرتەوە و شوێن گۆڕینەکەی پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت هەبوو، ئەویتریان گیدیکی هەوایی یان جوڵاو بوو، کە ئەمەیان پەیوەست نەبوو بە دوکانەوە بەڵکو پەیوەست بوو بە کەسێکەوە، ئەویش ڕێ پێدراو بوو بۆ ئەنجامدانی پیشەکەی لەهەر شوێنێک بوایە، و گەر پێداویستی پیشەیەکی دیاریکراو زیاد بووایە ژمارەی گیدیکەکانی زیاد دەکرا، ئەگەریش پێداویستی کەم بووایە ئەو گیدیکانە دەگێڕدرانەوە بۆ خەزێنەی تایبەت، یان دەگوازرایەوە بۆ جۆرێکی تری پیشە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦ ؛ مجموعة مؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٧_٧٢٨).

وێڕای تۆندوتۆڵی ڕێساکان کە خاوەن پیشەکان پابەندی بوون، لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم بیانییەکانیش چوونە نێو بواری پیشەیی، لەسەرەتاشدا تا ڕادەیەک بە گیانێکی لێبوردەییەوە وەرگیرا، بەڵام کاتێک ژمارەیان زیادی کرد ناکۆکی سەری هەڵدا لە نێوان خاوەن پیشە عوسمانییەکان و بیانییەکان، بەمەش دەوڵەت ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی گەورە بووەوە، وێڕای هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ بەرگرتن لەو کێشەیە بەر لە سەردەمی چاکسازی، بەڵام دوای ئیمتیازی بیانی و ئازادی هەموو جۆرە بازرگانییەک، ڕەوشی ڕێکخستنە پیشەییەکان بەرەو هەڵدێر چوو، لە ساڵی ١٨٦١ز یش سیستمی گیدیک لە پیشەگەری و پیشەسازی هەڵوەشێنرایەوە و هەموو تاکێک خۆیی یان بیانی مافی ئەنجامدانی هەر پیشەیەکی هەبوو (مجموعة مؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٨).

پابەندبوونی دەستوری سنفەکان:

لەپێناو زامنکردنی گەیشتنی کالا و خزمەتگوزارییەکان بە دەستی بەکاربەر بە نرخێکی گونجاو و هەرزان، و چاودێری ڕەوشی تەندروستی و پاراستنی ئاستی کوالێتی پێویست، دەوڵەتی عوسمانی پەنای بردۆتەبەر دانانی یاسا، بۆ ئەمەش (قانوننامەتی احتسابی) دانراوە کە کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەم (١٤٨١_١٥١٢ز)، دواتریش لە ئەنجامی فراوانبوونی سنووری دەوڵەتی عوسمانی و گەشەسەندنی پیشەگەری، بەمەبەستی باشتر ڕێکخستنیان، سوڵتان سولەیمانی قانونی (١٥٢٠_١٥٦٦ز)، هەندێ یاسای تایبەت بە خاوەن پیشەکانی لە یاساکانی ئەوروپا هێنا و سوودی لەوانەیان وەرگرت کە لەگەڵ کۆمەڵگەی عوسمانی و شەریعەتی ئیسلامدا دەگونجان (کوندز و اوزتورک، ٢٠٠٨: ٢٤٠وبعدها).

قانوننامەکانی ئیحتیساب لەبارەی پیشەگەرانەوە تەنها نرخ و پێوانەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو لەبارەی نانەوە ئەندازەی گەنمی بەکارهاتوو و ئاردی لێی بەرهەم هاتوو و ئەندازەی خەزنکراوی پێویستی تێدابوو، هەروەها ڕێوشوێنی پێویستی تێدابوو بۆ گۆشتی پێویست بۆ شار، لەبارەی پۆشاک و پێڵاو لەبەرچاوگرتنی ماوەی خۆگرتنیان لەبەکارهێناندا و لەبارەی پێوان و درێژی و پانی قوماشی تێدابوو. هەروەها بایەخی داوە بە چاودێری و خاوێنی و تەندروستی بەوەی ڕێوشوێنی بۆ چێشت لێنەرەکان و سەرتاش و خاوەن گەرماوەکان داناوە، هەتاکو پاراستنی گیانی مرۆڤەکانی لەبەرچاوگرتووە کاتێ ئاماژە بە توانای هەڵگرتنی ئامێرەکانی گواستنەوە کردووە، تەنانەت مافی ئاژەڵیش بەهەند وەرگیراوە بەوەی لە توانای خۆیان زیاتر بارنەکرێن (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٦٧٥).

هەرچەندە بەڕای توێژەرێک هەر جۆرێک لە سنفەکانی پیشە یاسای تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەسەری ڕۆیشتوون کە بە دەستوور ناسراوە،

ئەویش پەیوەست بووە بە کاروباری دارایی، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە دیاریکردنی کرێی پیشەگەران و دیاریکردنی بڕی بەرهەمهێنان و باجەکانی سەر پیشەگەران، لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیەکی زۆر دەستووری کار دەبینرێن، بۆ نموونە هەریەک لە قەسابەکان و دەباغەکان و عەتارەکان و دەلالەکان و بۆیەچییەکان... هتد، دەستووری خۆیان هەبووە (رؤوف، ٢٠١٤: alukah.net)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکرێت ئەو دەستوورانە گشتگیر نین، بەڵکو تەنها پەیوەستن بە لایەنی دارایی و ئەو ئەرکە داراییانەی لەسەریانە لەبەرامبەر حکومەت و هەندێ وردەکاری تر، بۆیە ئەو دەستووره هەر قانوننامەکانی ئیحتیسابە کە دەوڵەت داینناون، بۆیە دەتوانین بڵێین رێکخستنە پیشەییەکان دەستوورێکی گشتگیری نوسراوی تایبەتیان نەبووە کە خۆیان دایاننابن، بەڵکو ئەوەی زیاتر پابەندی کردوون دەستووری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و نەریتی و مرۆڤدۆستی و ویژدانی بووە لای ئەندامانی سنفە پیشەییەکان، کە ئەمەش زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە هەڵس و کەوتیان، هەرچەندە هەندێ جار ئەو دەستووره بەزێنراوە لای هەندێ پیشەگەر و هەندێ گرووپی پیشەیی کە لە بنەڕەتدا پیشەی خراپ و ناپەسەند بوون.

هەندێ لە سنفەکانی پیشەگەری ڕێسا و نەریتی خۆیان هەبووە و پابەندی یاساکانی دەوڵەت نەدەبوون، بۆ نموونە لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی سنفی پێڵاودروەکان کە ژمارەی ئەندامانیان زۆربوون سەرۆکەکەیان بەفەرمانی سوڵتانی دادەنرا و بەخشرابوون لە ملدان بۆ هیچ دەسەڵاتێکی تری یاسایی جگە لە دەسەڵاتی سەرۆکەکەیان، هەربەخۆشیان سزای تاوانبارەکانیان دەدا هەتا سزای مردنیش. ئەمەش بەفەرمانی سوڵتان ڕێگەیان پێ درابوو دوای ئەوەی داوایان لێکردبوو (لویس، ١٩٨٢: ١٦٠). هەروەها سنفی دەباغەکان بەتایبەت لە ئەستانبۆل و ئەدرنە هەر تاوانبار و بکوژێک پەنای بردبایە بەر ئەوان یان هەر چەتە و جەردەیەکیان گرتبایە ئامادە نەبوون بیدەنە دەست دادگا و یاسا، بەڵام

ڕێگەشیان نەدەدا ڕا بکات، بەڵکو لای خۆیان کاریان پێ دەکرد تا دەیانخستنەوە سەر ڕێگای ڕاست (لویس، ١٩٨٢: ١٥٩ ؛ جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٤).

پاپەندبوونی ڕەوشتی ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان:

چاودێری خۆیی لە نێو هەموو ڕێکخستن و سنفە پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تارادەیەکی زۆر بەوردی کراوە، خاوەن پیشەکان چاودێر بوونە بەسەر خۆیاندا، هەروەک خاوەن پیشەکان چاودێری خاوەن پایەکان و ژمارەی دوکان و بەرهەمهێنانی کاڵای باش و لەبەرچاوگرتنی نرخ و مافیان لەسەر یەکتر دەکرد، ئەگەر پایەدارێکی سنفەکە لەسەر حسابی لایەک لە لایەکی تر نزیک بایەتەوە، یان ڕەفتارێکی نەشیاوی نواندبایە و سزایە لەسەری وێڕای ئاگادارکردنەوەشی، ئەوا دەتوانرا داوای لادانی بکرێ لای قازی، قازیش گەر دروستی سکاڵاکەی بۆ دەرکەوتبایە، ئەوا بەرپرسەکەی لەسەر کارەکە لادەدا (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٨)، ئاستی دەستپاکیش لەنێو پیشەگەرانی عوسمانی بە موسڵمان و نا موسڵمانەوە لەو پەڕی دابووە بە دان پێدانانی چاودێرانی ئەوروپی (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥).

پیشەگەران لەنێوخۆیاندا کەسێک یان زیاتریان لە شارەزاو ناسراوەکان هەلبژاردووە بۆ ڕاوێژ پێکردنیان لە کاتی ڕوودانی هەرکێشە و گرفتێکی ناوخۆیی، هەروەها بۆ پشکنینی جۆرەکانی کەل و پەل و چارەسەری ناکۆکی لەسەر نرخەکان، و دیاری کردنی نرخەکان لە بازاڕدا (الجميل، ١٩٩٧: ٨٧).

لەنێوخۆیاندا پیشەگەران بەڵێنیان دەدا بە یەکتری کە کوالێتی کاڵا و خزمەتگوزاریەکانیان بپارێزن و دووربکەونەوە لە زیادکردنی نرخی کاڵا و خزمەتگوزاری لەو نرخەی حکومەت دیاری دەکرد و نەچنە نێو ململانێی نادادپەروەر، بەمەش ڕۆحی هاریکاری و تەبایی زاڵ بووە بەسەر

ململانێی یەکتری و هەریەک بە قازانجێکی کەم ڕازی دەبوو کە لەهەمان کاتدا قازانجێکی بە ویژدانانەبوو (ریمون، ٢٠٠٥: ٣٧٤)، هەریەکیش مافی ئاگادارکرنەوەی ئەوی تری هەبوو لەکاتی پابەند نەبوون بەو مەرجانە و تا ئەو ئەندازەی سکاڵای لێ بکات لای قازی، ئەگەریش پیشەگەرانی هەمان جۆر لەنێویاندا کاڵای کوڵێتی بەرزتری بەرهەمهێنابووایە بەهۆی کارامەییەوە، ئەوا مافی پارێزراو دەبوو لە دیاریکردنی نرخدا، و هیچ ئەندامێکی ناو ڕێکخستنە پیشەییەکان بۆی نەبوو سەرپێچی بنەماکانی پیشەگەری بکات وەک لادان لە ڕەوشتی باش و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن و دادگەری، هەروەها ئەو خاوەن پیشانەی هاوبەش بوون لە بەرهەمهێنانی کاڵایەکی دیاریکراو ڕێکەوتنیان لەنێواندا هەبووە بەپێی مەرجی دیاریکراو، هەروەها ئەو ئامێر و کەرەستانەی پیشەگەرێکی دیاریکراو بەکاری دەهێنا لە پشەگەرێکی تر دەستی دەکەوت بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوانیان، بەڵام گەر کوالێتی کەرەستەکە خراپ بووایە زەرەرمەندەکە مافی هەبوو بە ڕێگەپێدانی فەرمی ئەو پیشەگەرانە بگۆڕێت (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٨).

هیچ پیشەگەرێک بۆی نەبوو جیا لە تایبەتمەندی خۆی لە بواریکی تری پیشەگەریدا کار بکات، بۆ ئەمەش ئەندامانی سنفەکان چاودێر بوون و ڕێگەیان نەدەدا هیچ کەس هەمان پیشەی ئەوان بکات تەنها بە ڕەزامەندی ئەوان نەبێت، ئەویش بەمەرجی پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی سنفەکە، بۆ نمونە لە سنفی بەرگدرووان هەر بەرگدووڕێکی نامۆ بەرلەوەی دەست بداتە پیشەکە پێویست بوو کەفیلێکی هەبێت (الجبوري، ٢٠١١: ٢٤٩)، وەک چۆن هەر سنفێک تایبەتمەندی هەبووە لە پیشەیەکی دیاریکراو، ئاوا لە سنفێکەوە چوونە ناو سنفێکی تر (گۆڕینی پیشە) ڕێگە پێنەدراو بوو (أوزتونا، ٢٠١٠: ٢٨٣).

پیشەگەران و بازرگانەکان بۆیان نەبووە بەبێ پرس و ڕازیبوونی سنفەکەی هیچ کاڵایەک دروست بکەن و بفرۆشن، بەتایبەتی ڕێگە نەدەدرا

به گۆڕینی جلوبەرگ و پێڵاو کە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا نەگونجێ (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦)، ئەمەشیان جۆرە پابەند بوونێکە بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەرچی دەرگا داخستنێکیش بووە لەبەردەم پێشکەوتنی جۆرەکانی کاڵا و پیشەسازی و مانەوەیە لەسەر شێوە کۆنەکەی، هەربۆیەش دواتر کاڵای ناوخۆیی و دەستکرد نەیتوانی بەربەرەکانێی کاڵای بیانی بکات لە زۆر ڕووەوە.

هەموو سنفێک وەزیفە و یاسای دیاری کراوی هەبوو، کەس بۆی نەبوو دەست بخاتە کاری یەکێکی تر، و هەموو دەستە و سنفێکیش ڕێک بوون لەسەر ئەوەی لە هەر هەرێمێک بن بەشداری بکەن بەدانی بڕێک پارە بەگوێرەی توانا بە دەوڵەت و دەسەڵات بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی و بڕێکیش بۆ خەزێنەی دەوڵەت لە پایتەخت (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٢٣٩).

شایەنی باسە ئەرک و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی تایەفە و سنفەکان بە تایبەتی سنفی کارە دەستییەکان بەردەوام زیادی کردووە، بەهۆی وەلائی ئاینی، چونکە ئەو سنفانە تەریقەتی ئاینییان پەیڕەو دەکرد، کاریگەری ئەو تەریقەتانەش ئەوەبوو کە هانی دەدان بۆ سیفەتی دروست و پاک و ڕاستی، بەتایبەتیش لەلای پیشەگەرە موسڵمانەکان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٢)، نموونەی کاریگەری ئاین لەوەدا بە ڕوونی بەرجەستە دەبێت کاتێ ئەندامانی سنفەکانی پیشەیی دابینکردنی پێداویستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کاروانی حاجییەکان دەگرنە ئەستۆی خۆیان (الجبوري، ٢٠١١: ٢٥٢)، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە پیشەگەران هەمووکات و لە هەموو شوێنێک ڕوویکی خۆش و مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کڕیاردا هەبووبێت، ئەوەتا گەڕیدەیەک هەڵچوون و مامەڵەی ڕەق و تۆندی لەهەندێ فرۆشیاری بەغدا تێبینی کردووە لەو کاتەی شتێکیان لێ ناکڕدرێت (دیولافوا، د.ت: ١١٣).

هەندێ لە پیشەکان کە ڕێکخستنیشیان هەبوو پێویستی بە کارامەیی نەبوو، بەڵکو پێویستییان بە پابەندبوونی ڕەوشتی و بەتەنگەوەبوونی

پەیداکردنی ڕزقی حەڵاڵ بوو، وەک پیشەی ئاوبەرەکان و زبڵ فڕێدەرەکان کە ئەگەر بۆماوەیەکی کەم لەکار وەستابانایە زیانی گەورە بەر خەڵکی دەکەوت وەک ئەو زیانە نەبوو کە لەکاتی لەکارکەوتنی عەتارەکان بۆ ماوەیەکی زیاتریش بەریان دەکەوت.

لە زۆر ناوچە و لەناو زۆرێک لە ڕێکخستنە پیشەییەکان بەبێ هەبوونی دەستوورێکی نوسراو و جێگیر پابەندی هەندێ بەهای ڕەوشتی بوونە و بۆ ئەوان بوونەتە یاسا و مەرجی پیشەییان، بۆ نموونە دەبوو لە دروستکردنی دوکانەکانیاندا ڕەچاوی زیان نەگەیاندن و هەراسانەکردنی هاوسێکانیان بکەن، چونکە هەندێ پیشە زیانی بۆ تەندروستی دەوروبەر هەبووە و زۆر خەڵکیان لە دەوردا کۆدەبووەوە و دەبووە هۆی هەراسانکردنی ماڵەکانی دەوروبەر، جگە لەوەی هەندێ پیشە بۆنی ناخۆش و پاشماوەی پیسی هەبوو، بەتایبەتی پیشەی دەباغی (پێستە خۆشکردن)، هەربۆیە لە زۆر شاردا بازاڕی دەباغەکان لە شوێنی تایبەت بوون یان لە دەرەوەی شار یان لە نزیک سەرچاوەی ئاو و ڕووبارەکان بوون، لەبەر پێویستی بەردەوامیان بە ئاو بۆ شوشتن و پاککردنەوەی پێستەکان، قەسابەکانیش لەناو شارەکان بوون، بەڵام کوشتارگەکان لە دەرەوە و کوشتنەوەی ئاژەڵ لە دوکانەکان قەدەغە بوو، نانەواخانەکانیش دەبوو نەیەڵن بەهۆی دوکەڵەوە دەوروبەر بێزار بکەن (الخزاعي و عبدالله، ٢٠١٥: ٤١٣–٤٢٠).

پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێکخستنە پیشەییەکان:

خاوەن پیشە و پیشەگەران بەهۆی ڕێکخستنەکانیان توانیویانە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی گرنگ بگێڕن و جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوانیان دروست بێت، تەنانەت لەڕووی خێزانیشەوە، هەروەها بەهۆی پێگەکەیانەوە، لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەت و گشتییەکان و ڕەسمی و نارەسمییەکانی سەرانسەری وڵات بەشداریان هەبووە و نمایشی تایبەتییان ئەنجامداوە لەبەردەم سوڵتان و والییەکان، بەتایبەتیش ئەو ئاهەنگانەی بەفەرمانی سوڵتان

سازدەکران لەهەموو دەوڵەت، لەسەروشییانەوە ئاهەنگەکانی لەدایکبوونی کوڕانی سوڵتانەکان و خەتەنەکردنیان، کە چەند ڕۆژی دەخایاند، لە ئەستانبوڵ بە ئامادەبوونی سوڵتان و نوێنەرانی وڵاتان و وەزیر و کاربەدەستان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لەنێویشیاندا سنفە جیاوازەکانی پیشەگەری دەستە دەستە کارامەیی و بەرهەمەکانیان نمایش دەکرد لەبەردەم سوڵتان (مانسیل، ٢٠١٥: ١٣٠)، هەروەها لە ولایەتەکانی تریش بەهەمان شێوە ئەو مەراسیمانە سازدەکران و هەر سنفێکی پیشەگەری لەبەردەم والی نمایشی دەکرد.

تایبەت بەخۆیشیان سنفە پیشەییەکان سالانە قستیقاڵی گشتییان هەبوو لە پایتەخت و لەماوەی سێ ڕۆژدا هەموو چالاکییەکی پیشەگەری و بازرگانی لە ئەستانبوڵ ڕادەوەستان، بە هەزاران لە ئەندامانی سنفەکان بەشدار دەبوون و سەرۆکەکانیان لەبەردەم مالّی قازی خۆیان نمایش دەکرد لەگەڵ کالا بەرهەمهێنراوەکانیان و ڕێزی خۆیان بۆ قازی دەردەبڕی (لویس، ١٩٨٢: ١٥٥)، هەروەها چەند ساڵێک جارێک لەسەر داهاتی سندوقی سنف کەرنەڤاڵی تایبەت ساز دەکرا کە ماوەی هەفتەیەک یان زیاتری دەخایاند، ئەو چالاکییانەش تەنها بۆ چێژ وەرگرتن نەبوون، بەڵکو دەبوونە سەرچاوەیەکی گرنگی قازانج بۆ ئەندامان، کە وەک پیشانگا و شوێنی بانگەشە بوو بۆ کالاکانیان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٠).

سالانە ئەندامانی سەندیکا پیشەییەکان لەئاهەنگی تایبەتدا سەردانی گۆڕی پیرەکەیان دەکرد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٧)، تەنانەت لە عێراقدا لە یاد و بۆنەکانی شیعەکانیش بەشداربوونە (العطار، ١٩٧٦: ٣٣٩–٣٤١)، هەروەها لە ئاهەنگەکانی تایبەت بە بینینی مانگ لە ڕەمەزان و ئاهەنگەکانی ڕووباری نیل لە میسر، هەر سنفێک وێنەیەک لەبەرهەم و کاری خۆی نمایش دەکرد (هريدي، ٢٠٠٣: ٥٠).

هەندێ سنفی پیشەیی بەهۆی سروشتی پیشەکەیانەوە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و زانیاری و گواستنەوەی، بەجۆرێک ڕۆڵی

ڕاگەیاندنیان بینیووە، بەتایبەتی سنفی کۆلّبەر و ئاوگێرەکان و گەڕۆکەکان و سەرتاشەکان، ئەویش بەهۆی چوونە مالّان و تێکەلّبوون لەگەلّ خەلّک و دووانیان و بیستنی زۆرترین هەواڵ و زانیاری (هريدي، ٢٠٠٣: ١٣٦).

دەبێ ئەوەش بزانین کەوا سنفەکانی پیشەگەری، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لەهەندێ باردا جیاوازی کۆمەڵایەتیشیان قوڵتر کردۆتەوە، بەوەی چوونە ناو ئەو سەندیکایانە ئاسان نەبووە و کۆمەڵێک مەرج دانرابوون بۆ ئەو مەبەستە، ئەو مەرجانەش بەکردار کۆسپ بوون لەبەردەم کەسێکی تازە کە بیەوێت بە ئەندام قبوڵ بکرێت، بەمەش بەشێکی کۆمەڵگا چانسیان نەبوو بچنە ناو ئەو ڕێکخستنانە یان ئاسان نەبوو پلەیان بەرزبکرێتەوە، ئیتر جیاوازی دروست ببوو لە نێوان پیشەگەرە هەژارەکان و پیشەگەرە گەورە و بازرگانەکان.

وەفاداری ئەندامانی سنفە پیشەییەکان:

چینی گشتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا تارادەیەکی زۆر پاپەند بوونە بە بنەماکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ئەخلاقی، ئەو بنەمایانە زۆر بە چاکیش ڕەنگیان دابووەوە لە نێو پیشەگەراندا، خەسڵەتە باشەکانی وەک وەفا و ڕاستگۆیی و هاوڕێیەتی و لێبوردەیی، ئەو خەسڵەتانە بوون کە ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان لەسەرەتای پەیوەندی کردنیان بە پیشەگەرییەوە لەلایەن وەستاکانیانەوە فێر دەکران و بەردەوام لە مەراسیم و ئاهەنگە تایبەتییەکانیان دووپات دەکرانەوە، ئەمەش تا ڕادەیەکی باش ڕەنگی دابووەوە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان.

نموونەی وەفاداری لە هەڵوێستی خاوەن پیشەکان گەیشتبووە ئاستێک کە یەکێکیان گەر لە بەیانیدا دوو کرێیار یان خوازیار و داواکاری بۆ چووبایە لە شوێنی کارەکەی یان دوکانەکەی، ئەوا یەکێکیانی بۆ ئەو هاوسێیەی دەنارد کە هێشتا هیچی نەفرۆشتبوو و هیچ کرێیارێک سەردانی

نەکردبوو، ئەمەش وێنەی ئەوپەڕی وەفا و دەستکراوەییە لای پیشەگەران (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥ ؛ مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣).

پیشەگەران لە ژیانیاندا هاوبەش بوونە بەوەی دابینکردنی بژێوی هاوڕێکانیشیان بە ئەرکی ئایینی و مرۆیی زانیوە و لەکاتی پێویست یارمەتی یەکتریان داوە، نەک هەر لەکاتی ئەندامێتی لەناو سنفی پیشەکەدا، بگرە لە دوای وازهێنان و مردنیشیان خاوەن پیشەکان ئاوڕیان لە خۆیان و خێزانەکانیان داوەتەوە، ئەوەتا لە سنفەکان سندوقی یارمەتی هاوبەش هەبووە کە هەموو ئەندامان هەفتانە و مانگانە بەشداریان تێدا کردووە، پێی دەوترا (تعاون صندوقی) کە لەلایەن شێخ و یگیت باشی و ئۆستاکان بەڕێوەدەبرا، داهاتەکەی بۆ مەبەستی ئایینی بەکاردەهات بۆ خوێندنی قورئان، هەندێک جار بۆ یارمەتیدانی ئەندامانی سنف لەکاتی پێویستی و نەخۆش بوونداا، و لەکاتی مردنی ئەندامێک خەرجی ناشتنیان پێ دەکرد و هاوکاری منداڵ و خێزانەکانیان پێ دەکرد، هەروەها خەرجی ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەگەرانی پێ دەکرا (جیب و بوین, ١٩٩٧: ٣١٩ ؛ Qwataert, 2005: 136)، داهاتی ئەو سندوقە زیادی دەکرد بە هەندێ بەخشینی تایبەت، هەر وەستایەکیش بیویستایە خەلفەکەی پلەی بەرز بێتەوە دەبوو بڕێک پارە بخاتە سندوقەکە بۆ خەرجی ئاهەنگەکانی پلە بەرزکردنەوە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٩–٣٢٠).

زۆر جاریش وەک وەفایەک خاوەن پایەکانی ناو سنفەکان لەو کەسانە هەڵدەبژێردران کە لە پیشەکانیان خانەنشین دەبوون یان تەمەنیان بەسەر دەچوو، ئەمەش بۆ یارمەتیدانی بووە لە ڕووی داراییەوە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٨)، هەروەها ڕێزلێنانیش بووە بۆ ئەو خزمەتەی لە ژیانیدا لەو بوارەدا پێشکەشی کردووە، ئەمەش نموونەی بەرزی ڕەوشتی مرۆڤایەتییە، بەڵام قەرەبوو کردنەوەی کەسێکی خانەنشین و بەتەمەن تەنها بە بەخشینی پلە نەبووە، چونکە پلەکان لە ناو سنف سنووردارببوون، بەڵکو بە شێوازی دیکە یارمەتی دراون، بۆ نموونە کەسێکی وەک زارۆ

ئاغا (١٧٧٤_١٩٣٤ز) كه كۆڵبەرێكی بەتوانا و ناوداری كورد بوو له ئەستانبۆل لەسەدەی نۆزدەم و زۆر خۆشەویست بووە لە ناو هاوپیشەكانی، كاتێک تەمەنی بەسەر چووە و نەیتوانیوە كار بكات، كۆڵبەرەكانی ئەو شارە بەردەوام یارمەتییان داوە (ئەلاكۆم، ٢٠٠٥: ١٨٦).

پەیوەندی نێوان ئەندامانی سنفە پیشەییەكان لەسەر بنەمای یارمەتی و رێزگرتنی نێوانیان بووە، لەگەڵ رێزگرتنی پایەدارانی ناو سنف، شاگرد رێزی خەلفەكەی دەگرت و خەلفەش رێزی وەستاكەی، جگە لەوە وەفا بۆ پیشە لەمەوە زۆر بە ڕوونی دەردەكەوێت كاتێ پیشەگەرێک پیشەی باوكی دەكات، یەكێک لە ئامانجەكانیشی پاراستنی پیشەكە بووە لە نەمان (حميدي و حموش، ٢٠١٥: ٤٧). جگە لەوە بۆ دووپاتكردنەوەی وەفا و رێزی خۆیان سالانەش لەئاهەنگی تایبەتدا ئەندامانی سنفەكان سەردانی گۆڕی وەلی و پیرەكەیان دەكرد (جيب و بوين، ١٩٩٧: ٣١٧).

پێگەی سیاسی رێكخستنە پیشەییەكان:

سنفە پیشەییەكانی دەوڵەتی عوسمانی بەوپێیەی بەشێكی گەورەی كۆمەڵگەیان پێكدەهێنا، بۆیە زۆرجار رۆڵی یەكلاكەرەوەیان دەبینی لە پرسە سیاسییەكان، ئەگەرچی نەگەیشتونەتە دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریان هەبووە لە جوڵە سیاسییەكان، جا چ پشتیوانی دەسەڵات بێت یان بەرهەڵستی، هەروەک لە ئەستانبۆل ساڵی ١٥٦١ز سنفەكانی پیشەگەری خۆپیشاندانێكی فراوانیان ئەنجامدا دژی حكومەت كاتێک پێشەگەرانی ناچار دەكرد بە كڕینی كەرەستە دەست بەسەرداگیراوەكان بە نرخێكی بەرز، پیشەگەران لەبەردەم دیوانی سوڵتان داوای دادپەروەرییان دەكرد لە سەدری ئەعزەم[١٢]، لە ڕۆژی دواتریشدا دوكانەكانیان داخستن و بەهەزارانیان كە زۆربەیان چەكیان هەڵگرتبوو گردبوونەوە، لە ئەنجامدا سەدری ئەعزەم لادرا (اينالجيک، ٢٠٠٢: ٢٤٨)، لەمەشەوە دەردەكەوێ كە سەركەوتووترین چەكی رێكخستنە پیشەییەكان

بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی حکـومەت خۆپیشـاندان و داخسـتنی دوکـان و ڕاگرتنی بەرهەمهێنان بووە.

دەسەڵاتخوازەکان سوودیان لە پێگەی خاوەن پیشەکان وەرگرتووە بـۆ گەیشـتن بەدەسـەڵات یـان پاراسـتنی دەسـەڵاتیان و هەوڵیـان داوە ڕەزامەنـدی و سـۆزی ئەو تـوێژەی کـۆمەڵگە وەدەسـت بێـنن، ئەوەتـا سوڵتانەکان لەکاتی شەڕەکاندا پەنایان بردۆتەبەر ڕێکخستنە پیشـەییەکان تـاکو لەڕێـی بەرپرسـەکانیانەوە ئەنـدامە پیشـەگەرەکان هـان بـدەن بـۆ یارمەتیـدانی دەوڵەت و چـوونە بەرەکـانی جەنـگ لە کـاتی شـەڕیان لەگەڵ نەیارانـدا، وەک ئەو هەوڵەی سـوڵتان مـرادی چـوارەم (١٦٢٣_١٦٤٠ز) لە سـاڵی ١٦٣٨ز بـۆ شـەڕی دژ بە ئێـران (لـویس، ١٩٨٢: ١٤٣)، لای خۆشـیانەوە ڕێکخسـتنە پیشـەییەکان لە ململانـێ دابـوون بـۆ نـاردنی ژمارەیەک پیشەگەر لەگەڵ سوپای عوسمانی بۆ بەرەکانی شـەڕ (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٢٦٨)، ئەوەتـا لەنێـو خاوەن پیشـەکان گرووپێک هەبـوون لەگەڵ سـوپای عوسـمانی دەچـوونە بەرەکـانی شـەڕ بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی شـەڕ کە پێیـان دەوتـرا (ئۆردوچی)، خـاوەن پیشـەکانی تریش کە لەسـەر کاری خۆیـان بەردەوام دەبـوون لەبەرامبـەر بەخشـینیان لە بەشـداریکردن بڕێـک پارەیـان دەدایە هـاوڕێ بەشـداربووەکانی شـەڕ (صابان، ٢٠٠٠: ٤٣)، جگە لەوە ئەندامانی ڕێکخسـتنە پیشـەییەکان ڕۆڵیـان هەبووە لە زاڵبوون بەسـەر ڕاپەڕین و نیگەرانییەکان و کـاری گێرەشـێوێنی بۆ گێڕانەوەی ئارامی و ئاسـایش (الجمیل، ١٩٩٧: ٨٨)، ئەمەش مانـای وایە کە ئەو هێزە کارایە تەنها هێزێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبـوون، بەڵکو بەشداری سیاسیشیان هەبووە.

ڕێکخسـتنە پیشـەییەکانی قـاهیرەش لەسـەدەی حەڤدەم خۆپیشـاندانی فراوانیـان کـردووە دژی گـۆڕینی محتسـبێکی میسـری و دانـانی تورکێـک لەشـوێنی، ئەو هەڵوێسـتەش دەرخەری هەبـوونی دەمـارگیری نەتەوەیـی و

ناوچەییە لەنێو پیشەگەراندا، جگە لەوەش جۆرێک لە دژایەتی سنفەکانی میسر دەبینرێ بۆ دەوڵەتی عوسمانی (ونتر، ٢٠٠١: ٣٦٤).

بەڕای تۆێژەرێک وەدەستهێنانی لایەنگری خاوەن پیشەکان و بەرگری لێ کردنیان و هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیان و نەهێشتنی ستەم لە سەریان، هۆکاری سەرەکی گەیشتنی بنەماڵەی جەلیلییەکان بووە بە دەسەڵات لە ولایەتی موسڵ (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩٠)، و ڕێکخستنە پیشەییەکان هەندێ جار لەگەڵ دەسەڵات کاریان کردووە لەپێناو گۆڕینەوەی سوود لەنێوان هەردوولا، و بەشداری ڕووداوە ناوخۆییەکانی وەک کودەتاکانی دژ بە والییە بیانییەکانیان کردووە (الجمیل، ١٩٨٨: ٢٦١)، بەجۆرێک نارەزاییان دەربڕیوە و دەسەڵاتدار و والییەکانیان خستۆتە بەردەم هەڵوێستی ناخۆش، تەنانەت دوورخستنەوەیان، کاتێک دەسەڵاتی عوسمانی ناچاربوونە بە گۆڕینیان بە والییەک کە ڕەزامەندی دانیشتوان و سنفە کاریگەرەکانی لەسەر بێت (نورس و رؤوف، ١٩٨٣: ٦٢٣), ئەو جۆرە چالاکییانەش مۆرکی سیاسییان هەیە و پێگەی سیاسیی ئەو ڕێکخستنە پیشەییانە دەردەخات، ئەگەرچی نەیانتوانیوە کۆنترۆلی دەسەڵاتی سیاسی بکەن.

لە سەدەی هەژدەم کاریگەری سنفەکانی پیشە لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی دەسەڵاتداران زیادی کردبوو لەهەندێ ناوچە، بەتایبەتی دوای چوونیان بۆ ڕیزەکانی سوپای ئینکیشاری (١٣٦٢–١٨٢٦)[١٣] ڕۆڵی سیاسییان زیاد بوو، بەشداری ڕووداوە ناوخۆییەکان بوونە لە چوارچێوەی کودەتا زۆرەکان دژی دەسەڵاتداران (الجمیل، ١٩٩٩: ١١٧)، هەندێ جاریش سنفەکان پشتگیری دەسەڵاتە ناوچەییەکانیان کردووە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو دەسەڵاتانە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی دەسەڵاتی ناوەند بوونەوە لە دەست خستنە کاروباری ویلایەتەکان، بۆ نموونە لەساڵی ١٧٧٨ز ڕێکخستنەکانی پیشەگەران چوونە پاڵ مەمالیکەکانی بەغدا دژی هەوڵی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەپاندنی والییەکی نوێ، هەربۆیەش

شتێکی نامۆ نەبوو دواتر باجی ئەو هەڵوێستە سیاسییەیان بدەن، هەروەک دوای کۆتایی دەسەڵاتی مەمالیکەکان و هاتنی عەلی ڕەزا پاشا بۆ بەغدا (١٨٣١–١٨٤٢ز) باجی دیکەی سەپاندە سەر پیشەگەران و ئەوەی پابەند نەبایە زیندانی دەکرا و لێی دەدرا (السويدي، ١٩٧٨: ٥١).

هەر بەهۆی ئەو هێزی ئینکیشارییەوە لەساڵی ١٨١٠ز خاوەن دوکانەکانی بازاڕ لە بەغدا چەکیان هەڵگرتبوو و هەوڵی کوشتنی قائیمقامی شاریان دەدا، جگەلەوەش بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییە ناوخۆکانی تر سەنگیان زیادی کردبوو تاوای لێهات بتوانن مانگرتنی گشتی ڕابگەینن و بازاڕەکان دابخەن و چەک هەڵبگرن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕێکخستە پیشەییەکان نەیانتوانی چالاکییە سیاسییەکانیان بگەیێنە ئاستێک بتوانن دەستبگرن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی شارەکان، هێندەی لەروژی ئابووریەوە ڕەگەزێکی گرنگ بوون بەو ئەندازە دەسەڵاتی کاریگەریان نەبووە (رؤوف، ٢٠١٤: alukah.net).

دەباغەکانی پایتەخت هۆکاری لەدەستدانی پۆستی باڵا بوون بۆ زۆر کەس، نوسەرێک بە گێرەشێوێن ناویان دەبات بەوەی ملکەچی دەسەڵات نەدەبوون و توانای لادانی سوڵتانیشیان هەبووە (لويس، ١٩٨٢: ١٥٩).

هەندێ لە سنفە کاریگەرەکانی پیشەگەری لە ململانێی سیاسی نێودەوڵەتی جیا لەشەڕیش بەشداربوون لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لە فشارە ئابووریەکان، وەک مانگرتن و بایکۆتی کاڵا و بازرگانی نەمساوی لەساڵی ١٩٠٨ز، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و نەمسا لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە خاکی عوسمانی لە بۆسنە و هەرسک لەلایەن نەمسا، بەمەش بایکۆتی کڕین و فرۆشتنی کاڵای نەمساوی کرا لە دوکانەکانی ئەستانبۆل و کۆڵبەرەکانیش بارکردن و گواستنەوەی کاڵای نەمساوییان ڕاگرت و لە گومرگەکان هێڵدرانەوە، ئەو هەڵوێستەش لە میدیای ئەوسای ئەوروپا دەنگدانەوەی هەبوو (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٧٧_١٧٨).

بەهۆی خراپبوونی بژێوییان سنفەکان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەهەندێ ناوچە مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاندووە لەپێناو زیادکردنی کرێی ڕۆژانەیان، یەکێک لەو نموونانەش مانگرتنی ١٩١٢ز بوو لە بەغدا کە دەباغەکان ئەنجامیاندا، دوای بەڵێنی زیادکردنی کرێیەکانیان لەلایەن کتخداکەیان ئینجا مانگرتنەکەیان شکاند، بۆ جاری دووەم لەساڵی ١٩١٣ز دەباغەکان مانیان گرت و کارەکانیان جێهێشت و داوای زیادکردنی کرێیان دەکرد بە ڕێژەی ٢٥%، ئەمجارەش خاوەن کارگەکان ناچاربوون داواکە جێبەجێ بکەن و ئەوانیش گەڕانەوە سەر کار (أحمد، ١٩٨١: ٣٤). دیارە ئەو هەڵوێستەش دژی دەسەڵات نەبووە بەڵکو دژی کتخدای سنفەکەیان بووە کە ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدار بوو بۆ تەقینەوەی دۆخی ڕێکخستنە پیشەییەکان و داڕمانی ئەوندەی مابوو.

ڕۆڵی هێزەکانی ئینکیشاری لەنێو ڕێکخستنە پیشەییەکان:

لە زۆربەی ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دوو دیاردەی پەیوەست بەیەکترەوە دەبینرێن لەنێوان ڕێکخستنەکانی پیشەگەران و هێزەکانی ئینکیشاری کە لێکجیاکردنەوەیان زەحمەتە، ئەویش یەکەمیان دیاردەی چوونی پیشەگەر و بازرگانەکانە بۆ ناو دامەزراوەی سەربازی یان سوپای ئینکیشاری، دووەمیش چوونی ئەندامانی سوپای ئینکیشارییە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پیشەگەری.

بە خزینی پیشەگەران و ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان بەتایبەتی موسڵمانەکان لەسەدەی هەژدەم بۆ ناو ئۆرتەکانی[١٤] سوپای ئینکیشاری لە زۆربەی ناوچەکانی عوسمانی ڕۆڵێکی ترسناکیان گێڕا لە ژیانی سەندیکایی، تەنانەت لە بولگاریای عوسمانی و سربیا و بۆسنە و مەکدۆنیا، هەروەها ئەستانبۆل (Qwataert, 2005: 136)، بە تایبەتی کە جولەکە و مەسیحییەکان نەیاندەتوانی بچنە نێو ئینکیشاری، بەمەش جیاکاری دروست بوو لە نێوان ئەندامە موسڵمان و ناموسڵمانەکانی سنفە

پیشەییەکان بەو پێیەی موسڵمانەکان سوودمەند دەبوون لە ئیمتیازاتەکانی ئینکیشاری (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٢: ٤١٦).

چوونی خاوەن پیشەکان بۆ ناو سوپا و هەبوونی ڕێکخستنی سەربازی لەناو سنفەکان، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بووە بە ویستی پارێزگاریکردن لە خۆیان و پیشەکانیان لەلایەک (الجبوري، ١٩٨٠: ٨٠ ؛ غطاس، ٢٠٠١: ٢٨٥) و لەلایەکی تریشەوە ئەندامانی ئینکیشاری بەدەر بوون لە چاودێری و لێپێچینەوەی قازی و محتسب، بەمەش ڕەنگە ئارەزوویان کردبێ خۆیان لە سانسۆر و کۆت و بەند و باج ڕزگار بکەن، ئەمەش سەبارەت بە دەوڵەت جێی مەترسی بوو, بۆیە هەوڵی دەسەڵات هەیە بۆ ڕێگری لەو دیاردەیە، ئەویش بە فەرمان کردن بە قازی ولایەتەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی ڕێکخستنە پیشەییەکان لە قەدەغەکردنی چوونی ئەندامانی سنفەکانیان بۆ ناو سوپا (عبدالرحيم، ١٩٨٨: ٤٨٩).

هەرچی خزینی ئەندامانی سوپای ئینکیشاریە بە پلەی جۆراوجۆرەوە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پیشەگەری، ئەوا لە بەشێکی فراوانی دەوڵەتی عوسمانی ئەو دیاردەیە دەبینرێ و لە یەک کاتدا سەرباز و پیشەگەر و ئەندامی ڕێکخستنە پیشەییەکان بوون (Qwataert, 2005: 136)، پاڵنەری ئەو دیاردەش بەشێکی هەر پەیوەستە بە بەخشرانیان لە چاودێری و باجدان، جگە لەوەی ڕەنگە بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر و سەرچاوەیەکی تری داهات و بژێوی بووبێت و دۆخی ئابووریان وای خواستبێ پەنا بۆ کاری تر ببەن.

ڕۆڵی ئینکیشاری لەنێو ڕێکخستنە پیشەگەریەکان سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە، بەڵام تاڕادەیەک لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازبوو، ئینکیشاریەکانی ئەستانبوڵ کە ژمارەیان نزیکەی چل هەزار دەبوو لە سەدەی هەژدەم بە تەواوی تێکەڵ ببوون لەناو سەندیکا پیشەگەرییەکان، تەنانەت گروپی تایبەتی وەک ئاگرکوژێنەوەشیان تێدا دروستکردبوون. لە

قاهیرەش خزینی ئینکیشاریەکان بۆ ناو زۆرێک لە سنفە پیشەییەکان لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەم دەستی پێکردبوو، بەڵام هەژموونیان قۆناغێکی دوورتری بڕیبوو لەچاو ئەستانبوڵ، چونکە پیشەگەران لەژێر پاسەوانی ئاغای ئینکیشاری بوون. هەرچی ناوچە کوردی و عەرەبییەکانی شام و موسڵە ئەوا هاوپەیمانێتی نێوان ئینکیشارییە محەللییەکان و سنفەکانی پیشەگەری سیمای شارەکانیان بوو وەک ویلایەتەکانی تر، لە حەلەب و دیمەشق ئینکیشارییە پیشەگەرەکان لە ناکۆکی دەستە و تاقمەکانەوە گلابوون، لە حەلەب تاقمەکان کە هاوپەیمانیان هەبوو لەگەڵ هۆزە کوردی و تورکمانەکانی محەللی چووبوونە پاڵ ئینکیشارییە پیشەگەرە محەللییەکان، لە دیمەشقیش تاقمەکان کە هاوپەیمانیان هەبوو لەگەڵ دەستەبژێری ناوخۆ، دژایەتی ئینکیشارییە پیشەگەرە محەللییەکانیان دەکرد کە بەرهەڵستی ئینکیشارییە عوسمانییەکانی بەرپرس لە پاراستنی کاروانی حاجییەکانی دەکرد (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٤١٩–٤٢٢).

دەستوەردانی ئینکیشاری لە کاری پیشەگەران لایەنی چاودێریشی دەگرتەوە کاتێک سەرپەرشتی پیشە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتیش گەرماوەکانیان دەکرد (غطاس، ٢٠٠١: ٢١٦).

شیاوی باسە بوونی ئەندامانی سوپای ئینکیشاری لە نێو پیشەگەریدا زیانی گەورەی لەو کەرتە ئابوورییە گرنگە دا، بەو پێیەی ئەوان بەهۆی ئەو ئیمتیاز و پێگەی هەیانبوو قۆرخکارییان ئەنجام دەدا و بەدەر لە یاسا و نەریتە کارپێکراوەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد و شوێنی نوێیان دەکردەوە و کەسانی کەم ئەزموون خۆیان دەکردە وەستا و زۆرجار خاوەن وەرشە و وەستاکانیان ناچار دەکرد لە قازانجدا هاوبەشییان پێ بکەن، ئەمەش درزی خستە پەیوەندی پیشەگەران و ناو ڕێکخستنەکانی پیشەگەری لەلایەک، و لەلایەکی تریشەوە کوالێتی کاڵاشی دابەزاند، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر ناوبانگ و دابەزینی خواست لەسەر

کالای ناوخۆی پیشەگەران و ساغ نەبوونەوەیان لەبازاڕ، سەرەنجام لەپاڵ کۆمەڵێک هۆکاری تر بوونە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و بەپێچەوانەشەوە زیادبوونی ڕەواجی کالای بیانی، بەمەش پیشەگەری بەرەو پوکانەوە چوو و ڕێکخستنەکانیشیان بەرەو هەڵوەشانەوە.

پەیوەندی دەسەڵات و ڕێکخستنە پیشەییەکان:

پەیوەندی سنفەکانی پیشەگەری بە دەسەڵاتەوە پەیوەندی حاکم بوو بە ڕەعیەتەوە، ئەو پەیوەندییەش بەشێوەیەکی فراوان لەسەر بنەمای ئابووری و سیاسی بنیات نرابوو کە خۆی لە وەرگرتنی باجەکان و کۆنترۆلی ئاسایش دەبینیەوە بێ ئەوەی بەزەقی دەست بخاتە نێو کاروباری ناوخۆیی، و ئەرکی سەرەکی ڕێکخستنە پیشەییەکان بریتی بوو لە بەیەک گەیاندنی نێوان دەسەڵات و دانیشتوانی شار، و هاوکاریکردنی دەسەڵات لە سەپاندنی دەسەڵات بەسەریاندا بەبێ پێویست بوونی ئیدارەیەکی تایبەت، و شێخی سنف ئەڵقەی پەیوەندی بووە لە نێوان دەسەڵات و سنفی پیشەیی، دەسەڵات لەڕێی شێخی سنفەوە فەرمانەکانی دەگەیاندە پیشەگەران و لەبەرامبەریشدا پیشەگەران هەر لەڕێگەی شێخی سنفەکەیانەوە داواکارییەکانیان دەگەیاندە دەسەڵات (الجبوري، ٢٠١١، ٢٥١). شێخەکانی سنف لیستی ناوی ئەندامانی سنفە پیشەییەکانیان لەلابووە کە دەسەڵات لەکاتی پێویست پەنای بۆ بردووە (فاروقي، ٢٠٠٧: ٢٧٠).

ڕێکخستنی پیشەیی شانەیەکی سەرەکی بووە لە یارمەتیدانی دەسەڵات بۆ ملکەچکردنی دانیشتوان لەڕێگەی شێخەکانی پیشە، کە لەکاتی تەنگژەکاندا هەندێ جار ڕاوێژیان پێ دەکردن، بۆ نموونە لەکاتی بڵاوبوونەوەی برسییەتی و بەرزبوونەوەی نرخەکان، ئاغای ئینکیشاری یان محتسب بانگی شێخی سنفی دەکرد بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست بۆ دانانی نرخ (حميدي و حموش، ٢٠١٥: ٤٥).

ئەگەرچی ڕێکخستنە پیشەییەکان تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بوون، هەرچەندە توێژەرێک پێی وایە لەبنەڕەتدا لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە دروستکراون بۆ سەرپەرشتیکردنی پیشەگەران و سەپاندنی باج بەسەریاندا (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧، ٢٦٩)، هەرچۆنێک بێت لە چەندین وێستگەدا پەیوەندی تۆندوتۆڵ و ڕاستەوخۆ حکومەت و سنفەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە هەر ئەوانەش بوونەتە ئاماژەی ئەو ڕایەی سەرەوە، هەروەک لە دانانی شێخی سنف و ئامادەبوون لەبەردەم قازی و تۆمارکردنی دانانەکە لە تۆماری دادگا وابەستەبوونی ڕێکخستنەکانی پیشەگەران بە دەزگاکانی دەوڵەت دەردەخا، هەروەها چاودێری محتسب بەسەر بازاڕ بەیاوەری هێزی سەربازی و دانانی نرخی خزمەتگوزاری و کاڵای پیشەگەران و سزای سەرپێچیکاران و وەرگرتنی باج لێیان (Faroqhi, 2009: 219)، وێڕای بوونی هەندێ لەو پیشەگەرانە لە دەزگاکانی دەوڵەت و کۆشکی سوڵتانەکان و بەشداری سنفەکان لە مەراسیمە فەرمییەکان و ئاسانکاری سنفەکان لە دابینکردنی سەرباز بۆ دەوڵەت لەکاتی پێویست وابەستە بوونی پیشەگەران بە دەسەڵاتەوە زیاتر ئاشکرا دەکەن، بە جۆرێک هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ژیانی پیشەیی و دواتر ژیانی ئابووریەوە بە ڕوونی تێبینی دەکرێت.

چاودێری دەوڵەت و دەستوەردانی دەوڵەت لە کاری پیشەگەران بە چەند شێوازی تریش دەبینران، وەک سەرپەرشتیی و چاودێری پیشە خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتیش گەرماوەکان، کە لە هەندێ ناوچەی عوسمانی دەوڵەت چۆنیەتی بەکارهێنانی گەرماوەکانی لەلایەن دانیشتوانی شار و کاتەکانی کرانەوەیان دیاری کردوون بە ئامانجی پاراستنی ناوبانگ و سەپاندنی ڕەوشتی باش (غطاس، ٢٠٠١: ٢١٦)، بەتایبەتی ئەستانبوڵ کە لەهەموو گەڕەکەکانیدا گەرماو بۆ پیاوان و ژنانیش هەبوون و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەبوو (المرسي، ١٩٩٩: ١٣٥).

لە دیاریکردنی شوێنی تایبەت بۆ پیشەگەران و لێکجیاکردنەوەیان لە بازاڕدا بەشێوەیەک هەر جۆرە پیشەیەک بازاڕی تایبەت بەخۆی یان ناوچەیەکی دیاریکراو لەبازاڕی هەبووە (Kia, 2011: 87)، هەندێکیشیان لە نزیک مەڵبەندی کارەکانیان نیشتەجێ دەبوون (حلاق، ١٩٨٧: ٢٤). هەروەها لە دانانی سیستەمی گیدک لە بازاڕدا، دەسەڵات کارەکتەری سەرەکی بووە. هەروەها بوونی چەند حاڵەتێک کە هەندێ کەس کە هیچ پەیوەندییان بە کاری پیشەییەوە نەبووە لەلایەن دەوڵەتەوە بە کتخدای سنفەکانی پیشەگەری دانراون، هەرچەند ئەوە مانای ئەوە ناگەیێنێ کە هەموو کتخداکان لەلایەن دەوڵەتەوە دانرابن لەسەردەمێک لەسەردەمەکانی عوسمانی (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٤).

هەر بەهۆی دەستوەردانی دەسەڵات و بەکارهێنانی ڕێکخستنەکانی پیشەگەری بۆ هەندی مەرامی تایبەت لەلایەن هەندێ دەسەڵاتداری ولایەتەکان و دواتر یاساکانی سەردەمی تەنزیمات و چاکسازی، لە سەدەی نۆزدەم، ڕێکخستنە پیشەییەکان ئەو سەربەخۆییەی پێشتر هەیانبوو لەدەستیان دا (Faroqhi, 2009: 140).

دەوڵەت تەنها چاودێری ڕێکخستنە پیشەییەکانی نەکردووە، بەڵکو یارمەتیشی داون گەر پێویست بووبێت، هەروەها دانی پێداناون وەک دەستەی یاسایی و هەندێ ماف و ئیمتیازیشی پێداون (کۆپریلی، ١٩٦٧: ١٠٩)، زۆرجاریش لەبەرژەوەندی سنفەکان و بۆ گێڕانەوەی ڕەوایەتی و پاراستنیان لە دەستی دەسەڵاتداران، سوڵتانەکانی عوسمانی دەستیان خستۆتە ناو کاروباری ڕێکخستنە پیشەییەکان، بۆ نموونە گەر دەسەڵاتداری ویلایەتێک شێخی سنفێکی دانابێ بەبێ گرتنەبەری ڕێکاری پەیڕەوکراو، ئەوا سوڵتان فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دانانەکەی دەرکردووە، کە ئەمەش دەربڕی ڕەتکردنەوەی دەستوەردانی کاروباری ناوخۆی سنفە پیشەییەکانە. تەنانەت هەندێ جار شێخەکانی سنفە پیشەییەکان پەنایان بردۆتەبەر سوڵتان لەکاتی زوڵمی دەسەڵاتدارانی

ویلایەتەکان لە ئەندامانی سنفەکان، سوڵتانیش لای خۆیەوە فەرمانی بە قازییەکان کردووە بۆ ڕێگریکردن لە ڕەفتاری ناڕەوای دەسەڵاتداران (الجبوري، ٢٠١١: ٢٥٢).

لە ڕاستیدا هەردوولا دەوڵەت و ڕێکخستنە پیشەییەکان دانیان بە دەسەڵات و بوونی یەکتردا ناوە، ئەوەتا قازی هەموو گۆڕانکارییەکانی سەرکردایەتی و بڕیارەکانی سنفەکانی تۆمار دەکرد، و لەکاتی سەرنەکەوتنی ئەندامانی سنفەکان لە چارەسەری ناکۆکی نێوانیان یان سزادانی سەرپێچیکاران پەنایان بردۆتە بەر دەوڵەت. جگە لەوەش دەوڵەتی عوسمانی بەر لەوەی ببێتە دەوڵەتێکی ناوەندی سنفەکان سەربەخۆیی زیاتر و هێزی گەورەتریان هەبوو، هەروەها سەرکردەکانی سنفەکان لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتیان داوای بەشداری کارای دەوڵەتیان دەکرد لە کاروباریاندا، بەمەش دەیانتوانی بەیارمەتی دەوڵەت زاڵبن بەسەر ئەو ڕەوتانەی هەڕەشە بوون لەسەر سنفەکان. عوسمانییەکانیش لای خۆیانەوە هاریکاری بەردەوامبوونی گەورە وەستاکانی سنفەکان بوون و هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەی پێکهاتە کلاسیکییەکەیان دەدا لەو ڕوانگەیەوە کە هەر نوێکاریەک دەکرێ ببێتە هۆی ئاژاوە، کە ئەمەش بۆ دەوڵەت پەسەند نەبوو و دەبووە هۆی لەدەستدانی سەرچاوەکانی داهات، بۆیە سەرکردەکانی سنفەکان هەردەم ئەو خاڵیان دەوروژاند کە بیانویستایە دەوڵەت لەبەرژەوەندی ئەوان دەستوەردان بکات (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٣٩–٢٤٠).

بەگشتی دیاردەیەکی مێژوویی دەبینرێ لە هاوکاری و چوونەپاڵ یەکتری لە نێوان هێزە کاراکەی ڕێکخستنە پیشەییەکان و دەوڵەتی عوسمانی کە بۆتە هۆی مانەوەی شکۆی دەوڵەت لەلایەک و کارایی هێزە پیشەییەکە لەلایەکی ترەوە و دەربازبوونی هەردوولا لە هەموو ئەو ڕەوت و گرووپانەی دەبوونە هەڕەشە لەسەر سنفەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی دەوڵەت.

هەڵوەشانەوەی سەندیکا و ڕێکخستنە پیشەییەکان:

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە پێگەی پیشەگەران لە دەوڵەتی عوسمانیدا لاوازبوو، بەمەش ڕێکخستنەکانیشیان زۆر لاواز بوون، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لەسەرووی هەموویانەوە سیاسەتی چاکسازی و ئیمتیازی بیانی[١٥] و هاتنی بەلێشاوی کاڵای بیانی بۆ بازاڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە بەرهەمی پیشەگەران نەیتوانی ململانێی بکات، ئیتر وردە وردە چالاکییەکانیان بەرەو نەمان چوون و پیشەگەران دەستیان لە پیشەکانیان هەڵدەگرت، تا وای لێهات ئەو هێزەکارایەی جاران ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەما، سەرەنجام ڕێکخستنەکانیشیان بەرەو هەڵدێر ڕۆیشتن و بەبێ ئەوەی هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕابگەیێنن ڕۆڵیان کۆتایی هات وەک ڕێکخستن و سەندیکای تایبەت بە پیشەگەری، هەرچەندە کەم و زۆر پیشەگەر و چالاکییەکانیان هەر مابوون, ئیتر کۆتایی بە قۆناغێکی گرنگی ئەزموونی کاری سەندیکایی هات لە ڕۆژهەڵات و لە چاوەڕوانی دەرکەوتنەویان بەشێوازێکی تر کە شتێکی حەتمی بوو هەروەک بینرا.

هەوارنامەی کێبڕکێ

ئەنجامەکان:

لەم لێکۆلینەوەیەدا بەگشتی گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک، کە لەخوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

ڕێکخستنەکانی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی چالاکی پیشەگەری و هەمەجۆربوونی پیشەکان و لەپێناو پاراستنی ئەندامان و بەرهەمەکانیان دروستبوون.

ڕێکخستنەکانی پیشەگەری جیاواز لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی تر بە پێکهاتەی هەڕەمی دەناسرانەوە، کەوا کەسێک سەرکردایەتی دەکرد پێی

دەوترا کتخدا یان شێخی سنف لەگەڵ چەند پلەوپایەکی کە کارەکانی پیشە گەرانیان ڕاپەڕاندوە و داکۆکیان لە مافەکانیان کردووە.

بەدەست هێنانی پلەوپایە لەناو سەندیکا پیشەگەرییەکان زۆربەی کات پەیوەست بووە بە لێهاتوویی و پابەندبوون بە نەریت و یاساکانی پیشە.

ڕێکخستنەکانی پیشەگەری ڕۆڵی دیاریان هەبووە لە کاروباری سیاسی لە چوارچێوەی پشتیوانی یان دژایەتی لایەنێکی سیاسی.

بوونی ڕێکخستنە پیشەگەرییەکان هاوکاری دەوڵەتی دەکرد لە چاودێریکردنی بەشێکی فراوانی کۆمەڵگە و وەرگرتنی باج و دەستکەوتنی پشتیوانی لەکاتی شەڕەکاندا.

پیشەگەران لە ڕێی سنفەکانیانەوە بەردەوام هەوڵیان داوە ماف و بە رژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و دابین بکەن، کە هەر پیشەیەک سنفی تایبەت بەخۆی هەبوو.

لە ڕووی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەوە ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان زۆر پابەند بوونە و هاوکاری یەکتریان کردووە, یاسا و نەریت و ئاینیش هانی داون بۆ ئەو پابەند بوونە.

هەڵوەشانەوەی سنفە پیشەییەکان لە ئەنجامی داتەپینی پیشەگەری بە هۆی سیاسەتی دەوڵەت و خودی پیشەگەران و هاتنی کاڵای پێشکە وتووی هەرزانی ڕۆژئاوایی.

هەوالنامەی کێبڕکێ

پەراوێزەکان:

(١) فتـوە ڕێکخسـتنی لاوانـی سـۆفیگەری خـاوەن پیشـە بـوون، لەسـەردەمی عەباسیەکان گەشەیان کردووە، پابەندی کۆمەڵێک بنەمـای ڕەوشتی و ئاینی بوون .

(٢) تەکیە شـوێنی زیکـر و کۆبـوونەوەی شـوێنکەوتووانی ڕێبـازی سـۆفیگەری قـادری، و خانەقـاش شـوێنی زیکـر و کۆبـوونەوەی شـوێنکەووتوانی ڕێبـازی نەقشەبەندی.

(٣) ئەنادۆل ئەو بەشەی دەوڵەتی عوسمانی بوو کە دەکەوتە ئاسـیا، پێشـتر پێی دەوترا ئاسیای بچووک, نزیکەی ٩٧% ی خـاکی تورکیـای ئێسـتا پێک دێنێ، لە بـاکوری ڕۆژئاوایـدا دەریـای مەرمەرە و چەنـاق قەلـعە و بوسـفۆر لە زەویەکـانی تراکیـا (بەشـی ئەوروپـای تورکیـا) جیـای دەکـاتەوە، لەباکوریـدا دەریـای ڕەش و لە ڕۆژئـاوا دەریـای ئـیجە و لە باشـور دەریـای سـپی ناوەڕاست و لەڕۆژهەڵاتیش دەگاتە بەرزایی چیایی فراوان. (صـابان، ٢٠٠٠: ٣٩).

(٤) ئەخیان (الفتوه) لە ئەنادۆل لەسـەردەمی سەلجوقییەکان هـەبوون لـە شـێوەی سـەندیکایەک، لەلایـەن سـەرۆکێکی هـەڵبژێردراو بـەڕێوە دەبـرا پێـی دەوتـرا (اخي) ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی تایەفەکە (اخی ئۆران).

(٥) سالنامە ڕۆژمێری سالانە بوو لەشـێوەی ڕۆژنامەی فەرمـی، لەسـاڵی ١٨٤٧ز بەدواوە دەوڵەتی عوسمانی پشتی پێ دەبەسـتی لە تۆمـارکردنی زانیاریەکان (عامر، ٢٠١٢: ٣٧٤)

(٦) زارۆ ئاغـا (١٧٧٤_١٩٣٤) کـۆڵبەرێکی دیـارو ناسـراوی کـورد بـووە لـە ئەسـتەمبۆل، وە بەتەمـەنترین مرۆڤـی سـەردەمی خـۆی بـووە کـە زیـاتر لەسـەدەو نیوێک ژیـاوە، لەڕووی جەستەیشـەوە زۆر بـەهێز بـووە (ئەلاکـۆم، ٢٠٠٥: ١٨٤–١٩٠).

(٧) کتخدا دەستەواژەیەکی فارسی لێکدراوە بەمانای خاوەن ماڵ، بۆ زۆر فەرمانبەری تریش بەکار دەهات، لەوانە یاریدەدەری والی(عامر، ٢٠١٢: ٣٧٧).

(٨) جەلیلییەکان بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا بوون، لە ناوچەکانی ئامەدەوە هاتوون و لە موسڵ نیشتەجێ بوون، دواتر توانیان لە نێوان سااڵنی (١٧٢٦ – ١٨٤٣) حوکمی موسڵ بکەن لە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیدا (قاشا، ٢٠١٠: ٥٠ وبعدها).

(٩) یگیت باشی دەستەواژەیەکی عوسمانیە بەمانای سەرۆکی فتیان.

(١٠) بنی عجلان لە ئەشرافەکانی دیمەشق بوون لە بنەماڵەی پێغەمبەر(د.خ) لە ئیمامی حوسێن، پۆستی شێخی مەشایخیان قۆرخکردبوو، وەک چۆن ماوەیەک نەقابەی ئەشراف و شێخی تەریقەتیان قۆرخکردبوو بۆ گەورەترین کەسی بنەماڵەکە (حنا، ١٩٨٥: ٣٩).

(١١) سەردەمی تەنزیمات لە ١٨٣٩ز دەستی پێکرد بەو فەرمانەی سوڵتان عەبدولمەجید دەریکرد کەتێیدا باج و سەربازگرتن بەیاسا ڕێکخران و بەرتیل وەرگرتن قەدەغەکرا و کەس بەبێ بڕیاری دادگا حوکم نەدرێ و هەموو دانیشتوان وەک یەک بن بەرامبەر یاسا، لەماوەی مەشروتیەت کۆتایی هات (المصري، ٢٠٠٤: ٣٩).

(١٢) سەدری ئەعزەم سەرۆکی وەزیران بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، وەکیلی ڕەهای سوڵتان بوو، پێشی دەوترا وەزیری ئەعزەم، دەسەاڵتی هەموو کاروباری دەوڵەتی هەبوو، مۆری سوڵتانی الابوو، سەرۆکی دیوانی همایونی بوو، سوڵتان دەسەاڵتی الادان و کوشتنی هەبوو (صابان، ٢٠٠٠: ١٤٣-١٤٤).

(١٣) سوپای ئینکیشاری بە مانای سوپای نوێ دێت و هێزێکی سەربازی پیادەی عوسمانی بوو، لەساڵی ١٣٦٢ز لەسەردەمی سوڵتان مرادی یەکەم دامەزرا، بەهێزترین و باڵادەستترین هێزی عوسمانی بوو ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە فراوانخوازیەکانی عوسمانی و ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەاڵیەن

سـولّتان مەحمـودی دووەم لە سـاڵی ١٨٢٦ز هەڵوەشـێنرایەوە و لەنـاوبران (الرديني, ٢٠١٤:٦٧وبعدها).

(١٤) ئـۆرتە دەسـتەواژەیەکی تـورکی عوسـمانییە بەمانـای ناوەنـد، لە سـوپای ئیکیشاریدا بەکاردەهات بۆ تابور یان گرووپی سەربازی.

(١٥) ئیمتیـازی بیـانی ئەو ئاسـانکاریانەبوون کە دەوڵەتـی عوسـمانی لە سـەدەی شـازدەمەوە بـۆ وڵاتـانی ئەوروپـی دەیکـرد لە بوارەکـانی سیاسـی ئـابووری سەربازی یاسایی و ئایینی.

سەرچاوەکان

کتێبە کوردییەکان:

- ئەلاکۆم، ڕۆهات (٢٠٠٥)، کوردەکانی ئەستەمبۆلی کۆن ١٤٥٣ – ١٩٢٥، و: ئەحمەد تاقانە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- برانـت، جـیمس (٢٠١٣)، سـەفەرنامەی مسـتەر جـیمس برانـت بـۆ نـاوچە کوردنشینەکان، و: هیممەت کاکەیی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- شوانی، بەختیار سەعید مەحمود (٢٠٠٩) ، کەرکوک لەسەدەی نۆزدەهەمدا لێکۆڵینەوەیەک لەبارودۆخی ڕامیاری و ئابووری، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- هەروتی، سـەعدی عوسـمان (٢٠١٣)، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیـاری و کـــۆمەڵایەتی و ئـــابووریی کوردســـتان لەســـەردەمی عوســـمانیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

کتێبە عەرەبییەکان:

- أبو سليم، عيسى سليمان (٢٠٠٠)، الأصناف والطوائف الحرفية في مدينة دمشق خلال النصف الأول من القرن الثامن عشر، ط١، دار الفكر، عمان.

- أحمد، كمال مظهر (١٩٨١)، الطبقة العاملة "التكون وبدايات التحرك"، مطبوعات دار الرشيد للمنشورات، مطبعة دار الخلود، بيروت.
- أوزتونا، يلماز (٢٠١٠)، موسوعة تاريخ الدولة العثمانية, ت: عدنان محمود سلمان، مج٤، دار العربية للموسوعات، بيروت.
- الجبوري, عبدالقادر يوسف (١٩٨٠)، التاريخ الاقتصادي، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.
- الجبوري، أحمد حسين عبد (٢٠١١)، القدس في العهد العثماني، ج١ (١٥١٦–١٦٤٠) دراسة سياسية عسكرية إدارية اقتصادية اجتماعية ثقافية، ط١، دار الحامد، عمان.
- الجميل، سيار (١٩٨٨)، الحياة الاقتصادية والاجتماعية لولاية الموصل في العهد الجليلي ١٧٢٦–١٨٣٤، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- الجميل، سيار (١٩٩٧)،أ ، بقاياو جذور التكوين العربي الحديث، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الجميل، سيار (١٩٩٩)، زعماء وأفندية "الباشوات العثمانيون والنهضويون العرب" البنية التاريخية للعراق الحديث "الموصل نموذجا"، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الحمداني, طارق نافع (١٩٨٩)، ملامح سياسية وحضارية في تاريخ العراق الحديث والمعاصر، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- الرديني, يوسف عبدالكريم طه مكي (٢٠١٤)، المؤسسة العسكرية العثمانية "دراسة تاريخية"، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان.
- السويدي، عبدالرحمن (١٩٧٨)، تاريخ حوادث بغداد والبصرة، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، بغداد.
- الشناوي، عبدالعزيز محمد (١٩٨٠)، الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها، ج١، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
- الشيخلي، صباح ابراهيم سعيد (١٩٧٦)، الأصناف في العصر العباسي "نشأتها وتطورها"، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- القفصي، عبدالحكيم (١٩٨٨)، نظرة حول بعض الحرفيين والمهنيين الأندلسيين والاتراك بأيالة التونسية أثناء القرن التاسع عشر من خلال خزينة الوثائق التونسية، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- المرسي، الصفصافي أحمد (١٩٩٩)، أستانبول "عبق التاريخ..روعة الحضارة، منتدى سور الازبكية، دار الآفاق العربية، القاهرة.

- إيبش، أحمد (٢٠١٢)، رحلات في بر الشام في القرن السابع عشر الميلادي "نصوص منتقاة لمجموعة من الرحالين الاوروبيين"، ط١، اصدارات دارالكتب الوطنية، أبوظبي.
- إينالجيك، خليل (٢٠٠٢)، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار، ت: د.محمد.م.الأرناؤوط، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- إينالجيك، خليل (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الاول ١٣٠٠–١٦٠٠م، ت: د.عبداللطيف الحارس، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- باشا، خورشيد (٢٠٠٩)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران, ت: مصطفى زهران, مراجعة: الصفصافى أحمد القطورى، طبع بالهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة.
- جيب، السير هاملتون و بوين، هارولد (١٩٩٧)، المجتمع الاسلامي والغرب، ت: عبدالمجيد حسيب القيسي، ج١، ق١، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق.
- چلبي، أوليا (٢٠١٤)، رحلة أوليا چلبي في كوردستان عام ١٠٦٥هـ /١٦٥٥م، ت: د.رشيد فندي، ط١، مطبعة محافظة دهوك، دهوك.
- حلاق، حسان (١٩٨٧)، التاريخ الاجتماعي والاقتصادي والسياسي في بيروت والولايات العثمانية في القرن التاسع عشر، ج١، سجلات المحكمة الشرعية في بيروت، الدار الجامعية، بيروت.
- حنا، عبدالله (١٩٨٥)، حركات العامة الدمشقية في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر "نموذج لحياة المدن في ظل الاقطاعية الشرقية"، ط١، دار ابن خلدون، بيروت.
- ديولافوا، مدام (د.ت)، رحلة مدام ديولافوا من المحمرة الى البصرة و بغداد سنة ١٢٩٩هـ/ ١٨٨١م، ت: علي البصري، الدار العربية للموسوعات، (ب.م).
- رافق، عبدالكريم (١٩٨٦)، مظاهر التنظيم الحرفي في بلاد الشام في العهد العثماني، دمشق.
- رؤوف, عماد عبدالسلام (١٩٧٥)، الموصل في العهد العثماني "فترة الحكم المحلي ١٧٢٦– ١٨٣٤"، مطبعة الآداب، النجف الأشرف.
- ريمون، اندريه (١٩٧٤)، فصول في التاريخ الاجتماعي للقاهرة العثمانية، ت: زهير الشايب، مطبعة روز اليوسف، القاهرة.
- ريمون، أندريه (٢٠٠٥)، الحرفيون والتجار في القاهرة في القرن الثامن عشر، ج١، ت: ناصر احمد ابراهيم و باتسى جمال الدين، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- عامر، عبدالسلام عبدالحليم (١٩٩٤)، طوائف الحرف في مصر ١٨٠٥–١٩١٤، دار النهضة، القاهرة.

- عبدالرحيم، عبدالرحيم عبدالرحمن (١٩٨٨)، الحياة الاجتماعية في مدينة القاهرة إبان العصر العثماني ١٥١٧–١٧٩٨م، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- فاروقي، ثريا و اخرون (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الثاني ١٦٠٠–١٩١٤م، ت: د.قاسم عبده قاسم، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- فروخ، عمر (١٩٨٤)، كلمة في تعليل التاريخ، دار العلم للملاين، مطبعة العلوم، بيروت.
- قاشا، الأب سهيل (٢٠١٠)، الموصل في العهد الجليلي ١١٣٩–١٢٥٠هـ / ١٧٢٦–١٨٣٤م، ط١، منشورات التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة ديموبرس للطباعة والتجارة، بيروت.
- كوپريلي, محمد فؤاد (١٩٦٧)، قيام الدولة العثمانية، ت: احمد سعيد سليمان، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، مصر.
- كوثراني، وجيه (١٩٨٨)، العلماء والطرق الصوفية والتنظيم الحرفي معطيات من تاريخ السلطة والمجتمع في ولاية سورية، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- كوندز، احمد آق و اوزتورك، سعيد (٢٠٠٨)، الدولة العثمانية المجهولة، منشورات وقف البحوث العثمانية، Mas Matbaacilic، اسطنبول.
- لويس، برنارد (١٩٨٢)، استنبول وحضارة الخلافة الاسلامية، ت: د.سيد رضوان علي، ط٢، الدار السعودية للنشر والتوزيع، الرياض.
- مانسيل، فيليب (٢٠١٥)، القسطنطينية المدينة التي اشتهاها العالم ١٤٥٣–١٩٢٤, ج٢، ت: د.مصطفى محمد قاسم، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
- مجموعة مؤلفين (١٩٩٩)، الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، اشراف وتقديم: أكمل الدين احسان اوغلي، ت: صالح سعداوي، ج١ ، مطبعة YELDIZ YAYNCILIK، استانبول.
- مراد، خليل علي (٢٠١٥)، من وثائق الأرشيف العثماني دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية أربيل ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، مطبوعات الأكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
- مراد، خليل علي و البوتاني، عبدالفتاح علي (٢٠١٣)، بادينان في سالنامات ولاية الموصل العثمانية ١٣٠٨–١٣٣٠هـ/١٨٩٠–١٩١٢م، مطبوعات الأكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.

- نصار، عبدالعظيم عباس (١٤٢٧هـ)، بلديات العراق في العهد العثماني١٥٣٤–١٩١٨م "دراسة تاريخية وثائقية"، ط١، الناشر: المكتبة الحيدرية، مطبعة شريعت، (ب.م).
- نعيسة، يوسف جميل (١٩٨٦)، مجتمع مدينة دمشق في الفترة مابين ١١٨٦–١٢٥٦هـ / ١٧٧٢–١٨٤٠م، ج١، ط١، دار طلاس، دمشق.
- نورس، علاء موسى كاظم و رؤوف، عماد عبدالسلام (١٩٨٣)، عهد المماليك والأسر الحاكمة، ضمن كتاب (العراق في التاريخ), دار الحرية للطباعة، بغداد.
- هرشلاغ, ز.ي. (١٩٧٣)، مدخل الى التاريخ الاقتصادي الحديث للشرق الأوسط, ت: مصطفى الحسيني، دار الحقيقة، بيروت.
- هريدي، صلاح أحمد (٢٠٠٣)، الحرف والصناعات في عهد محمد علي، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، القاهرة.
- ونتر، ميكل (٢٠٠١), المجتمع المصري تحت الحكم العثماني, ت: إبراهيم محمد إبراهيم، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

كتيبه ئينگليزييه‌كان:

- Faroqhi, Suraiya (2009), *Artisans of Empire "Crafts and Craftspeople Under the Ottomans"*, prented amd bound in India by Thoson press.
- Freitag, Ulrike et al (2011), *The City in the Ottoman Empire "Migration and the Making of Urban Modernity"*, First Published, by Routledge, London and New York.
- Kia, Mehrdad (2011), *Daily Life In The Ottoman Empire*, The Greenwood Press Daily Life Through History Series, Clifornia.
- Qwataert, Donald (2005), *The Ottoman Empire 1700_1922*, Second Edition, Cambridge University Press, New York.

نامه و تيزه ئه‌كاديميه‌كان:

- حميدي، مريم و حموش، نادية (٢٠١٥)، نظام الطوائف الحرفية في الدولة العثمانية خلال القرن ١٠هـ/١٦م (بلاد الشام ومصر) نموذجا، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية, جامعة الدكتور يحي فارس بالمدية.
- العطار، عماد عبدالسلام رؤوف (١٩٧٦)، الحياة الاجتماعية في العراق إبان عهد المماليك ١٧٤٩–١٨٣١، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة القاهرة.

- غطـــاس، عائشـــة (٢٠٠١)، الحـــرف والحرفيـــون بمدينـــة الجزائـــر ١٧٠٠–١٨٣٠مقاربـة اجتماعيـة –اقتصـادية، أطروحـة دكتـوراه، كليـة العلـوم الإنسـانية، جامعة الجزائر.

كتێبە فەرهەنگییەكان:

- المصـري، حسـين مجيـب (٢٠٠٤)، معجـم الدولـة العثمانيـة، ط١،منشـورات دار الثقافة للنشر، القاهرة.
- صـابان، سـهيل (٢٠٠٠)، المعجـم الموسـوعي للمصـطلحات العثمانيـة التاريخيـة، مطبوعات مكتبة الملك فهد الوطني، الرياض.

گۆڤارەكان:

- الخزاعي، كريم عاتي لعيبي و عبدالله، حـارث علـي (٢٠١٥)، أنـواع الحـرف فـي بلاد المغرب من خلال كتاب المعيار المعرب للونشريسي المتوفي ٩٤١هـ، مجلـة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية/ جامعة بابل، العدد (٢٢).
- عـامر، محمـود (٢٠١٢)، المصـطلحات المتداولـة فـي الدولـة العثمانيـة ، مجلـة دراسات تاريخية–العددان ١١٧–١١٨.

پێگە ئەلیكترۆنییەكان:

- رؤوف، عمـاد عبدالسـلام (٢٠١٤)، الملامـح الاجتماعيـة لنظـام الأصـناف فـي العـــراق إبـــان العصـــر العثمـــاني, (أونلايـــن)، رابـــط الموضـــوع
http://www.alukah.net/culture/0/65585/#ixzz5My7pUHzM :

كۆی زانیاری كتێب

ملخص:

تميزت فترة الحكم العثماني بخصائص عدّة ميزتها عن الفترات التي سبقتها، ولا يرجع هذا التميّز إلى امتداد هذه الفترة زمنياً وجغرافياً فحسب، بل إلى وجود نظام غاية في الأهمية سواء من الناحية الإدارية، السياسية، الاجتماعية، العسكرية، الدينية وحتى الحضارية والتي شملت جميع نواحي الحياة.

أن تزايد النشاط الحرفي، وتطور العلاقات الإنتاجية بين الحرفيين من جهة، وغيرهم والدولة من جهة أخرى، قد أدى إلى تعاظم أهمية الأصناف الحرفية باعتبارها تنظيمات اقتصادية اجتماعية ذات أسس أخلاقية خاصة، يشكل أعضائها القوى الفاعلة والأغلبية في المجتمع وكذلك تؤدي دورها المطلوب في تماسك العلاقات الاجتماعية بين الطوائف الحرفية وعلاقات أفرادها.

Abstract:

The period of Ottoman rule was characterized by several characteristics that distinguished it from the periods preceding it. This distinction is due not only to the period of time and geography, but also to the existence of a system of great importance in terms of administrative, political, social, military, religious and even civilizational, which encompassed all aspects of life.

The increase in artisanal activity, the development of productive relations between artisans on the one hand, and others and the state on the other, have led to the growing importance of artisanal groups as socio-economic organizations with special ethical foundations. Their members constitute the active forces and the majority in society, as well as their role in the cohesion of social relations between artisanal communities and their individual relations.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.3

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

میژووی کارگێڕیی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩٨٨)دا

هەوالنامەی کێبڕکێ

م. ی. عادل صدیق عەلی
زانکۆی هەڵەبجە
adl.sdiq@gmail.com

پوختە

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی قەزای هەڵەبجە دەکات لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩–١٩٨٨)دا، لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە هاتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکانی شارەزوور(١٥٣٤ز) و دروستکردنی ویلایەتی شارەزوور و شوێنی هەڵەبجە لەنێو ویلایەتەکە و میرنشینی بابان و دواتریش کردنی هەڵەبجە بە ناوەندی یەکەیەکی کارگێڕی فراوان دەکات، ئەوە سەرباری ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەسەر سنووری کارگێڕیی ناوچەکەدا هاتووە.

لە بەشی دووەمیشدا، بەوردی قسە لەبارەی گۆڕانکارییەکانی هەڵەبجەی سەردەمی ئینگلیز و شێخ مەحمود کراوە، بەڵام گۆڕانکارییە گەورەکانی ئەم قۆناغە زیاتر لە پەنجاکانەوە دەستپێدەکەن و بە هەڵوەشانەوەی خودی قەزاکە لە ١٩٨٨دا کۆتایی دێت، کە زیاتر هۆکارە سیاسی و سەربازییەکان ڕۆڵیان لەو گۆڕانکارییانەدا بینیوە. لەپاڵ ئەوانەشدا تیشک خراوەتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوی ناوەندی قەزاکە و ناحیەکانیدا هاتوون.

وشە کلیلییەکان: (هەڵەبجە، کارگێڕی، گۆڕانکاری، عوسمانی، عێراق)

مێژووی کارگێڕیی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩٨٨)دا

پێشەکی

بابەتی گۆڕانکاری لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێم و شارەکانی کوردستان و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ناوی ناوچەکانی کوردستاندا لە قۆناغە جیاوازەکاندا هاتووە, ڕۆچوون تیایاندا شیکاری زانستییانە بۆیان هێشتا وەک پێویست نییە و لەلای توێژەران و نوسەران کەمتر بووەتە مایەی گرنگی پێدان، هەرئەوەش وایکردووە هەتا ئەمڕۆش لێڵی و ناڕوونییەکی بەرچاو لە مێژووی شار و هەرێمەکانی کوردستاندا هەبێت. هەڵەبجە نمونەی ئەو شارانەیە کە گۆڕانکاری زۆری بەسەر ناو و سنوورە کارگێڕییەکەیدا هاتووە و دەستاودەستی زۆری پێکراوە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ناوچەکەدا، ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو گۆڕانکارییانە بدەین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەڵەبجە لە دەستپێکی بوون بە ناوەندی کارگێڕی لە سنوورەکەیدا هەتاوەکو هەڵوەشاندنەوەی بەردەوام چوارچێوە جوگرافییەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆربەی ئەو گۆڕانانەش بەرئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکان بوون و ناسرووشتین، واتە ئەوە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانن کە وایانکردووە سنووری کارگێڕی هەڵەبجە بەردەوام ڕوو لە بچووکبوونەوە بکات هەتا ڕادەی هەڵوەشانەوەی وەک شارێکی مێژوویی، خاڵی هەرە گرنگ لەم بابەتەدا کە پەیوەندیدارە بەم بابەتەوە بریتییە لە هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە و سنوورەکەی جا چ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بووبێت یاخود سەردەمی حکومەتی عێراق بێت، لەو ڕووەوە بەڵگەنامە و تۆمارە مێژوویییەکان زۆر شتیان بۆ تۆمارکردووین و وەک بەڵگەی سەلمێنەر لەبەردەستدان. لە پاڵ ئەوانەشدا تایبەتمەندی قۆناغە مێژوویییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە تیایاندا ڕوویداوە لەگەڵ هۆکارەکانی پشتیان جێگای باس و هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە وردبینییەوە هەڵوێستەمان لەسەر هەریەکێک لەو بابەتە

گرنگانەی سەرەوە کردووە و لە چوارچێوەیەکی زانستیدا توێژینەوەکەمان پێ ئامادەکردووە.

گرنگی توێژینەوەکە: بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەنگا و بە هەنگاو و بەپشتبەستن بە بەڵگەنامە مێژووییەکان خوێنەر ئاشنا دەکات بەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی کە لەو ماوە مێژووییەی قەزای هەڵەبجەدا بەسەر یەکە کارگێڕییەکەیدا هاتووە لەگەڵ هۆکاری ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: هەڵەبجە لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر یەکە کارگێڕییەکەیدا هاتووە، گۆڕانکارییە زۆرەکان و هۆکارەکانی پشت ئەو گۆڕانکارییانە و نەبوونی هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی وردی زانستی لەسەر ئەم بابەتە پاڵنەری هەرە سەرەکی بوو بۆئەوەی هەڵوەستە لەسەر ئەم بابەتە بکەین و دەست بکەین بە کارکردن لەم بوارەدا.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیە ئەوەبوو بەش بەش باس لەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانە بکەین کە بەسەر سنووری هەڵەبجەدا هاتوون لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، لەگەڵ شیکارکردنی بابەتییانەی ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لەو ڕووەوە، هەتا لەو ڕێگەیەوە زانیارییەکی ورد و پوخت بخەینە بەردەستی خوێنەران و توێژەران.

میتۆدی توێژینەوەکە: بێگومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدێک هەیە بۆ ئامادەکردنی، ئێمەش دوای کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و سەرنجدان لە ناوەڕۆکیان، بەکەڵکوەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی مێژوویی شرۆڤەی زانیارییەکان و بەڵگەنامە مێژووییەکانمان کرد و ئەم توێژینەوە زانستییەمان پێ ساز و ئامادەکردووە.

سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە: بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵماندراوە کەڵک لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەربگرین، بەتایبەتی سەرچاوە ڕەسەنەکان، چونکە بۆ کارێکی لەم چەشنە توێژەر بەر لە هەرشتێک ئاتاجی بەو سەرچاوانەیە، بۆئەوەی لە ڕاستی و دروستی سەرچاوەی زانیارییەکانی دڵنیابێت، لەو ڕووەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی تۆمارە فەرمییەکان و ساڵنامەکانی ئەو دەوڵەتە و بۆ سەردەمی حکومەتی عێراقیش (وقائع العراقية) و تۆمار و ئامارە ڕەسمییەکانی تری حکومەت باشترینی سەرچاوەی زانیارییەکان بوون بۆ گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیە.

بەشی یەکەم: گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی قەزای هەڵەبجە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا:

باسی یەکەم/ گۆڕانکارییەکانی هەڵەبجە لە هاتنی دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ناوچەکە هەتا بە قەزابوونی شارەکە:

لە ڕووی کارگێڕییەوە لە دوای جەنگی چاڵدێرانی ٢٣ی ئابی١٥١٤ نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانی و بەتایبەتیتریش لە دوای هاتنی سوڵتان سلێمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦) بۆ سەر حوکم ناوچەکانی شارەزوور بوونە بەشێک لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی (١٥٥٤)، حکومەتی عوسمانیش سنوورەکەی لە ڕووی کارگێڕییەوە ڕێکخست و ویلایەتێکی بەناوی (شارەزوور)ەوە دروستکرد، لە سەرەتادا گوڵعەنبەر(خورماڵی ئەمڕۆ - توێژەر)یان کرد بە پایتەختی ئەیالەتەکە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە گواستیانەوە بۆ شاری کەرکوک. (ینالجلیک، ٢٠٠٢: ١٦٨ ؛ نصار، ٢٠٠٥، ٢٥٦)

لەوە بەدواو بەتایبەتی لە دوای ڕێککەوتننامەی زەهاوی ساڵی ١٦٣٩ نێوان سەفەوی و عوسمانی وەک لە یەکێک لە بەندەکانی

ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە، ناوچەکانی:" بەدرە، جەسسان، مەندەلی، درنە، درتنک، سەرمنیل و ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان قەڵای زنجیر تا قەڵای زەڵم لە شارەزوور و هەموو شاخەکانی دەوروبەری ئەم قەڵایە تا ئەو دەروازەیەی بۆ شارەزوور دەڕوا و خاڵی سنووری هەردوو دەوڵەت پێکدەهێنێت لەگەڵ قەڵای قزڵجە و دەوروبەری بۆ دەوڵەتی عوسمانی یەکلایی کرانەوە، هەرچی بەری ڕۆژهەڵاتی هەموو ئەو ناوچانەیە دران بە ئێران، ئیدی دەسەڵاتی کارگێڕی ناوچەکانی شارەزوور، کە هەڵەبجەش بەشێک بوو لێی بەیەکجاری لە دەسەڵاتی ئێران و میرنشینی ئەردەڵان دابڕا و بوو بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی. (عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ٢٥–٢٧ ؛ ئەمین، ١٩٩٨: ٢٥٠ ؛ عەبدوڵڵا، ٢٠٠١، ٤٣–٤٤)

دەبێ بڵێین، ویلایەتی شارەزوور لە دروستبوونییەوە هەتا ساڵی ١٨٧٩ کە بەیەکجاری هەڵوەشایەوە و ویلایەتی موسڵ دروستکرا، چەند جارێک هەڵوەشێنراوەتەوە و دروستکراوەتەوە، لەکاتی هەڵوەشانەوەشیدا ناوچەکانی ویلایەتەکە دەبەسترایەوە بە ویلایەتی بەغدادەوە، (نصار، ٢٠٠٥: ٢٥٦–٢٥٧) بەدرێژایی ئەو ماوەیە شوێنی هەڵەبجەی ئێستا بەشێک بووە لەو ویلایەتە، دواتریش، کە میرنشینی بابان دروست بوو، هەڵەبجە بوو بە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە. (نوار، ٢٠١٢: ١٢٤–١٢٥ ؛ نازم بەگ،٢٠١٣: ٣٤–٤٨)

لەگەڵ ئەوەی شوێنەوارەکانی ناوچەکە وای دەردەخەن شوێنی هەڵەبجەی ئێستا قۆناغ و سەردەمی شارستانی جۆربەجۆری بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی گردی بەکراوای سێ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شارەکە, (وزارة الحكم المحلي، ١٩٨٩–١٩٩٠: ١٩٦) بەڵام وادیارە جەنگ و ململانێ بەردەوامەکان گرفتی زۆریان دروستکردووە و زۆرجار ناوچەکەیان ڕووبەڕووی وێرانکاریی و کاولکاری تاڕادەی چۆڵبوونی ناوچەکەش کردووەتەوە، (کوردستانی، ٢٠٠٥: ٣٤–٤٤، ٧٢ ؛ ئەمین، ١٩٩٨، ١٥٦–١٥٧، ١٦٣) چونکە هەڵەبجەی ئەمڕۆ بەپێی سەرچاوە میژوویییەکان

لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە سەرلەنوێ ئاوەدانکراوەتەوە و بنیاتنراوەتەوە. ڕوونتر بڵێین هەڵەبجە نموونەی ئەو شار و ناوچە سنووریانەیە، کە دەستاودەستی زۆری پێکراوە و هەرجارەی لە بندەستی هێزێکی هەرێمی (ئێرانی و عوسمانی) یان ناوخۆیی (ئەردەڵان و بابان)دا بووە. (عەلی، ٢٠١٨: ٢٣-٢٤)

ئەو سەرچاوانەشی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەبارەی هەڵەبجەوە دواون، بەشێوازی جۆراوجۆر ناوی هەڵەبجەیان هێناوە، بەنمونە ڕیچ(١٨٢٠) کاتێک باسی دەکات وەک شار ناوی دەهێنێت، (ڕیچ، ١٩٩٢: ١٢٤) مەولانا خالیدیش کە هاوسەردەمی ڕیچە، کاتێک باسی هەڵەبجە دەکات ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەحمەد بەگی کوڕی خالید پاشای بابان) فەرمانڕەوای شارەکە بووە، (مودەڕیس، ٢٠١١: ١٢٢، ٢٤١؛ قرداغی، ١٩٧٤: ٢٦٥) بەو پێیەش بێت هەڵەبجە لە سەردەمی بابانەکاندا ناوەندێکی کارگێڕی بووە، هەرچی سەبارەت بە تۆمارەکانی عوسمانییە، لە ساڵی ١٨٤٢ بەدواوە وەک قەزا ناویان هێناوە، بەڵام هەتا ساڵی ١٨٦٩ کە محەمەد پاشای جاف وەک یەکەم قایمقامی شارەکە دیاری دەکرێت، بەڕێوەبەر بەڕێوەی بردووە، نەک قایمقام. (سەڵاح، ٢٠١٧: ١١١-١١٣)٣

باسی دووەم/ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩١٨)دا:

سلێمانی هەتا ساڵی ١٨٥١ کە میرنشینی بابان بەیەکجاری کۆتایی هات، لە ڕووی ئیدارییەوە سەنجەقێکی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، بەڵام لەوە بەدوا سەنجەقی سلێمانی بەسترایەوە بە ئەیالەتی بەغدادەوە، لەگەڵ دروستبوونی ویلایەتی موسڵ لە (١٨٧٩)دا سەنجەقی سلێمانی لە بەغداد دابڕێنرا و خرایە سەر موسڵ، ئەم گۆڕانکارییەی کۆتایی هەتا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو. (الحمیداوی، ٢٠٠٩: ١٨٣)

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدران، لە مانگی ئازاری ١٨٤٢دا پێکهاتەیەکی ئیداری نوێ ڕێکخرا، بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیە لە چوارچێوەی سەنجەقدا کۆمەڵێک گوند بە گوندێکەوە دەبەسترانەوە و یەکەیەکی نوێیان بەناوی قەزا پێکدەهێنا و لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە بەڕێوەدەبران، سەنجاقیش لەلایەن قایمقامەوە بەڕێوەدەبرا. واتە ئەوەی کە ئیدارەی قەزاکانی دەکرد لەو قۆناغەدا بەڕێوەبەری قەزابوو نەک قایمقام، ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی قەزا لە ١٨٤٢وە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٨٦٤، لەم بەروارەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی قەزا لە بەڕێوەبەرەوە گواستراوە بۆ قایمقام لە پاڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزادا.

لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە نوێیەشدا هەریەک لە گوڵەنبەر و هەڵەبجە بوون بە دوو قەزا لە لیوای سلێمانیدا، (سەڵاح، ٢٠١٧: ١١٠-١١١) لە هەمان ساڵدا (١٢٥٨ک/١٨٤٢ز) محەمەد خورشید پاشا نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنووری ئێرانی عوسمانی، ناوی هەریەکە لە هەڵەبجە (البجه) و گوڵەنبەری وەک دوو قەزا هێناوە. (باشا، ٢٠٠٩: ٢٩٠-٢٩٧)

بەڵام دوای ئەوەی کە یەکەی ئیداری هەڵەبجە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە بوو بە قایمقامییەت گوڵەنبەر کە لە بنەڕەتدا ناوی شارۆچکەی خورماڵە، وەک ناوێک بۆ قەزاکە بەکارهاتووە, کە ناوەندەکەی هەڵەبجە بووە. لێرە بەدواوە هەتا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی هەڵەبجە بوو بە ناوەندی قەزای گوڵەنبەر (سەڵاح، ٢٠١٧: ١١١) و لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیشدا بە قەزای گوڵەنبەر (کلعنبر قضاسی) نێودەبرا و قەریەی گوڵەنبەر(خورماڵ)یش بووە بەشێک لەو قەزایە(١). (سالنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢هـ): ١٠٠، ١٣١، ١٥٦)

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ١٨٦٩/١١/٢٤ نێردراوە بۆ ئەیالەتی بەغداد باس لە جێگیرکردنی عەشیرەتی جاف لە هەڵەبجە و فەرمانی دامەزراندنی محەمەد پاشای جاف وەک قایمقامی قەزاکە دەکات. وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیەی کە لە سەنجاقی سلێمانیدا کراوە، یەکێک لەو پێنج قەزایەی کە دەکەوێتە سەنجاقەکەوە بریتییە لە دەشتی پانوبەرینی گوڵعەنبەر کە نزیک سنووری ئێرانە و هەوارگەی زستانەی عەشیرەتی جافە، لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەکرێتە قایماقامییەت و محەمەد بەگ(دیارە تا ئەو کاتە نازناوی پاشای وەرنەگرتووە) سەرۆکی جاف دەکرێتە قایمقامی قەزاکە....هتد).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە پێش ئەم بەرواڕە قەزای هەڵەبجە لەبری قایمقام، بەڕێوەبەری هەبووە و لەم بەرواڕە بەولاوە ئیدارەی قەزاکە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قایمقامییەت. بەوپێیەش بێت ئەگەر قەزا وەک ناو وەرگرین ئەوا ساڵی ١٨٤٢ مێژووی بە قەزابوونی شارەکەیە و ئەگەر قەزا بەوشێوازە ئیدارییە وەربگرین کە ئێستا هەیە، ئەوا ساڵی ١٨٦٩ مێژووی بە قەزابوونی شاری هەڵەبجە و دانانی یەکەم قایمقامە بوێ. (سەڵاح، ٢٠١٧: ١١٢-١١٣)

ئەم گۆڕانکارییە گرنگەش هاوکاتە لەگەڵ بوونی مەدحەت پاشا بە والی بەغداد (١٨٦٩/٤/٣٠-١٨٧٢/٥/١٣)، ناوبراو دوای هاتنی بۆ بەغداد سەرلەنوێ عێراقی لە ڕووی کارگێڕییەوە ڕێکخستەوە، بەشێوەیەک تەنها دوو ویلایەت پێکهێنرا ـ ویلایەتی بەغداد و موسڵ ـ یەکەمیان بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی بەغداد و بەسرەی کۆن، موسڵیش بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی موسڵ و شارەزوور، ئەم ویلایەتانە دابەشکران بەسەر ژمارەیەک لیوا و قەزادا. سلێمانی کە یەکێک بوو لە لیواکانی سەر بە موسڵ لەم قەزایانە پێکهاتبوو: گوڵعەنبەر، جاف(٢)(مەبەستی هەڵەبجەیە ـ توێژەر)، بازیان، قەرەداغ، شەربازار(شارباژێڕ)، مەرگە. (نوار، ٢٠١٢: ٣٥٣-٣٥٥)

دوای جیابوونەوەی موسڵیش لە ویلایەتی بەغدا لە ساڵی (١٨٧٥ز/١٢٩٢ک) سلێمانی وەک سەنجەقێکی سەر بە موسڵ لەم قەزایانە پێکدەهات: کلعنبر، شهربازار، بازیان، قرەطاغ، مرگە.(نصار، ٢٠٠٥: ٢٦١) لەو سەرەتایەشەوە قەزای گوڵعەنبەر هەریەک لە ناحیەکانی: سرۆچک(٣)(هاوار، ١٩٩١: ١٤١) و قزڵجەی(٤)(سالنامەی ویلایەتی موصل (١٣٢٥هـ): ٢٣٠) لەخۆدەگرت .(سالنامه ویلایت بغداد(١٢٩٢هـ): ١٠٠)

لەم ڕووەوە ڕەنگە هیچ سەرچاوەیەک بە ئەندازەی تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی سالنامەکان(٥)(نصار، ٢٠٠٥: ١٣) بۆ ئەم بابەتە گرنگ نەبن، چونکە سالنامەکان زانیاری زۆر وردی هەمە جۆریان تێدایە لەسەر یەکە کارگێڕییەکانی ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەڵەبجەش وەک یەکێک لە قەزاکانی لیوای سلێمانی سەر بە ویلایەتی بەغداد لە سەرەتا و دواتریش ویلایەتی موسڵ(١٨٧٩)، زانیاری وردی لەنێو سالنامەکاندا لەسەر تۆمارکراوە، بەشێوەیەک لە سالنامەکانی سەرەتادا ناوی هەڵەبجە بەشێوەی (علوجه) هاتووە وەک یەکێک لەو جێگایانەی کە سەر بە لیوای سلێمانی و ئەیالەتی بەغدادن(٦)، (سالنامه١٢٧٢هـ : ١٠٥) لە هەندێکی دیکەیاندا تەنها ناوی گوڵعەنبەر(کلعنبر) وەک قەزایەکی سەر بە لیوای سلێمانی ناوی هاتووە(٧)، (سالنامه،(١٢٨٦هـ): ٢٠٣) ئەوە لەکاتێکدا لە ژمارەیەکی دیکەیاندا (کلعنبر و عەشائیری جاف) وەک دوو قەزای سەر بە لیوای سلێمانی(٨)(سالنامه دولت علیه عثمانیه(١٢٩٣هـ): ٢٥٢) و لە هەندێکی دیکەشیاندا بەشێوەی (کلعنبر و عشائران) ناویان هاتووە(٩)، (سالنامه،(١٢٨٣ک): ١٧٣) بەڵام بە تێپەڕبوونی کات (عشائری جاف و عشائران) کە بێگومان هەردووکیان هەریەکێکن نەماون و تەنها گوڵعەنبەر ماوەتەوە(١٠). (سالنامه دولت علیه عثمانیه(١٢٩٨هـ): ٨٧)

پێدەچێت ئەوە هەڵەیەکی تۆمارکردن بووبێت، چونکە دوای دانانی محەمەد بەگ(محەمەد پاشای جاف) بە قایمقامی هەڵەبجە چیتر

گوڵعەنبەری کۆن(خورماڵ) وەک یەکەیەکی کارگێڕی نەمایەوە هەتا هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی وەک یەکەیەکی کارگێڕی، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی(خورماڵ) و وەک ناحیەیەکی سەر بە قەزای هەڵەبجە نەک قەزایەکی سەربەخۆ.

بابەتێکی دیکە بریتییە لەو جیاوازییەی کە لە ژمارەی ناحیەکانی قەزای گوڵعەنبەردا هەیە لە نێوان سالنامەکانی ویلایەتی موسڵ و (سالنامە دولت علیە عثمانیە)دا، لەکاتێکدا هەردووکیان تۆماری ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانین، بەنمونە لە هەر (٥) سالنامەکەی ویلایەتی موسڵدا تەنها ناحیەکانی: قزڵجە و سرۆچک لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای گوڵعەنبەرن(١١), (١٣٠٨هـ: ١٥٣) ئەوە لەکاتێکدا لە سالنامەکانی نێوان سالانی (١٣٠٦ک– ١٣٢٦ک) (سالنامە دولت علیە عثمانیە)دا، کە بەشێکیان هاوسەردەمی سالنامەکانی موسڵن و سالانە ئەم سالنامەیە دەرچووە، هەریەکە لە ناحیەکانی: سرۆچک، قزڵجە، قەرەداغ، شێخ ئیسماعیل تائیفەسی(١٢)(ئەم ناحیە ئێستا نەماوە- تۆێژەر) لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزاکەن(١٣). (سالنامەکانی: ١٣٠٦هـ : ٤٥٨)

سنوری کارگێڕیی هەڵەبجە وەک ئەوەی لە (سالنامە دولت علیە عثمانیە ١٣٠٦ک-١٣٢٦ک)دا هاتووە

قەزا	ناحیە	گوند
گوڵعەنبەر(البجە)	.	١٠٣(خودی گوڵعەنبەر)
	سرۆچک	٩٠
	قزڵجە	١٠٦
	قەرەداغ	١٧٣
	شێخ ئیسماعیل طائفە سی	١

بەڵام لە ژمارەکانی کۆتایی ئەم ساڵنامەدا سنووری کارگێڕیی هەڵەبجە هەمان سنووڕە کە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵدا هاتووە. (سالنامه دولت علیه عثمانیه، ١٣٢٧: ٧٩٤؛ ١٣٣٣–١٣٣٤ک: ٨٥٧، ٨٧٧)

گوڵعەنبەریش وەک شەمسەدین سامی(١٨٩٥) دەڵێت:" قەزایەکی گەورەیە لەو پەڕی باکووری خۆرهەڵاتی لیوا و ویلایەتە، لە لیوای سلێمانی و ویلایەتی موسڵ، لە خۆرئاواوە قەزاکانی سلێمانی و شەهربازاڕ(شارباژێڕ)، لە سێ لای دیکەشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە، شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لەلایەن بەهەشتی سوڵتان سلێمان خانی قانونییەوە بنیاتنراوە و ناوەکەی پێ بەخشراوە، لە سنووری ئێراندایە. دێی (البجه)، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی (٣٠٠٠) دانیشتوان و شتی وەک مەدرەسە و قوتابخانە و خان و بازاڕی هەیە و قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، جگە لە حەڵکی نیشتەجێی تێگەڕانی عەشیرەتی (جاف)یشە، قایمقامی قەزاکە بە زۆری دەدرێتە سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە....هتد". (فراشری، ١٣١٤هـ : ٣٨٧٦)

سنووری کارگێڕی هەڵەبجە وەک ئەوەی شەمسەدین سامی ئاماژەی بۆ کردووە

قەزا	ناحیە	ژمارەی گوند
گلعنبر	سرۆچک	٤٧٣(فراشری، ١٣١٦هـ : ٤٤٨٤)
	قزڵجە	
	قەرەداغ	

لە تۆمارێکی دیکەی هەمان سەردەمدا هاتووە:" قەزای گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە سەر بە سەنجەقی سلێمانی و سەر بە ویلایەتی موسڵە، کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتەکەوە. لە ڕۆژئاواوە بە قەزای سلێمانی و شارباژێر و لەلایەکانی تریشەوە بە سنووری ئێران

دەورە دراوە، مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (البجە)یە. قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، قایمقامی قەزاکەش هەر سەرۆکی عەشیرەتەکەیە". هەروەک لە جێگایەکی تردا هاتووە:" گوڵعەنبەر قەزایەکی سەر بە سلێمانی و سەر بە ویلایەتی موسڵە، ژمارەی دانیشتوانی (٧٠٠٠) کەسە، مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (حاڵپاشا)یە(١٤)، قەڵای گوڵعەنبەر لە شوێنەوارەکانی سوڵتان سلێمان کوڕی سەلیم خانی یەکەمە". (دەباغ، ٢٠٠٤: ١٣٥)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سالنامەکاندا، ئەو گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامانەیە کە لە سنووری یەکە کارگێڕییەکاندا کراون، بەنمونە لە سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا لە سالی (١٣٢٧ک/١٩٠٩ز) بەدواوە، چیتر ناحیەیەک بەناوی (شێخ ئیسماعیل تائیفەسی) بوونی نامێنێت (وادیارە هەڵوەشێنراوەتەوە ـ تۆێژەر)، هەرچی ناحیەی (قەرەداغ)یشە لە گوڵعەنبەر دابڕێنرا و خرایە سەر سلێمانی، ئەم حاڵەتەش هەتا کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوون.

بەوشێوەیە وەک چۆن لە سەرەتای پێکهێنانی ئیدارەی قەزای گوڵعەنبەردا هەریەکە لە ناحیەکانی قزڵجە و سرۆچک لە ڕووی کارگێڕییەوە بەسترانەوە بە قەزای گوڵعەنبەرەوە، لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیشدا هەر ئەو دوو ناحیەیە لەسەر گوڵعەنبەر مانەوە. (سالنامە دولت علیە عثمانیە ١٣٢٧هـ : ٧٩٤)

بەشی دووەم/ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی هەڵەبجە لە هاتنی ئینگلیزەکانەوە بۆ عێراق هەتا هەڵوەشاندنەوە شارەکە:

باسی یەکەم/ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی هەڵەبجە لە نێوان سالانی (١٩١٨-١٩٧٨)دا:

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و زیاتریش لە دوای هاتنی ئینگلیزەکانەوە سنووری کارگێڕی هەڵەبجە گۆڕانکاری زیاتری بەخۆیەوە بینی، وادیارە

ئینگلیزەکان ویستوویانە هەیکەلی ئیداری ناوچەکە سەرلەنوێ ڕێکبخەنەوە، بەنمونە ناوی گوڵعەنبەر چیتر بۆ یەکەی ئیداری هەڵەبجە و ناوی قزڵجە بۆ یەکەی ئیداری پێنجوێن بەکارنەهێنران، بەڵکو ناوی ناوەندی قەزاکە (البجە) بۆ یەکەی ئیداری قەزای گوڵعەنبەر (پێشکەوتن، ژ(١)، ١٩٢٠/٤/٢٩: ١) و ناوی ناوەندی ناحیەی قزڵجە (پێنجوێن) بۆ یەکەی ئیداری ناحیەی قزڵجە بەکاردەهات، (پێشکەوتن، ژ(١٧)، ١٩٢٠/٨/١٩: ٤) هەروەها (سرۆچک)یش لە هەڵەبجە دابڕێنرا و خرایە سەر سلێمانی، لە بەرامبەردا دوو ناحیەی دیکە لە سنووری ئیدارەی هەڵەبجەدا دروستکران، کە ئەوانیش بریتی بوون لە: وارماوا(١٥) (سالنامە(١٢٧٢هـ): ١٠٥) و خورماڵ، بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩١٩ی مێجەرسۆنی حاکمی سیاسی سلێمانی، هەڵەبجە هەریەکە لە ناحیەکانی: پێنجوێن، خورماڵ و وارماوا(١٦) (عەلی، ٢٠١١: ١٨٩) لەخۆدەگرت. (هاوار، ١٩٩١: ١٣٢-١٣٣)

جیا لەوانەش وەک ڕووبووەتەوە لە هەر سێ حکومەتەکەی شێخ مەحموددا هەڵەبجە بەشێک بووە لە سنووری کارگێڕی دەسەڵاتی ناوبراو، بەڵام ئینگلیزەکان چەند جارێک هەڵەبجەیان لە ڕووی ئیداریی و سیاسییەوە لە سلێمانی و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی شێخ مەحمود دابڕی و بەجیا و وەک یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، جارێکیش بەستیانەوە بە قەزای کفرییەوە، بەڵام ئەو دابڕینانە کاتی بوون، چونکە هەر دوای لەناوچوونی حکومەتەکانی شێخ مەحمود ڕەوشەکە ئاسایی دەکرایەوە و هەڵەبجە دەخرایەوە سەر سلێمانی، (هاوار، ١٩٩١: ٤٤٤؛ سالح، ٢٠٠٦: ١١-١٩) تاکە ئامانجیش لەم گۆڕانکارییانە لێدان و بچوککردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بوو.

لەوە بەدوا هەتا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا ڕووی نەدا، بە وتەی شاکر فەتاح لەو ماوەیەی کە قایمقامی هەڵەبجە (١٩٤٦/٨/٢٤-١٩٤٧/٢/٢٨) بووە، (سالح، ٢٠٠٢: ٣٤) هەوڵێکی زۆریداوە بۆئەوەی هەندێک گۆڕانکاری کارگێڕی لە

سنووری هەڵەبجەدا بە قازانجی ناوچەکە بکات، بەڵام هەوڵەکانی ئەنجامی نەبووە، لەمبارەوە دەڵێت:" داخەکەم لە هەڵەبجەدا زۆر نەمامەوە، تابتوانم بە دڵی خۆم ڕەنجی تێدا بدەم، زۆر پێشنیارم کرد بۆ جیاکردنەوەی پێنجوێن لە هەڵەبجە و دامەزراندنی (لادێی هەڵەبجە) لە گوندی (عەبابەیلێ)دا، و گواستنەوەی بنکەی (لادێی وارماوا) بۆ گوندێکی نزیکتر و باشتر، بەڵام ئەوانە لە پاش جوێبوونەوەی من بە چەند ساڵێک جێبەجێکران". (فەتاح، ٢٠٠٣: ٤٨٤)

تەنها گۆڕانکارییەکیش کە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەموز ڕوویدا بێت، بریتی بوو لە دروستبوونی یەکەیەکی کارگێڕی نوێ لە سنووردەکەدا لە ساڵی ١٩٥٥دا بەناوی ناحیەی شارەزوور، ناحیە نوێیەکە گوندی (سەیدصادق)ی هەڵگەوتوو لە باکووری ڕۆژئاوای هەڵەبجە کرایە ناوەندەکەی. (الوقائع العراقية، العدد(٣٧١٥)، ١٩٥٥/١٠/٢٢) بەڵام لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی١٩٥٨وە زنجیرەیەک گۆڕانکاری تر بەسەر سنووری قەزای هەڵەبجەدا هاتن، گۆڕانکارییەکانیش سنووری هەڵەبجەیان زیاتر بەرتەسک کردەوە، پێنجوێن کە شاکر فەتاح پێشنیاری جیاکردنەوەی کردبوو لە هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥٩دا کرا بە قەزا و لە هەڵەبجە جیاکرایەوە، بەوەش ڕووبەرێکی جوگرافی گەورەی دیکە لە هەڵەبجە دابڕێنراو کرا بە یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆ، (الوقائع العراقية، العدد(٢٦٣)، ١٩٥٩/١١/٢٤) هەرچی وارماوایە کە شاکر فەتاح خواستی بوو ناوەندی ناحیەکەی بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاوتر لە سەرەتادا گوازرایەوە بۆ گوندی (قلیجە)، (الجمهورية العراقية، ١٩٦٢: ٣٣) بەڵام دواتر بەهۆی دروستبوون و گەشەکردنی گوندی دەربەندیخان کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دروستکردنی بەنداوەکەوە هەبوو، گوازرایەوە بۆ (دەربەندیخان) بە دووری (٢ تا ٣کم)ی باشووری ڕۆژهەڵاتی فەقێ جنە. (الجمهورية العراقية، ١٩٦٢: ٢٦) لەوەش زیاتر پەرەسەندنی خێرای دەربەندیخان وایکرد کە ناوی ناحیەکە لە (وارماوا)وە

بگۆڕێت بۆ دەربەندیخان و چیتر ناوی وارماوا بەکارنەهێنرێت.(الجمهورية العراقية، ١٩٦٥: ٨٦)

هەر لەو ماوەیەدا ناحیەیەکی دیکە لە سنووری هەڵەبجەدا دروستکرا، ناحیە نوێیەکە کە بە سیروان ناسرا(١٩٦٠) گوندی (کێڵەسپی) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەڵەبجە ـ ناحیەی شارەزوور کرا بە ناوەندی. (غفور، ٢٠٠٨: ١٤٠، ٢٠٣) دوای ئەم گۆڕانکارییانە یەکەی کارگێڕی قەزای هەڵەبجە وەک لە ئاماری ساڵی ١٩٦٥دا ئاماژەی بۆ کراوە جگە لە ناوەندی قەزاکە، پێکدەهات لە ناحیەکانی: خورماڵ، شارەزوور، دەربەندیخان، سیروان. (الجمهورية العراقية، دليل التعداد العامة ١٩٦٥: ٨٤-٩٠) بەڵام ئەم دابەشکارییە هەربەوشێوەیە نەمایەوە، بیارە کە تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گوندێکی سەر بە ناحیەی خورماڵ بوو، لە ١٩٧١/٤/٦ کرا بە ناحیە و لە خورماڵ (غفور، ٢٠٠٨: ٦٨-٦٩) دابڕێنرا، دەربەندیخانیش، بە مەرسومێکی کۆماری لە ١٩٧١/١٠/١١ کرا بە قەزا و لە هەڵەبجە جیاکرایەوە. (غفور، ٢٠٠٨: ٧٣)

بەوشێویە لە دوای پێنجوێن، دەربەندیخان دووەمین ناحیە بوو کە لە هەڵەبجە دابڕێنرا و کرا بە قەزا، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پانتاییەکی جوگرافی بەرفراوان لە هەڵەبجە دادەبڕێنران و سنووری هەڵەبجە هێندەی تر بەرتەسک و بچووکتر دەبوویەوە.

لەڕاستیدا گۆڕانکارییەکان هەر بەوانەوە نەوەستان، بەڵکو لەوە بەدوا ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە بیانوویان دایە دەست ڕژێم بۆ هەرچی زیاتر بچووککردنەوە و لە قاڵبدانی سنووری کارگێڕی قەزای هەڵەبجە، بەنمونە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، هەل و دەرفەتی گونجاو ڕەخسا بۆئەوەی کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی بە ئارەزووی خۆیان گۆڕانکاری لە یەکە کاگێڕییەکانی کوردستاندا ئەنجامبدەن، (عەلی، ٢٠١٨: ٧٠) لەو چوارچێوەیەدا و ساڵێک بەر لە ڕاگەیاندن و دەستپێکردنی

ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان کە ڕژێم ناوی لێنابوو پشتێنەی ئەمنی, سەرژمێری گشتی ئەنجامدا (١٩٧٧)، بەگوێرەی ئەم ئامارە نوێیە ئەگەرچی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا نەهات، واتە ژمارەی ناحیەکانی (خورماڵ، شارەزوور، سیروان، بیارە) کەم و زیادیان نەکرد، (الجمهورية العراقية، التعداد العام للسكان ١٩٧٧: ١ ؛ علاالدين، ٢٠٠٨: ٢٣، ١١٠ ، ١٢٥، ١٦٥، ١٦٧) بەڵام بە چەند مانگێک بەر لە دەستپێکردنی پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان، لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٦ بە مەرسومێکی کۆماری دەیان گوندی(١٧) (گوندەکان دەکەونە ڕۆژئاوای هەڵەبجە و ڕووباری سیروان ـ تۆڕەڕ) ناحیەی سیروانی سەر بە قەزای هەڵەبجە کە دەکەونە ڕۆژئاوای قەزاکە و ڕووباری سیروان لەو ناحیەیە دابڕێنران و خرانە سەر قەزای دەربەندیخان، بەوەش پانتاییەکی جوگرافی گەورەی دیکە لە هەڵەبجە دابڕێنرا، (غفور، ٢٠٠٨: ١٠٥-١٠٦) لەوەش زیاتر بەوپێیەی کە هەڵەبجە یەکێک بوو لە قەزا سنوورییەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، نزیکەی (٩١) گوندی بەر پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان کەوتن، ڕاگوێزراوەکان لە پێنج ئۆردوگای زۆرەملێدا کە ئەوانیش بریتی بوون لە: عەنەب، زەمەقی، سیروان، خورماڵ، شانەدەری کۆکرانەوە و نیشتەجێکران. (عەلی، ٢٠١٨: ٧٢-٧٣)

بەوەش ڕووبەرێکی فراوانی قەزاکە لە دانیشتوانەکەی خاڵی کرا و گوندەکانیان کرا بە وێرانە، نیشتەجێکردنی ئەو گوندنشینانەش لەو ئۆردوگایەی کە بۆیان دیاریکرابوو تۆپزی بوو نەک بە خوایشتی خۆیان، هەربۆیە دوای ماوەیەک ڕاگوێزراوەکان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی جۆراوجۆر بوونەوە، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کێشانەش ئەو جیاوازییە گەورە و بەرفراوانە بوو کە لە نێوان ژینگەی گوندەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا هەبوو.

بەوشێوەیە ئەگەر جاران بە دابڕینی ناحیەیەک یان قەزایەک ئەویش دوای بوونی بە قەزا یان ژمارەیەک لە گوند سنووری ئیداری هەڵەبجە ڕووی لە بچووککردنەوە کردبێت، ئەوا ئەمجارەیان بە چۆڵکردنی گوندەکان پانتاییەکی گەورەی جوگرافی هەر لە سنووری هەڵەبجەدا لە دانیشتوانەکەی چۆڵکرا و لە ڕووبەرێکی زۆر بچووکدا کە خۆی لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا دەبینییەوە و زیاتر لە نزیک شارەکن یان لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکان دروستکرابوون کۆکرانەوە و نیشتەجێکران و ناوچە بنەڕەتییەکانی خۆشیان کران بە ناوچەی قەدەغەکراو. (مینە، ١٩٩٩: ١٩٨-١٩٩)

باسی دووەم/ کاریگەری جەنگی ئێران - عێراق لەسەر گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی قەزای هەڵەبجە:

هەڵەبجە بەوپێیەی کە ناوچەیەکی سنووریە، هەمیشە مێژووەکەی مەحکوم بووە بە جوگرافیاکەی، ڕوونتر بڵێین مێژووی شارەکە لەژێر کاریگەری جوگرافیاکەیدا بووە، ئەم حاڵەتە لە ساڵانی جەنگی ئێران - عێراقدا ڕوونتر دەردەکەوێت.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا باشووری کوردستان ڕووبەڕووی دوو جۆر لە شەڕ و ملمالنێ بووەوە، لەلایەک شەڕی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و حکومەتی عێراق، لەلایەکی تر جەنگی هەشت ساڵەی ئێران - عێراق، هەردوو ڕووداوەکەش کاریگەری قوڵ و درێژخایەنیان لەسەر لایەنی کارگێڕی هەڵەبجە بەجێهێشت.

باڵادەستی و چالاکی زۆری هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکەدا و نزیکی و هاوسنووری هەڵەبجە لەگەڵ ئێراندا وایکرد کە بە درێژایی ساڵانی جەنگی ئێران - عێراق سنووری هەڵەبجە ببێتە یەکێک لە مەیدانە گەرمەکانی شەڕ و ملمالنێکانی نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەکان. (مینە، ١٩٩٩: ٢٠٥-٢١٢) ڕژێمیش ئەم دوو هۆکارەی قۆستەوە بۆ ئەو کۆمەڵە

بڕیار و ڕاسپاردانەی کە وەک سزا لەبارەی هەڵەبجەوە دەری دەکردن و سەرجەمیان بە زیانی شارەکە تەواوبوون. دەستپێکی ئەو بڕیارانەش بە ڕاگواستنی گوندی تەوێڵەی سەر بە ناحیەی بیارە وەک گەورەترین گوندی سنووری ئیداری قەزای هەڵەبجە دەستیپێکرد و بە خاپوورکردنی شارەکە و هەڵوەشاندنەوەی بە مەرسومێکی کۆماری کۆتایی هات. (عەلی، ٢٠١٨: ١٢٩-١٦٣، ٣٤٨-٣٦٩)

دەبێ بڵێین، پرۆسەی ڕاگواستنەکانی ئەمجارە ناحیەکانیشی گرتەوە، بەڵام ئەمجارەیان ڕاگوێزراوەکان دەبران بۆ ئەو ئۆردوگایانەی کە لە دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەڵەبجە بوون، لەو چوارچێوەدا و لە دەستپێکی جەنگەکەدا هەردوو گوندی (تەوێڵە و بەڵخە) لە ناحیەی بیارە بۆ ئۆردوگاکانی نەسر و برایەتی لە نێوان عەربەت و زەڕایەن ڕاگوێزران، بەدوای ئەوانیشدا ناحیەی بیارە وەک یەکەمین ناحیەی قەزاکە و دوای دە ساڵ لە بەناحیەبوونی (١٩٨١) بۆ هەمان ئۆردوگا ڕاگوێزرا.(Resool, p158 ; 1990) درێژەی جەنگەکە بیانووی زیاتری دایە دەست ڕژێم بۆئەوەی پرۆسەی ڕاگواستنی گوند و ناحیەکان خێراتر بکات تا ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٦/٦/١١دا بە ڕەسمی هەردوو ناحیەی بیارە و خورمالّی لەگەڵ ژمارەیەک ناحیەی تری سەر بە پارێزگاکانی تری عێراق هەڵوەشاندەوە، (غفور، ٢٠٠٨: ١٢٠-١٢١) ئەگەرچی بڕیاری ڕووخاندنی خورمالّ و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگاکانی نەسر و ئاشتی کەوتە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٧. (عەلی، ٢٠١٨: ١٦١-١٦٢، ٥٥٩-٥٦٠)

بەهاتنی ساڵی ١٩٨٧ و بەتایبەتی دوای بوونی عەلی حەسەن مەجید بە لێپرسراوی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکان چووە قۆناغێکی نوێی مەترسیدارەوە، (عەلی، ٢٠١٨: ١٣٠-١٤٠) بەشێوەیەک بەپێی ئەو سەرژمێرییە کە حکومەتی عێراق لە ١٩٨٧/١٠/١٧ ئەنجامیدا، تەنها (١٨) گوند لە سنووری قەزای هەڵەبجەدا مابوونەوە و دانیشتوانەکەی ڕانەگوێزرابوون، (شەریف، ١٩٩٧: ٣) ئەوە لەکاتێکدا

ژمارەیان بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٧ لە هەمان ئەو سنوورەدا (٢١٦) گوند بووە. (علاالدین، ٢٠٠٨: ١٢٣)

لەوەش زیاتر ئەگەر سەرنجیکی ورد بدەینە ئامارەکانی حکومەتی عێراقی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧)، ئەوا زۆر بەڕوونی ئەوە دەبینین کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەدا سنووری جوگرافی هەڵەبجە چۆن بەردەوام ڕووی لە بچووکبوونەوە کردووە.

خشتەی ڕووبەری قەزای هەڵەبجە لە ئامارەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧)دا

١٩٥٧	١٩٦٥	١٩٧٧	١٩٨٧
٣٢٩٤كم٢ (الجمهورية العراقية، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧: ٢)	٢١٤٧كم٢(الجمهورية العراقية، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٦٥، ١٩٧٣: ٣١)	١٥٩٢كم٢	١٥٢٣كم٢(علاءالدین، ٢٠٠٨: ٢٣)

هەڵەبجە کێبڕکێ

ڕژێم هەر بەوانەوە دانەکەوت، سیاسەتەکانی وای دەردەخست پلانی چۆڵکردنی یەکجاری ناوچەکەی هەبێت، چونکە لە کۆی ئەو (١٨) گوندەی کە مابوونەوە، (١٣)ی دیکەیان بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە تێکدران و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران، بەوپێیەش بێت لەکاتی ڕووداندا کارەساتەکەدا تەنها ناوەندی قەزای هەڵەبجە و ناحیەکانی سیروان و شارەزوور و گوندەکانی (حەسەن ئاوا، بامۆک، عەبابەیلێ، جەلیلە و عەنەب) وەک ناوچەی ئاوەدانی مابوونەوە و ڕانەگوێزرابوون، دوای ڕووداوەکە ئەوانیش چۆڵکران و دانیشتوانەکەی ئاوارەبوون. (عەلی، ٢٠١٨: ١٦١) دواتریش بۆ سڕینەوەی یەکجاری هەڵەبجە، بە مەرسومێکی کۆماری (١٩٨٨/١٠/١٠) قەزای هەڵەبجە هەڵوەشێنرایەوە و شارۆچکەیەکی نوێ

بەناوی (ناحیەی هەڵەبجە) لەبری ئەو دروستکرا و بەسترایەوە بە قەزای برایەتییەوە، (قادر وجامباز، ۲۰۱۳، ل۲۱۸ ؛ غفور،۲۰۰۸، ل۱۲۷-۱۲۸) بەڵام دواتر شارۆچکەکە لە ناحیەوە کرا بە قەزا و ناونرا (صدامیە حلبجە)، بۆ سڕینەوەی یەکجاری ناحیەی شارەزووریش(۱۸) (چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ سەلاح سالار، سەیدصادق، ۲۰۱۸/۸/۲۰) ناوەکەی لێوەرگیرایەوە و درا بە ناحیەی زەڕایەن، ناحیەکەش لە دەربەندیخان دابڕێنرا و بەسترایەوە بە قەزا نوێیەکەوە (صدامیە حلبجە)(۱۹۸۹/٦/۲۸).(قادر وجامباز، ۲۰۱۳، ل۲۲٤ ؛ غفور،۲۰۰۸، ل۱۲۸)

بەوشێوەیە هەڵەبجە وەک شارێکی مێژوویی سەدان ساڵە لەگەڵ تەواوی سنوورە جوگرافییەکەیدا لەسەر نەخشەی عێراق سڕایەوە و ناوچەکەش کرا بە ناوچەیەکی سەربازی قەدەغەکراو، بەشێوەیەک بوار بە هیچ کەسێکی سڤیل نەدەدرا کە بگەڕێتەوە بۆ سەر ماڵ و زێدی ڕەسەنی خۆی هەتا دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ و پاشەکشەی سوپا و دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا.

هەولێر کتێب

ئەنجامەکان

ئێمە دوای ئەنجامدانی ئەم تویژینەویە، گەیشتووین بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

۱- جوگرافیای هەڵەبجە لە ڕابردووی دوور و نزیکیدا کاریگەری دیار و بەرچاوی لەسەر مێژووی شارەکە داناوە، ڕوونتر بڵێین هەروەک چۆن ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی پەیوەندی بە لەباریی و گونجاوی ناوچەکەوە هەبووە بۆ ژیان و دواتر پەرەسەندنی، بەهەمان شێوەش کردبووی بە بەرداشتی هێزە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، بەوهۆیەشەوە زیانی گەورە بە شارەکە و سنوورەکەی گەیشتووە.

٢. ئەگەرچی هەڵەبجەی ئەمڕۆ سەرەتای بنیاتنانەوەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان بەر لەو قۆناغە ناوی جێگایەک یان شارێک بەناوی هەڵەبجە یان ئەڵەبجە نابەن و ناهێنن، ئەوە سەرباری ناوهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە شوێن و ئاوەدانی ناوچەکە، بەڵام گەشەکردن و پەرەسەندنی شارەکە لە هەر شتێک زیاتر پەیوەندی بەهاتن و نیشتەجێبوونی عەشیرەتی جاف و پاشا و بەگزادەکانی ئەو عەشیرەتەوە هەبووە، تەنانەت یەکەمین قایمقام کە بۆ شارەکە دیاری کرابێت سەرۆکی عەشیرەتی ناوبراو بووە.

٣. هەڵەبجە چ وەک ناو چ وەک سنووری جوگرافی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بە وردی ئاماژەی بەو گۆڕانکارییە مێژووییانە کردووە.

٤. دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی تورکەکان و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە، ئەوانیش لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان و ئاسانکاریکردن بۆ ئیشوکارەکانی خۆیان هەیکەلی ئیداری ناوچەکەیان سەرلەنوێ ڕێکخستەوە، لەو چوارچێوەیەدا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەر ئەو دابەشکردنە کارگێڕییەی هەڵەبجەدا هێنا، کە بە میرات لە دوای تورکەکانەوە بۆیان مابووەوە.

٥. لە سەردەمی پاشایەتیدا ژمارەیەکی کەم گۆڕانکاری بەسەر سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا هات، ئەوانیش زیاتر هەر لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی قەزاکەدا بوون.

٦. گەورەترین گۆڕانکاری ئیداری کە بەسەر سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا هاتبێت لە سەردەمی کۆماریدا بووە، بەوپێیەی کە سێ ناحیەی سەر بە هەڵەبجە بوون بە قەزا و یەکەی کارگێڕی سەربەخۆ و لە هەڵەبجە دابڕێنران، هەروەک سەدان گوند بە هۆکار و بیانووی جیاجیا لەو ماوەیەدا ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناوچەکەیان کرا بە وێرانە.

٧. دوا گورزیش که بەر قەزای هەڵەبجە کەوتبێت، بریتی بوو لە هەڵگیرسانی جەنگی ئێران ـ عێراق، جەنگێک کە تەواوی سنووری جوگرافی شارەکەی تیادا بوو بە قوربانی، بەشێوەیەک پڕۆسەکە لە دەستپێکیدا بە ڕاگواستنی شارەدێی تەوێڵە وەک گەورەترین گوندی سەر بە قەزاکە و دواجاریش خاپوورکردنی هەڵەبجە و سڕینەوەی یەکجاری شارەکە و سنوورە جوگرافییەکەی لەسەر نەخشەی عێراق کۆتایی هات.

ڕاسپاردەکان

١. هەر گۆڕانکارییەکی کارگێڕی لە سنووری هەڵەبجەدا ڕوویدابێت لەو ماوەی کە ئێمە لێی دواوین کۆمەڵێک دەرهاویشتە و ڕەهەندی دیکەی هەیە، دەکرێت توێژەران بەپێی پسپۆڕییان توێژینەوەی وردتر لەسەر ئەو بوارانە ئەنجام بدەن.

٢. دەکرێت هەر یەکێک لەو یەکەکارگێڕییانەی کە لە سنووری هەڵەبجەدا بوون، لێکۆڵینەوەی بابەتی وردیان لەسەر بکرێت، تا لەو ڕێگەیەوە ئاشنای گۆڕانکارییەکانی ناو و ناونیشان و سنووری کارگێڕییان...هتد ببین.

٣. دەبێت تایبەتمەندی ئەو قۆناغە مێژوویییانە لەبەرچاو بگیرێت کە گۆڕانکارییەکان تیایاندا ڕوویانداوە، چونکە پاڵنەرەکانی ئەو گۆڕانکارییانە زۆر و جۆراوجۆر بوون و ناکرێت بەیەک چاو تەماشا بکرێن.

٤. لە لێکۆڵینەوە جیاوازەکاندا سەبارەت بەم ناوچە جوگرافییە، زۆر گرنگە هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە سەرلەبەری گۆڕانە مێژوویییەکانی لەژێر کاریگەری جوگرافیاکەیدا بووە.

٥. دەبێت یاسایەک یان بڕیارێکی تایبەت لە پەڕلەمان و حکومەتی نوێی عێراقەوە دەربکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی سەدام حوسەین سەبارەت بە هەڵەبجە و ناحیەکانی، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو بڕیارە دەرنەکراوە.

پەراوێزەکان

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سالنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢کۆچی)، دفعە١، مطبە ویلایت بغداد، ل١٠٠، ١٣١، ١٥٦ ؛ سالنامەکانی ویلایەتی موسڵ: ١٣٠٨ک، ل١٥٢-١٥٣ ؛ ١٣١٠ک، ل٢١٥ ؛ ١٣١٢ک، ل١٨٤ ؛ ١٣٢٥ک، ل٢٢٩ ؛ سالنامە دولە علیە عثمانیە، ١٣٢٣ک، ل٩٦٩ ؛ سالنامە دولە علیە عثمانیە، سلانیک مطبەسی، ١٣٢٨ک، ل٨٠٧ ؛ سالنامە دولە علیە عثمانیە(١٣٣٣-١٣٣٤)، هلال مطبەسی- باب عالی قارشوسندە، ل٧٠٢ ؛ عبدالفتاح علی یحی: سالنامات الموصل العثمانیة مصدرا لدراسة تاریخ السلیمانیة، مجلة جامعة دهوك١، العدد(٢)، ٢٠٠٠، ل٤٧ ؛ عبدالعظیم عباس نصار: م.س، ل٢٦١ ؛ شمس الدین سامی فراشری: قاموس الاعلام، دردنجی جلد، میهران مطبەسی، استانبول، ١٣١١هـ ل٢٦٢٢ ؛ شمس الدین سامی فراشری: قاموس الاعلام، بیشنجی جلد، میهران مطبەسی، استانبول، ١٣١٤هـ ل٣٨٧٦ ؛ شمس الدین سامی فراشری: قاموس الاعلام، التنجی جلد، میهران مطبەسی، استانبول، ١٣١٦هـ ل٤٤٨٤ ؛ کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل١٣٥ ؛ حسین نازم: مێژووی میرایەتی بابان، و.حسێن حەسەن کەریم و سدیق سالح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٤٨ ؛ د.عەبدولعەزیز سلێمان نوار: مێژووی نوێی عێراق (لە کۆتایی حوکمی داود پاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەدحەت پاشا، و.عوسمان عەزیز عەللاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٥٤ ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی وە ولاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٨، ١٥٣ ؛ مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد): شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٣٤.

٢. گومانی تێدا نییە کە مەبەست لە گوڵعەنبەر و جاف تەنها هەڵەبجەیە، بەوپێیەی لە دوای بوونی بە قەزا، هەڵەبجە لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا وەک لەم تۆژینەوەیەدا بەوردی باسی لێوەکراوە بە قەزای گوڵعەنبەر نێودەبرا و دەنوسرا، هەرچی سەبارەت بە (جاف)یشە لەبەرئەوەی پاشا و بەگزادەکانی هەڵەبجە بۆماوەی چەندین دەیە قایمقامی هەڵەبجە بوون پێ ئەچێت هەرئەوە هۆکاری ناوهێنانی بووبێت بەشێوەی قەزای(جاف)، ئەگەر ئەوەش بزانین یەکەم قایمقامی هەڵەبجە (محەمەد پاشای جاف) بووە. بڕوانە: کەریم بەگی فەتاح بەگ: س.پ، ل١٧٢.

٣. تا ساڵی ١٩١٩ گوندی گێڵدەرە ناوەندی ناحیەی سرۆچک بوو، دوای ڕووخانی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود، ئەوڕەحمان ئاغای برای ڕەزابەگ کرا بە بەڕێوەبەری ناحیەکە و ناوەندی ناحیەکەش لە گێڵدەرەوە گوازرایەوە بۆ بەرزنجە. (محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروووی کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل١٤١)

٤. پێنجوێن ناوەندی ناحیەی قزڵجە بووە.(سالنامەی ویلایەتی موصل(١٣٢٥هـ)، مطبعه ویلایتد طبع اولنمشدر، ل٢٣٠)

٥. سالنامە وشەیەکی فارسییە لە دوو بەش پێکدێت، سال لەگەڵ نامە، بە کورتی بە واتای ڕاپۆرتی ساڵانە یاخود نوسراوی ساڵانە دێت، سالنامەکان زانیاری زۆر لەبارەی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کارگێڕی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی و ویلایەتەکانی لەخۆدەگرن، سالنامەکان دابەش دەکرێن بۆ سێ جۆر: یەکەمیان گشتییە و لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو، دووەمیان تایبەت بوو بە ئەوانەی کە لەلایەن هەندێک وەزارەت و فەرمانگەی دەوڵەتەوە دەردەکران، سێیەمیان لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەردەچوون و تایبەت بوون بە ویلایەتەکانەوە، بەنمونە سالنامەکانی ویلایەتی بەغداد، موسڵ و بەسرە.(عبدالعظیم عباس نصار: م.س، ل١٢ ؛ م.م بان راوی شلتاغ الحمیداوی: م.س، ل١٩٤، هـ ٤٧)

٦- بڕوانە: سالنامە١٢٧٢ه، دفعە(١٠)، ل١٠٥ ؛ سالنامە١٢٧٣ه ، دفعە(١١)، ل١١١ ؛ سالنامە، ١٢٧٤ه، ل١١٩ ؛ سالنامە ١٢٧٦ه، دفعە(١٤)، ل١٤٩ ؛ سالنامە ١٢٧٨ه، ل١٥٥ ؛ سالنامە١٢٨٠ه، دفعە(١٨)، ل١٨٦.

٧- بڕوانە: سالنامە،(١٢٨٦ه)، دفعە(٢٤)، ل٢٠٣، سالنامە(١٢٨٧ه)، دفعە(٢٥)، ل٢٢٣ ؛ سالنامە(١٢٨٨ه)، دفعە(٢٧)، ل٢٥٢ ؛ سالنامە(١٢٨٩ه)، دفعە(٢٧)، ل٢٥٥ ؛ سالنامە(١٢٩٠ه)، دفعە(٢٨)، ل٢٥٤ ؛ سالنامە(١٢٩١ه)، دفعە(٢٩)، ل٢٥٤ ؛ سالنامە(١٢٩٢ه)، ل٢٥٣.

٨- بڕوانە: سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٣ه)، ل٢٥٢ ؛ سالنامە(١٢٩٤ه)، ل٥٠٢ ؛ سالنامە(١٢٩٥ه)، ل٤٠٨ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٦ه)، دفعە(٣٤)، ل١٨٦ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٧ه)، دفعە(٣٥)، مطبعە عامرە دە اولنمشدر، استانبول، ل٢٥٩ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٣٠٠ه)، دفعە(٣٨)، مطبعە ابوالضیاء، قسطنطینیە، ل٣٢٩.

٩- بڕوانە: سالنامە،(١٢٨٣ک)، دفعە(٢١)، ل١٧٣ ؛ سالنامە،(١٢٨٤ک)، دفعە(٢٢)، ل١٨٤ ؛ سالنامە،(١٢٨٥ک)، دفعە(٢٣)، ل١٩٠.

١٠- بڕوانە: سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٨ه)، دفعە(٣٦)، محمود بک مطبعە سندە طبع اولنمشدر، استانبول، ل٨٧ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٩ه)، دفعە(٣٧)، محمودبک مطبعە سندە طبع اولنمشدر، استانبول، ل٧٨، ١٣٤ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٣٠١ه)، دفعە(٣٩)، ل٥٦ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٣٠٢ه)، دفعە(٤٠) مطبعە عثمانیە طبع اولنمشدر، استانبول، ل٧٤-٧٥ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٣٠٣ه)، دفعە(٤١) محمودبک مطبعە سی، ل٦٧ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٣٠٤ه)، دفعە(٤٢)، ل٦٩ ؛ سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٣٠٥ه)، دفعە(٤٣)، محمودبک مطبعە سی، ل٦٥.

١١- بڕوانە: ١٣٠٨ه، ل١٥٣ ؛ ١٣١٠ه، ل٢١٦ ؛ ١٣١٢ه، موصل ولایتی مطبعە سندە باصلمشدر، ل١٨٥ ؛ ١٣٢٥ه، مطبعە ویلایتدە طبع اولنمشدر، ل٢٢٩-٢٣٠ ؛ ١٣٣٠ه، مطبعە سندە طبع اولنمشدر، موصل، ل٣١٠.

١٢ـ ئەم ناحیەیە لە ئێستادا نەماوە و سالّنامەکانیش ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ناوەندی ناحیەکە کوێ بووە، تەنها ئەوەندە هەیە کە شێخ ئیسماعیلییەکان یەکێکن لە تیرە گەورەکانی عەشیرەتی جاف، ئەم تیرە بە پلەی یەکەم لە گوندی شانەدەری نزیک قەزای سەیدصادق نیشتەجێن، هەروەها بەبڕ و ڕێژەی کەمتر لە گوندەکانی: سەراوی سوبحان ئاغا، گرێزە، کانی پانکە و چەند گوندێکی تری نزیک سەیدصادق بوونیان هەیە. (تۆێژەر)

١٣ـ بڕوانە سالّنامەکانی: ١٣٠٦ک، ل٤٥٨ ؛ ١٣٠٧ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٤٧٨ ؛ ١٣٠٨ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٤٦٩ ؛ ١٣٠٩ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٤٩٥ ؛ ١٣١٠ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٠٥ ؛ ١٣١١ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٣٥ ؛ ١٣١٢ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٥١ ؛ ١٣١٣ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٨٢-٥٨٣ ؛ ١٣١٤ک، مطبعه عثمانیه، ل٥٩٤-٥٩٥ ؛ ١٣١٥ک، عالم مطبعه سی، ل٣٧٠ ؛ ١٣١٦ک، محمودبک مطبعه سی، ل٤٢٨ ؛ ١٣١٧ک، مطبعه عامره، ل٤١٤ ؛ ١٣١٨ک، محمودبک و سرویچه مطبعه لری، ل٤٦٠ ؛ ١٣١٩ک، طاهربك مطبعه سی، ل٥٠٨ ؛ ١٣٢٠، دار الطباعه العامره، ل٥٣١ ؛ ١٣٢١ک، عالم مطبعه سی، ل٥٨١ ؛ ١٣٢٢ک، مطبعه احمد احسان وشرکاسی، ل٥٩٣ ؛ ١٣٢٣ک، مطبعه احمد احسان، ل٦٦١ ؛ ١٣٢٤ک، ل٧٢٥ ؛ ١٣٢٥ک، مطبعه احمد احسان، ل٧٢١ ؛ ١٣٢٦سنه هیجریه سنه مخصوص، مطبعه احمد احسان، ل٧٢٩ ؛ ١٣٢٦ سنه مالیه، سلانیک مطبعه سی، ل٧٥٥.

١٤ـ مەبەستی هەڵەبجەیە، وادیارە ناوی شارەکە بەناوی (محەمەد پاشای جاف)ەوە تۆمارکراوە، بەڵام لەبری ئەوەی بنوسێت (حەمە پاشا یان محەمەد پاشا) نوسەری ئەم بابەتە بە (حاڵپاشا) تۆماری کردووە. (تۆێژەر)

١٥ـ وارماوا وەک لە سالّنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە ناوێکی دیکەشی هەبووە کە بریتی بووە لە خورمم ئاباد. بڕوانە: سالنامه(١٢٧٢ه)، دفعه(١٠)، ل١٠٥ ؛ سالنامه(١٢٧٣ه)، دفعه(١١)، ل١١١، سالنامه(١٢٧٤ه)، دار الطباعه العامره، ل١١٩ ؛ سالنامه(١٢٧٦ه)، دفعه(١٤)، ل١٤٩ ؛ سالنامه(١٢٧٧ه)، دفعه(١٥)، ل١٥٤ ؛ سالنامه(١٢٧٨ه)، دار الطباعه العامره، ل١٥٥ ؛ سالنامه(١٢٧٩ه)، دفعه(١٧)، دار

الطباعه العامره، ل١٦٣ ؛ سالنامه(١٢٨٠ه)، ل١٦٢ ؛ سالنامه(١٢٨١ه)، دفعه(١٩)، دار الطباعه العامره، ل١٩٠ ؛ سالنامه(١٢٨٢ه)، دفعه(٢٠)، دار الطباعه العامره، ل١٧٨.

١٦ـ له سەرەتادا گوندی فەقێ جنه ناوەندی ناحیەی وارماوا بوو، گوندەکه دەکەوێته دامێنی چیای بەرانان به ڕووی قەزای دەربەندیخان دا، تەنها دوو کیلۆمەتر له قەزاکەوه دوورە(تویژەر).

١٧ـ ئەو گوندانه دەکەونه ناوچەکانی: شەمێران و تاوگۆزیی و ناحیەی بەمۆی ئەمڕۆ و گوندی لاورانی سەر به عەشیرەتی ئیمامی، لەکاتی پڕۆسەی ڕاگواتنیشیاندا بەشێکی زۆریان بەتایبەتی گوندەکانی ناحیەی بەمۆ و ناوچەی تاوگۆزی بۆ ئۆردووگای زۆرەملێی زەڕایەن (دەکەوێته سەر ڕێگای گشتی سلێمانی ـ دەربەندیخان)ڕاگوێزران نەک بۆ ئۆردووگاکانی سنووری ئیدارەی هەڵەبجه. (تویژەر)

١٨ـ ناحیەی شارەزوور(سەیدصادق) ئەگەرچی بەر شاڵاوی هێرش و بۆردومانی کیمیایی نەکەوت و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا مایەوه، سەرباری ئەوەش تەنها سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکه لەژێر فشاری دام و دەزگا سەربازییەکانی ڕژێمدا بەتەواوی چۆڵکرا و خەڵکەکەی بۆ ئۆردووگاکانی نەسر و برایەتی ڕاگوێزران و ناحیەکەش لەگەڵ زەویدا یەکسان کرا. (چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ سەڵاح سالار، سەیدصادق، ٢٠١٨/٨/٢٠)

سەرچاوەکان

کتێب:

یەکەم/ کوردی:

- ئەحمەد خواجە: چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٦٩.
- ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان(تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
- بێ ناوی نوسەر: کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و. فەیسەڵ دەباغ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.
- پشکۆ حەمەتاهیر: شاری کەرکوک لە نێوان سالانی (١٩١٧-١٩٢٦)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- حسێن نازم بەگ: مێژووی میرایەتی بابان، و.حسێن حەسەن کەریم و سدیق سالح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣.
- خالید مەحمود کەریم: دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور (١٨٦٩-١٩٢١)، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ڕەفیق سالح(ئامادەکردن): ڕۆژنامەی ژیان ژ(١-٨١)، لێکۆڵینەوەی صدیق سالح، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- سدیق سالح: حکومەتی کوردستان(١٩١٨-١٩٢٤)، چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- شاکر فەتاح: ئاوێنەی ژیانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
- عادل صدیق: هەڵەبجە(١٨٨٩-١٩٣٠)، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی نوسەر، سلێمانی، ٢٠٠٨.

هەولێر کتێبخانەی

- عادل صدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا، هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦) بەنمونە، چاپخانەی ڕێنوێن، ٢٠١٨.
- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- عەبدلعەزیز سلێمان نوار: میژووی نوێی عێراق (لە کۆتایی حوکمی داود پاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەدحەت پاشا، و.عوسمان عەزیز عەللاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢.
- عومەر خدر خدر: میرنشینی ئەردەڵان لە نێوان سالانی (١٧٩٩-١٨٦٧ز)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- کەریم بەگی فەتاح بەگ: تەئریخی جاف: لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، دارالکتب والوثائق، بەغداد، ١٩٩٥.
- کلۆدیۆس جیمس ڕیچ: گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی. حەمەی حەمەباقی، چاپی یەکەم، تەوڕێز- ئێران،١٩٩٢.
- گۆران ئیبراهیم سالح: کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان سالانی (١٨٧٦-١٩٠٩)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٧.
- مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان(١٨٢٠-١٩٢٠)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- مەستوورەی کوردستانی: میژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی.مامۆستا هەژار، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١.
- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

- نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی ـ فارسی (١٦٣٩-١٨٤٧)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨.

دووەم/ عەرەبی:

- الوقائع العراقية، العدد(٣٧١٥)، ١٩٥٥/١٠/٢٢.
- الوقائع العراقية، العدد(٢٦٣)، ١٩٥٩/١١/٢٤.
- الوقائع العراقية، عدد(٤٤١)، ١٩٦٠/٩/١٨.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء السليمانية وكركوك، مطبعة العاني، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية(مديرة الداخلية العامة): الموسوعة الاحصائية عن التقسيمات الادارية في الجمهورية العراقية، وامشاريع المنجزة خلال ثلاث سنوات في عهد الثورة المباركة، مطبعة الادارة المحلية، بغداد، ١٩٦٢.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية تسجيل الاحوال المدنية العامة، مديرية الشعبة الفنية، دليل التعداد السنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارةت الداخيلة، مديرية تسجيل الاحوال المدنية العامة، مديرية الشعبة الفنية، دليل التعداد العامة للسنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية ـ بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، دائرة احصاوات السكان والقوي العاملة، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٣.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازي المركزي الاحصاو، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة ١٩٧٧، تشرين الاول ١٩٧٧.
- دكتور خليل اينالجيك: تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الي الانحدار، ت.محمد.م.الارناؤوط، طبعة الاولى، دارالمدار الاسلامي، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٢.
- ستيڤن هيمسلي لونگريك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمه. جعفر الخياط، طبعة الرابعة.

- دكتور جبار قادر وطارق جامباز: قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكرد وكردستان، مطبعة الحاج الهاشم، اربيل، ٢٠١٣.
- عبدالعظيم عباس نصار: بلديات العراق في لاعهد العثماني(١٥٣٤-١٩١٨)، طبعة الاولى، المكتبة الحيدرية، ٢٠٠٥.
- دكتورعبدالله غفور: التشكيلات الادارية في جنوبي كوردستان(١٩٢١-٢٠٠٧)، ط٢، اربيل، ٢٠٠٨.
- عطاء محمد علاالدين: قضاء هەڵەبجه، طبعة الاولى، مطبعة تيشك، مركز الدراسات الكردية(كوردۆلۆجى)، السليمانية، ٢٠٠٨.
- محمد خورشيد باشا: رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وايران، ت.مصطفى زهران، طبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٢٩٠-٢٩٧.
- محمد علي قرداغي: الشيخ عبدالله الخرباني من خلال مخطوطات مكتبته، مطبعة مجمع العلمى الكردى، بغداد، ١٩٧٤.
- وزارة الحكم المحلي: الدليل الاداري للجمهورية العراقية(١٤٠٩/١٩٨٩ - ١٤١٠/١٩٩٠).

هەوالنامەی کتێب

سێیەم/ تورکی:

- سالنامه(١٢٧٢هـ)، دفعه(١٠).
- سالنامه(١٢٧٣هـ)، دفعه(١١).
- سالنامه(١٢٧٤هـ)، دفعه(١٢).
- سالنامه (١٢٧٦هـ)، دفعه(١٤).
- سالنامه(١٢٧٧هـ)، دفعه(١٥).
- سالنامه (١٢٧٨هـ)، دفعه(١٦).
- سالنامه(١٢٧٩هـ)، دفعه(١٧)، دار الطباعه العامره.
- سالنامه(١٢٨٠هـ)، دفعه(١٨).
- سالنامه(١٢٨١هـ)، دفعه(١٩)، دار الطباعه العامره.
- سالنامه(١٢٨٢هـ)، دفعه(٢٠)، دار الطباعه العامره.
- سالنامه(١٢٨٣هـ)، دفعه(٢١).
- سالنامه(١٢٨٤هـ)، دفعه(٢٢).
- سالنامه(١٢٨٥هـ)، دفعه(٢٣).
- سالنامه(١٢٨٦هـ)، دفعه(٢٤).

- سالنامه(١٢٨٧هـ)، دفعه(٢٥).
- سالنامه(١٢٨٨هـ)، دفعه(٢٦).
- سالنامه(١٢٨٩هـ)، دفعه(٢٧).
- سالنامه(١٢٩٠هـ)، دفعه(٢٨).
- سالنامه(١٢٩١هـ)، دفعه(٢٩).
- سالنامه(١٢٩٢هـ)، دفعه(٣٠).
- سالنامه (١٢٩٤هـ)، دفعه(٣٢).
- سالنامه (١٢٩٥هـ)، دفعه(٣٣).
- سالنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢هـ)، دفعه(١)، مطبعه ویلایت بغداد.
- سالنامه دولت علیه عثمانیه:
- ١٢٩٣هـ.
- ١٢٩٦هـ، دفعه(٣٤).
- ١٢٩٧هـ، دفعه(٣٥)، مطبعه عامره ده اولنمشدر، استانبول.
- ١٣٠٠هـ، دفعه(٣٨)، مطبعه ابوالضیاء، مقسطنطینیه.
- ١٢٩٨هـ، دفعه(٣٦)، محمود بك مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول.
- ١٢٩٩هـ، دفعه(٣٧)، محمود بك مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول.
- ١٣٠١هـ، دفعه(٣٩).
- ١٣٠٢هـ، دفعه(٤٠) مطبعه عثمانیه طبع اولنمشدر، استانبول.
- ١٣٠٣هـ، دفعه(٤١) محمود بك طبعهسی.
- ١٣٠٤هـ، دفعه(٤٢).
- ١٣٠٥هـ، دفعه(٤٣)، محمود بك مطبعهسی.
- ١٣٠٦هـ.
- ١٣٠٧هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣٠٨هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣٠٩هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٠هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١١هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٢هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٣هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٤هـ، مطبعه عثمانیه.
- ١٣١٥هـ، عالم مطبعهسی.

هەولێر ئەدەبی کتێبخانەی

- ١٣١٦هـ ، محمودبك مگبەسی.
- ١٣١٧هـ ، مطبعه عامره.
- ١٣١٨هـ ، محمودبك و سرويچه مطبعەلری.
- ١٣١٩هـ ، طاهربك مطبعەسی.
- ١٣٢٠هـ ، دار الطباعه العامره.
- ١٣٢١هـ ، عالم مطبعه سی.
- ١٣٢٢هـ ، مطبعه احمد احسان وشركاسی.
- ٩٣-١٣٢٣هـ ، مطبعه احمد احسان.
- ١٣٢٤هـ .
- ١٣٢٥هـ ، مطبعه احمد احسان.
- ١٣٢٦سنه هيجريه سنه مخصوص، مطبعه احمد احسان.
- ١٣٢٦ سنه ماليه، سلانيك مطبعهسی.
- ١٣٢٧هـ ، سلانيك مطبعه سی.
- ١٣٢٨هـ ، سلانيك مطبعه سی.
- ١٣٣٣-١٣٣٤هـ ، هلال مطبعەسی – باب عالی قارشوسنده.
- سالنامه ويلايت موصل:
- ١٣٠٨هـ .
- ١٣١٠هـ .
- ١٣١٢هـ ، موصل ولايتی مطبعه سنده باصلمشدر.
- ١٣٢٥هـ ، مطبعه ويلايتده طبع اولنمشدر.
- ١٣٣٠هـ ، مطبعەسنده طبع اولمنمشدر، موصل.
- شمس الدين سامي فراشری: قاموس الاعلام، دردنجی جلد، ميهران مطبەسی، استانبول، ١٣١١هـ .
- شمس الدين سامی فراشری: قاموس الاعلام، بيشنجی جلد، ميهران مطبعهسی، استانبول، ١٣١٤هـ .
- شمس الدين سامی فراشری: قاموس الاعلام، التنجی جلد، مهران مطبعهسی، استانبول، ١٣١٦هـ .

چوارەم/ ئینگلیزی:

- Shorsh m. Resool: Destruction of a nation, First Printing, U.S.A, July1990.

هەوالنامەی کێشێ

گۆڤار:

یەکەم/ کوردی:

- سامان سەڵاح: هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٢)، ٢٠١٧.
- محەمەد غەفور شەریف: سالنامەی هەڵەبجە، سالنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە، ژ(١)، سلێمانی، ١٩٩٧/٣/١٦.

دووەم/ عەرەبی

- عبدالفتاح علی یحی: سالنامات الموصل العثمانیة مصدرا لدراسة تاریخ السلیمانیة، مجلة جامعة دهوك، العدد(٢)، ٢٠٠٠.

ڕۆژنامە:

- پێشکەوتن
- ژ(١)، ١٩٢٠/٤/٢٩.
- ژ(٤)، ١٩٢٠/٥/٢٠.
- ژ(٩)، ١٩٢٠/٦/٢٤.
- ژ(١٧)، ١٩٢٠/٨/١٩.
- ژ(٢٩)، ١٩٢٠/١١/١١.

چاوپێکەوتن:

- چاوپێکەوتنی تۆێژەر لەگەڵ سەڵاح سالار، سەیدصادق، ٢٠١٨/٧/٢٠.

هەوالنامەی کتێب

ملخص

ملخص البحث تتضمن هذه الدراسة التغييرات التي حصلت في قضاء حلبجة من ١٨٦٩ الى ١٩٨٨م. الموضوع تقتضي تقسمه الى قسمين: يتناول القسم االأول وصول العثمانيين الى منطقة شهرزور ١٥٣٤ وانشاء ويلاية شهرزور ومكانة حلبجة فيها كما يتناول الحديث عن أمارة بابان وجعل حلبجة مركزا لوحدة ادارية وسيعة، بالاضافة الى التغييرات التى طرأت تلك الحقبة على الحدود الادارية لتكلم المنطقة. وفي القسم الثاني تكلم الباحث باتفصيل عن التغييرات التي حدثت في حلبجة أيام تواجد الانجليز فيها وأيام الشيخ محمود، بيد أن التغييرات الكبرى التى حدثت في تلك الحقبة بدأت منذ العقد االأول من الخمسينيات اانتهت بالغاء قضاء حلبجة عام ١٩٨٨. وكانت العوامل السياسية والعسكرية أكثر دورا في أحداث تلكم التغييرات علاوة على كل ذلك فقد سلط الضوء على التغييرات التي أجريت على اسم مركز القضاء وعلى أسماء النواحي التابعة لها.

Abstract

The content of this research talks about administrative changes in Halabja district during (1869-1988). It is consist of two parts. The first part discusses the arrival of the Ottoman Empire to the region of Sharazwr in (1534), and the establishment of Sharazwr state. Moreover, it indicates the role of Halabja in Sharazwr and Baban states. Then, in this research, we have illustrated how Halabja became a centre of administrative affair at that time and those changes that had occurred in the region.

In the second part, the research looks up in detail for all of the changes that had happened during English colonization in the period of Sheikh Mahmoud, as the big changes were after the 1950s until 1988. In fact, the political and military reasons were the most important factors that had a significant impact on all of the changes in the region. In addition, this research sheds light on changes in the name of the district and its township.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (2014-2017)

تۆێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

هەواڵنامەی کێبڕکێ

م. ی. کارزان حسن عبدالرحمن
قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلیژی ئاداب
karzan.abdulrahman@soran.edu.iq

پ. د. تاهیر حسۆ زێباری
زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلیژی ئاداب
tahir.zebari@su.edu.krd

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکانی قەیرانی داراییە لەسەر تاک و کۆمەڵگا لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی). بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکانیش چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە لە جۆری نیمچە ڕێکخراو. کۆمەڵگەی توێژینەوەش شاری هەولێرە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (12) کەس لە شارەزایان و پسپۆڕان لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی).

لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە قەیرانی دارایی کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنیی هەبووە لەسەر تاک و کۆمەڵگا. لە بواری کۆمەڵایەتی، بۆتە هۆی زیادکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوان و توندوتیژی و لێکجیابوونەوە) و لاوازبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە بواری دەروونیش، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتیی دەروونی زیادکردووە. لە بواری سیاسیشدا، هۆکارێک بووە بۆ لاوازی ئینتمای نیشتمانی و ناسەقامگیریی سیاسی. هەروەها لە بواری پەروەردەشدا، بۆتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی پەروەردە و دابڕانی قوتابی و مامۆستا لە قوتابخانەکان. لە بواری ئابووریش، دیاردەکانی هەژاری و بێکاری زیادکردووە. لە بواری تەندروستیدا، مەترسی بووە لەسەر گیانی نەخۆش لە کەمکردنەوەی دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان. هەروەها لە بواری ژینگەییشدا هەڕەشە بووە لەسەر ئاسایشی ژینگە.

وشە کلیلییەکان: قەیران، قەیرانی دارایی، قەیرانی ئابووری.

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی (2014-2017)/ توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

پێشەکی

سەرەڕای ئەو پێشکەوتن و داهێنانەی کە جیهان بەخۆیەوە دیوە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بەڵام نەتواندراوە ڕێگری لە دروستبوونی گرفت و قەیرانە جۆراوجۆرەکان بکرێت. ئابووری جیهانی بەگشتی و بازاڕی دارایی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی کەوتۆتە بەر زنجیرەیەکی یەک لە دوایەکی قەیرانە دارایی و ئابووریەکان، واتە مێژووی کۆمەڵگاکان ئاشنان بە قەیرانەکان و کاریگەریی گەورەیان خستۆتە سەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگا.

قەیرانە دارایەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی قوواڵیان هەیە و دووچاری سیستەمە ئابووریە جۆراوجۆرەکان بوونەتەوە و سروشت و جۆر و هۆکارەکانی قەیرانە دارایەکان، بەپێی سروشتی سیستەمەکان و واقعی کۆمەڵگاکان، لە گۆڕاندایە.

لە ماوەی (200) ساڵدا سیستەمی سەرمایەداری، (33) قەیرانی ئابووری و دارایی جۆوراوجۆری بەخۆیەوە دیوە، ئەم قەیرانانەش جیاوازبوونە لە ڕووی ماوە و جۆر و کاریگەرییان لەسەر ئاستی چالاکیی ئابووری (ابو طه، 2016: 29، 30).

هەرێمی کوردستانی عێراق لە دوای ساڵی (2014)، بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایەوە بە ڕەوش و بارودۆخێکی سەختی دارایی و ئابووری تێدەپەڕێت. ئەم قەیرانەش لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگای دووچاری بارودۆخیکی سەخت و نەخوازراو کردۆتەوە، چونکە تێکچوونی باری دارایی و ئابووری لە کۆمەڵگا

هەولێری کێبڕکێ

ڕەنگدانەوەی نەرێنیی گەورەی هەیە لەسەر سەقامگیری و هاوسەنگیی تەواوی سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شیکردنەوە بۆ ڕەوش و بارودۆخی سەختی گوزەرانی هاوڵاتیان بکرێت و دەستنیشانی کاریگەری و ئاکامەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە سەرەتای ساڵی (2014-2017) بکرێت، کە تیایدا تاک و کۆمەڵگا دووچاری بارودۆخێکی سەختی ژیان بوونەتەوە لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی ، تەندروستی و ژینگەیی). جێگەی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی پێکهاتووە لە چەند تەوەرێکی سەرەکی.

تەوەرەکانی توێژینەوەکە:-

تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

1- گرفتی توێژینەوە

دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بە هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەسپێک دادەندرێت، لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دواجار بەچەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. قەیرانی دارایی بە یەکێک لەو چەمک و پرسە فراوان و فرە ڕەهەندانە دادەندرێت کە لە جیهاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و بۆتە بابەتی توێژینەوەی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئاسەواری نەرێنیی گەورەیان لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە.

کاریگەری و ئاسەوارەکانی قەیرانی دارایی لە ساڵی (2014) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵستر و زیاتر بوون و ڕوخسارەکانی بەدیارکەوتن لەسەر ئاستی بژێویی خەڵک و داهاتی خەڵک و داتەپینی بازاڕ و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری و دزی و لاوازبوونی چینی ناوەند، هەروەها

زیادبوونی ڕێژەی تاوان و توندوتیژیی خێزانی و تەڵاق و لاوازبوونی متمانە لە نێوان خەڵک و حکومەت، لەهەمان کاتدا دروستبوونی مەترسی لەسەر گیانی نەخۆش و کەمبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، هەموو ئەم بارودۆخە نەخوازراوانەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی و تەندروستی و ژینگەیی، ئاسەواری نەرێنییان لەسەر تاک و کۆمەڵگا دروستکرد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی خراپترین قەیرانی دارایی بۆتەوە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز کە هەموو جومگەکانی توانای حکومەتی هەرێمی لەکارخستووە بۆ بەردەوام بوون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری لە کەرتی گشتی و پێویستییە سەرەتاییەکان نەک تەنها بۆ ئاوارەکان و پەنابەران، بەڵکو بۆ هاوڵاتییانی هەرێمیش. ئەم هۆکارانەش بریتیین لە بڕینی ڕێژەی(17%) بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (2014) و تێچووی زۆری شەڕی داعش و بارگرانیی دارایی ئاوارە و پەنابەران لەسەر کەرتی گشتی، کە ساڵانە بە (1.8) ملیار دۆلار دەخەملێندرێت، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت کە ڕێژەی لە (90%) داهاتی حکومەت پێکدێنێت ڕووبەڕووی گەورەترین کێشەی دارایی بۆتەوە، بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و دابینکردنی پارەی تەرخانکراو بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.(ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم،2016 :1).

لێرەدا گرفتی توێژینەوەکە بە پرسیارێکی سەرەکی دەخەینەڕوو:-

- ئایا گرینگترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی)، لەسەر تاک و کۆمەڵگا چین؟

2- گرینگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر بابەتێکی هەنووکەیی لە کوردستاندا کە قەیرانی داراییە، هەروەها هەوڵدانە بۆ دەرخستنی گرنگترین هۆکار و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، بە پشت بەستن بە رێکارە میتۆدییەکان و خستنەڕووی ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو, کە بە دەستهاتوون لەسەر بنەمای ئەنجامەکان لەمەڕ واقعی بابەتەکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ئاسەوارە نەرینییەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە ئامانجی سوود وەرگرتن و جێبەجێکردنییان لەواقعدا.

3- ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی ڕاستییەکانە، دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە هزری توێژەر گەڵاڵە دەبن لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەی، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:- زانین و دەستنیشانکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییەنەرێنییەکانی قەیرانی دارایی لە سەر تاک و کۆمەڵگا لە ماوەی (2014-2017) لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی).

4- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

یەکەم:- قەیران (crisis)

لەڕووی زمانەوانییەوە:- لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی قەیران (ازمة) بەمانای سەختی و قاتوقڕی و برسێتی(الشدة والقحط) دێت(المعجم الوسیط2004 :34). لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیش (crisis) بەچەند مانایەک هاتووە: 1- خاڵی وەرچەرخان. 2- قەیران. 3- قۆناغێکی

مەترسیدار و خاڵێکی سەخت و ئاڵۆزبوون. (Oxford Dictionary, 1984:16)

لەڕووی چەمکەوە:- تۆیژەر (Herman,1963:211) باوەڕی وایە قەیران هەڵوێستێکی دیاریکراوە و خاوەن (3) ڕەهەند و خەسڵەتە کە پێکهاتوون لە:-

1. هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئامانج و بەها و بەرژەوەندییەکان.
2. کاتێکی کەم و دیاریکراو بۆ وەڵامدانەوەی، کە دەتوانین ئەنجامی بدەین.
3. هەڵوێستێکی لەناکاو و چاوەڕوانەکراوە.

(بدوي ،91:1982) باوەڕی وایە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە قەیران بەمانای وەستانی کار و چالاکییە ڕێکخراو و چاوەڕوانکراوەکان دێت، هەروەها شڵەژانی داب و نۆرمەکانە کە پێویستی بەگۆڕانکارییەکی خێرا هەیە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و بونیادنانی دابی نوێ و گونجاوتر.

لە ڕووی پێکهاتەوە قەیران هەڵوێستێکی نائاسایی و چاوەڕوانەکراوە، مەترسییەکی گەورە و خێرای هەیە و ڕووداوی تر بەدوای خۆیدا دێنێت، لەهەمان کاتدا هەڕەشەیە لەسەر توانای تاک، ڕێکخراو، کۆمەڵگا بۆ خۆڕاگرتن و مانەوە، قەیران هەر تەنها هەڕەشە ناگرێتەوە بەڵکو هەڵێکیشە بۆ گۆڕانکاری(محمد،2011: 48). لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا: قەیران بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی نەخوازراوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێتەوە، گوزارشتە لەگۆڕانێکی نەرێنیی لەناکاو و هەڵگری ڕەگەزی هەڕەشە و شڵەژان و مەترسییە لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

دووەم:- قەیرانی دارایی (financial crisis)

قەیرانی دارایی بریتییە لەڕوودانی کەموکوڕییەکی ترسناک و لەناکاوی ڕێژەیی کە دووچاری ڕەفتارە ڕاهاتووەکانی ڕێکخراوە داراییەکان دەبێت، کە کۆمەڵێک مەترسی ڕاستەوخۆ و گەورە لە خۆدەگرێت بۆ سەر دەوڵەت و ڕێکخراوەکان و تاک و هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان، ئەم کەموکوڕیەش پێویستی بە بەشدارییەکی خێرا و چالاک هەیە لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان(Ramkishen, 2007: 92,104).

(شحاتە،2010 :3) پێناسەی قەیرانی دارایی دەکات بە شڵەژانێکی توند و لە ناکاو لە هەندێ لە هاوسەنگییە ئابووریییەکاندا کە دەبێتە هۆی داڕمانی ژمارەیەک لە دەزگا داراییەکان و کاریگەرییەکەشی بۆ کەرتەکانی تریش دریژدەبێتەوە.

توێژەران(Mishkin and Eaknis, 2014: 6) باوەڕیان وایە قەیرانی دارایی بریتییە لە تێکچوونە سەرەکییەکان لە بازاڕە داراییەکان کە دابەزینێکی گەورە و توند لە نرخی کەل و پەل و کالاکان و هەروەها هەرەسهێنان و سەرنەکەوتنی زۆرێک لە دامەزراوە داراییەکان و دامەزراوەکانی تر، جیادەکرێتەوە و دەناسرێت.

یەکێک لەو چەمکانەی کە پەیوەندییەکی بەتینی بە قەیرانی داراییەوە هەیە بریتییە لە قەیرانی ئابووری، زۆرێک لە زانایان ئاماژە بە پەیوەندی و پێکەوەبەستراوی ئەم دوو چەمکە دەکەن.

ئەگەر قەیرانی دارایی لە سەرەتاوە پەیوەندیی بە بازاڕی داراییەوە هەبێت، ئەوا ئاسەوارەکانی کاریگەریی لەسەر ئابووریی ڕاستەقینە دەبێت، کە باوەڕپێدان کەمدەبێتەوە و دواتریش ئاستی وەبەرهێنان دادەبەزێت، کە

قەیرانی ئابووری ڕووەدات و هەتا دەبێت بەداڕووخانی ئابووری(بلعباس،2009: 9).

دەتوانین لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا بڵێین قەیرانی دارایی جۆرێکە لە مایەپوچبوون و داڕمانی سیستەمی دارایی و دامودەزگا داراییەکانی میری، یاخود گوزارشتە لە شڵەژانێکی توند و لە ناکاوی بەهای هەبووەکان (الأصول) و سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی وڵات، لە ئەنجامی گۆڕانکاریی ناوخۆیی یان دەرەکی لەڕووی سیاسی و داراییەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپبوونی گوزەران و دروستبوونی کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی، وەکو بێکاری و تاوان و هەژاری و توندوتیژی و تێکچوونی شیرازەی خێزان.

سێیەم:- قەیرانی ئابووری (Economical Crisis)

(ابو الرشته ،1990: 2) باوەڕی وایە قەیرانی ئابووری بریتییە لە شڵەژانێکی توند لە سازدان و ڕاییکردنی کاروبارەکانی دامەزراوە داراییەکانی میری ناو کۆمەڵگا و پێویستیی بە توانایەکی فراوان هەیە، بۆ لابردن و دووبارە گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ جێگیری و ڕاستەڕێبوون، مەبەست لە قەیرانی ئابووری تەنها کەموکوریەکی سادە نییە، لە کاروباری دارایی کە بتواندرێت چارەسەر بکرێت بە ئامرازی ئاسایی وەکو کەموکورییەکانی تر کە پێشبینی دەکرێت لە کاروبارەکانی ژیان ڕووبدات.

(ابراهیم،111:2007) باوەڕی وایە قەیرانی ئابووری گوزارشتە لەو ماوەیەی کە ڕێڕەوی گەشەی ئابووری دەپچڕێت و دەبێتە هۆی نەمان و لە دەستدانی ڕێکخستنی ئابووری کە کۆمەڵێک شێوە لەخۆدەگرێت، وەکو هەرەسهێنانی بازاڕی دارایی، زۆربوونی باجەکان و بێکاری.

(الصمادي،2010: 3) قەیرانی ئابووری بەمانای شڵەژانێکی تونده له ڕاییکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی دەوڵەت که پێویستیی به توانایەکی فراوان هەیه، بۆ لابردن و گێڕانەوەی بارودۆخەکه بۆ جێگیری و ئاسایی کردنەوه. له پێناسەیەکی ڕێکاریدا: قەیرانی ئابووری بریتییه له بارودۆخێکی ئابووری ناڵەبار و نەخوازراو دووچاری ئابووری کۆمەڵگا دەبێتەوه، له ئەنجامی هەرەسهێنان و داتەپینی سەرچاوه داراییەکان و لاوازبوونی چالاکییه ئابووریيەکان، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سەرجەم سێکتەر و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

تەوەرەی دووەم : هۆکارەکانی قەیرانه داراییەکان

1. ناسەقامگیریی ئابووری هەمووەکی: (عبدالرضا و الجوارین،2013:31،32). یەکێک له گرنگترین سەرچاوه دەرەکییەکانی قەیران بریتییه له هەڵبەزودابەزی له مەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، لەو کاتەی مەرجەکانی بازرگانی دابەزی و لاوازبوو ئەم بارودۆخه قورس دەبێت بۆ ئەوانەی له بانکەکان کاردەکەن، که سەرقاڵن به چالاکییەکانی هەنارده و هاوردەکردن تاوەکو وەفاداربن بەرامبەر پابەندبوونەکانیان بەتایبەت خزمەتگوزاریی قەرز. لەم بارەیەوه داتاکانی بانکی نێودەوڵەتی ئاماژه بەوه دەکات له (75%) وڵاتانی تازه پێگەیشتوو که دووچاری قەیرانی دارایی بوون ئەوا پێش ئەوەی قەیرانەکه ڕووبدات بەڕێژەی له (10%)، دابەزینی مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانییان بەخۆیەوه دیوه.

2. شڵەژانی کەرتی دارایی: فراوانبوونی پێدانی (باوەڕپێدان*) و هەڵقوڵانێکی گەورەی سەرمایەدارەکان له دەرەوه و داڕمانی بازاڕی کاغەزه داراییەکان، خاڵی هاوبەشی ئەو قەیرانه داراییانەیه که له وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوویاندا. لەلایەکی ترەوه فراوانبوونی پێدانی باوەڕپێدان دەبێته هۆی ڕووداتی دیاردەی چڕکردنەوەی باوەڕپێدان لەجۆرێکی دیاریکراو له قەرزەکان، وەکو قەرزەکانی بەکاربەر یان

خانووبەرە، وەکو ئەو قەیرانە دارایییەی کە لە کۆریای باشوور ڕوویدا، یاخود لە کەرتێک لە کەرتەکان ڕووبدات وەکو کەرتی حکومی یان پیشەسازی یان بازرگانی وەکو قەیرانی ولاتی تایلاند. (عبدالرضا و الجوارین، 2013: 33).

3. **ساختەکاری و گەندەڵییە دارایییەکان:** ئەگەر ساختەکاری و گەندەڵییە دارایییەکان فاکتەری دروستبوونی تەنگژە دارایییەکان نەبن، ئەوا بێگومان لە قووڵبوونەوە و فراوانبوونی ئەو جۆرە تەنگژانەدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، لەزۆر حاڵەتدا ساختەکاری و گەندەڵییە دارایییەکان، بوونەتە هۆی ڕووخانی دامەزراوە دارایییەکان. (درەخشان،2010: 30)

4.**سیاسەتی نرخی ئاڵوگۆڕ:** تێبینی دەکرێت هەموو ئەو ولاتانەی کە پەیڕەوی سیاسەتی نرخی جێگیریی بانکی دەکەن، زیاتر ڕووبەڕووی خورپەی دەرەکی دەبنەوە، هەروەها لە ژێر سێبەری ئەو سیستەمەدا ئەستەمە دەستەڵاتی نەختینە بتوانێت ڕۆڵی بانکێک ببینێت، کە وەکو پەناگەهێک وابێت بۆ قەرزکردنی دراوە بیانییەکان، ئەمەش مانای لەدەستدانی یەدەگی پارەی بیانییە لەلایەن دەستەڵاتی نەختینە و مانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دراو دەگەیەنێت، وەکو قەیرانی ولاتی ئەرجەنتین و مەکسیک. (الناجي،2004 : 8)

6. **سستی و لاوازی لە ڕێکخستنی بازاڕە دارایییەکاندا:** یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی تەنگژە دراییەکان لاوازی و سستیی حکومەتەکان لە ڕێکخستنی بازارە دارایییەکانە. ئەگەر تەنگژە دارایییەکان ببنە دروستبوونی بێبازاری ئابووری، بەهەڕەشەو مەترسییەکی زۆر جیدی بۆ سەر حکومەتەکان لە قەڵەم دەدرێن، لەم ڕووەوە حکومەتەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ڕێگری لە بەردەم دروستبوونی تەنگژە دراییەکاندا دروست بکەن. (درەخشان،2010، ل27).

(درەخشان،2010 : 27)

تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

1. سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە عێراق:- بە پێی وتەی ڕاوێژکاری ئابووری سەرۆک وەزیرانی عێراق (د. صالح) عێراق لە قەیرانێکی داراییدا دەژێت، لەماوەی دابەزینی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی (2014) بووە هۆی تێکچوونی تەرازووی پێدانی عێراقی و ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بوودجەی عێراق. (صالح ،2017)

ئابووری عێراق پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دەرامەتەکان و هەناردەکان، بۆیە دابەزینی نرخی نەوت بە شێوەیەکی گەورە، هۆکارێکی سەرەکی قەیرانی داراییە. (عبدالعزاوی،2015،ص277،278) هەروەها عێراق بۆ پارەدارکردنی بوودجەکەی لە (97%) پشت بە دەرامەتی نەوتی دەبەستێت (السلیم،2016).

کەواتە دەتوانیین بڵێین ئەو قەیرانە داراییەی کە لە عێراق ڕوویدا، ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و سەرچاوەی داهات و دەرامەتەکانی لەحکومەتی عێراقی دابینەدەکرا، کە پشکی (17%)یە.

2.شەڕکردن لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆرستیی (داعش**) و زیان و خەرجییەکانی:

(کرستین لاغارد) بەڕێوەبەری گشتیی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی (الصندوق النقد الدولي) باوەڕی وایە هێرشەکانی داعش بوونە هۆی ڕشتنی خوێنی هەزاران هاوڵاتی و هۆکاری ڕوودانی قەیرانێکی مرۆیی گەورە. هەروەها فراوانبوونی ئەو هێرشانەی داعش بووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بەڕێژەی (50%) لەماوەی چەند مانگێک، ئەمەش

بووه هۆی ڕوودانی خورپەیەکی گەورەی دەرەکی بۆ تەرازووی پێدان و داهات و بووجەی سالانەی عێراق کە بە شێوەیەکی گەورە پشتی دەبەستا بە ڕەسیدەکانی ناردنی نەوت.(لاغارد،2015 :1)

ئەوەی قەیرانەکەی ئەوەندەی تر قورسکردووە، شەڕی چەکدارانی داعشە، بە شێوەیەک لەڕێی داخستنی خاڵە سنووریەکانەوە کاریگەریی لەسەر هاوردە و هەناردەکردنی کالا دروستکردووە و داهاتی خاڵە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ (50%) دابەزاندووە، هەروەها ئاوارەبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەش کە داعش دەستی بەسەرداگرتووە، خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی زیاتر کردووە.(حەمە کەریم و ئەوانی تر،2015 :93)

لەلایەکی ترەوە ئەو هەڕەشانەی کە داعش لە ڕۆژئاوا و باکووری عێراق دروستیکرد، بووە هۆی چێهێشتنی کۆمەڵێک کۆمپانیای وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی دۆزەرەوەی نەوت و هەندێ بانکی بیانی لە هەولێر، لە هەمانکاتدا کەرتی گەشتوگوزاری لە هەرێم و بەتایبەتیش لە شاری هەولێر زۆر کاریگەر بوو بەم بارودۆخەی بەجۆرێک ڕێژەی گەشتیارە ناوخۆیی و بیانییەکان کەم بوویەوە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی داهاتی دارایی تایبەت بە کەرتی گەشتوگوزار. (الحمداني ،2014)

بەپێی وتەی وتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار لە کوردستان (نادر ڕۆستی) سالی (2013) نزیکەی (3) ملیۆن گەشتیار ڕوویان لە هەرێم کردووە، داهاتی ئەم ساڵ زیاتر بوو لە (650.000.000) دۆلار، بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و هاتنی داعش، بووە هۆی نەهاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆ هەرێم، بۆیە ڕێژەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە کەمی کرد و لە سالی (2014) لە (60%) کەمی کرد، هەروەها لە سالی (2015) بەهەمان شێوە لە(60%) کەمیکردووە. (ڕۆستی ،2015).

3. هاتنی لێشاوی ئاواره و کۆچبەران بۆ هەرێمی کوردستان: لە دوای ڕوخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس لە عێراق لە ساڵی (2003) ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دووچاری خراپی بارودۆخی ئاسایش بوونەوە، هاوڵاتیانی عەرەب پەیتا پەیتا کۆچیان کرد بۆ شوێنە ئارامەکان لە وڵاتانی دەوروبەر و هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەدوای داگیرکردنی شاری موسل لەلایەن داعشەوە لە ساڵی (2014).

بەپێی نوێترین سەرژمێری (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان –وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان،2017). هاتووە:-

خشتەی ژمارە (١)

کۆی گشتیی ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان

کۆی گشتی ژمارەی ئاوارەکان (تاک)				کۆی گشتی ژمارەی بەنابەران (تاک)	
پارێزگا	ناو کامپ	دەرەوەی کامپ	پارێزگا	ناو کامپ	دەرەوەی کامپ
هەولێر	105.151	459.601	هەولێر	32.781	85.013
دهۆک	199.461	334.691	دهۆک	50.228	33.611
سلێمانی	19.092	214.500	سلێمانی	8.259	23.114
کۆ	323.704	1.008.792	کۆ	91.268	141.738
کۆی گشتی	1.333.496		کۆی گشتی	233.006	
کۆی گشتی ئاوارەکان و پەنابەران : 1.565.502 کەس.					

ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە سوود وەرگرتن لە داتاکانی (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان– وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2017).

لە ئەنجامی ئەو شەپۆلە ئاوارە و پەنابەرانە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (30%) زیادی کردووە، لەکاتێکدا ئاوارەکان بەبەردەوامی خزمەتگوزاریی ئاسایش و پاراستن و خزمەتگوزاریی تریشیان پێشکەشکراوە، ئەمەش لەسەر حیسابی ئابووری کوردستان بووە(ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، 2015). بێگومان بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان قورسایی و تێچوویەکی زۆر دەخاتە سەر حکومەت لە دابینکردنی بوودجەی تایبەت بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارەکان.

4. دابەزینی نرخی نەوت: دوای ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، بووە خاوەن کێڵگەی نەوتی تایبەت بەخۆیی و ڕاکێشانی چەندین کۆمپانیاکانی بواری نەوت و غاز و بە سەربەخۆ دەستی کرد بە فرۆشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت، بەڵام لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا، کوردستانیش زیانێکی گەورەی دارایی بەرکەوت، وەکو هەر وڵاتێکی تری بەرهەمهێنەر و هەناردەکەری نەوت.

بەبڕوای (الخنسي،2015) دابەزینی گەورە لەنرخی نەوت زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە وڵاتانی بەرهەمهێن، بەتایبەت ئەگەر ئابووری ئەو وڵاتانە پشت ببەستێت بە دەستهاتەکانی نەوت لە (90%) وەکو وڵاتانی کەنداو، هەروەها قەبارەی کاریگەرییەکە زیاترە لەسەر ئەو وڵاتانەی کە باری داراییان وەک پێویست نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە، بەڵام مەترسییەکان زۆر سەختترن لەسەر ئەو وڵاتانەی کە بە دەست کورتهێنانی بوودجەوە دەنالێنن، وەکو عێراق. هەرێمی کوردستان دووچاری گرفتی پێدانی پارەی تێچووی کۆمپانیاکانی نەوت بووەوە، لە دوای دابەزینی نرخی نەوت لە (110) دۆلار بۆ (45) دۆلار کە تێچووی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (20) دۆلار بوو، دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوت، چ لەگەڵ عێراق بێت، چ بەتەنها بێت.

حکومەتی هەرێم نەوت دەفرۆشێت بە (20)دۆلار، هەرێم ڕووبەڕووی ساڵێکی سەخت دەبێتەوە، دابەزینی نرخی نەوت و شەڕکردن لەگەڵ داعش و پێشوازیکردن لە ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەکان، هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئابووریین لە کوردستان، لە هەمانکاتدا قەبارەی داهات و دەستکەوتەکانی هەرێم (500) ملیار دینارە، بەڵام پێویستمان بە (850) ملیار دینارە بۆ مووچەی فەرمانبەران، قەبارەی داهات و دەستکەوتەکانی ناوخۆیی هەرێم (140) ملیارە، کەچی لە پێش شەڕکردن لەگەڵ داعش ئەو داهاتە (300) ملیار دینار بوو. (بارزانی ،2016).

5. **بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم و ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا:** لە ئەنجامی دروستبوونی ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا، لەسەر پرسی نەوت و فرۆشتنی نەوت، دەرئەنجامی نەرێنی لێکەوتەوە کاریگەرترینیان بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم بوو لە (17%) لە بوودجەی گشتیی حکومەتی عێراق، ئەمەش بووە هۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و کورتهێنانی بوودجەی کوردستان.

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆتایی ساڵی (2013)وەک سزایەک، بەبڕیارێکی زارەکی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت، بەهۆی پابەندنەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕ کردنی نەوتی عیراق (سۆمۆ)وە. لەلایەکی ترەوە ئەو پرۆسە نەوتییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2007) دەستی پێکرد لەسەرەتاوە بە قەیران و کێشە دەستی پێکرد، لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییشدا نە قەیرانەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەرکرا و نە نەوت و گازی هەرێمیش توانی ببێتە داهاتێک بۆ چارەسەری قەیرانی دارای، کە بەهۆی نەناردنی بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەریهەڵدا. (کەریم و ئەوانی تر،2015 :97،91)

لە دەرئەنجامی بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم و ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا، ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەگشتی تووشی شڵەژان و ناسەقامگیری بوو. "لە دوای ئەوەی توانای دارایی حکومەتی هەرێم گەیشت بەئاقارێکی ترسناک، ناچاربوو بڕیارێکی قورس بدات بۆ کەمکردنەوەی بوودجەی بەکارهێنان بە ڕێژەی (70%) و کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەڕێژەی(15%-75%) ئەم بڕیارەش چووە بواری جێبەجێکردنەوە لە سەرەتای ساڵی (2016). (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان،2016 : 2)

6. گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و لاوازیی سیستەمی چاودێری و ژمێریاری

گەندەڵی دیاردەیەکی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییە, لە بنچینەدا مانای بەکارهێنان و سوود وەرگرتنە لە دەستەڵات یان هێز و توانا لە پێناو دەستکەوتێکی مادیی یان مەعنەوی بە ڕێگایەکی نادروست. (داود ،2013: 66)

بەپێی وتەی سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان (د. احمد انور محمد) هەزار دۆسیەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیی گەورە بوونی هەیە لە دامودەزگاکان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختدەکاتەوە لەسەر بەهەدەردانی بڕە پارەیەکی زۆر بەهۆی بڵاوی گەندەڵی لە کوردستان و عێراق بە گشتی، ئاماژە دەکات بە پێشکەشکردنی (900) ڕاپۆرتی گەندەڵی. (محمد،2017)

بەپێی ڕاپۆرت و ڕووپێوی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافی نێودەوڵەتی TRANSPARENCY INTERNATIONAL-the global colition against corruption)، کە ڕیزبەندی ڕێژەی گەندەڵی لە وڵاتان بڵاودەکاتەوە، وڵاتی عێراق وەکو یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دەستنیشان دەکات لە ساڵانی 2012-2016. بەم شێوەی خوارەوە

ڕیزبەندی و ئاستی گەندەڵی لە عێراقدا دەخەینەڕوو:-
https://www.transparency.org/news/feature/corruption_perceptions_index2016

Corruption Perceptions Index 2016

Rank 2016	Country	2016 score	2015 score	2014 score	2013 score	2012 score
166	Iraq	17	16	16	16	18



پلەی گەندەڵی دەستنیشان دەکرێت لە پلەی (100.....0)، ئەو وڵاتانەی کەمترین پلە لە 100 بەدەست دێنن، واتە زۆر گەندەڵن و تا پلەیان بەرزتربێتەوە ڕێژەی گەندەڵیان کەمتر دەبێتەوە.

وڵاتی عێراق لە کۆی (176) وڵات و لە کۆی (5) ساڵ پلەی (166) بەدەستهێناوە، واتە تەنها (10) وڵات لە عێراق زیاتر گەندەڵترن. هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق هەژمارکراوە و جیانەکراوەتەوە.

گەندەڵی دەبێتە هۆی لاوازکردنی وەبەرهێنان و گواستنەوەی سامان بۆ دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەو سامانە بەکاربهێندرێت بۆ دامەزراندنی پڕۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری کە خزمەتی هاوڵاتی بکات لە ڕێگەی دابینکردنی کار، هەروەها دەبێتە هۆی کۆچکردنی کەسانی

خاوەن عەقڵ و توانا ئابووریيەکان بۆ دەرەوە بەهۆی لایەنگیری و واستەکردنەوە. (ابراهیم و هارون، 2016 : 226)

لەلایەکی ترەوە بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەیەک کە لەلایەن کۆمەڵێک توێژەرەوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە لەبارەی (لایەنە کەموکوریەکان لە ستاندەرەکانی ژمێریاری و کاریگەری لە دروستکردنی قەیران و هەرەسهێنانە داراییەکان) دەرکەوتووە، کە کاریگەریی کەموکوریيەکانی ستاندەرەکانی ژمێریاری، کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی قەیرانی دارایی، بە سوودوەرگرتن لە کەموکوریيەکان و نەرمی و خراپ بەکارهێنانی ستاندەرەکانی ژمێریاری، ژمارەی لیستە داراییەکان دەگۆڕن بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا، ئەم گۆڕانکارییانە لە ماوەیەکی درێژخایەن زیانێکی زۆر بە کۆمپانیا و ئەو لایەنانە دەگەیەنێت، کە ماملەڵە لەگەڵ کۆمپانیا دەکەن و لەوانەیە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی کۆمپانیا و دروستبوونی قەیرانی دارایی(نور و اخرون،2016 :407).

کەواتە دەتوانین بڵێین بوونی گەندەڵیی دارایی و کارگێری و لاوازیی سیستەمی ژمێریاری لە هەر وڵاتێک، بەهەموو شێوەکانییەوە لە بەرتیل و نەبوونی شەفافیەت و تەخشان و پەخشانکردنی سەروەت و سامان ، هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی دەرامەت و داهاتی دەوڵەت و زیادبوونی تێچووەکان و لاوازبوونی متمانەی خاوەن سەرمایەکان بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان لە وڵات، ئەم دیاردانەش لە کوردستاندا بوونی هەیە و گەر هۆکاری سەرەکیش نەبووبن، ئەوا بەلایەنی کەم یارمەتیدەر بوونە بۆ ڕوودانی قەیرانی دارایی لە کوردستان.

تەوەرەی چوارەم: میتۆدی توێژینەوە (Research Method)

میتۆد شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە و کارکردن کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێ بۆ ڕێکخستنی بیروڕاکانی و شیکردنەوە و خستنەڕوویان،

هەروەها بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام و ڕاستی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە(علیان و غنیم،2004 : 33).

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Method) بەکارهاتووە، ئەم میتۆدەش یەکێکە لە ڕێبازە سەرەکییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان. توێژینەوەی چۆنایەتی ئەو توێژینەوانەن کە ئاماجی سەرەکییان بریتییە لە وەسفکردنی بارودۆخێک، دیاردەیەک، گرفتێک یاخود ڕووداوێک، کە تیایدا زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی گۆڕاوەکان یاخود پێوانەکردنی ئەو گۆڕاوانە بە پێوەرەکانی پێوانی چۆنایەتی، هەروەها زانیارییەکان ناگۆڕێن بۆ ژمارەکان لەکاتی شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی جیاوازی لە هەڵوێستێک یاخود گرفتێک. (صوان،2017 :41)

تایبەتمەندییەکانی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی کە هاوکاری توێژەر دەکات بۆ گەیشتن بە زانیاریی قووڵ لە بارەی بابەتەکانی توێژینەوە، کە ئەستەمە بتوانین گوزارشتیان لێبکەین بە ژمارە و ئامار، هەروەها ئەم میتۆدە تێگەیشتنێکی زیاترمان پێدەبەخشێت بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە زانیاریی زۆرمان لەبارەیەوە نەبێت، یاخود ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانمان لەبارەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە بەشێوەیەکی ورد ڕاڤەنەکراوان.(ماجد، 2016 : 34)

تەوەرەی پێنجەم:کۆکردنەوەی داتاکان

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەبارەی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر تاک و کۆمەڵگا، پشت بە ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیاری بەستراوە کە چاوپێکەوتنە.

چاوپێکەوتن (Interview) یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە بەکاردێت لە توێژینەوەی مەیدانیدا، یاخود بریتییە لە

پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان دوو کەس ڕووەدات، یەکیان تۆێژەرە کە وەرگر و کۆکەرەوە و پۆڵێنکەری زانیارییەکانە، دووەمیان لێتوێژراوە کە بەخشەری زانیارییەکانە بۆ تۆێژەر، لە دوای ئاراستەکردنی پرسار لەلایەن تۆێژەرەوە. (عیشور و اخرون،2017 : 329 ،330)

چەند جۆرێک چاوپێکەوتن هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە تۆێژینەوەی مەیدانیدا، جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەم تۆێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە. ئەم چاوپێکەوتنەش واتە دیاریکردنی ژمارەیەک پرسیار سەبارەت بەبابەتی تۆێژینەوە، لەهەمان کاتدا تۆێژەر ئازاد دەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری تریش کە بەباش و گونجاوی دەزانێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی تۆێژینەوەکەوە هەبێت. (عمر ،2001 : 272) لەم تۆێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ (12) کەسی شارەزا و پسپۆر کراوە، چاوپێکەوتنەکانیش تۆمار(ڕیکۆرد)کراون و پاشان پاکنووسکراون.

تەوەرەی شەشەم: کۆمەڵگا و نموونەی تۆێژینەوە (Population and simple Study)

کۆمەڵگای تۆێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی کە نموونەی تۆێژینەوە و بەشداربووەکانی تیادا دیاری دەکەی (Coolican, 2014). کۆمەڵگای ئەم تۆێژینەوەیە شاری هەولێرە، هەروەها نموونەی تۆێژینەوەکەش، نموونەیەکی مەبەستدارە. مەبەست لە نموونەی مەبەستدار ئەو نموونەیەیە کە پشت دەبەستێت بە ویست و ئارەزووی تۆێژەر لە کۆنترۆڵکردنی ئەو نموونەیەی کە مەبەستیەتی، بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و ورد و بەڵگەدار لەڕووی زانستییەوە کۆبکاتەوە. (حمداوي،2013)

تەوەرەی حەوتەم: خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژینەوەکە لە (12) کەس پێکهاتوون کە شارەزا و پسپۆڕن و خاوەن بڕوانامەی بەرزن بەپێی تەوەرەکانی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەم شێوەیە (2) کەسیان پسپۆری کۆمەڵناسین، یەکیان پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و ئەویتریان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە. لە بواری دەروونیش (2) کەس، یەکیان پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکانە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە، ئەویتریان پرۆفیسۆرە لە بەشی دەروونزانی. هەروەها (2) کەسیان پرۆفیسۆری یاریدەدەرن لە بواری ئابووری. هەروەها (2) کەسیان پسپۆرن لە بواری پەروەردە، یەکیان زیاتر لە (20) ساڵە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و ئەویتریان بەڕێوەبەری پلاندانانە، هەروەها (1) کەسیان پسپۆری سیاسییە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری تەندروستیش (2)کەس، یەکیان پزیشکە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە، ئەویتریان پزیشکە و بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی تەندروستی. لە بواری ژینگەش (1) کەس کە پێشتر وەزیری ژینگەی عێراق بووە.

تەوەرەی هەشتەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆی توێژینەوە

ئاکام و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر تاک و کۆمەڵگا

- **بواری کۆمەڵایەتی**

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قەیرانی دارایی و ئابووری کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەرێنی دروستکردووە لەسەر کۆمەڵگا. قەیرانی ئابووریی گەورەی ساڵی (1930) کاریگەریی دروستکرد لەسەر هەموو کۆمەڵگای ئەمریکی لەلاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکان و گروپەکان، هەروەها زیادکردنی ڕێژەی خۆکوشتن و هەڵکوتانە سەر

بازاڕگە بازرگانییەکان و دزیکردن و نەخۆشییەکانی خەمۆکی و ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و لادانی هەرزەکاران. (عمر ب، 2005: 77،76) قەیرانی دارایی کاریگەری دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەکو نموونەی یەکەمی توێژینەوەکە (ه. ح) کە پسپۆڕی کۆمەڵناسییە دەڵێت "ئەگەر ئێمە سەیری خودی کۆمەڵناسی بکەین دەگونجێت ئەم قەیرانە بە هەردوو دیوەکە کاریگەریی هەبێت، هەم بەدیوە نەرێنییەکە و هەم بە دیوە ئەرێنییەکە، بۆ نموونە گەر سەیری تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بکەین یەکێک لەو تیۆڕانە بەناوی نائاسایشی بوون (existential insecurity) ئەم تیۆرە بەکورتی دەڵێت ئەگەر مرۆڤ لە دۆخی نائاسایشیدا بژیت و هەست بکات مەترسییەک لەسەر ژیانی هەیە، لەو دۆخەدا خەڵک زیاتر دەگەڕێتەوە ناو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی و زیاتر پشت بەوانی تر دەبەستێت، لەهەمان کاتیشدا کاتێک لەبەر قەیران مرۆڤەکان سەرقاڵن بە بژێوی ژیان و خەرێکی چەند کارێکن و زۆربەی کات لە دەرەوەن، ئەمە وا دەکات دابڕێت لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەیوەنددیانە بەرەو لاوازیی بڕوات. بەڵام بەگشتی خەڵک لە کاتی قەیراندا نارەحەتە و دڵی خۆش نییە و کەمتر بەلای پەیوەندییەکانەوە دەڕوات. هەروەها نموونەی دووەم (ز. أ. پ) دەڵێت" لەدوای سالّی (2014) بەهۆی قەیرانی داراییەوە، زۆرێک لە هاوڵاتییان بەتایبەت فەرمانبەران سەرقاڵن بە پیشەی دووەم و زۆربەی کات لە دەرەوەن، بۆ ئەوەی بتوانن بژین و پێداویستیی خێزانەکانیان دابین بکەن، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕۆڵی تاک و خێزانەکان لە پەروەردە و چاودێریی منداڵەکان و ڕۆڵیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گومانی تیدا نییە، کەسێک چەند کارێک پێکەوە بکات، ئەوا لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی ناو خیزانەکەیەتی و ئەو توانا و وزەیەی نامێنێت، کە بە ڕۆڵەکانی هەستێت لەگەڵ ئەندامانی خیزانەکەی و دەرەوەی خێزانەکەشی، بۆیە قەیرانی دارایی زیاتر کاریگەریی نەرێنیی هەبووە لە لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەک بەهێزکردنی پەیوەندییەکاندا.

سەبارەت بە کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر بەها و پێوەرەکان (ه. ح) دەڵێت "ئەگەر لە ئەزموونی کۆمەڵگاکان و توێژینەوەکان بڕوانین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کاریگەری قەیران زۆرە لەسەر بەها و پێوەرەکان، وەکو ڕاستگۆیی و دەستپاکی ..هتد. بۆ نموونە کاتێک تاک برسی بوو مووچەی نەبوو و بژێوی ژیانی سەخت بوو کەمتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات بۆ نموونە پاکوخاوێنیی سەر شەقام، پاشەڕۆ فڕێدەدات گەر پێی بڵێی بۆ وادەکەی وەڵامت دەداتەوە کە من نانم نییە بیخۆم با شەقام هەر پیس بێت. واتە ئەم قەیرانە هەڵومەرجێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی وا دروستدەکات کە هەندێ لە بەها باشەکان زۆر گرنگ نەبن و کەمتر پابەندبێت پێوەی و ئەم گرنگییەی نەمێنێت." لەلایەکی تردوە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر خێزان لە زیادکردنی توندوتیژی خێزانی و لێکجیابوونەوە.

جیابوونەوە وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتی دووچاری خێزان دەبێت و کاریگەری و ئاسەوارەکانی دەگوازرێتەوە بۆ هەموو کۆمەڵگا، هەروەک نموونەی یەکەم (ه. ح) دەڵێت" قەیرانی دارایی هۆکارێکە بۆ دروستبوونی جۆرێک لە گرفتە خێزانییەکان، بەهۆی سەختی ژیان و کەمی مووچەوە بارودۆخیکی کۆمەڵایەتی و دەروونی نەخوازراو بۆ هاوسەران دروست دەکات ئەمەش پاڵنەرە بۆ لێکجیابوونەوە". لەم بارەوە نموونەی دووەم (ز. أ. پ) دەڵێت" بەدڵنیاییەوە، قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی توندوتیژی لەناو خێزان و تەنانەت لە دەرەوەی خێزانیش، چونکە کاتێک تاک و خێزان دووچاری باریکی خراپی ئابووری و دارایی دەبێت، لە چینێکی مامناوەند دەچێتە چینێکی هەژار و کاتێک بەخێوکەری ماڵ ناتوانیت حەز و ئارەزووەکانی خۆی و منداڵەکانی جێبەجێبکات، ئەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی دەبێت و ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر زیادبوونی هەڵچوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵی مرۆڤ و ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو و توندوتیژی."

لەلایەکی تردوە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی تاوانەکان لە کۆمەڵگادا. قەیرانە ئابووریەکان بریتین لە شێوەیەک لە گۆڕان، کە گۆڕانی بنەڕەتی ڕووەدات و کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانرێت نکۆڵی لە کاریگەرییەکانی قەیرانە ئابووریەکان بکرێت لەسەر دیاردەی تاوان لە کۆمەڵگادا، ئەوەی کە دروستی دەکات دەتوانین پێی بڵێین (زیادبوون لە تێرکردنی تاوان یاخود لەچڕی تاوان). (الشاذلي،2009 :221) هەروەک نموونەی یەکەم (ه. ح) دەڵێت "بەدڵنیایەوە ڕێژەی تاوانەکان بەرزبوونەتەوە، بەتایبەتی تاوانەکانی دزی و بەرتیل واتە ئەو تاوانانەی کە ڕەهەندێکی ئابووریان هەیە". هەروەها نموونەی دووەم (ز. أ. پ) دەڵێت "بەپێی تێڕوانینی تاوانناسی پەیوەندی هەیە لە نێوان هەژاری و بێکاری لەگەڵ تاوان، کاتێک تاک نەتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات و پێداویستییە سەرەکییەکانی تێربکات ئەوا دەستدرێژی دەکات، زۆر جار بەهۆی تاوانی دزیکردنەوە کوشتن ڕووەدات، ئێمە لە میدیاکان و ڕاپۆرتەکان لەم چەند ساڵەی قەیران، بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی کوشتن و دزیکردن زیادبووە بەهۆی تێکچوونی باری دارایی و زۆربوونی قەرزەکان و بێکاری و هەژاری، بۆیە گومانی تیدانییە قەیرانی دارایی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دزیکردن و کوشتن".

بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی میریی هەرێمی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی تاوانی کوشتن و دزیکردن زیادیکردووە، لەماوەی (2014-2015) بە بەراوردکردن بە دوو ساڵی پێش قەیران (2012- 2013) دەرکەوتووە "ڕێژەی تاوانی دزیکردن لەساڵی (2012) (2527) دزیکردن ڕوویداوە، لە ساڵی (2013) (2967) دزیکردن ڕوویداوە، بەڵام لە ساڵی (2014) بەرزبۆتەوە بۆ (4488) و لە ساڵی (2015) زیاتر بووە بۆ (5222) تاوانی دزیکردن. هەروەها سەبارەت بە تاوانی کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن دەرکەوتووە، لە ساڵی

(2012) (287) کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن ڕوویداوە، لە ساڵی (2013) (242) کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن ڕوویداوە، بەڵام لە ساڵی (2014) بەرزبۆتەوە بۆ (977) تاوان و لە ساڵی (2015) کەمبۆتەوە بۆ (886) تاوانی کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن".(پیرداود،2016 :77)

- **بواری دەروونی**

قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی دەروونی تاکەکان بەگشتی دروستکردووە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە لەسەر پێداویستییەکانی تاکە، هەروەکو نموونەی سێیەم (ڕ. ڕ. ص) پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێت"ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو هەڕەمەی زانا ماسلۆ کاتێک باسی پێداویستییەکانی ئادەمیزاد دەکات، لەو پێداویستییانەش ئەوەی کە پێی دەڵێین (basic needs) واتە پێداویستییە سەرەکییەکان، وەکو هەوا و ئاو و خۆراک، کاتیک کە قەیرانی دارایی سەرهەڵدەدات بەشێک لەم پێداویستییە سەرەکییانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناگات بە ئادەمیزاد و گرفت دروستدەبێت لە قوناغەکانی دیکەی هەڕەمەکە، وادەکات جۆرێک لە ناڕەحەتی و بێ ئۆقرەیی دەروونی لەلای تاکەکان دروست بێت". هەروەها نموونەی چوارەمی توێژینەوەکە کە پرۆفیسۆرە لە دەروونزانی (ع. أ. ع) دەڵێت" کەمی موچە و بڕانی موچە کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر سەقامگیری و لایەنی دەروونی تاکەکان، ئەگەر لەڕوانگەی هەڕەمی پێداویستییەکانی ماسلۆ سەیری بکەین، ئەوا ئەم قەیرانە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر هەموو ئاستەکان، هەر لە جۆری خواردن و پێداویستییەکانی تر، ئەمانەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئاسایشی دەروونی".

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی زیادکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان و ناڕەحەتی دەروونی لەلای تاک. هەروەکو نموونەی سێیەم (ڕ. ڕ. ص) دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە قەیرانی دارایی هۆکارە بۆ

کۆمەڵێک نەخۆشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و نارەحەتی دەروونی، چونکە ئەو کەسەی دووچاری قەیرانی دارایی و ئابووری دەبێت ناتوانیت هەموو پێداویستییەکانی دابین بکات بۆ خانەوادەکەی خۆی و زۆر جار تاک دووچاری ململانێی دەروونی دەبێت، ئەمەش بۆی هەیە هەندێکیان ببن بە نەخۆشی و هەندێکیان ببن بە نیشانە وەکو هەڵچوون و تورەبوون و تێکچوونی خەو یان نەمانی متمانە، هەروەها جۆرەکانی دڵەڕاوکی هەموویان پەیوەندییان بە قەیرانی دارایی و ئابووری هەیە و دەکرێت یەکێک بێت لە هۆکارە سەرەکییەکان، ئەگەرچی بە پێی هەندێ سەرچاوە لە (70%) هۆکارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان بریتین لە قەیرانی دارایی، بەڵام ئەمە پێویستی بەتوێژینەوەی زیاتر هەیە, دەتوانیین نموونەی زیندوو باس بکەین بۆ سەلماندنی ئەم کاریگەرییانە، لە ساڵانی شەستەکان لە ئەوروپا داتەپینی ئابووری سەریهەڵدا و ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکانی دوو تا سێ ئەوندە زیادیکرد بەبەراورد لەگەڵ پێش داتەپینی ئابووری، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە". هەر لەم بارەوە نموونەی چوارەم (ع. أ. ع) دەڵێت" لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکان لە هەڵکشاندییە، چونکە پەیوەستە بەو ژینگەییەی کە تاک تیایدا دەژێت، چەندە ژینگەکە نالەباربێت ئەوەندە زیاتر دەبێت، لەگەڵ هاتنی قەیران ئەو ژینگەیە نالەباربووە و زۆر لە تاکەکان دووچاری هێدمەی دەروونی بوون، واتە بەگشتی هەڕەشە بوو لەسەر ئاسایشی دەروونی تاکەکان.

ئاکامێکی تری قەیرانی دارایی بریتییە لە گۆڕانی جۆری ژیان(Quality of Life)ی هاوڵاتییان لە دوای(2014). نموونەی سێیەم (ڕ. ڕ. ص) دەڵێت "بەدڵنیاییەوە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر جۆری ژیانی خەڵک، بۆ نموونە لە پێش قەیران کەم خێزان هەبوو چەند ئوتۆمبێلێکی نەبێت و گەشت نەکات بۆ وڵاتانی تر، بەڵام دوای (2014) ئەم بارودۆخە گۆڕا و ئەو خۆشگوزەرانییەی پێشوو نەما". هەر لەم

بارەوە نموونەی چوارەم (ع. أ. ع) دەڵێت" لە پێش قەیران هاوڵاتیدان تارادەیەک لە خۆشگوزەرانیدا دەژیان، چونکە هاوڵاتییان دەیانتوانی پێداویستییەکانیان دابین بکەن هەر لە گەشتکردن و نەخۆشخانەی باش و کەلوپەلی باش، بەڵام لەدوای (2014) ئەو جۆرە ژیانە گۆڕا، هاوڵاتییان لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین و ئەو پارەیە نەما کە لەپێش قەیران هەبوو، ئەوەی پاشەکەوتیشی کردبوو سەرفیکرد."

- **بواری ئابووری**

بێگومان بواری ئابووری بەدەر نییە لەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە قەیرانی دارایی دروستیدەکات لە زیادکردنی دیاردەکانی هەژاری و بێکاری و لاوازکردنی ژێرخانی ئابووری. هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت" قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لە زیادکردنی هەژاری، چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پارە لە بازاڕ و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی داهاتی کەسەکان و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری." هەروەها نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت" بێگومان کاتێک قەیرانی دارایی و ئابووری دروستدەبێت، خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کەم دەبێتەوە، ئەم دابەزینەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمی کۆمپانیاکان لە بازاڕەکان نەفرۆشرێت، کەڵەکەبوونی کاڵاکانیش لەبازاڕدا خاوەن کۆمپانیاکان ناچار دەکات بەرهەمەکانیان کەمبکەنەوە، واتە کۆمپانیاکان کاری کەمتر و بەرهەمی کەمتری دەوێت، ئەوەش دەبێتە ناردنە ماڵەوەی بەشێک لە کرێکارەکان و سەرچاوەی داهاتی ئەو کرێکارانە نامێنێت و سەرەنجام تووشی هەژاری دەبێت. ئەم دۆخەش لە هەرێمی کوردستاندا بەتەواوی هەستیپێکراوە لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ساڵی (2014) ڕێژەی هەژاری بەرزبۆتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی (2012) ڕێژەی هەژاری لە (13%)بووە، بەڵام لە ساڵی (2015) بەرزبۆتەوە بۆ(15%). " لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی ڕێژەی بێکاری و لەدەستدانی کاری

زیادکردووە، هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت" کاتێک قەیرانی دارایی هەیە سستی و بێبازاڕی وادەکات زۆر لە پڕۆژە و کارگەکان ڕێژەی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە کە ناچاردەبن ڕێژەیەک لە دەستی کار دەربکەن لە کارەکانیان و ئەگەر ئەو قەیرانە بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بێت، خواست لە سەر کار زۆر دەبێت هیچ دەرفەتێکی نوێش نییە بە هۆی قەیرانەوە بۆیە ڕێژەی بێکاری زیاد دەکات".نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت"ئەگەر هاوڵاتییان هێزی کڕینیان بەهێز بێت واتە پارەیان هەبێت ئەوا دەتوانن کاڵا و خزمەتگوزاری بکڕن، بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریش خاوەن کارگەکان پێویستییان بە کرێکار هەیە و خواست لەسەر کرێکار زۆر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە کاتێک هێزی کڕینی هاوڵاتییان دادەبەزیت ئەوا خواستیان لەسەر کرینی کاڵا و خزمەتگوزاری کەمدەبێتەوە ئەمەش کارگەکان ناچار دەکات بەشێک لە کرێکارەکان بنێرنەوە ماڵەوە و کرێکارەکان بێکار دەبن، بەم جۆرە قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی دابەزینی دەستهاتی تاک و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری". بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری لە کوردستاندا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. بۆ نموونە لە ساڵی (2014) ڕێژەی بێکاری لە (7.13%) بووە، بەڵام لەساڵی (2015) بەرزبۆتەوە بۆ (13.53%) واتە ڕێژەکە نزیکەی (90%) بەرزبۆتەوە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ، 2016).

کاریگەری و ئاکامێکی تری قەیرانی دارایی، بریتییە لە خراپبوون و کەمبوونەوەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لەلایەن میرییەوە هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت" کاتێک حکومەت بوودجەی تەواوی لە دەستدا نەبیت بۆ تەواوکردنی پڕۆژە خزمەت گوزارییەکان ئەوا ئاستی خزمەتگوزاری لاواز دەبێت، ناڕەزایی و تێکدانی زیاتری بەسەردێت و گەندڵیش زیاتر دەبێت". هەروەها نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت " لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکان خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەم کەمدەبنەوە

و هەم کوالیتیشیان دادەبەزێت، بەهۆی کەمبوونەوەی دەرامەتەکان و خەرجییەکانی میری، لە هەرێمی کوردستاندا ئەم دۆخە زۆر بەئاشکرا هەستیپێکرا لە خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان و بوارەکانی تردا". دواجار قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر گوزەرانی هاوڵاتییان دروستکرد، هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت "بژێوی ژیانی هاوڵاتییان بەستراوەتەوە بە داهات و بە دەست هێنانی کار، ئەگەر کارەکانیان لە دەست بدەن ئەوا داهات لە دەستدەدەن و ئەگەر کارەکەش لەدەست نەدەن بە لایەنی کەم داهاتێکی کەمتر بە دەست دەهێنن و بژێوییان بەرەو خراپی دەڕوات لەگەڵ خراپبوونی خزمەتگوزاری و نەمانی بازاڕ بژێوییان زۆر سەخت دەبێت". هەروەها نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت"بێگومان لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆجیا بەردەوام پێداویستی نوێ دێتە ئاراوە و مرۆڤ هەوڵدەدات بەدەستیان بهێنیت، ئەم پێداویستییانەش پێویستییان بە پارەی زیاتر هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاستی ژیان، پێویستە دەستهاتی تاک بەرزبێتەوە تاوەکو دانەبەزێت لەو ئاستە، بەڵام کاتێک قەیران ڕووەدات ئاستی گوزەران بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە لەگەڵ بەردەوام بوونی قەیران".

- **بواری سیاسی**

قەیرانی دارایی لەبواری سیاسیش کۆمەڵێک ئاکام و کاریگەری خۆی دروستکرد، یەکێک لە کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی قوولترکردنی ململانێی سیاسی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان و لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی لەلای هاوڵاتییانە. هەروەکو نموونەی حەوتەم(م. س. ا) دەڵێت "ململانێی سیاسی ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی هەیە لە نێوان پارتە سیاسییەکان و ئەوەی باجەکەشی دا و بووە قوربانی هاوڵاتی بوو، لە دوای (2014) ئەم قەیرانە بووە هۆکارێک بۆ یەکتر تۆماتبارکردن و یەکترشکاندن، بەتایبەتیش میدیا ڕۆلێکی گەورەی دەگێڕا لە قوولبوونی قەیرانەکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکان. ئەم بارودۆخانە هەمووی

دڵەڕاوکێی دەروونی زیاتر کرد بۆ هاوڵاتییان. هەروەها قەیرانی دارایی ئینتیمای نیشتمانی لاوازکرد بەڵگەش لەسەر ئەمە کۆچکردنی ئەو هەموو گەنج و لاوانەیە بۆ دەرەوە، کە ئەمانە سامانی مرۆیی ئەم میللەتەن. بەڵام بە داخەوە بەشێکیان دەخنکێن لە دەرییای ئیجە و بەشێکیشیان ژیانێکی زۆر سەختیان هەیە و دووچاری بارودۆخێکی دەروونی زۆر سەخت بوون لەو وڵاتانە، لەهەمان کاتدا کۆچکردنی کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆر کە ئەوانە سامانی نەتەوەیین".

لەلایەکی ترەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئاسایشی نەتەوەیی کەوتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە، لەم بارەوە نموونەی حەوتەم (م. س. ا) دەڵێت "دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، یەکەمیان بوونی داعش. دووەمیان نەبوونی ستراتیژیەکی ئابووری یان نەتەوەیی. لە ساڵی (2014) شەڕی داعش قورسایییەکی زیاتری دروستکرد لەسەر میری، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت و دروستبوونی قەیرانی ئابووری کاریگەری هەبوو لە قوڵبوونی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمدا، مادام ئێمە (17%) بوجەی عێراقمان بوو، نەدەبووایە ئێمە سەربەخۆیی ئابووری خومان ڕابگەیەنین و میریی عێراق لە خۆمان بێمنەت بکەین، دەمانتوانی گرێبەستی دریژخایەن لەگەڵ کۆمپانیاکان بکەین بۆ داهاتوو، هەروەها دەبووایە ستراتیژیەکی درێژخایەن دابنێین و کەرتی کشتوکاڵ پێشبخەین و کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە دارایی و ئابووریە کەمتر دەبۆیەوە".

قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر سەقامگیری سیاسی و لاوازبوونی متمانەی هاوڵاتییان بە میری. نموونەی حەوتەم (م. س. ا) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لە لاوازبوونی متمانەی هاوڵاتییان بە میری، هەر لە پێش (2014) متمانەی هاوڵاتییان کەم بووە بە میری، چونکە بەداخەوە زۆر جار نەتوانراوە کەسی پرۆفیشناڵ و شارەزا و پسپۆڕ دابندرێن و ببن بە وەزیر و کاربەدەست تا بتوانن

گەشەپێدانێکی گەورە بکەن، چونکە گەشەپێدانێکی گەورە پێویستی بە کەسی شیاو و شارەزا و پسپۆڕە. بەتایبەتیش لە دوای ساڵی (2014) متمانە زۆر لاوازبووە، چونکە گەر میری نەتوانێت بژێوی ژیانی خەڵک دابین بکات بە دڵنیاییەوە متمانە لاواز دەبێت، هەروەها ڕێژەی زۆری ئەو پاشکەوتە و کەمی مووچە کارەساتێکی گەورەیە، چونکە میری دەبێت ژیان و بژێوی خەڵک دابین بکات".

- **بواری پەروەردە**

قەیرانی دارایی لەبواری پەروەردەش کۆمەڵێک ئاکام و کاریگەری خۆی دروستکرد، بەتایبەت کاریگەری نەرێنی هەبوو لە وازهێنان و دابرانی مامۆستا و قوتابی لە پرۆسەی پەروەردە، هەروەکو نموونەی هەشتەم (ع. ع. ک) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە مامۆستا و قوتابی وازی هێناوە بەهۆی سەختی بژێوی ژیان و کەمی مووچە و زۆری سیستەمی پاشەکەوت". بەپێی وتەی نموونەی نۆیەم (ه. ص) کە بەڕێوەبەری پلاندانانە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر دەڵێت" پاڵپشت بە داتاکانی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، ڕێژەی دابڕان و وازهێنانی قوتابی و مامۆستاکان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی زیادبووە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بۆ نموونە: لە ساڵی خوێندنی (2013– 2014) لە قۆناغی بنەڕەتی (2484) قوتابی و لە قۆناغی ئامادەیش (637) قوتابی. لەساڵی خوێندنی (2014– 2015) لە قۆناغی بنەڕەتی (2613) قوتابی و لە قۆناغی ئامادەیش (915) قوتابی. لە ساڵی خوێندنی (2015 – 2016) لە قۆناغی بنەڕەتی (2844) قوتابی، لە قۆناغی ئامادەیش (838). لەساڵی خوێندنی (2016 – 2017) لە قۆناغی بنەڕەتی (2544) لە شاری هەولێرە. لە قۆناغی ئامادەیش (814) قوتابی. بەڵام ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کە پەنایان بۆ مۆڵەتی بێ مووچە و مۆڵەتی درێژخایەن بردووە بەهۆی کاریگەری ئەم قەیرانەوە بەم شێوەیەیە: بۆ نموونە لە ساڵی خوێندنی (2014– 2015) (361)

مامۆستا، له ساڵی خوێندنی (2015 – 2016) (425) مامۆستا، لەساڵی خوێندنی (2016 –2017) (525) مامۆستا مۆڵەتی بێ مووچە و درێژخایەنیان وەرگرتووە."

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەبووە لە توانای دامودەزگاکانی پەروەردە لە پێگەیاندنی ئەندامەکانی و دەستکەوتی خوێندن لە قوتابخانەکاندا. قوتابخانە ڕۆلێکی گەورەی هەیە لە پێگەیاندنی تاک و گەشەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی و ئامادەکردنی لە ڕووی زانستی و کردارییەوە، منداڵ لە ڕێگای قوتابخانەوە دەچێتە ناو کۆمەڵگایەکی گەورە، کە لە سەری پێویست دەبێت بژیت لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا و دەستدەکات بە فێربوون و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕەفتار و سروشت و گونجانی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی.(الزهراني،2013) بۆیە ئەگەر قوتابخانە و دامودەزگا فێرکارییەکان لە ئاستی پێویست نەبوون بەهۆی هەر هۆکارێکەوە ئەوا ئەو کۆمەڵگایە بەرەو دواکەوتوویی و داڕووخان دەڕوا. نموونەی هەشتەم (ع. ع. ک) دەڵێت"مامۆستا و قوتابی لە بارودۆخێکی سەختی دارایدا دەژین ئەم بارودۆخەش کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، بۆ نموونە تۆ ناتوانیت بە منداڵەکان بڵێیت خوێندن باشە چونکە داهاتووی نادیارە، چەندین دەرچووی کۆلیژ هەن لە ماڵەوەن و کاریان نییە و ناتوانن لەڕێگەیی خوێندنەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن". هەروەها ئاکام و کاریگەرییەکی تری قەیرانی دارایی لەسەر کەرتی پەروەردە، خزمەتگوزاری و پێداویستییە پەروەردەییەکانی لاواز کردووە. نموونەی هەشتەم (ع. ع. ک) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە کاریگەری هەبووە، هیچ شتێک نەماوە، زۆرجار لەڕێگەی هاوکاری قوتابییانەوە لە هەندێ قوتابخانەکان بەشێک لە پێداویستییەکان دابین دەکرێن، یاخود گەر ساڵانە هاوکارییەک هەبێت، یاخود ساڵانە ئەگەر لە (10%- 15%) پەرتووکەکان کۆپی

بکرێن. لەهەمان کاتدا کە قەیرانی دارایی سەریهەڵدا هەموو ئەو خولانە وەستان کە بۆ شیاندن و ئامادەکردنی مامۆستا ئەنجامدەدران".

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنەوە. هەروەکو نموونەی نۆیەم (ه. ص) دەڵێت " قەیرانی دارایی بۆتە هۆی لاوازی پابەندبوونی مامۆستا بە ئەرکەکەی، هۆکارەکە ئاشکرایە مامۆستا بەو بڕە پارەی دوای پاشکەوت وەریدەگرت نەیتوانی بژێوی ژیانی خۆی پێ دابین بکات، بۆیە هەوڵی دەدا کە کارێکی تر لە دەرەوەی قوتابخانە بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، بۆیە نەیتوانیوە وەک پێویست پابەند بێت بە کارەکە". لەماوەی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە پرۆسەی پەروەردە کەوتۆتە ژێر مەترسی و بەرەو لاوازی چووە، نموونەی نۆیەم (ه. ص) دەڵێت" قەیرانی دارایی کاریگەری تەواوی کردووەتە سەر پرۆسەی پەروەردە، لەبەرئەوەی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان نەیانتوانیوە بەهۆی ئەم قەیرانەوە ئەو ڕاسپاردانەی کۆنگرەی پەروەردەیی جێبەجێبکەن، هەر لە دروستکردنی باڵەخانەی نوێ بۆ قوتابخانە و نەهێشتنی دووەوامی لە قوتابخانەکان، کەمی بینایەی قوتابخانە، وەستانی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان و ئاشناکردنیان بە پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان.

- **بواری تەندروستی**

قەیرانی دارایی لەبواری تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتیان کۆمەڵێک ئاکام و کاریگەری خۆی دروستکرد، چونکە قەیرانە داراییەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر کەرتی تەندروستی. بەپێی وتەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) (د. تشان) داتەپینی ئابووری زۆرێک لە مەترسییەکان زیاد دەکات لە پشتگوێخستنی چاودێری

تەندروستی و پرەنسیپەکانی خۆپاراستن لەلای هاوڵاتییان، لە هەمانکاتدا ئەو کارەی کە جێگەی ترس و دڵەڕاوکێیە بەشێوەیەکی تایبەت، بریتییە لە پاشەکشێی چاودێری خۆپاراستن لەو کاتانەی کە ڕێژەی پیربوون و نەخۆشییە درێژخایەنەکان زیادەکات لەسەر ئاستی جیهانی.(تشان ،2009). هەروەکو نموونەی دەیەم (ه. ع) دەڵێت "بەهۆی ئەم قەیرانەوە بەگشتی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانەکاندا کەمتر بووە بە بەراورد لەگەڵ پێش قەیران، بەجۆرێک کەوا میری ئێستا سیاسەتی بەڕێوەبردنی خودی پەیڕەودەکات، واتە هەر نەخۆشخانەیەک دەبێت بەداهاتی خۆی بەڕێوەببات ". هەروەها نموونەی یازدەیەم کە بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی تەندروستی (خ. ق) دەڵێت" قەیرانی دارایی کاریگەری زۆر زۆر بوو لەسەر کەرتی تەندروستی، بەتایبەت لەسەر خزمەتگوزاییە تەندروستییەکان، بەجۆرێک لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بوودجەی وەزارەت لە (9) ملیار دینارەوە بۆ (6) ملیار کەمبووەوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ژینگەی نەخۆشخانەکان و خزمەتگوزاری و چاککردنەوەی نەخۆشخانەکان، هەروەها ئێمە بەردی بناغەمان بۆ (17) نەخۆشخانە دانابوو، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانەوە وەستان. جگە لەمەش بەهۆی ئەم قەیرانەوە، سەردانی نەخۆشخانە حکومییەکان زۆر زیاتر بوو لەلایەن نەخۆشەکانەوە، ئەمەش وای کرد توانای کڕینی دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان لەلایەن وەزارەتەوە زۆر کەم بێتەوە و تەنها بۆ شوێنە زۆر پێویستەکانی وەکو هۆڵەکانی نەشتەگەری و چاودێری چڕ دابین بکرێت، بۆیە قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی یەکجار نەرێنی هەبوو لەسەر دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان".

قەیرانی دارایی وای لە بەشێک لە تاکەکان کردووە ئەندامەکانی جەستەی خۆیان بفرۆشن و بازرگانیکردن بەجەستە زیادبکات. هەروەکو نموونەی دەیەم (ه. ع) دەڵێت" بێگومان هەژاری دیاردەی فرۆشتن و

بازرگانیکردن به ئەندامەکانی جەستە زیاد دەکات، من وەکو دکتۆرێک زۆر کەیسی وام بینیوە کە زۆر خێزان بەهۆی هەژاری و نەداری بڕیاری فرۆشتنی گورچیلەی داوە، ئافرەتم بینیوە گورچیلەی خۆی فرۆشتووە بەهۆی نەداری و هەژاری، چونکە وتویەتی گەر گورچیلە نەفرۆشم ناچاردەبم لەشی خۆم بفرۆشم و ببم بە لەشفرۆش". لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی پەیوەندی بە زیادبوونی نەخوشییەکانەوە هەیە، وەک جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە لەلایەن هاوڵاتییانەوە، نموونەی دەیەم (ه. ع) دەڵێت "پێموانییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆ هەبێت لەنێوان زیادبوونی ئەو نەخۆشییانە و قەیرانی دارایی، چونکە ئەو نەخۆشییانە زیاتر هۆکارەکانیان هۆکاری تەمەن و هۆکاری بۆماوەیی و خێزانین، ڕاستە قەیرانی دارایی بەشێوازیکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگە کاریگەری هەبێت لە زیادکردنی ئەو نەخۆشیانە، چونکە دواجار هەژاری هۆکارە بۆ خەمۆکی و زیادبوونی فشاری دەروونی و جەستەیی، کە لەئەنجامدا دەبنە هۆکاری بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و دواتریش جەڵتەی دڵ و مێشک و شەکرە" هەروەکو نموونەی یازدەیەم (خ. ق) دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر پرەنسیپەکانی خۆپاراستنی هاوڵاتییان و زیادبوونی نەخۆشییەکان هەیە، بەتایبەت لەسەر ئەم نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە خواردنی خراپ هەیە، نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە زیادبوونە وەکو جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە، یەکێک لە هۆکارەکان خراپی گوزەران و هەژاری و کوالیتی خواردنە، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لەسەر نەخۆشییەکان".

- **بواری ژینگە**

بواری ژینگەو خۆراکیش بەدەر نییە لە ئاکامە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی، بەتایبەت لەسەر ئاسایشی ژینگە و خۆراک. هەروەکو نموونەی دوازدەیەم (ع. ص) دەڵێت "بێگومان قەیرانی دارایی ژینگەی خستۆتە ژێر مەترسییەوە، کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر ژینگە دەتوانین لە

هەژارییەوە دەستنیشانی بکەین, چونکە هەژاری هۆکاری سەرەکیی تێکدانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە، ئەمیشیان هۆکاری تێکدانی ئاسایشی ژینگەیە. بۆیە بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگای ناوەندیی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتی عێراقی دەرکەوتووە کە (7) ملیۆن عێراقی لەخوار هێڵی هەژارییەوەن. لەبارودۆخێکی ئاواشدا زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ژینگە و گەشەپێدان بکەین، کاتێک کە هاوسەنگیی نێوان توێژەکانیش تێکدەچێت بەجۆرێک, کاتێک زۆرینە هەژاربن ئەوا کەمینەیەکی کەمیش زۆر دەوڵەمەند دەبن، لەبەر قازانجی بێسنوور گوێ بە ژینگە و هەژاران نادەن و بە کارگە و بەرهەمەکانیان ژینگە پیس دەکەن".

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر تەندروستی خۆراک و پرەنسیپەکانی خۆپاراستن لە خۆراکی خراپ و کۆالیتی نزم بەتایبەتی لەلای هەژاران و کەم دەرامەتەکان بەهۆی دابەزینی داهاتی تاک و خێزان و کەمی و پاشەکەوتی مووچە، بەمانایەکی تر ئاسایشی خۆراک کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە. هەروەکو نموونەی دوازدەیەم (ع. ص) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە چونکە ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا هاوکێشەی ڕێژەی دانیشتوانی گوند و شار تێکچوونێکی ترسناکی تێکەوتووە، لە ئێستا و ئایندەشدا دیاردەی ڕوو لە شارکردن تادێت بەرەو زیادبوون دەچێت و لەگەڵ بەردەوام بوونیشیدا زۆر گرفتی ژینگەیی لە شار و لادێکاندا دروست دەکات، بەجۆرێک کە ئاسایشی خۆراکمان دەخاتە مەترسییەوە". هەروەها لەم بارەوە نموونەی دەیەم (ه. ع) دەڵێت" بە دڵنیاییەوە قەیرانی دارایی مەترسییە لەسەر تەندروستی خۆراک بۆ هاوڵاتییان، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی: 1- هاووڵاتییان ناتوانن هەمەچەشنە و هاوسەنگی بپارێزن لە خۆراکیاندا، چونکە دواجار پاراستنی هاوسەنگی لە خۆراکدا پێویستی بە داهاتێکی مام ناوەند بەسەرەوە هەیە. 2- هاوڵاتییان ناتوانن گرنگی بدەن بەکوالیتی زۆر

باش له خواردنەکانیاندا، چونکە گرنگیدانی لەو جۆرە پێویستی بەداهاتی سەرووی ماناوەند هەیە، ئەم جۆرە داهاتەش لەکاتی قەیران زەحمەت دەبێت و هاوڵاتیان دووچاری بەکارهێنانی کوالیتی خوار مامناوەند دەبن و ئەمەش مەترسی جددی دروست دەکات لەسەر تەندروستی خۆراکیان.

تەوەرەی نۆیەم : ئەنجامەکانی توێژینەوە

1. لە بواری کۆمەڵایەتییدا، قەیرانی دارایی بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوانی کوشتن و دزیکردن، لێکجیابوونەوە، توندوتیژی خێزانی). هەروەها کاریگەری دروستکردووە لە لاوازبوونی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دوو لایەنە بووە، لایەنێک نەرینی لە لاوازبوونی پەیوەندییەکان،لایەنێکی تر ئەرێنی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان.
2. لە بواری دەروونیدا، قەیرانی دارایی بۆتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، نەخۆشییەکانی مەزاج و ناڕەحەتیی دەروونی) هەروەها قەیرانی دارایی کاریگەری هەبووە لە گۆڕانی جۆری ژیانی هاوڵاتیان.
3. لە بواری ئابووریدا، قەیرانی دارایی بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و لە دەستدانی کار لەلایەن هاوڵاتییانەوە، هەروەها بەهۆی قەیرانەوە زۆرێک لە پڕۆژە خزمەتگوزاییەکان وەستان و هاوڵاتیان لە بارودۆخێکی سەختی دارایی ژیان دەکەن.
4. لە بواری سیاسیدا، قەیرانی دارایی هۆکارێک بووە بۆ زیاتر قووڵبوونی قەیرانە سیاسییەکان لە نێوان پارتە سیاسییەکان و لاوازکردنی ئینتیمای نیشتمانی و متمانەی هاوڵاتیان بە میری، لە هەمانکاتدا بەهۆی داڕمانی سەرچاوە داراییەکانی میری، ئاسایشی نیشتمانی دووچاری مەترسی بۆتەوە لەدوای ساڵی (2014).

5. له بواری پەروەردەیی، قەیرانی دارایی هۆکارێکی کاریگەر بووە لە دابڕان و وازهێنانی قوتابی و مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە بەهۆی خراپبوونی باری دارایی هاوڵاتییانەوە، هەروەها ئەم قەیرانە پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی پرۆسەی پەروەردەی لاوازکردووە. لەهەمان کاتدا بەهۆی قەیرانی دارایەوە هاندان و پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فیرکردن و فێربوون لاوازبووە.

6. له بواری تەندروستیدا، بەهۆی قەیرانی دارایەوە، ڕێژەی پزیشک و دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان کەمیکردووە، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم قەیرانە هۆکاربووە لە کۆمەڵێک نەخۆشی وەکو جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە، کاریگەریەکی تری قەیرانی دارایی بریتییە لە فرۆشتنی ئەندامانی جەستە لەلایەن بەشێک لە هەژارانەوە بەهۆی نەبوونییەوە.

7. له بواری ژینگەیشدا، قەیرانی دارایی مەترسی و هەڕەشە بووە لەسەر ئاسایشی ژینگە و ئاسایشی خۆراک، کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر ژینگە و خۆراک لە هەژارییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هەژاری هۆکاری سەرەکیی تێکدانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە و ئەمیشیان هۆکاری تێکدانی ئاسایشی ژینگە و خۆراکە.

هاوڵاتی

تەوەرەی دەیەم: پێشنیارەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ ئەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتییانەی کە قەیرانی دارایی جێیدێڵێت لە دوای کۆتایی هاتنی قەیرانەکە.

2. قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی قەیرانی دارایی لەلایەن میرییەوە بۆ زیان لێکەوتووان لەڕووی ماددی و مەعنەوی و دەروونییەوە.

3. سوودوەرگرتن لەو قەیرانە لە ئەنجامدانی چاکسازی دارایی و ئابووری و کۆکردنەوەی زانیاری و داتای وورد لە ڕێگەی سەنتەرەکانی

توێژینەوە، لەمەڕ هۆکارەکانی ئەم قەیرانە بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

تەوەرەی یازدەیەم:ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

1. پێویستە لەسەر میری پلانی ستراتیژیی توکمە دابڕێژێت لە کاتی قەیرانەکانی دارایی و ئابووریدا، لەسەرجەم بوارەکان بۆ هاوڵاتیان، بە تایبەت بۆ خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان، لە پێشکەشکردنی هاوکاری ماددی و مەعنەوی لە پێناوی ڕێگەگرتن لە زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.
2. بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگا بە گرنیگیدانی زیاتری سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی لەلایەن میری و چالاککردنی کەرتی تایبەت،لە پێناوی ڕەخساندنی هەلی کار و پرۆژەکانی وەبەرهێنان.
3. پێکهێنانی تیم و دەستەی پسپۆڕ و ڕاهێندراو لە بوارە جۆراوجۆرەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی قەیران لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

پەراوێزەکان

* باوەڕپێدان (الائتمان) (Credit):-بەمانای دەستهەڵگرتنە لە مایەی ئێستا بەرامبەر بە مایەی دواڕۆژ، بنچینەکەشی بڕواپێدانە، کردەی بڕواپێدان بەچەند ڕێبازێکی یاسایی جیاوازدا ڕوودەدات، وەک قەرزکردن، داشکاندن و پێشەکی پێدان و فرۆشتن بە قەرز و کرێ. ئامرازەکانی بڕواپێدانیش بریتیین لە: 1- کاغەزی بازرگانی (پۆلیسە و قەوالّە و چەک) 2- کاغەزی بانک 3- کاغەزی دارایی، واتە (پشک و قەوالّەکان). (دەباغ،2000 ،ل 5).

** داعش: کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە (الدولة الأسلامية في العراق و الشام) لەسەر دەستی ئەبوبەکر بغدادی ڕێکخراوێکی نوێ ڕاگەیەندرا بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)، ئەم ڕێکخراوە ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکرد لە عێراق و سوریا بە ڕێگای کوشتن و خاپوورکردن و ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر، مێژوو بەکەمی ئەم جۆرە توندوتیژیەی بە خۆیەوە بینیوە. (شندب،2014 : 1)

سەرچاوەکان (References)

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

- دڕەخشان، مەسعوود(2010)، تەنگژەی دارایی جیهانی، و.ئەمیر محمود، چاپی1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- دەباغ، فەیسەڵ (2000)، ئینسکلۆپیدیای ئابووری، چاپی1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- عمر، معن خلیل (2011)، ڕێبازەکانی تووێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و، زیرەک ئەحمد ڕحمان، دەزگای تووێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- حەمە کەریم، ئاکۆ و علی، محمد، ئەوانی تر (2015)، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان, چاپی 1، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی.

دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان

- ابراهيم، الهادى ادم محمد و هارون، مصطفى (2016)، المحاسبة القضائية ودورها في الحد من ممارسة ادارة الأرباح سوق المال في الخرطوم، مجلة مركز المستنصرية للدراسات العربية و الدولية، العدد 55، الجامعة المستنصرية.
- ابراهيم،عبدالرحيم محمد(2007)، المتغيرات العالمية للمنظمات، مؤسسات شباب الجامعية،بدون مكان الطبع.

- ابو الرشته، عطاء بن خليل (1990) ، الأزمات الأقتصادية واقعها ومعالجاتها من وجهة نظر الأسلام، المركز الثقافي، عمان-الأردن .
- ابو طه، احمد محمد(2016)، الأزمات الأقتصادية اسبابها واثارها على الفرد والمجتمع ومواجهتها في العصر الحديث، ط1، مكتبة الوفاء القانونية، الأسكندرية-مصر.
- بدوي، احمد زكي (1982)، معجم مصطلحات العلوم الأجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت.
- بلعباس، عبدالرزاق سعيد (2009)، ما معنى ازمة. جدة، ضمن كتاب ، الأزمة المالية العالمية اسباب و حلول من منضور اسلامى، مجموع من الباحثين (2009)، ط1، مركز البحث العلمى.
- بيرداود، زانا احمد (2016)، علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الاجرامي، رسالة دكتوراه غير المنشورة،مقدمة الى كلية الاداب-جامعة صلاح الدين، اربيل.
- داود ،ابتهال محمد رضا(2013)، الفساد الإداري وآثاره السياسية والأقتصادية مع الاشارة خاصة الى التجربة العراق في الفساد، مجلة دراسات الدولية،جامعة بغداد، العدد 48.
- شندب،مازن (2014)، داعش ماهيته، نشاته، ارهابه، اهدافه، استراجيته، ط 1،الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت-لبنان.
- صوان، فرج محمد(2017)،البحث العلمي-المفاهيم، الأفكار، الطرائق و العمليات، ط1، ابن نديم للنشر و التوزيع، بيروت-لبنان.
- عبدالرضا، نبيل جعفر و الجوارين ،عدنان فرحان (2013)، تاريخ الأزمات الأقتصادية في العالم، ط1، دار الكتابي الجامعي، العين-الأمارات .
- عليان، ربحي مصطفى و غنيم ،عثمان محمد (2004)، أساليب البحث العلمي الأسس النظرية والتطبيق العملي، ط1،دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان .
- عيشور، نادية سعيد و اخرون (2017)، منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع، الجزائير.
- ماجد، ريما (2016)،منهجية البحث العلمي، ط1،مؤسسة فريدريش ايبرت، بيروت-لبنان.
- مجمع اللغة العربية (2004)، المعجم الوسيط، ط4،مكتبة الشروق الدولية، مجلد1،باب امن .
- محمد،إيثار عبدالهادي(2011)،إستراتيجية أدارة الأزمات:تأطير مفاهيمي على وفق المنظور الإسلامي، البحث منشور في مجلة العلوم الأقتصادية والأدارية-جامعة بغداد،المجلد17،العدد 64.

- نور، عبدالناصر ابراهيم و عيسى ,سيروان كريم و احمد، دلير موسى (2016)، اوجة القصور فى المعايير المحاسبية وتاثيرها فى خلق الأزمات والانهيارات المالية ،مجلة زانكو للعلوم الأنسانية، جامعة صلاح الدين، اربيل، مجلد 20، عدد5.

سێیەم:سەرچاوە بیانییەکان.

- Charles, F Herman (1963), some consequences of crisis which limit the viability of organizations, Available at book, Boin, arjen (2008), crisis management, Volume 11, SAGE publication.
- Coolican, H (2014), Research Methods and Statistics in Psychology, Psychology Press, New York, USA.
- Frederic S. Mishkin and Stanley G. Eakins (2014), Financial Markets and Institutions.Pearson Series in Finance, VOL.1.no.8.
- Oxford Dictionary (English-Arabic) (1984), Oxford University press, six impression, oxford, ingland.
- Ramkishen, Rajan (2007), financial crisis, capital outflows, and policy responses: Examples from East Asia, jurnal of economic Education, vol.38, no.1.

چوارەم: پەیج و مالپەرە ئەلیکترۆنییەکان.

- ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (2015)، ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عیراق، وەرگیراوە لە مالپەڕی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 15/ 8 / 2017. http://www.jcckrg.org/ku/article/read/110
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (2016)، دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە مالپەڕی فەرمی دەستەی ئاماری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 3/ 9 / 2018. http://www.krso.net/?page=list&c=labourforce
- ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (2016)، کۆمەکی مرۆیی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوارەو پەنابەران، وەرگیراوە لە مالپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.لە ڕێکەوتی 2017/7/23.

ڕۆستی http://www.jcckrg.org/ku/reports/all/2016
،نادر (2015)، سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ،هۆکاری سەرەکیبوون بۆ دابەزینی ژمارەی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە مالپەڕی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 15/ 8 / 2017.
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=53618

- ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (2017)، ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عیراق، وەرگیراوە لە مالپەڕی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: لە ڕێکەوتی 15/ 8 / 2017.
http://www.jcckrg.org/ku/article/read/110
- البارزاني ، نيجيرفان (2016)، مؤتمر صحفي مشترك مع نائبه قباد طالباني في ختام ورشة عمل حول التحديات الأقتصادية التي تواجه الاقليم، اليوم السبت،2016/1/23. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 26/ 2017/7. http://www.nrttv.com/AR/Detail.aspx? 8
- التوني ،ناجي (2004)، الأزمات المالية. سلسلة دورية تعنى بقضايا التنمية الأقتصادية العربية، المعهد العربي للتخطيط – الكويت، المجلد 3،العدد 29. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 25/ 1/2017.
http://www.arab-api.org/ar/publicationlists.aspx?
- الحمداني،عودت ناجى (2014)، تداعيات أزمة الموصل و متطلبات النصر على داعش. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 26/ 7/2017.
- http://www.iraqicp.com/index.php/sections/platform

- حمداوي، جميل. (2013). العينة الإحصائية. منشورة على الموقع الكتروني التالي:-
http://www.alukah.net/culture/0/52337/ -
- الخنسي، بيوار (2015)، تأثير تراجع اسعار النفط على أقتصاد أقليم كردستان. المجلة گولان، منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 20/ 2017/7.
http://www.gulan- -
media.com/arabic/articles.php?eid=52&id=328

- السليم، همام عبدالله علي (2016)، الأزمة المالية العراقية وسبل معالجتها لسنة 2016، الجريدة الصباح الجديد،جريدة يومية مستقلة، منشورة على الموقع الكتروني التالي:-
- http://newsabah.com/newspaper/70483
- شحاتة، عبداللة (2010)، الأزمة المالية: المفهوم والاسباب، منشورة على الموقع الكتروني التالي:-اخر زيارة 9/ 2017/4. https://www.slideshare.net/guest4464e0/ss-3310041
- صالح، مظهر محمد (2017)، مقابلة التلفزيونية و الصحفية، الغد برس. 2017/3/23. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- https://www.alghadpress.com/news/94545
- الصمادي، عدنان احمد (2010)، الأزمة المالية الراهنة: اسبابها وتداعياتها وعلاجها من وجهة نظر الأسلام، بحث مقدم الى المؤتمر العلمي الدولي حول، الأزمة المالية والأقتصادية المعاصرة من منظور اقتصادي اسلامي، جامعة العلوم الأسلامية العالمية، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، عمان –الأردن: منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 5/ 10 /2016.http://kt-b.com/?p=7627
- لاغارد، كريستين (2016)، خطاب النوايا_ ضمن التقرير الصندوق النقد الدولي– التقرير القطري رقم 16/11، منشورة على الموقع الرسمي للصندوق النقد الدولي:-
- http://www.imf.org/external/ns/search.aspx
-محمد، احمد انور، المؤتمر الصحفي (2017/1/12)، منشورة على الموقع الوكالة اليقين للانباء:- اخر زيارة 2017/9/27. http://yaqein.net/politics/17537
- -TRANSPARENCY INTERNATIONAL-the global colition against corruption (2016), Corruption Perceptions Index 2016. Available online: _ https://www.transparency.org/news/feature/corruption_perceptions.

Abstract

The Consequences of Financial Crisis in Iraqi Kurdistan between (2014-2017). It is a Socio-Experimental Study Conducted in Erbil City.

The aim of this study is to determine the negative social consequences of financial crisis on individuals and community in the domain of (social, psychological, economical, political, educational, health, and environment). The researcher used qualitative method for conducting the study. For the purpose of data collection, semi-structured used. There were twelve participants who were expert and popular in the fields of (social, psycho logical, economical, political, educational, health, and environment).

The results of the study show that financial crisis had negative impact on each individual differently and the society in general. Socially, the consequences lead to incline the social problems such as, crime, violence, and divorce, as well as the social value declined. Psychologically, depression, anxiety, and non-psychological stability increased. Moreover, politically, it leads to less being patriotic and political instability. Educationally, it affects on the process of education and the relation between learners and teachers. Furthermore, poverty and the rate of jobless dramatically increased. Another bad impact is in the field of health; medical supply and increasing number of patients were seen daily. Finally, it influences on the environment security.

ملخص

الآثار الاجتماعية للآزمة المالية في اقليم كردستان-لفترة (2014-2017).دراسة ميدانية اجتماعية في مدينة اربيل.

الهدف من اجراء هذا البحث هو معرفة و تحديد الآثار الاجتماعية للآزمة المالية على الفرد و العائلة و المجتمع من النواحي (الآجتماعية، النفسية، الاقتصادية، السياسة، التربوية، الصحة، البيئة) . وقد تم اعتماد المنهج الكيفي، واجراء المقابلة شبه المقننة. ومجتمع البحث هو مدينة اربيل ، و استخدام العينة القصدية، التى تتكون من (12) شخصا من المتخصصين والخبراء في مجالات (علم الاجتماع ،علم النفس، الاقتصاد، السياسة، التربية، الصحة، البيئة). وقد توصل البحث الى جملة من النتائج من ابرزها: ان الآزمة المالية لها اثار عميقة على الافراد والمجتمع .من الناحية الاجتماعية، ادت الى زيادة المشاكل الاجتماعية في المجتمع مثل(الجريمة، والعنف، والطلاق) وهكذا ادت الى ضعف القيم والمعايير الاجتماعية. من الناحية النفسية، ان الآزمة المالية ادت الى زيادة الامراض النفسية مثل(الاكتئاب، والقلق و الاضطرابات السلوكية و تغيير جودة الحياة. و من الناحية الاقتصادية، ادت الى زيادة نسبة البطالة و الفقر. اما من ناحية السياسية، ادت الى ضعف الانتماء الوطني لدى المواطنين، وعدم استقرار السياسى. اضافة الى ذلك من الناحية التربوية،ادت الى ضعف النظام التربوي و زيادة التسرب من الدراسة وعدم الاهتمام بالتعليم من قبل اعضاء التدريس والطلاب. اما من الناحية الصحية، ادت الى قلة الادوية والحاجات الصحية في المستشفيات. ومن الناحية البيئية، اثرت على امن البيئة.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

فشارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندن

خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی وەک نموونە

کۆمەڵگەی کتێب

م. ی. عادل محمد نوری
زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
adil.noori@univsul.edu.iq

پوختە

لەپاڵ شۆرش و بەرخودانەکانی گەلی کوردستان، خوێندکارانی کوردستان هەمیشە بەشێکی چالاک بوون لە بزاوتنی ئەو شۆرش و بەرخودانانە و لەناو ڕێکخراوی خوێندکاریدا خۆیان ڕێکخستووە و لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا خەباتیان کردووە، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و کردنەوەی سەرلەنوێی زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کە زۆرینەیان سەر بە پارتە سیاسییەکان بوون دەستیان کرد بەچالاکی لە ناو زانکۆکاندا، کە ئەم چالاکییانە خاڵی نەبوون لە کەموکوری و دەستوەردانی ئەم ڕێکخراوانە لەناو زانکۆدا.

ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی هەوڵدانێکی زانستیی مەیدانییە، کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ئەو هەوڵ و فشارانەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەیکەن تا چەندە کاریگەرە لەسەر پێشخستنی پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا، توێژەر هەوڵی داوە لە لایەنی تیۆریدا کار و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بخاتەڕوو، هەروەها توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی ڕۆڵ و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، بۆ ئەم مەبەستە پرسیارنامە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە کە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە و ٣٣ پرسیاری لەخۆگرتووە، نموونەی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییە لەپاش ئەوەی پێوەرەکە بەسەر نموونەکەدا دابەشکرا لەڕێگەی پاکێجی (SPSS) هەوە شیکاری ئاماری بۆ ئەنجامە بەدەستهاتووەکان کراوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە سەرەڕای گرنگی بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، بەڵام فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵێکی لاوازی هەبووە لەسەر پرسەکانی تایبەت بە خوێندکاران و باڵادەستی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و ململانێی

نێوان خودی ڕێکخراوەکان و دەستوەردان لە کاروباری ئیداری زانکۆکان، کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازیی ئەو فشارانەی کە ڕێکخراوەکان دەیکەن، لە کۆتاییدا چەندین ڕاسپاردە خراوەتەڕوو بە ئامانجی باشترکردنی ڕەوشی ڕێکخراوەی لە زانکۆکاندا.

وشە کلیلییەکان: پەروەردە، خوێندن، ڕێکخراوی خوێندکاری، ڕێکخراوی قوتابی، فشاری ڕێکخراوەیی.

هەوالنامەی کێبڕ

فشارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندن

خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی وەک نموونە

١-١ کێشەی توێژینەوەکە

لە دوای ڕاپەڕینەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پاش کردنەوەی زانکۆکان لە هەرێمی کوردستاندا، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هەوڵیان دا ڕۆڵیان هەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن، بێگومان لەبەرئەوەی زۆرینەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دامەزراوەی سەر بە حیزبە سیاسییەکان بوون، بۆیە هەوڵ و دەست پێشخەرییەکانیان خاڵی نەبوو لە کارکردنیان بۆ ناساندن و زەقکردنەوەی حیزبەکانیان لە نێو زانکۆکاندا، بەڵام ئەوە شاراوە نییە کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لەپاڵ هەژموونی حیزبیدا، کاریانکردووە بۆ دروستکردنی فشار لە پێناو چارەسەرکردنی ئاریشەکانی کە بەردەم ڕەوتی خوێندن لە زانکۆکاندا، بێگومان بەشێک لە هەوڵی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هەوڵدان بووە بە ئامانجی دروستکردنی فشار لەسەر ئیدارەی زانکۆ بە ئامانجی سوود گەیاندن بە خوێندکارانی زانکۆ کە زۆر جار ئەم فشارانە کاریگەرییان هەبووە لە سەر پرۆسەی خوێندن لە ناو زانکۆکاندا.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئایا ئەو هەوڵ و فشارانەی کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەیکەن تا چەندە کاریگەرە لەسەر پێشخستنی پرۆسەی خوێندن و ڕەوشی خوێندکاران لە زانکۆکاندا؟ یان بە دیوێکی تر ئایا فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵی ئەرێنی یان نەرێنی هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن؟

١-٢ گرنگیی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی مەعریفی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هێندەی توێژەر ئاگاداره، تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک ئەنجام نەدراوە لەسەر ڕۆڵی ئەو فشارانەی ڕێکخراوەکان دروستی دەکەن لەسەر پرۆسەی خوێندن و خوێندکاران، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا دەکرێن، جگە لەوەی لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بەو پێیەی بەرچاوڕوونیان پێدەدات بەوەی کە هەوڵ و فشارەکانیان تاچەندە ڕۆڵیان هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن.

١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانج لە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بە دەستهێنانی مەعریفەیەکی زانستییە، لەئاستی گشتیدا ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی ئەوە دەربخات کە تاچەندە فشارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەڕێوەچونی پرۆسەی خوێندن، سەرەڕای ئەوە توێژینەوەکە ئامانجی ئاماری هەیە تا پەیوەندی ئاماری لە نێوان تێڕوانینی ئەو خوێندکارانەی ئەندامن لە ڕێکخراوەکاندا بەرامبەر بەوانەی ئەندام نین لە ڕێکخراوەکان.

١-٤ پێناسەی چەمک و زاراوەکان

فشار

- گەورە ڕابەری بواری توێژینەوە هانس سەیلس پێناسی فشار دەکات، وەک وەڵامدانەوەیەکی دیاری نەکراوی جەستە کە جیادەکرێتەوە

بەهۆی دەردانی شەکری (glucocorticoids) بۆ هەر داوایەک (Selye,1936,32).

- فشار: گوزارشتە لە پەیوەندی نێوان تاک و ژینگە کە تاک نرخی بۆ دادەنێت، وەک باجێک لەسەر دەسکەوتەکانی و خۆشگوزەرانیی خۆی پێدەخاتە مەترسییەوە.(lazarus,& Folkman, 1984,19).
- تیۆرست کۆکس(١٩٨٨) پێناسی دەکات بەوەی کە فشار بەشێکە سیستەمێکی ئاڵۆز و چالاکی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەی مرۆیی و سروشتی) (Skinner,2007,22).
- **پێناسی رێکاری بۆ فشار:** گوزارشتە لە دۆخێکی یەکانگیری لە نێوان تاک و ژینگەکەیدا، بەواتای ئەوەی کە تاک توانای هەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر ژینگەکەی خۆی (مرۆیی و سروشتی) و ژینگەی مرۆڤ کاریگەری دەکاتە سەر تاک.

هەڵوالنامەی کۆنگرە

رێکخراو

- زاراوەی رێکخراو بە شێوە گشتییەکەی بەکاردێت بە مانای دامەزراوە یان "گروپێکی دامەزراو" لە واتایەکی سنووردارکراودا، کەواتە رێکخراو گوزارشتە لە یەکێک لە سیفاتە تایبەتەکانی دامەزراوە (بەمانای گونجان بە پێی باردۆخ و ڕۆڵی رێکخراوەکە (C.N Shankar,1989, 332).
- رێکخراو لە کۆمەڵناسیدا ڕووبەڕووی دوو گرفت دەبێتەوە یەکەم ئەم چەمکە لە زانستەکانی تردا (ئەندازیاری، ئابووری، کارگێری) بەکاردەهێنرێت، گرفتەکەی دی بەوردی بەکارهێنانیەتی لە کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، یەکەمین بەکارهێنانی کۆمەڵناسییانەی رێکخراو لە نوسینەکانی هێربەرت سبنسەردا دەبینین، کە بێگومان ئەویش بە مانای سیستەم کاریگەر بووە کە (ئۆگست کۆنت) خستویەتەڕوو، بە بڕوای سپێنسەر لە توانای لەیەکتر خڕبوونەوەی سادەیی تاکەکاندا نییە کۆمەڵگا بهێننە ئاراوە بۆ ئەوە کۆمەڵگا دروست ببێت زەروریە کە کۆبوونەوەی

تاکەکان لە هەمان کاتدا ببێتە هۆی زیادبوونی هاوکاریی نێوانیان، و بوونی ڕێکخراو مەرجی دروست بوونی هاوکارییە (محسنی، ٢٠٠٢، ١٩٣).

- **پێناسەی ڕێکاری ڕێکخراو**: ڕێکخراو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بە دامەزاراوە بوونی کۆمەڵێەک کە کار بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەکەن، سیفەتی ڕێکخراوەیی خاڵی جیاکەرەوەی نێوان کۆمەڵێەکی هەرەمەکی و کۆمەڵێەکی سیستەماتیکییە.

ڕێکخراوی خوێندکاری

- زاراوەی ڕێکخراوی خوێندکاری گوزارشتە لە چەندین هاومانای دی کە وەک ڕێکخراوی خوێندکاری دەناسێنرێت هەروەک (یەکێتی خوێندکاران، ئەنجومەنی خوێندکاران، دەستەی خوێندکاران) کە لە ئێستادا لە زانکۆ یاخود کۆلێژەکاندا ئامادەییان هەیە کە گرنگی دەدەن بەو چالاکییانەی کە لای خوێندکاران گرنگە، هەروەک خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، چالاکیی سیاسی و کلتوری و هونەری (Dain and Hijriati,2017,9).

- ڕێکخراوی خوێندکاری: پێناسە دەکرێت بەوەی کە دامەزراوەیەکە لە ناو زانکۆدا کە گرنگی دەدات بە چالاکیەکانی خوێندکاران و بە شێوەیەکی گشتی وەرزش و سینەما و ڕاییکردنی کاری فەرمی و یاری و دابینکردنی ژوور بۆ خوێندکاران لەخۆدەگرێت(merriam-webster online dictionary).

- **پێناسەی ڕێکاری ڕێکخراوی خوێندکاری**: بریتیە لە کۆبونەوەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵێک خوێندکار کە کاردەکەن لە پێناو باشترکردنی دۆخی خوێندکاران و گرنگیدان بە چالاکییەکانی خوێندکار.

ڕۆڵ

• ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەفتارەیە کە لە کەسێک چاوەڕوان دەکرێت کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو پەیوەندیە یاخود ئەو ئاماژەیەیە کە سروشتی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکە دیاریدەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە. کەواتە پێناسەکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە دیاری کردنی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ڕەفتاری ئەو تاکە هەیە کە ڕۆڵەکە دەگێڕێت (میشیل، ۱۹۸۰، ۲۵۳).

• چەند تەرزێکی ڕەفتار و کۆمەڵێ هەڵوێستی چاوەڕوانکراوە لەو کەسانەی کە چەند پێگەیەک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی داگیر دەکەن، ڕۆڵ بەوە لە بارودۆخ جیادەکرێتەوە کە زاراوەی دووەم وەسفی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە ڕێژەییە دەکات، لەکاتێکدا زاراوەی یەکەم وەسفی ئەو جۆرە کارانە دەکات کە لەمیانەی هەر هەڵوێستێکدا پێی هەڵدەستین، تاکەکان لەڕێگەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە بە ڕۆڵەکانیان ئاشنادەبن و پێیان هەڵدەستن، بەم شێوەیە ڕۆڵە سیاساییەکان ئەو ڕەفتارە یاخود ئەو هەڵوێستانەن کە پەیوەستن بەهەڵوێستی سیاساییەوە (روبیرت، ۱۹۹۹، ۳۹۹).

• ڕۆڵ کردار یاخود ئەرکێکە کە کەسێک لەناو گروپێکدا دەیگرێتە ئەستۆ. ڕۆڵ هەم وەک جۆری ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی تاکە کەسێک بەپێی نموونە گشتییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی گروپ و هەم وەک شێوەی وەڵامدانەوەی چاوەڕوانکراوی ئەوانی تر پێناسە دەکرێت (سازگارا،۲۰۰۳، ۱۲۲).

• **پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕۆڵ:** گوزارشتە لەو ڕەفتار یان ئەرکەی کە تاک یان کۆمەڵێک دەیگێڕێت، بەرامبەر بە ئەرکێکی دیاریکراو، کە مەبەست لێی بەرجەستەکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکە کە دەشێت ڕۆڵی تاک لە تێگەیشتنی ئەوانی ترەوە پێناسەی بۆ بکرێت.

٢- چوارچێوەی تیۆری

٢-١ ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە میژووودا

ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە پاڵ دروستبوونی زانکۆکاندا میژوویەکی دێرینیان هەیە، بۆ یەکەمین جار ڕێکخراوی خوێندکاری لە زانکۆی پەنسلڤانیا وەک یەکێک لە کۆنترین زانکۆکان لە ساڵی (١٨٩٦) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزرا، پاشان لە ساڵی (١٩١٤) دا دامەزراوەی یەکگرتوی نێودەوڵەتی کۆلێژەکان (ACUI) ی دامەزرا، کە کاری دەکرد لە پێناو بەگەڕخستنی چالاکیەکانی خوێندکاران، لە ساڵی (٢٠١٦) دا ئەم ڕێکخراوە ٥٢٢ ئەندامی هەبووە لە (١٠) وڵاتی جیاوازدا. (Rudisille, 2018, eric.ed.gov)

پاشان لە ساڵی ١٩٣٤ دا یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاران دروست بوو لە ولایەتی ڤێرجینیا لەژێر ناوی هۆڵی مادیسۆن (Madison Hall)، پاشان لە ساڵی ١٩٥٠ دا لە زانکۆی ئاراگۆن کۆمەڵەی بیرەوەری ئارب بونیادنرا (uoregon university website, emu.uoregon.edu).

ئەوەی تێبینی دەکرێت زیاتر ئەم ڕێکخراوانە بۆ کۆکردنەوەی خوێندکاران بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆری زانستی یان تەرفیهی، کە دەتوانین، وەک لایەنێکی ڕێکخراو لە کۆکردنەوەی خوێندکاراندا ئاماژەی پێبدەین، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو کاری ڕێکخراوی بزوتنەوە خوێندکارییەکان، وەک هێزێکی دەرکەوتە و کاریگەر دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بە تایبەتتر دوای شۆڕشە لە ناکاوەکەی خوێندکاران کە لە ساڵی (١٩٦٨) ەوە لە فەرەنسا دەستی پێکرد و نزیکەی هەموو جیهانی گرتەوە (تیلی،٢٠١٢، ٢٠٥).

یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاری کوردی لەکوردستان لە ساڵی ١٩١٢ دا لە شاری ئەستەمبوڵ ڕاگەیەنرا لەژێر ناوی "هیڤی" یان وەک ئەوەی

ژەنەرالّ شەریف پاشا لە نامەی پیرۆزباییەکەیدا لە ژمارە (٤٧) ی گۆڤاری (مەشروتیەت) بە (جەمعیەی هیوای تەلّەبەی کوردان) ناوزەندی دەکات. گەرچی ئەم رێکخراوە لە ١٩١٠ وە دامەزرابوو بەلّام لە ١٩٢٠ دا مۆلّەتی کارکردنی وەرگرت، دەبینین لەسەر هەمان شێوازی ولّاتانی تر رێکخراوی خوێندکاری هێڤی خاوەنی گۆڤارێک بوو کە چالاکییەکانی تێدا بلّاو دەکردەوە, هەروەها خاوەنی یانەیەکیش بوو بۆ کۆکردنەوەی خوێندکاران و رۆشنبیران (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٤٩-٥٠).

٢-٢ رێکخراوە خوێندکارییەکانی کوردستان

هەرچەندە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی رێکخراوە خوێندکارییەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکانی کوردستانەوە پالّپشتی دەکرێن، کە ئەمە زیاتر بووەتە مایەی ئەوەی دۆخێکی ناهەموار وەربگرێت بەوەی کە رێکخراوە خوێندکارییەکان هەوڵ بدەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی سیاسیی حیزبەکانیان، وەک لەوەی ببنە گروپی فشار، چونکە خەسڵەتی بوونە گروپی فشار زۆرجار رێگە نادات هاوتەریبی بەرژەوەندیی رێکخراوە سیاسییەکان بێت، بەوەی حیزب خاوەنی دامەزراوە و سیستەمی خۆیەتی و هەروەها حیزب هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە دەسەلّاتی سیاسی (نەقیبزادە، ٢٠٠٧، ٢٤٥).

بەگشتی و لە ئێستادا کۆمەلّێک رێکخراوی خوێندکاری هەن کە بەشێوەیەکی کارا لە ناوەندەکانی خوێندندا کاردەکەن کە بریتین لە:

١- رێکخراوی قوتابیانی کوردستان

پێناسە: رێکخراوێکی پیشەیی، نیشتمانی، دیموکراسی و قوتابییانەیە، تێدەکۆشێت لە پێناو پاراستنی مافی قوتابیان و دەستەبەرکردنی خواستەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستیان و پەرەپێدانی رەوتی زانست، هەروەها پشتگیری دۆزی رەوای گەلی کوردستان دەکات، لەپێناو

بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخوازی مەدەنی (کارنامە و پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ٢٠١٧، ل:٣-٤)

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١- بەشداری کارا و کاریگەری قوتابیان لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا.
٢- داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی قوتابیان.
٣- یارمەتیدانی قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، کە بەهۆی خەباتی سیاسییەوە پەرتەوازە دەبن، یاخود ئەوانەی ئارەزووی خوێندن دەکەن لە کوردستان.
٤- بەشداریکردن و داکۆکیکردن لە بڵاوکردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیری و ئازادیی باوەڕ و لایەنگیری.
٥- هەوڵدان بۆ بە سەردەمیکردنی کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری و مەدەنی لە کوردستاندا.
٦- پاڵپشتیکردنی ناردنی قوتابیانی کوردستان بۆ دریژەدان بە خوێندن لە دەرەوەی وڵات و سیستەمی تواناسازی زیاتری قوتابیانی کوردستان.
٧- کارکردن بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم قوتابیانی کچ لە خوێندن و بەرەوپێشچووندا.
٨- یارمەتیدانی یاسایی و مەعنەوی ئەو قوتابیانەی کە ڕۆڵەی شەهید و پێشمەرگەی پەککەوتە و قوربانییانی کیمیاباران و پرۆسەکانی ئەنفال و جینۆساید و کەمدەرامەتان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
٩- کارکردن لەسەر زیاتر بەهێزکردنی ڕایەڵەی نێوان مامۆستا و قوتابی بەشێوەیەکی سەردەمییانە.

١٠- هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوە تایبەتییەکانی پەروەردە و خوێندنی بالا بۆ دانانی پلانی نوێی پەروەردەیی و داڕشتنی میتۆد و فەلسەفەی پەروەردە بە شێوەیەکی سەردەمییانە.
١١- هەوڵدان لەگەڵ ئەو قوتابییانەی کە توشی لادان و تاوان دەبن و گێڕانەوەیان بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگە، لەڕێگەی چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە.
١٢- بەشداریکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی پەروەردە بۆ گرنگیدان بە کەسایەتی قوتابیان و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی دروست.
١٣- جەختکردنەوە لە دروستکردنی کەمپی زانکۆکان و کۆمەڵگەی بەشی ناوخۆی بۆ قوتابیان بە شێوەیەکی سەردەمییانە کە هەموو پێداویستییەکانی خوێندن و پشوو لە خۆبگرێت.
١٤- داواکردنی پەرەپێدان و زیادکردنی ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان بە پێی پێویست.
١٥- دەرخستنی بەهرە و توانای ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەرییەکانی قوتابیان.
١٦- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابیان.
١٧- هەماهەنگیکردن لەگەڵ ناوەندە زانکۆیی و ئەکادیمییەکان لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و تەندروست.
١٨- بایەخدان بە بەرهەمی هزری و توێژینەوەی قوتابیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. (کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٧، ل:٧-١١).

٢- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

پێناسە: ڕێکخراوێکی پیشەیی خوێندکاریی مەدەنیی دیموکراسیی پێشکەوتووخوازی هاوچەرخی سەربەخۆیە، سەر بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبی،

خوێندکار دەگرێتەخۆی (پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠٠٦، ٤).

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١- بەدیهێنانی خواستە پیشەیی و ئەکادیمییەکانی خوێندکاران و فەراهەم کردنی کەش و هەوایەکی مۆدێرن و شارستانی لەبواری پەروەردەدا.
٢- گرنگیدانی زیاتر بە سەنتەرەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی خوێندکاران لە گشت بوارەکاندا.
٣- بایەخدان بەبەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی خوێندکاران و گرنگیدان بە توێژینەوە زانستییەکانی خوێندکار لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا، بەڕادەیەک لەسەر ئاستی پسپۆرییەکدا توێژینەوەی سەرکەوتوو خەڵات بکرێت.
٤- پەیڕەوکردنی سیستەمی خوێندنی تێکەڵاو بە پێی نەخشەیەکی زانستی.
٥- پەرەپێدانی زیاتری بنەماکانی پەروەردەی زانستیی نوێ و سڕینەوەی تەواوی شێوازە دزێوەکانی پەروەردەی کۆن (پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان،٢٠٠٦،٥-٦).

٣- یەکێتی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان

پێناسە: ڕێکخراوێکی قوتابیانی ناحکومییە، تێدەکۆشێت بۆ گەشەپێدانی تواناکان و بەدیهێنانی ماف و داواکارییەکانی قوتابییان، لە پێناو ئامادەکردنی تاکێکی کارا و بەرپرسیار بۆ کۆمەڵگە، بە دیدێکی مەدەنییانەی هاوچەرخ (پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦، ١).

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١. هاندانی قوتابییان بۆ خۆ پەروەردەکردن و دەستگرتن بە بەها ئیسلامی و نیشتمانی و مەدەنییەکانەوە.
٢. پێگەیاندنی قوتابییان بە گیانی دیموکراسی و گفتوگۆ و بەیەکەوەژیانی ئاشتیخوازانە.
٣. داڕشتنی پەیوەندییەکی دامەزراو لەسەر دیالۆگ و ڕێزی بەرامبەر، لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا.
٤. بایەخدان بە خوێندنی هاوچەرخ و هاندانی قوتابییان، بۆ بەدەستهێنانی پلەی بەرز لە خوێندندا.
٥. بایەخدان بە خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژوو و جوگرافیای کوردستان، لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا.
٦. نەهێشتنی دەستێوەردانی حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندن، هەڵوەشاندنەوەی ستافە ئیدارییەکان، کە بە تەزکییەی حیزبی دانراون.
٧. هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری، لە شێوازی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بە جۆرێک ڕەچاوی ویست و ئارەزوی قوتابییان بکرێت.
٨. پەرەپێدان بەچاکسازیی لەپرۆگرامەکانی خوێندن، بەجۆرێک ڕەچاوی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و فیربوونی زمانە بیانییەکان بکات. (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦،١-٢).

٤- ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان

پێناسە: ڕێکخراوێکی جەماوەری پیشەی قوتابییانە لە کوردستانی عێراق کار و چالاکییەکانی ئەنجام دەدات (بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان، ٢٠١٦،١).

ئامانجەکانی ڕێکخراو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا

١- داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابییان بە بێ جیاوازی ئاین و ڕەگەز و نەتەوە.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاریی قوتابیان لە ڕێگەی کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ و سازدانی خول و سیمینار.
٣- هاوکاریکردنی دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و نەهێشتنی گەندەڵی.
٤- بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی قوتابیاندا و گەشەپێدانی پرۆسە مەدەنییەکان.
٥- گرنگیدان بە خوێندنی پیشەیی لە هەموو ئاستەکانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەییەکان.
٦- بەرەنگاربونەوەی ئەو داب و نەریتانەی کە ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی خوێندندا.
٧- پشتگیریکردن لەسەرجەم ئەو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی چاکسازی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.
٨- بەگەڕخستنی وزە و تواناکانی قوتابیان بە ئاراستەیەکی تەندروست و دوور لە هەڵچوون و بێبەرنامەیی.
٩- پەروەردەکردنی لایەنە مەعنەوی و جەستەییەکانی قوتابیان لە ڕێگای گرنگیپێدان بە بەهرە و توانا و داهێنانەکانیان.
١٠- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵە ناوخۆی و جیهانییەکان و بوونە ئەندام لە دەزگا و دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان.
١١- بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابیان، لە ناوەندەکانی بڕیار کە تایبەتن بە قوتابی و پرۆسەی خوێندن. (بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان، ٢٠١٦،ل١-٢).

٢-٣ کاری ڕێکخراوەیی لە دروستکردنی فشاردا

بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ئەو بەرنامانەی پێشکەشی دەکەن شاراوە یان لە پشتی پەردەوەن، لە پێناو دەرخستنی تواناکانی خوێندکاران یاخود گەیاندنی دەرفەتی بەسوود بە کۆمەڵگا

(Dain and Hijriati,2017,9)، هەڵبەتە بەو پێیەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕەگەزێکن لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەم پێیە، هەموو کار و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی کاریگەریی ئەو فشارانەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دروستیان کردووە لەسەر دەسەڵاتی بە ئامانج گرتوو. (تیلی،٢٠١٢، ٢٠٤-٢٠٥)، بۆیە دەکرێت بۆ دەرخستنی ڕۆڵی کارای ڕێکخراو و بزوتنەوە خوێندکارییەکان سەرنج بدەینە ڕووداو و خۆپیشاندانەکانەکانی ساڵی (١٩٦٨) بەتایبەت و هەروەها هەندێک ڕووداوی تر کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا کە بە شۆرشی خوێندکاران ناسێنران.

بلیسەی شۆڕشی خوێندکارانی فەرەنسا لە (١٩٦٨) دا دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی دوو وانەبێژی بەشی کۆمەڵناسی (ئیدگارد مۆران) و (هێنری لیفەر) لە زانکۆی نانت، کە لە دواییدا (دانیاڵ کۆهن) و هاوڕێکانی بزوتنەوەی ٢٢ی مارسیان ڕاگەیاند، سەرباری ئەوەی پشێوی و نائارامیەکانی زستانی (١٩٦٧-١٩٦٨) ی بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکاران لەبەرانبەر قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانە و بەرهەمی بیریارانی وەک ولیەم ڕایش و ئەریک فرۆم، کاریگەرییان هەبوو لەسەر هەڵکشانی بزوتنەوەی خوێندکارانی فەرەنسا، سەرەڕای ئەوەی بیری مارکسیسزم و چەپگەرا کە ئایدۆلۆژیایەکی زاڵبوو بەسەر زانکۆکانی فەرەنسا بەو پێیەی ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی بڕوای بە خەباتی بەرەی پێکەوەیی هەیە، کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر تێکڕای ڕووداوەکانی ١٩٦٨ دا, هەروەها جۆرج لاباساد، ڕاوێژکاری کۆمەڵەی خوێندکاران لە زانکۆی سۆربۆن، کار و نوسینەکانی جۆرج ئۆرێل و ئەریک فرۆم و ڤلیکش گاتاری، میشێل فۆکۆ و چەندین بیریاری تر بە تایبەت ئەوانەی کاریگەربوون بە بیری چەپگەرا و مارکسیسزم ڕۆڵیان هەبوو لە

دروستکردنی بزوتنەوە خوێندکارییەکان. (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٠، ١٤-١٥).

فشاری بزوتنەوە خوێندکارییەکان سنوورەکانی ئەوروپای تێپەڕاند و کیشوەری ئەمریکای گرتەوە، بە جۆرێک لە ئەمریکادا لەپاڵ دروست بوونی بزوتنەوەی هیندی- ئەمریکی و تیرۆرکردنی سەرۆک مارتن لۆتەر کینگ، خوێندکاران ڕژانە سەر شەقامەکان و دەرگای زانکۆکانیان داخست(تیلی،٢٠١٢، ٢٠٦). لە کەنەدا گشت زانکۆکان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا دژ بە دەوڵەت بۆ بونیادنانی حکومەتێکی سۆسیالیستی، کە تەنها لە زانکۆی کیبیت نزیکەی ٤٠ هەزار خوێندکار لەو فشارانەدا بەشدار بوون (Westhues,1975,392)، هەروەها لە مەکسیک زیاتر لە سەد هەزار خوێندکار ڕژانە سەرشەقامەکان و بەڵام خۆپیشاندانی خوێندکارانی مەکسیک خوێناوی بوو، ئەوەبوو لە ٢ تشرینی ١٩٦٨ دا پاش ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای پۆلیس و خوێندکاران بەسەدان خوێندکار کوژران و بەهەزاران خوێندکاری ترڕاندنی کرا.

بزاوتی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەنها ئەو وڵاتانەی نەگرتەوە کە سیستەمەکانیان سۆسیالیستی نەبوون، بەڵکو بلۆکی سۆسیالیستیش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی فشار و ناڕەزاییەتی خوێندکاران بووەوە، لە پۆڵەندا خوێندکاران پاڵپشت بە ڕوناکبیرە ئۆپۆزسیۆنەکان دژ بە سانسۆرەکانی کۆمۆنیزم خۆپیشاندانیان کرد، بەڵام لە لایەن تانک و هێزە سۆڤیەتییەکانەوە سەرکوتکران(تیلی،٢٠١٢، ٢٠٦)، هەروەها لە پەیجین و لە ساڵی ١٩٨٩ خوێندکاران ناڕەزایەتییەکانیان دەسپێکرد و خوێندکاران خۆیان لەبەرەیەکی ڕێکخراودا ڕێکخست، دژ بە ستەمەکانی سیستەمی سۆسیالیستی، خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی خوێندکاران لە پەیجین هێندە کاریگەربوون کە بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکان دادەنرێت لە شکستی سیستەمی کومۆنستیدا، بەڵام لە کۆتاییدا بە زەبری هێز خۆپیشاندانەکان

کۆتایی پێدێت و خوێندکاران پاشەکشە دەکەن لە داواکارییەکانیان (تیلی،٢٠١٢، ٢١٥).

دۆخی خوێندکارانی کورد هەمان ڕێچکەی خوێندکارانی ئەوروپا بووە، گەرچی لەڕووی ستراتیژ و ئامانجەوە جیاواز، جێگەی ئاماژەپێکردنە کە کۆمەڵەی "ئیتیحاد و تەرەقی" (١٨٨٩) کە ڕێکخراوێکی نهێنیی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە لایەن دوو خوێندکاری کوردەوە دامەزرا کە هەریەکە لە عبدالله جودت و ئیسحاق سکوتی کە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوون لە زانکۆی ئەستەمبوڵ، کە لە دواییدا ئەم ڕێکخراوە توانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوبەرێت (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٤٢)، سەرەڕای بوونی ڕێکخراوی تەڵەبەی هێڤی و ئەو هەموو خوێندکارە کوردانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆسەی سیاسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەڵام دەبینین کە فەلسەفەی ئەم پرۆژە مەعریفییەی کورد نابێتە هەمان ئەو فەلسەفەی کە ئەو خوێندکارانەی کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە فەرەنسا و لە پێناو چاکسازیی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕاپەڕینیان بەرپاکرد (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٩٦).

بەسەرنجدان لە شۆڕشی خوێندکاران ئەوە دەردەکەوێت کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان توانیویانە ببنە فشاری کاریگەر لە پێناو گۆڕینی دۆخی کۆمەڵگا و ویستی خوێندکاران بۆ باشترکردن و فەراهەمکردنی داواکاریەکانیان، هەروەک کۆمەڵناسی ئەڵمانی (هێربێرت مارکۆزە) پێیوایە کە خوێندکاران توانای ئەوەیان هەیە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدەن (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٠، ٦٧).

سێیەم: :میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارە مەیدانییەکان:

٣-١ :میتۆدی توێژینەوە: ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنیان، هەروەها سوود لێ وەرگرتنی لەو توێژینەوە زانستییەدا کە ئەنجامی دەدات (الحسن،

١٩٩٩، ٥٩٩). لـــەم تـوێژینەوەیـــەدا میتـــۆدی ڕوپێـــوی کـــۆمەڵایەتی بەکارهـاتووە, کە تـوێژەر لە ڕێگەی فـۆڕمی ڕاپرسـی کە وەک ئـامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە بۆ دەرخستن و وەسفکردنی دیاردەکە، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی وەسـفی بە گونجـاو زانیـوە بەمەبەسـتی گەیشـتن بە ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە، لە هەردوو لایەنـی تیـۆری و مەیدانیـدا تـــوێژەر هەوڵـــی داوە کە وەســـفی ئەو فشـــارانە بکـــات کە لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە دەکرێت لە نێو ژینگەی خوێندندا.

٣-٢ :کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:

٣-٢-١ :کۆمەڵگای توێژینەوە: گروپێکە لە کەسان کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیمـۆگرافی یـاخود پیشـەیی یـان کولتـوری یـان ئـابووری یـــان کۆمەڵایـــەتیی دیـــاریکراون، کـــە دەتوانرێـــت لێیانـــەوە نمـــوونەی توێژینەوەکـــە هـــەڵبژێردرێت (الحســـن، ١٩٩٩، ٥٤٤). کـــۆمەڵگەی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتیە لـە خوێنـدکارانی زانکـۆی سـلێمانی کە ژمارەیـان (٢٢٥٥٥) خوێندکارە (ماڵپەری فەرمی زانکۆی سلێمانی).

٣-٢-٢ :نموونەی توێژینەوە

نموونـە ئـەو کۆمەڵـە هەڕەمەکییـەیە یـاخود ڕێکخـراوەیە کـە تـوێژەر لەکۆمـەڵگای توێژینەوەکەیـەوە وەری دەگرێـت، کـە لێیـەوە زانیاریـیـەکان وەردەگیـرێن و دەرئەنجامـەکان دەردەهێنرێـت بـەزۆری بـەهۆی زۆریـی ژمـــارەی دانیشـــتوانەوە دەگیرێتەبـــەر(دیـــنکن، ١٩٨٠، ٢٥٧)، نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بەشـــێوەیەکی هەڕەمەکیـــی ســـادە لە خوێنـــدکارانی زانکـــۆ وەرگیـراوە، بە شـێوەیەک پرسـیارنامەکە دراوە بە خوێنـدکارانی زانکـۆ لە کـۆلێژە جیاجیاکـانی زانکـۆی سـلێمانی، کە تێکڕای ژمـارەی خوێنـدکاران (٢٢٥٥٥) خوێنـــدکارە، و بەپێـــی ئاســـتی بەهـــای (٠,٩٥) بە جیـــاوازیی بەڵـــگەداری (٠,٥) پێویســـتە لانـــی کەم نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە (٣٧٨) خوێنـدکار بێـت*، بـۆیە تـوێژەر (٣٨٤) خوێنـدکاری وەرگرتـووە، وەک

نموونەی توێژینەوەکە لە خشتەی (١) دا خەسڵەتی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

خشتەی (١) نموونەی توێژینەوەکە				
بڕگە	هەڵبژاردە	دوبارە	ڕێژەی	گشتی
ڕەگەز	مێ	208	54.17%	384
	نێر	176	45.83%	
ئەندامێتی لە ڕێکخراودا	ئەندام	72	18.75%	384
	ئەندام نییە	312	81.25%	

هەوالنامەی کتێب

٣-٣ :سنووری توێژینەوە

٣-٣-١ : سنووری شوێنی: مەبەست لێی ئەو ژینگە و جێگایەیە، کە توێژەران هەڵیانبژاردووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، سنووری شوێنیی ئەم توێژینەوەیە شاری سلێمانی، زانکۆی سلێمانییە.

٣-٣-٢:سنووری کاتی: ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لە ٢٠١٨/٤/١ بۆ ٢٠١٨/٧/١.

٣-٣-٣:سنووری مرۆیی: مەبەست لێی نموونەی توێژینەوەکەیە واتە ئەو کەسانە دەگرێتەوە وەک لێتوێژراو وەرگیراون، سنووری مرۆیی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییە.

٤-٣ :ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بۆکۆکردنەوەی زانیارییەکان لە نموونەی توێژینەوەکە توێژەر فۆڕمی پرسیارنامە (ڕاپرسی)، وەک پێوەر بەکارهێناوە کە بڕیتیە لە سێ

تەوەرەی سـەرەکی کە بەکـۆی هەر سـێ تەوەرەکە (٣٣) بـڕگە لەخۆدەگرێت.

٣-٥ : ڕاستگۆیی و جێگیری:

٣-٥-١:ڕاستگۆیی

بـۆ دڵنیـابوونەوە لە ڕاسـتگۆیی پێوەرەکـان تـوێژەر پێـوەرەکەی بـۆ ژمارەیەک لەپسپۆڕانی بوارەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسـی) کەژمارەیـان (٩) پسپۆرە، خستۆتەڕوو، توێژەر داوای لێکردوون لەڕێگەی بەکارخستنی پسپۆری و توانایانەوە دڵنیابنەوە لەگونجاویی بڕگەکان، لەڕووی داڕشتن و ماناوە، لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و زیادکردنێک کە بە پێویستی بزانن.

تـوێژەر ئەو بڕگانەی لابـردووە کە زیـاتر لە (٥) پسـپۆر یـان زیـاتر بەباشـیان نەزانیبێـت لەسـەر ئەو بنەمـایەی کە ژمـارەی پسـۆرەکان (٩) کەسە، لە پاشکۆی (١) دا ئاماژە بە ناوی پسپۆران دراوە.

٣-٥-٢ جێگیری

دوای جێبـەجێکردنی پێوەرەکـان بەسـەر نمـوونەی تـوێژینەوەکە و داخڵکردنی داتاکان لەڕێگەی پاکێجی (SPSS)ەوە، بەڕێگای هـاوکۆلکەی ئەلفـا کرونبـاخ جێگیـری بـۆ نمـوونەکە وەرگیـراوە، وەک لە خشـتەی (٢)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢) جێگیریی پێوەرەکە

ئەلفا کرۆنباغ	ژمارەی بڕگە
٠,٧٨	٣٣

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئاستی بەرزی جێگیریی پێوەرەکان دەسەلمێنێت، بەشێوەیەکی ئەرێنی بە ڕێژەی (٠,٧٨).

٦,٢:ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

پاکێجی ئاماری (SPSS) بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی ئامارییەکان بەگشتی بەکارهێنراوە.

چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە

٤-١ گشت ئەنجامە بەدەستهاتووەکان

لە خشتەی (٣)دا گشت ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون خراوەتەڕوو

خشتەی (٣) ئەنجامە بەدەستهاتووەکان

تەوەرەی یەکەم: کاری ڕێکخراوەیی

بڕگە	بەڵێ		نەخێر		تاڕادەیەک		ناوەندی شیاو	ڕێژەی سەدی
	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە		
1	88	22.92	68	17.71	228	59.38	1.64	54.51
2	44	11.46	272	70.83	68	17.71	1.94	64.58
3	184	47.92	52	13.54	148	38.54	2.09	69.79
4	20	5.208	272	70.83	92	23.96	1.81	60.42
5	68	17.71	176	45.83	140	36.46	1.81	60.42
6	52	13.54	208	54.17	124	32.29	1.81	60.42
7	72	18.75	136	35.42	176	45.83	1.73	57.64
8	224	58.33	84	21.88	76	19.79	2.39	79.51
9	200	52.08	44	11.46	140	36.46	2.16	71.88
10	100	26.04	156	40.63	128	33.33	1.93	64.24
11	56	14.58	260	67.71	68	17.71	1.97	65.63
12	148	38.54	88	22.92	148	38.54	2.00	66.67

هەوالنامەی کێبڕکێ

تەوەرەی دوەم: پێویستیەکانی خوێندکاران

برگە	بەڵێ		نەخێر		تاڕادەیەک		ناوەندی شیاو	ڕێژەی سەدی
	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە		
1	64	16.67	128	33.33	192	50.00	1.67	55.56
2	40	10.42	240	62.5	104	27.08	1.83	61.11
3	32	8.333	180	46.88	172	44.79	1.64	54.51
4	28	7.292	224	58.33	132	34.38	1.73	57.64
5	36	9.375	244	63.54	104	27.08	1.82	60.76
6	364	94.79	8	2.083	12	3.13	2.92	97.22
7	328	85.42	4	1.042	52	13.54	2.72	90.63
8	144	37.5	132	34.38	108	28.13	2.09	69.79
9	88	22.92	112	29.17	184	47.92	1.75	58.33

تەوەرەی سێیەم: فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان

برگە	بەڵێ		نەخێر		تاڕادەیەک		ناوەندی شیاو	ڕێژەی سەدی
	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە		
1	196	51.04	88	22.92	100	26.04	2.25	75.00
2	56	14.58	232	60.42	96	25.00	1.90	63.19
3	28	7.292	256	66.67	100	26.04	1.81	60.42
4	32	8.333	256	66.67	96	25.00	1.83	61.11
5	60	15.63	236	61.46	88	22.92	1.93	64.24
6	120	31.25	100	26.04	164	42.71	1.89	62.85
7	88	22.92	240	62.5	56	14.58	2.08	69.44
8	80	20.83	168	43.75	136	35.42	1.85	61.81
9	112	29.17	104	27.08	168	43.75	1.85	61.81
10	44	11.46	192	50	148	38.54	1.73	57.64
11	48	12.5	256	66.67	80	20.83	1.92	63.89
12	88	22.92	152	39.58	144	37.50	1.85	61.81

٤-٢ شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی هێزی برگەکانی توێژینەوەکە

لە خشتەی (٤)دا هێزی برگەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی برگەکان لە تەوەرەکاندا و ناوەندی شیاوی برگەکان کراوەتە پێوەری هێزی برگەکان لەناو تەوەرەکاندا.

خشتەی (٥) هێزی برگەکانی توێژینەوەکە								
تەوەرەی یەکەم: کاری ڕێکخراوەیی								
ئاست	برگە	بەڵێ		نەخێر		تاڕادەیەک		ناوەندی ش	ڕێژەی سەدی
		دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە		
١	8	224	58.33	84	21.88	76	19.79	2.39	79.51
٢	9	200	52.08	44	11.46	140	36.46	2.16	71.88
٣	3	184	47.92	52	13.54	148	38.54	2.09	69.79
٤	12	148	38.54	88	22.92	148	38.54	2	66.67
٥	11	56	14.58	260	67.71	68	17.71	1.97	65.63
٦	2	44	11.46	272	70.83	68	17.71	1.94	64.58
٧	10	100	26.04	156	40.63	128	33.33	1.93	64.24
٨	4	20	5.208	272	70.83	92	23.96	1.81	60.42
٩	5	68	17.71	176	45.83	140	36.46	1.81	60.42
١٠	6	52	13.54	208	54.17	124	32.29	1.81	60.42
١١	7	72	18.75	136	35.42	176	45.83	1.73	57.64
١٢	1	88	22.92	68	17.71	228	59.38	1.64	54.51
	تەوەرەی دوەم: پێویستییەکانی خوێندکاران								
ئاست	برگە	بەڵێ		نەخێر		تاڕادەیەک		ناوەندی ش	ڕێژەی سەدی
		دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە	دوبارە	ڕێژە		

١	6	364	94.79	8	2.08	12	3.125	2.92	97.22
٢	7	328	85.42	4	1.04	52	13.54	2.72	90.63
٣	8	144	37.5	132	34.38	108	28.13	2.09	69.79
٤	2	40	10.42	240	62.50	104	27.08	1.83	61.11
٥	5	36	9.375	244	63.54	104	27.08	1.82	60.76
٦	9	88	22.92	112	29.17	184	47.92	1.75	58.33
٧	4	28	7.292	224	58.33	132	34.38	1.73	57.64
٨	1	64	16.67	128	33.33	192	50	1.67	55.56
٩	3	32	8.333	180	46.88	172	44.79	1.64	54.51

تەوەرەی سێیەم: فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان

ئاست	بەڵێ		نەخێر		تاراددەیەک		ناوەندی ش	ڕێژەی سەدی
	برگە	دووبارە	ڕێژە	دووبارە	ڕێژە	دووبارە		
١	1	196	51.04	88	22.92	100	26.04	2.25	75.00
٢	7	88	22.92	240	62.50	56	14.58	2.08	69.44
٣	5	60	15.63	236	61.46	88	22.92	1.93	64.24
٤	11	48	12.5	256	66.67	80	20.83	1.92	63.89
٥	2	56	14.58	232	60.42	96	25	1.9	63.19
٦	6	120	31.25	100	26.04	164	42.71	1.89	62.85
٧	8	80	20.83	168	43.75	136	35.42	1.85	61.81
٨	9	112	29.17	104	27.08	168	43.75	1.85	61.81
٩	12	88	22.92	152	39.58	144	37.5	1.85	61.81
١٠	4	32	8.333	256	66.67	96	25	1.83	61.11
١١	3	28	7.292	256	66.67	100	26.04	1.81	60.42
١٢	10	44	11.46	192	50	148	38.54	1.73	57.64

سەبارەت بە تەوەرەی یەکەم کە تایبەتە بە کاری ڕێکخراوەیی بڕگەی هەشتەم پلەی یەکەمی گرتووە، ڕێژەی (٥٨,٣٣%) نموونەکە

پێیانوایە (ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە بااڵدەستەکان هەژمونیان هەیە لە زانکۆکاندا کە ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەر لە هەموو ڕێکخراوەکان بەسەر کاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە بااڵدەستەکاندا دەچەسپێت، تەوەرەی نۆیەم (لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا خوێندکار ئامرازە نەک مەبەست) پلەی دووەمی وەرگرتووە لە ئاستی تەوەرەی یەکەمدا و (٥٨,٠٨%) خوێندکاران پێیانوایە کە خوێندکاران زیاتر وەک ئامراز بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕێکخراوەکان، نەک بووبێتنە چەقی مەبەست لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە، برگەی سێیەم (بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانم) ئاستی سێیەمی وەرگرتووە، بەمە دەردەکەوێت کە خوێندکاران بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانن لە ناوەندەکانی خوێندنی زانکۆکاندا ڕێژەی (٤٧,٢%) خوێندکاران بوونی خوێندکاران بە گرنگ دەزانن و (٣٨,٥٤%) خوێندکاران تاڕادەیەک بوونی ڕێکخراوەکان بەگرنگ دەزانن لەکاتێکدا (١٣,٥٤%) خوێندکاران بوونی ڕێکخراوەکان بەگرنگ نازانن، بەاڵم بەپێی برگەی (١٢) کە پلەی چوارەمی وەرگرتووە، خوێندکارانی نموونەکە پێیانوایە کە ململانێی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان وای کردووە کە ڕێکخراوەکان نەتوانن، وەک پێویست خزمەت بە خوێندکاران بکەن (١٤٨) خوێندکار لەکۆیی (٣٨٤) ی خوێندکار پێیانوایە کە ململانێی ڕێکخراوەکان کاریگەریی نەرێنی جێهێشتووە لەسەر ئەدای کاری ڕێکخراوەکان، (٦٧,٧١%) ی خوێندکاران ڕایانوایە کە هیچ کێبڕکێیەک نییە لە نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بۆ خزمەتی خوێندکاران، بەپێی برگەی یازدە کە پلەی پێنجەمی وەرگرتووە، بەمە دەردەکەوێت کە سەرەڕای نەبوونی ململانێی نێوان ڕێکخراوەکان هیچ کێبڕکێیەکیش نییە لە نێوان ڕێکخراوەکاندا بۆ خزمەتکردنی خوێندکارەکان.

سەبارەت بە تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە پێویستییەکانی خوێندکاران، بڕگەی شەشەم (پێویستە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و دوور لە هەژموونی حیزبی دابمەزرێت) زۆرینەی ڕەهای نموونەکە بە ڕێژەی (٩٤,٧٩%) دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و دوور لە هەژموونی حیزبی بە پێویست دەزانن، بەمە دەردەکەوێت کە خوێندکاران متمانەیان بە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لاواز بووە, بەهۆی زاڵبونی هەژموونی حیزبی بەسەریانەوە لە کاتێکدا (١٨,٧٥%) ی نموونەکە ئەندامی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانن، بڕگەی حەوتەم (کردنەوەی یانەی ڕۆشنبیریی خوێندکاران بە پێویست دەزانم) کە پلەی دووەمی گرتووە (٨٥,٤٢%) نموونەکە پێیانوایە کە بونیادنانی یانەی ڕۆشنبیریی تایبەت بە خوێندکاران بە گرنگ دەزانن، بڕگەی هەشتەم (ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەنها گرنگیانداوە بە لایەنی گەشت و ئاهەنگ بۆ خوێندکاران) کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە (٣٧,٥%) نموونەکە پێیانوایە کە زیاتر ڕێکخراوەکان گرنگی دەدەن بە لایەنی تەرفیهی بۆ خوێندکاران لە بەرامبەردا کەمتر گرنگی دەدەن بە داخوازییە زانستییەکانی خوێندکاران بەتایبەت گەشتی زانستی، بەو پێیەی ڕێژەی (٦٢,٥%)ی نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان گرنگییان نەداوە بە لایەنی گەشتی زانستی بۆ خوێندکاران بەپێی بڕگەی دووەم کە پلەی چوارەمی گرتووە، هەروەها بە پێی بڕگەی پێنجەم کە پلەی پێنجەمی وەرگرتووە (٦٣,٥٤%)ی نموونەکە ڕایان وایە کە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هاوکارنین لە پرکردنەوەی پێویستییەکانی خوێندن.

سەبارەت بە تەوەرەی سێیەم کە تایبەتە بەو فشارانەی چاوەڕێ دەکرێت ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بکەن بڕگەی یەکەم (فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانم) پلەی یەکەمی وەرگرتووە (٥١,٠٤%) نموونەکە فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانن، وەک پاڵپشتیەک بۆ خوێندکاران، بڕگەی حەوتەم (ڕێکخراوەکان فشاریان

کردووە بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن) کە پلەی دووەمی وەرگرتووە، نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان فشاریان نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی خوێندن کە پەیوەستە بە ژیانی بەشێکی خوێندکارانەوە، بڕگەی پێنجەم (ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ دریژکردنەوەی پشووی خوێندکاران) کە پلەی سێیەمی گرتووە (٦١,٤٦%) نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان فشاریان نەکردووە بۆ دریژکردنەوەی پشووی خوێندکاران، کە ئەمە خاڵێکی ئەرێنی ڕێکخراوەکانە بەوەی فشاریان نەکردووە بۆ زیادکردنی پشووی خوێندکاران، بۆ کەمکردنەوەی ماوەی خوێندن، لە کاتێکدا بڕگەی یازدەهەم (فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی دەوامی خوێندن و دریژکردنەوەی پشوو بە سوودی پرۆسەی خوێندن دەبینیت؟) کە پلەی چوارەمی گرتووە, دەریدەخات کە (٦٦,٦٧%) ی خوێندکاران کەمکردنەوەی کاتی دەوامی خوێندکاران و زیادکردنی پشووەکان بە قازانجی پرۆسەی خوێندن نابنێن، بڕگەی دووەم (ڕێکخراوەکان فشاریان کردووە بۆ کەمکردنەوەی مەنهەجی خوێندن) کە پلەبەندی پێنجەمی وەرگرتووە، (٦٠,٤٢%) نموونەکە پێیانوایە کە ڕێکخراوەکان کاریان نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی مەنهەجی خوێندن، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم (ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەداخول دەکەن لە کاروباری ئیداری زانکۆدا) کە ئاستی شەشەمی وەرگرتووە (٤٢,٧١%) ی نموونەکە پێیانوایە کە تاڕادەیەک ڕێکخراوەکان تەداخول دەکەن لە کاروباری ئیداریی زانکۆکاندا.

٤-٣: پەیوەندی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە

خشتەی (٦) پەیوەندی نێوان بڕگەکان

	تەوەرەی یەکەم	تەوەرەی دووەم	تەوەرەی سێیەم
تەوەرەی یەکەم	1.00		

تەوەرەی دووەم	0.36	1.00	
تەوەرەی سێیەم	0.43	0.60	1.00
گشت تەوەرەکان	0.70	0.83	0.87

پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو گوزارشتە لە بوونی پەیوەندی لە نێوان دوو گۆڕاودا لە سەر ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی (Swati, 2010, 123)تویژەر هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان تەوەرەکانی تویژینەوەکە بخاتەڕوو لە سەرئاستی چەندایەتی و بۆ ئەم مەبەستە هاوکۆلکەی پیرسۆنی بەکارهێناوە, بۆ دەستنیشانکردنی بوونی پەیوەندیی سادە لە نێوان تەوەرەکانی تویژینەوەکەدا بە پشتبەستن بەو پێوەرەی کە هاوکۆلکەی پیرسۆن دەریدەخات بۆ ئاستی پەیوەندی نێوان برگەکان کە لەنێوان (١) و (-١) دایە و ئاستەکانی پێوانەکردنی هێزی پەیوەستیان بەم جۆرەیە.

پەیوەندی ئەرێنی							پەیوەندی نەرێنی						
١	٠,٩	٠,٧	٠,٦	٠,٤	٠,٣	٠,١	٠	-٠,١	-٠,٣	-٠,٤	-٠,٦	-٠,٧	-٠,٩	-١
تەواو	بەهێز		ناوەند		لاواز			لاواز		ناوەند		بەهێز		تەواو

بۆیە پەیوەندی لە نێوان تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم پەیوەندییەکی ئەرێنی مامناوەندە بە نمرەی (٠,٣٦)، هەروەها پەیوەندیی تەوەرەی یەکەم بە تەوەرەی سێهەم پەیوەندییەکی ئەرێنی مامناوەندە بە پلەی (٠,٤٣) و پەیوەندیی تەوەرەی دووەم بە تەوەرەی سێهەم پەیوەندییەکی بەهێزە بە پلەی (٠,٦) و پەیوەندیی تەوەرەکان بە کۆی

برگەکانەوە پەیوەندییەکی بەهێزە بە پلەکانی (٠,٧) بۆ تەوەرەی یەکەم و (٠,٨٣) بۆ تەوەرەی دووەم و (٠,٨٧) بۆ تەوەرەی سێهەم.

٤-٤ رای ئەندامانی ڕێکخراوەکان لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە

خشتەی (٧) لێکدانی ئەندامێتی لەگەڵ تەوەرەکان				
تەوەرەکان	ئەندامێتی	هەڵبژاردە	بەهای تا	ئاستی بەڵگەداری
تەورەی یەکەم	بەڵێ	72	0.61	0.05
	نەخێر	312		
تەورەی دووەم	بەڵێ	72	0.01	0.05
	نەخێر	312		
تەوەرەی سێیەم	بەڵێ	72	0.23	0.05
	نەخێر	312		

هەوالنامەی کتێب

سەبارەت بە تەوەرەی یەکەم کە خۆی لە کاری ڕێکخراوەیدا دەبینێتەوە جیاوازیی ئاماری هەیە لەنێوان ڕای ئەو خوێندکارانەی کە ئەندامن لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بەرامبەر بە ڕای ئەو خوێندکارانەی کە ئەندام نین لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بە بەهای تایی (٠,٦١)، بەڵام سەبارەت بە تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە پێویستییەکانی خوێندکاران، هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لەنێوان خوێندکاراندا، واتا ڕای گشت خوێندکاران لەسەر پێویستییەکانی خوێندکاران لەیەکەوە نزیکە بەپێی بەهای تایی (٠,٠١)، هەرچی پەیوەستە بە تەوەرەی سێهەم ڕای ئەندامانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان جیاوازە

لەگەڵ ڕای خوێندکاران کە ئەندام نین لە ڕێکخراوەکاندا بەپێی بەهای تایی (٠,٢٣).

٤-٥ ڕای ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەسەر فشاری ڕێکخراوەکان

خشتەی (٨) ڕای نموونەکە لەسەر هەوڵ و فشاری ڕێکخراوەکان							
	بـــڕگەی ١٢	بەڵێ	نەخێر	تاڕادەیەک	گشتی	کای٢	ئاســـــتی بەڵگەداری
ئەندامێتی	بەڵێ	44	196	72	312	0.04	٠,٠٥
	نەخێر	4	60	8	72		
	گشتی	48	256	80	384		

دەربارەی ڕای نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو فشارانەی ڕێکخراوەکان دەیکەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی خوێندن و چەندێتی ماوەی خوێندن، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ڕای نموونەی توێژینەکەدا بەپێی بەهای (کای٢) ی بەدەیهاتوو (٠,٠٤)، بەمە دەردەکەوێت، کە ئەو خوێندکارانەی کە ئەندامن لە ڕێکخراوەکاندا لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە ئەندامنین لە ڕێکخراوەکاندا، جیاوازی نییە لە بۆچوونیان دەربارەی کاریگەریی فشاری ڕێکخراوەکان.

٥- دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

٥-١ ئەنجامەکان

لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بوونی ڕێکخراوی خوێندکاری پێویستە لە ناوەندەکانی خوێندندا تا لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە خوێندکاران بتوانن ببنە هێزێکی کارا و چالاک

لە کۆمەڵگادا، هەروەها ڕێکخراوەکان هاوکاربن وەک هێزێکی فشار و کارا تا لەو ڕێگەیەوە خوێندکاران بە مافە بنچینەییەکانیان بگەن، سەرەڕای ئەمە توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەشتووە:

١- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەستیان وەرداوەتە کاروباری ئیداری لەزانکۆکاندا کە ئەمە فشاری دروستکردووە لەیەکلایی کردنەوەی پرسەکانی تایبەت بە خوێندکاران.
٢- هەوڵ و فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگە، بەڵام لەهەندێک پرسی زانستیدا بە قازانجی خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن ناکەوێتەوە.
٣- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان نەکردووە بۆ کەمکردنەوە ماوەی خوێندن لە زانکۆکاندا.
٤- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هیچ فشارێکیان نەکردووە بۆ باشترکردنی چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندندا، بەڵکو زیاتر گرنگییانداوە بە لایەنی تەرفیهی بۆ خوێندکاران.
٥- فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریگەر نەبووە لەسەر باشترکردنی ئەدای پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا.
٦- ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە بالادەستەکان هەژموونیان هەیە بەسەر زانکۆکاندا.
٧- ململانێی سیاسی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەدای کارەکانیان لە خزمەتکردنی خوێندکاراندا، ئەمە وای کردووە کە خوێندکاران ئامرازبن لای ڕێکخراوەکان نەک مەبەست.
٨- ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کەمتەرخەم بوون لە باشکردنی ڕەوشی ناهەمواری بەشە ناوخۆییەکان بۆ خوێندکاران.

٥-٢ ڕاسپاردەکان

١- دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی خوێندکاری دوور لە هەژموونی حیزبی.

٢- کردنەوەی یانەی ڕۆشنبیری و هزری تایبەت بە خوێندکاران لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە.
٣- پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پڕۆگرامی ڕێکخراوەکاندا بە جۆرێک ئامانجەکانی ڕێکخراوەکان بە قازانجی خوێندکاران بێت و ئامانجەکان ئاراستەکراوبن نەک داواکراو.
٤- گرنگیدان بە تواناکانی خوێندکاران بەبێ بوونی ئینتیمای حیزبی.
٥- بنەبڕکردنی دەستوەردانی ڕێکخراوەکان لە ئیدارەدانی زانکۆکاندا.
٦- گرنگیدان بە لایەنی زانستیی خوێندکاران و لە پێناو باشترکردنی ئاستی زانستی خوێندکاران.

پەراوێز

* نموونەی توێژینەوەکە بەم یاسایە دەرهاتووە (دوجای ئاستی بەهایی *ڕێژەی نموونە * (١- ڕێژەی نموونە)/ جیاوازیی بەڵگەداری، بڕوانە (https://www.surveysystem.com/sample-size-formula.htm)

هەوالنامەی گێتێ

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان

- پیربااڵ، فەرهاد (٢٠٠٧)، گەنجە کوردەکان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چ١، سلێمانی.
- تیلی، چارلز(٢٠١٢) بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، وەرگێڕانی: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.
- سازگارا، پەروین (٢٠٠٣) ئاوڕدانەوەیەک لە کۆمەڵناسی، و: جەواد مستەفا ستوپەیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- کۆمەڵێک نوسەر (٢٠١٠) شۆشی خوێندکارانی ٦٨، وەرگێرانی: شوان ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چ١، سلێمانی.
- نەقیبزادە، ئەحمەد (٢٠٠٧)، پێشەکیەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، وەرگێرانی: مەسعوود ڕەوان دۆست، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبییەکان

- الحسن، احسان محمد (١٩٩٩)، موسوعه علم ألاجتماع، دار العربیه للموسوعات، ط١، بیروت.
- روبیرت، جیوفری و الستر ئیدواردس (١٩٩٩) المعجم الحدیث للتحلیل السیاسی، ت: سمیر عبدالرحیم الجلبی، الدار العربیه للموسوعات، بیروت، لبنان.
- میشیل، البروفیسور دیکن (١٩٨٠)، معجم علم الجتماع، ت: الدکتور احسان محمد الحسن، مطبعه دار الحریه، بغداد.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- C.N Shankar Rao (1989), Sociology, s CHAND & COMPANY LTD, 2nd edition, New Delhi, India.
- lazarus, R. S., & Folkman, S. (1984). Stress appraisal and coping. New York:
- levels of stress and burnout, *The Australian Journal of Advanced Nursing*, 2007, Vol 24, No 4, June-Aug.
- Selye, Springer. H., 1936. A syndrome produced by diverse nocuous agents. Nature,Westhues, Kenneth (1975), Inter-Generational Conflict in the Sixties, In Samuel D Clark,J.Paul Grayson and Linda M Grayson, Toronto, Canada.
- Sharma, Swati, Research Methodologies and Methods, Neeraj publication, India, Delhi, 2010.
- Skinner, Virginia., Agho, K., Lee White, T., Harris, J. The development of a tool to assess.

هەواڵنامەی زانکۆ

ماستەرنامە و تیزی دکتۆرا

- Dian Ferdiansyah and Hijriati Meutia(2017), The Impact of a Student Organization (OSIS) on Leadership Identity Development (LID), Master's thesis in education, University of Tampere, Finland

پەیرەو پرۆگرامی ڕێکخراوەکان

- بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان،٢٠١٦.
پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم
- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان،٢٠١٦، پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆیەم.
- پەیڕە و و پڕۆگرامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠٠٦، پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەم، سلێمانی.
- کارنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ٢٠١٧ پەسەندکراوی کۆنفرانسی شەش، هەولێر.

ئینتەرنێت

- ERIC – A Look at Welcome Week: The Role of College Unions and Student Activities in Welcoming Students, Association of College Unions International (NJ1), 2012." ERIC – A Look at Welcome Week: The Role of College Unions and Student Activities in Welcoming Students, Association of College Unions International (NJ1), 2012. Association of College Unions International. 12 Apr. 2018 http://eric.ed.gov/?q=%22%22&ff1=subStudent+Unions&id=ED535351
- https://docs.google.com/spreadsheets/d/1uLfQgCGhs1kTk3XYAmJagy317fin3iVs_LCcYuESYkw/edit?usp=drive_open&o (visit 20/4/2018). uid=112532060453451767376

- https://emu.uoregon.edu/renovation index information on formal website (visit 20/4/2018)
- https://www.merriam-webster.com/dictionary/student%20union (visit 15/4/2018)
- univsul.edu.iq/en/uos-statistics ماڵپەری فەرمی زانکۆی سلێمانی (visit 1/5/2018)

پاشکۆکان

پاشکۆی یەکەم: ناوی پسپۆڕان کە پێوەرەکەیان هەڵسەنگاندوە

ژ	ناوی پسپۆر	پلەی زانستی	پسپۆری	شوێنی کارکردن
١	کەریم شەریف عبدالله	پرۆفیسۆر	ڕێگاکانی وانەوتنەوە	زانکۆی سلێمانی
٢	صابیر بکر مستەفا	پرۆفیسۆری یاریدەدەر	دەرونزانی	زانکۆی سلێمانی
٣	عالیه فرج مصطفی	پرۆفیسۆری یاریدەدەر	کۆمەڵناسی	زانکۆی سلێمانی
٤	کاوە محمد حسین	پرۆفیسۆری یاریدەدەر	کۆمەڵناسی	زانکۆی سلێمانی
٥	نازەنین عوسمان محمد	پرۆفیسۆری یاریدەدەر	دەرونزانی	زانکۆی سلێمانی
٦	احمد علی حەمە محمد	مامۆستا	کۆمەڵناسی	زانکۆی سلێمانی
٧	بەختیار ابراهیم فتاح	مامۆستای یاریدەدەر	کۆمەڵناسی	زانکۆی سلێمانی
٨	کارزان عارف محمد	مامۆستای یاریدەدەر	پەروەردە	زانکۆی سلێمانی
٩	کوردستان محمد ئازاد	مامۆستای یاریدەدەر	ڕێگاکانی وانەوتنەوە	زانکۆی سلێمانی

پاشکۆی دووەم: بڕگە پەسەندکراوەکانی پێوەری توێژینەوەکە

ڕەگەز : نێر مێ

ئەندام لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ئەندامم..... ئەندام نیم.....

تەوەرەی یەکەم کاری ڕێکخراوەی

ژ	بڕگە	بەڵێ	نەخێر	تاڕادەیەک
١	کارکردنم لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارەکان لاپەسەندە.			
٢	لە کێشەکانم دا پشت بە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەبەستم.			
٣	بونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بە گرنگ دەزانم.			
٤	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاریان بۆ کردوم.			
٥	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هانم دەدەن بۆ خوێندن.			
٦	بەشداری چالاکیەکانی ڕێکخراوەکان دەکەم.			
٧	ئاگاداری کاری ڕێکخراوەکانم.			
٨	ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارتە بالاّ			

هەواڵنامەی کێبڕکێ

	دەستەکان هەژمونیان هەیە لە زانکۆدا			
٩	لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دا خوێندکار ئامرازە نەک مەبەست.			
١٠	بۆنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا.			
١١	هیچ کێبرکێیەک نابینم لە نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دا بۆ خزمەتی خوێندکاران.			
١٢	ململانێی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان وای کردووە بیر لە خزمەتکردنی خوێندکار نەکرێتەوە.			

تەوەرەی دووەم پێویستیەکانی خوێندکار

ژ	بڕگە	بەڵێ	نەخێر	تاراد هیەک
١	ڕێکخراوەکان گرنگیان داوە بە ئەنجامدانی سیمیناری زانستی؟			
٢	ڕێکخراوەکان گرنگیان داوە بە گەشتی زانستی			
٣	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگیان داوە بە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکان.			
٤	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان گرنگیان داوە بە پەیداکردنی سەرچاوەی زانستی.			
٥	ڕێکخراوەکان هاوکارن لە پرکردنەوەی پێویستیەکانی خوێندن			
٦	پێویستە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و دور لە هەژمونی حیزبی دابمەزرێت.			

کتێبخانەی وەزارەتی

٧	کـردنەوەی یـانەی ڕۆشـنبیری خوێنـدکاران بە پێویست دەزانم.			
٨	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەنها گرنگیان داوە بە لایەنی گەشت و ئاهەنگ بۆ خوێندکاران.			
٩	ڕێکخراوەکـــان کاریـــانکردووە لەســـەر کەمکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی			

تەوەری سییەم فشاری ڕێکخراوەکان

ژ	بڕگە	بەڵێ	نەخێر	تاراد ەیەک
١	فشـاری ڕێکخـراوە خوێنـدکارییەکان بە گرنـگ دەزانم			
٢	ڕێکخراوەکـــان فشـــاریان کـــردووە بـــۆ کەمکردنەوەی مەنهەجی خوێندن			
٣	فشاری ڕێکخراوەکان کاریگەری هەبوە لەسـەر کەمکردنەوە ماوەی دەوامی خوێندن.			
٤	فشاری ڕێکخراوە خوێندکارەکان ڕۆلی هەبوە لە باشکردنی جۆرایەتی خوێندن.			
٥	ڕێکخـراوە خوێنـدکارییەکان فشـاریان کـردووە بۆ دەرێژکردنەوەی پشووی خوێندکاران.			
٦	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان تەداخول دەکەن لە کاروباری ئیداری زانکۆدا.			
٧	ڕێکخراوەکان فشاریان کردووە بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن.			
٨	ڕێکخـراوە خوێنـدکارییەکان فشـاریان کـردووە بۆ زیادکردنی سەوزاری لەنێو زانکۆ.			
٩	ڕێکخـراوە خوێنـدکارییەکان فشـاریان کـردووە			

ماڤەوانێمەی کێشێ

	بۆ زیادکردنی وانەی پەرینەوە (عبور).			
١٠	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ گێڕانەوەی شکۆی زانستی بۆ زانکۆ.			
١١	فشاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی دەوامی خوێندن و درێژکردنەوەی پشوو بە سودی پرۆسەی خوێندن دەبینیت؟			
١٢	ڕێکخراوە خوێندکارییەکان فشاریان کردووە بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ناوبەشە ناوخۆییەکان			

هەوالنامەی کۆنێ

ملخص

إلى جانب ثورة الشعب الكردي وتضحياتهم، فإنَّ طلبة كردستان كانوا جزءًا فعالاً في تأجيج هذه الثورة والتضحيات لها، وكانت لهم تنظيمات داخل المنظمات الطلابية وناضلوا من أجل القضية الحق للشعب الكردية، وبعد الانتفاضة عام (١٩٩١)، وتأسيس الجامعات في إقليم كردستان من جديد بدأت المنظمات الطلابية التي كانت معضمها تابعة للأحزاب السياسية بنشاطاتها داخل الجامعات والتي لم تكن تخلو من القصور والتدخل في شؤون الجامعة، إنَّ هذا البحث جاء نتيجة لمحاولة علمية ميدانية، وتكمن مشكلته في الإجابة على هذا السؤال:

" إلى أي مدىً نجد أثرًا للمحاولات والضغوطات التي تمارسها المنظمات الطلابية في تطوير العملية التعليمية في جامعاتنا".
وللوصول إلى غاية البحث فقد قام الباحث بتسليط الضوء من خلال الجانب النظري على عمل المنظمات الطلابية وضغوطاتها التي تمارسها، واستعمل المنهج الوصفى، لوصف دور المنظمات الطلابية، ولأجل ذلك قام الباحث باستعمال الاستبانة كمقياس، والتي تكونت من ثلاثة محاور ڕئيسة و(٣٣) سؤالًا،

وتكوَّنت عينة البحث من طلبة جامعة السليمانية، وبعد توزيع المقياس على عينة البحث قام الباحث بتحليل الاحصائيات بعد استعمال البرنامج الاحصائي (SPSS) للوصول إلى نتائج المرجوة.

وضحَّت نتائج البحث أنَّه فضلًا عن اهمية وجود المنظمات الطلابية إلَّا أنَّه كانت لضغوطاتهم دورًا ضعيفًا في الشؤون الخاصة بالطلبة، ووصل البحث إلى أنَّ السلطة العليا التي كانت بيد المنظمات الطلابية التابعة للأحزاب السياسية المتنفذة والتنافس بين هذه المنظمات وتدخلاتهم في الشؤون الإدارية للجامعات كانت لها تأثيرًا كبيرًا فيإضعاف هذه الضغوطات التي تمارسها ههذ المنظمات.

وختم الباحث البحث بعدد من التوصيات التي يأمل منها تحسين وضع المنظمات داخل الجامعات، وفي الختام فقد اعتمد البحث على عدد من المصادر والمراجع العلمية الحديثةمن اجل تعضيد البحث وتقويته علميًا.

ههوالتنامەی کێبڕکێ

Abstract

Side by side with the revolutions and the victimhood of Kurdish nation, the students in Kurdistan always had an active role in up swinging the revolutions and were victimized. The students were organized in the students' organizations and they strove for the nation's rights and to overcome the Kurdish Issues. After 1991 uprisings and reopening of the universities, the student organizations that were mostly related to the political parties started their activities at the universities, and the students' organizations were inadequate and interfered in the universities affairs.

This study is a product of a practical scientific effort. The paper highlights the problem of how many the attempts and pressures from the students' organizations affect the development of the process of education and studying in the universities. The researcher attempts to theoretically highlight the jobs and pressures

of the students' organizations, and uses descriptive approach to describe the role and the pressure of the students' organizations. Thus, a questionnaire is used as a measurement instrument, and it is consisted of three main sections and includes 33 questions. The students of Sulaimaniyah University are used as the sample of the study. After the questionnaire is distributed on the samples, then SPSS package is used to analyze the data that is gained from the results.

The results of the study put light on the fact that, despite the importance of existing the students' organizations, but the pressure of the students' organizations had a weak role in the specific issues related to the students. Moreover, the results highlight that the strong positional power of the students' political organizations, the conflict among the organizations, and their interference with the universities' administration, have effect in the weakness of the organizations' pressures on the process of education. Finally, some suggestions are given in order to increase the organizational improvements in universities.

The study depended on scientific and new resources in order to strengthen the study and make it more meaningful and evocative.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕەتی لەناو شاری سلێمانی

هەواڵنامەی کێبڕ

م. ی. کوردستان محمد ئازاد حسن
زانکۆی سلێمانی /کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

پوختە

ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٧-٢٠١٨)یە، هەروەها زانیی کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بروانامە، ساڵانی خزمەت) لەسەر تێڕوانینی مامۆستایان. نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٢٠٠) مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕەگەز کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردران لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندنگاکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، (٧٢) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (١٢٨) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بەستووبووە بە فۆرمی ڕاپرسی و توێژینەوەکانی پێشوو کە (٥) بواری جیاواز لە خۆدەگرێت، وەک بوارەکانی (وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، ژینگەی ناوپۆل، بابەتی خوێندن، هەلسەنگاندنی مامۆستا) لە (٤٤)بڕگە پێکهاتووە، توێژەر دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری، هەستابە جێبەجێکردنی بەسەر نمونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە، پاش شیکردنەوە و بەتاڵکردنەوەی ڕاپرسەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری و ناوەندی شیاو و کێشی سەدی، لەگەڵ بەرنامەی (spss) ئەنجامی توێژینەوەکە خرایەڕوو.

وشە کلیلییەکان: ڕۆڵ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، پرۆسەی فێرکاریی.

زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناو شاری سلێمانی

بەشی یەکەم

ناساندنی توێژینەوەکە

1_1 کێشەی توێژینەوەکە:

پەروەردە لەسەردەمی شارستانییە دێرینەکان تاکو سەردەمی ئێستا بە یەکێک لە بنەما و ناوەندە گرنگەکانی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا دادەنرێت، هاوکات یەکێکە لە بونیادە گرنگەکانی کۆمەڵگە لەسەردەمە پێشکەوتووەکان، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بنیاد و ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو سەردەمیانە هەیە. (حمەدمین:٢٠١٤، ١٣)

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەکۆتایی سەدەی بیست ڕوویدا، لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، زانستی پەروەردەش گەشەی کرد، کەوتە ژێرکاریگەری گۆڕانکاری و داهێنان، هەروەها زانستی و تیۆری بیردۆزی نوێ لەبواری پەروەردە و فێرکردن هاتەئاراوە، وێڕای ئەمانە فەلسەفەی پەروەردەیی هەمە جۆر سەریهەڵدا، بوونە هۆی گۆڕینی شێوازی پۆل و مامۆستا، شێوازی نوێی پەروەردە هاتەئاراوە، شێوازی نوێ هۆکاری فێرکردن بەکاردەهات. (ئالانی: ٢٠١٥، ١٣٠)

پەروەردە و فێرکردن کردارێکی پێکەوەییە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەمەجۆری لە شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام و ئامڕازەکانی فێرکردن گۆڕانکاری دروست لە ڕەفتاری فێرخوازدا بکات، لەبەرئەوەی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا ئامانج و مەبەستی سەرەکی فێرخوازە، مامۆستاش وەک فاکتەری گرنگ کاردانەوەی خۆی هەیە لە پرۆسەکەدا،

چونکه کاریگەری و سەرکەوتوی مامۆستا بەندە تایبەتمەندییەکانیەوە، دەبێت مامۆستا لەلایەنی زیرەکی و هەڵچوون و کۆمەڵایەتی و جەستەییەوە ئامادەکرابێت، توانای فێرکردن و تێگەیاندنی فێرخوازی هەبێت و شارەزایی لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و تێور و شێوەکانی فێرکردن و فێربوون هەبێت و توانای بەکارهێنانی چەندەها ئامرازی ڕوونکردنەوەی هەبێت. (قەرەچەتانی :٢٠٠٨، ١٣)

هەروەها وانەوتنەوە یەکێکە لە کارەکانی مامۆستا بە ئامانجی کارئاسانی کردنی فێرخواز بۆ فێربوون کە لەچەند بنەمایەکی سەرەکی پێکدێت، لەوانە پلان دانان، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن، لەبەرئەوە وانەوتنەوە پیشەیەکی وردکارییە، پێویستی بە ئامادەسازی تەواو هەیە پیشەیەک نییە کە هەرکەس مەعریفە و توانای هەبوو بتوانێت پێهەڵبستێت. ئامانجی وانەوتنەوە چاکردنی ڕەفتارە، دەبێت فێربوونی ڕاستەقینە هاوشانی وانەوتنەوە بێت، ئەگەرنا گرنگی و مانای خۆی لەدەست دەدات، بە وانەوتنەوە دانانرێت. پێوستی بەکارامی و توانای باش هەیە بەشێوەیەک باشترین دەستکەوتی فێرکاری پەروەردەیی بەدیبهێنیت. (سیوەیلی:٢٠١٧، ١٤)

دەزگای سەرپەرشتنیکردنی پەروەردەی دەزگایەکی هەستیارە و ڕۆڵێکی دیارو و بەرچاوی هەیە لەپەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی پەروەردە، لەبەرئەوە بایەخێکی زۆر دراوە بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەمەبەستی ڕاستەڕێکردنی کرداری پەروەردەیی ئەویش لە دەستنیشانکردنی کێشە و ئاستەنگەکانەوە سەرچاوە دەگری بۆ پێشکەوتن و بەهێزبوونی ڕێڕەوی ئەو پرۆسەیە، کە دەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنی هەوڵ و تەقەڵا پەروەردەییەکان بەرەو ئامانج و ویستنی پەروەردەیی و پلانی داڕێژراو. (وەزارەتی پەروەردە:2009، ٥)

کاری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گرنگیدانە بە سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی فێربوون، هۆکارێگی گرنگە بۆ پێشخستنی پەروەردە و فێربوون، ڕۆڵـی هەبێـت لە پەرەپێـدانی پرۆسـەکە لەوانە ڕۆڵـی لە گەشـەپێدانی وانەوتنەوەی مامۆستایان لەناو خوێندنگا بنەڕەتییەکان، هەروەها پلانی پەروەردەیـی هاریکاربێـت لەچـۆنیەتی دارشـت و خسـتەڕووی پلانـی پەروەردەیی، هەروەها ئاراستەکردنی مامۆستایان لە سـەر بەکارهێنانی زورتـرین و هەمەجـۆرترین هۆیەکـانی فێرکـرن و دەرخسـتنی گرنگـی هۆیەکـانی فێرکـرن لە پرۆسـەی فێربوونـدا. هەروەهـا هاریکاربێـت لەگەشـەکردنی لایەنـی هـونەری و پیشـەیی و زانسـتی مامۆسـتایاندا. بەردەوام هەڵسـەنگاندن بـۆ سیسـتەمەکە بکـات وەک ئەرکـی سـەرەکی سەرپەرشـتیاری پەروەردەیی. تـوێژینەوەکە گەڕان بـۆ وەڵامـی پرسـارێک دەکات لەسەر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

-ئایـا سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی ڕۆڵـی هەیە لە پەرەپێـدانی توانـا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕەتی لەناوەندی شاری سلێمانی بەتێڕوانینی مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان؟

1_2 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوەکە مەبەست زانینی:

١. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕەتی لەناو شاری سلێمانی لە ڕوانگەی مامۆستایان.

٢. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕەتی بەپی گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.

٣. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

٤. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

٥. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (بڕوانامە) لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

1_3 گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانەش :_

١. توێژینەوەکە گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەسوود وەرگرتن لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بۆ زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان.

٢. بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سوودمەند دەبن لەو لایەنانەی کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئاستێکی لاوازیان هەیە وەک پێویستنین، چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان لەپرۆسەی فێربووندا.

٣. تـوێژینەوەیەکی زانسـتییە تـوێژەرانی دواتـر دەتـوانن سـوودمەندبن، لە شێواز و ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیارەکان.

٤. گرنگە بۆ زانینی بۆ چوونی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوازی هەڵسەنگاندنیان لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

1_4 سنووری توێژینەوەکە:

١. سنووری شوێنی توێژینەوەکە: ناوەندی شاری سلێمانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە.

٢. سنووری کاتی توێژینەوەکە: ساڵی خوێندنی ٢٠١٧_٢٠١٨

٣. سنووری مرۆیی توێژینەوەکە: سەرجەم مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان.

1_5 پێناسەی زاراوەکان

1 پێناسەی سەرپەرشتیار:

أ. **پێناسەی سیرجوفانی لە کتێبی (الاشراف التربوی علی المعلمین،٢٠٠١):** کردارێکە بەکاردێت لە خوێندنگاکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندنگا، کە ڕاستەوخۆ پشت بە ئامانجە پەروەردەییەکان دەبەستێت. (دیرانی:٢٠٠١، ٢٤)

ب. پێناسەی السعود لەساڵی ٢٠٠٢: چالاکییەکی پەروەردەی ڕێکخراوە و بەردەوامە، کە لەلایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەنجام دەدرێت، بە ئامانجی باشکردنی لێهاتوویەکانی مامۆستا و گەشەپێدانی فێرخوازان، پەرەسەندنی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بەشێوازێکی گشتی. (السعود:٢٠٠٢،٢١)

پێناسەی کرداری: بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، بە ئامانجی چاودێریکردنی دۆخی خوێندن لە سلێمانی بۆ باشکردنی لێهاتووی مامۆستا و چاودێریکردنی ئاستی فێرخوازان و پرۆگرامی خوێندن دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان و باشترکردنی خاڵە باشەکانی سیستەمی فێرکرن.

٣.پێناسەی فێرکردن:

أ. **پێناسەی قەرەچەتانی لەساڵی ٢٠١٣**: بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار, ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامێش لەخۆ دەگرێت تاک لە هەوڵ و تێکۆشان دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەز و ئارەزوو و ئامانجەکانی. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ١٧)

ب. **پێناسەی محمد ماهر لەساڵی ١٩٩١:** کرداری کارلێکردنی نێوان ماموستا و فێرخوازانە لەناو پۆلی خوێندن یان لەهۆڵی محازەر و تاقیگەکان، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان. (محمد و ماهر:١٩٩١، ١٤)

پێناسەی ئیجرایی: بریتییە لەسەرجەم ئەو چالاکی و شارەزایی و زانیارییانەی کە ئەنجام دەدرێت لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان وەک وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، ژینگەی پۆل، بابەتی خوێندن، لیهاتوویی‌یەکانی ماموستا سەرجەمیان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازان و پەرەپێدانی سەرجەم لایەنەکان.

بەشی دووەم

چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

2_1 ئەدەبیاتی توێژینەوەکە

یەکەم / سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

1_ چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئامانجی سەرەکیی باشکردنی پرۆسەی فێربوونە، کردارێکە هەڵسەنگاندن بۆ ڕفتاری تاکەکان دەکات، هەروەها

هەولێر

بابەتی خوێندن، ژینگەی فێرکردن، دابەشکردنی فێرخوازان بۆ چەند گروپێک گەشەپێدانی لایەنی هونەری و تواناکانی مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوەدا. هەروەها لێپرسراو دەبێت لە چەند ناوچەیەکی خوێندن، لەگەڵ ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە دانانی بەرنامەی خوێندن لەو ناوچەیەدا، هەروەها شێوازی ئامادەکردنی وانەکان، چۆنیەتی هەڵسەنگەندنی خوێندکاران لەلایەن مامۆستایانەوە، ڕێنمایی پێدان لەسەر چۆنیەتی مامەڵکردن لەسەر کێشەکانی خوێندن. (دیرانی:٢٠٠١، ١٩)

چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەمکێکی گشگیر و فراوانە، لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆسەکە چەمکی سەرپەرشتیاریش لە گەشەکرداندا بوو بەهۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، زیادبوونی دانیشتوان، گۆڕانی ژینگەی کۆمەڵگا و گرنیدان بە خوێندنگاکان و کوالّتی خوێندن، هەروەها ئەو تیۆریانە و تویژینەوانەی لەسەر گۆڕانی ڕەفتاریی تاک ئەنجام درا، بێگومان هەر گۆڕانێکیش پێویستی بە چاودێری و لێکۆڵینەوەیە، لەبەرئەوە زیاتر کرانەوەی دروست کرد بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، زیاتر کارکردن و گرنگیدانی بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە کاتی لێکۆلینەوە، تیۆرەکانی ناو بواری پەروەردە بوو. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٢٤)

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی جەگە لەو کارانەی سەرەوە کاری ڕاهێنانی مامۆستایان دەکات و ئامادەسازییان دەکات لەسەر پرۆسەکە بۆ گۆڕانەکانی پەروەردە، لەبەرئەوەی گۆڕانەکان خێران زوو تێپەڕدەبن، لەوانە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام مامۆستا، پێویستە ئاڕاستە بکرێت و ڕاهێنانیان پێبکرێت. (مساد:٢٠٠٥، ٧٦).

چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردیی واتای گرنگ و فراوانی هەیە، لە مەیدانەکانی پەروەردە فێرکردن، لەبەرئەوەی بەرنامە و ئامانجی پەروەردە دەستەبەر دەکات کار و چالاکییەکانی ناو پرۆسەکە

هەڵدەسەنگێنێت. پەروەدە لە دەرکردنی بڕیار و بەرنامەی نوێدا پشت دەبەستێت بە سەرپەرشتیاران وەک یەکەیەکی باوەڕپێکراو هەروەها لە ئاگادار کردنەوەی ئەنجامەکانی بەرنامەکە.

2_تایبەتمەندییەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

هەر سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەیدا پێویستە چەند تایبەتمەندی هەبێت، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. کارلیکردنی لەگەڵ مامۆستایان بە شێوازێکی دیموکراسی بێت، بە ئامانج و هەوڵدان و گەشەپێدانی سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی فێربوون.

٢. هاوکاربێت لە گەشەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایان لە پرۆسەی فێربووندا.

٣. گرنگی بدات بە سەرجەم هۆکار و ئەو دۆخانەی کار لە پرۆسەی فێربوون دەکەن، وەک پرۆگرام و هۆیەکانی فێرکردن، ڕێگایی وانەوتنەوە، شێوازەکانی تاقیکردنەوە، کێشەکانی فێرخوازان. (الخطیب و الخطیب،الفرح:٢٠٠٠)

٤. پێویستە کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت بتوانێت کار لە مامۆستا و فێرخوازان بکات، توانای خۆی بەگەڕبخات بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

٥. سەرپەرشتیار جیاوازی تاکایەتی لە نێوان مامۆستایان و فێرخوازان بکات لەکاتی بڕیاردان لەسەر پرۆسەکە. (eshraf.alafdal.net:2018)

٦. بەشداری لەچارەسەرکردنی کێشە پەروەردیی و کێشەکانی فێرکردن بکات.

٧. داهێنەر بێت، گرنگی بدات بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ مامۆستایان بەمەبەستی گەشەپێدانی لایەنەکانی پرۆسەی فێربوون. (مساد:٢٠٠٥، ٢٤)

3_جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەتایبەتی لە بواری سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی هاتەکایەوە، دەرئەنجام چەندین جۆر هاتنەکایەوە، لێرەدا هەندێک لە جۆرەکانی دەخەینەڕوو:

١. سەرپەرشتیاریی چاکسازی: گرنگی دەدات بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مامۆستایان کە لە ئەنجامی کەمی لیهاتوویان دروست دەبێت، کە سەرپەرشتیار هەڵەکان دیاری دەکات لە وانەوتنەوەدا. لە ناو پۆل و لە قوتابخانەکە ئاگاداری مامۆستا دەکاتەوە لە هەڵەکان. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤٠)

لەم جۆرەدا سەرپەرشتیار متمانەیەک دروست دەکات، لە نێوان خۆی و مامۆستا تاکو تەواو کار بکاتە سەر مامۆستاکە لە بوونی هەڵەیەک ئەگەر هەبێت، چاکسازی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی کار لە چالاکی و تواناکانی تری مامۆستاکە نەکات. (البدری:٢٠٠١، ٣٣)

٢. سەرپەرشتیاریی چارەسەری: لەم جۆرە سەرپەرشتیار ئاگاداری ئەو کێشە و ئاستەمانە بێتەوە کە هاتۆتە بەردەم وانەوتنەوەی مامۆستا، کار لە ئەدای کارەکەی دەکات ، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەکە دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێگرییانە کە دێتە بەردەم مامۆستایان، هەروەها سەرپەرشتیار دەبێتە بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەکان. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤٠)

٣. سەرپەرشتیاری بونیادی: لەم جۆرەدا سەرپەرشتیار کار دەکات بۆ کاراکردنی پرۆسەی فێربون، هاندان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، پەیدابوونی شارەزایی نوێ و تازەگەری لە پرۆسەکەدا، کە مامۆستا

خودی خۆی بەشدار دەبێت لە ڕاهێنانی زیاتر و نوێگەری زیاتر باشکردنی کارامەییەکانی ناو پرۆسەکە، دروست بوونی کێبڕکی لەنێوان مامۆستایان بۆ باشترکردنی پرۆسەکە. (الدویک:٢٠٠٧، ١٢٦)

مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کار دەکەن بۆ داهاتوو بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی پرۆسەکە، بە بەکارهێنانی شێوازی گونجاو چالاکی جۆراوجۆر بۆ باشترکردنی پرۆسەکە، هەڵبژاردنی تازەترین ڕێگای وانەوتنەوە، شارەزایی تازە. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤١)

٤. سەرپەرشتیاریی داهێنەرانە: سەرپەرشتیاری داهێنەرانە کاردەکات لەسەر جوڵانی عەقڵ دەرخستنی توانایی داهێنەرانە لەلای وانەبێژان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی تواناکانیان و بەهرەکانیان لەکورتترین ماوەدا بۆ خزمەت کردنی ئامانجە پەروەردەییەکان. لەم جۆرەدا سەرپەرشتیار نەرمو نیانە لە بیرکردنەوەدا ، بڕوای تەواوی بە پیشەیی مامۆستاکە هەیە ، توانایی باشی هەیە و حەز بە پیشەکەی دەکات، تێڕوانینی باشی هەیە بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان و تواناکانی خۆی دەخاتە کار بۆ بەدەست هێنانی (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤١).

٥. سەرپەرشتیاری ئیرشادی: ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر لایەنی کەسێتی و دەروونی و عەقڵی مامۆستا لە پرۆسەی فێربوونداء پێویستە سەرپەرشتیار پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ مامۆستا بەمەبەستی تێگەیشت لە ڕەفتارەکان لەکاتی پرۆسەی فێربوونداء هەروەها ڕێنشاندەر و ڕێنمایی بدات لەسەر هەڵوێسەکانی فێربوون. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤١)

4_گرنگی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون، لە ڕێڕەدا بەچەند خاڵێک دەخرێنەڕوو:

١. دامەزراوەیەکە بۆ خزمەت کردنی مامۆستایان و کۆمەڵگە و وەک خستنەڕووی بیردۆز و شێوازەکانی پەروەردەیی سەردەم بە گواستنەوەی ئەزموونی مامۆستایان و کۆمەڵگا.

٢. بەشدارە لە ئامادەکردنی سەرجەم ئەو بنەمایانەی کە دەبنە هۆی بەرەوپێشبردنی سەرکەوتنی مامۆستا لەخزمەت پرۆسەی فێرکردن. (وەزارەتی پەروەردە:٢٠٠٩، ٢٠).

٣. هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ئاستی فێرخوازان، گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازن لە پرۆسەکە پێوانەکردنی بەپێی ئامانجە پەروەردەییەکان.

٤. یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و ئاستەنگەکانی کە دێنە بەردەم پرۆسەی فێربوون.

٥. ئاگادار بوون لە گونجاوی و ئاستی جێبەجێکردنی بابەتی خوێندن لە ناوخوێندنگاکان. (الزوري:٢٠١٠، ٣).

٦. ڕۆڵی هەیە لە پێشخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی خوێندنگاکان و کارئاسانی دەکات بۆ پرۆسەکە و هاندانی مامۆستایان لەسەرکرداری فێرکاری چالاک.

٧. گواستنەوەی شارەزاییەکانی مامۆستایان لەخوێندنگاکان و مامۆستایانی خاوەن ئەزموونی بەهێز بۆ ئەو مامۆستایان، لە پێناو پێشخستنی کارامەییەکانی مامۆستا. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٥)

دووەم/ پرۆسەی فێرکردن

1_ چەمکی فێرکردن: پەروەردە پرۆسەیەکی دێرین و فرە ڕەهەندە، مێژووەکەی هاوتایە لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەکوندا، بەڵام لە شێوەی نافەرمی بووە، لە لایەن خێزانەوە ئاڕاستەکراوە بە شێوەیەکی سادە،

بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵ منداڵ و نەوەکانیان کردووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئاستی تێگەیشتن و جیهانبینی، ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی پەروەردە گۆڕانکارییان بەسەردا هات. (حمەامین:٢٠١٤، ٨)

پەروەردە کاری گەشەپێدانی لایەنەکانی تاکە لەناو کۆمەڵگاکەیدا، بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان سیستەمی پەروەردە دەبێتە خاڵی جەوهەری پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەیان، بەشدارە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگا، کرداری فێرکردن بەشێکی گرنگە لە کۆمەڵگا، ئامانجەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات لەناو خوێندنگاکان، کە خۆی بەسیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا دادەنرێت، کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان دەکات. لەئەنجامی ئەو کارلێکەی لەنێوان مامۆستا و خوێندکار و پرۆگرامەکاندا ڕوودەدات (محمد و محمد:١٩٩١لا١٤).

فێرکردن پشت بە خوێندکار و مامۆستا و چەند فاکتەرێکی تر دەبەستێت و بە هەموویان پرۆسەی فێربوون بەئەنجام دەگەیەنن، هەروەها ژینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی ڕۆشنبیری کاریگەیان هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون، فێربوون چالایەکی خودییە و خوێندکار بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست بێت لە ژینگەکەدا. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ١٦)

کرداری فێربوون، لەئیستادا پرۆسەیەکی هاوبەشە لە نێوان مامۆستا و فێرخواز بەپشتبەست بە بابەتی خوێندن وگفتوگۆ بەشداری لە ناوپۆلدا، کاتێک پرۆسەکە چالاک دەبێت کە هاوسەنگی هەبێت لە نێوان ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکاراندا لە پرۆسەکەدا، هەروەها بەشداری پێکردنی خوێندکاران بەسەرچاوەی زیاتر لە بابەتەکە و ئەنجامدانی چالاکی پەیوەست بەباتەکەوە. تاکو حەز وخۆشەویستی زیاتر بێت بۆ بابەتەکە.(نێت،٢٠١٨)

سیتیفن کوری: "دەڵێت کرداری فێربوون دوەستێتە سەر بونیاتی تاک تاچەند توانا و قابیلیەتی هەیە بۆ پرۆسەکە، هەروەها پرۆسەی فێربوون زیاتر کارا دەبێت، شێواز و هۆکاری فێربوون و لێهاتوەیەکانی وانەوتنەوە بەڕێوەبردنی ناوپۆل، سەرجەمیان کارادەکرێن لەپێناو گۆڕینی ڕەفتارێکی دیاریکراو. (محمد و محمد:١٩٩١، ١٥).

2_ بوارەکانی فێربوون

١. **وانەوتنەوە** : پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، واتە هەندێک ڕێگا و شێواز باشتر وخێراتر دەبنە هۆی فێربوون و فێرخواز زیاتر سودیان هەیە. ئەبێت لەگەڵ بابەتەکە بگونجێت لەگەڵ قۆناغەکەش. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ٢٠)

وانەوتنەوە بریتیە لە کارامەیی و لێهاتووی کە لە کاتی وانەوتنەوەدا مامۆستایانی وانەبێژدا دەردەکەوێت، هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕێکوپێکی لەگەڵ خوێندکاران بە جۆرێک سەرنجیان ڕابکێشێت وانەوتنەوەش ڕێگاو شێوازی خوی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە وانەوتنەوە هونەر و بەهرەیە پەیوەندی بە ئەزموون و زانستی مامۆستاوە هەیە. (وەزارەتی پەروەردە:٢٠٠٥، ٥)

فێرکردن کارا نابێت تاکو پێشتر پلانی بۆ دانەنرابێت، بە ڕێگایەکی ڕێکخراو یەک لەدوای یەک. بۆیە وانەوتنەوە چالاکییەکی پێکەوە بەستراوە بەئامانجی وروژاندن و ئاسانکردنی ئەرکی فێربوون مامۆستا بەشێوەی مەبەستدار کاردەکات. (سوەیلی:٢٠١٧، ١١)

٢. هۆیەکانی فێرکردن: ناوی هۆیەکانی فێرکردن لە بەکارهێنەرێکەوە بۆ یەکیکی تر جیاوازە هەندێک بە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ناودەبرێت، چونکە ئامانجیان ڕوونکردنەوەی زانیارییەکانە. هەندێکی تریش بە هۆکاری بیستن و بین ناوی دەبەن. دەبێت بەدانایی هەڵبژاردرێن لەکاتی

فێرکردنـــی گونجـــاودا پیشـــکەش بکـــرێن کاربکـــات بـــۆ گەیانـــدی ئەو شـــارەزاییەی کە مامۆســـتا پێشکەشـــی دەکـــات، کە هۆکـــاری هەڵبژێـــردراو چارەســـــەری دەکـــــات بەمەش پەیـــــامەکەی زیـــــاتر کارادەبێـــــت. (عبدالقادر:٢٠١٥لا٩).

مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە ناو پۆلەوە پێویستە بیر لە کەرەستەی گونجاو بکاتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی فێرکردنی پێ ڕوون بکاتەوە, هەروەها کاتێک دەیباتە ناو پۆل دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی بەکارهێنانی بێت ودەبێت سەرنجداربێت بۆخوێندکاران. دەبێت دوای بەکارهێنانیشی پرسیار دەربارەی ناوەڕۆکی کەرەسەتەکە بکات، دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە سوودی هەبووە بۆ خوێندکارەکان. (قەرەچەتانی:٢٠١٤، ٢٢٠)

٣. **ژینگەی ناو پۆل:** کۆمەڵێک چالاکی و جموجۆڵی بەوهۆیەوە مامۆستا دەخوازێت ژینگەیەکی وا لەپۆلدا بە دبیهێنێت کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئیجابی لە نێوان مامۆستا و خوێندکاراندا بێتەدی بە ئامانجی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی چالاک. (سیوەیلی:٢٠١٧، ٨٨)

دەبێت خوێندکاران هەمیشە هەست بە خۆشی بکەن وانەکانیان و مامۆستاکانیان خۆش بوێت، کاتیان پێبدرێت، پشگیری بکرێن، مامەڵەی پەروەردییان لەگەڵ بکرێت، بەچاوی ڕێزەوە سەریربکرێن، هەروەها دەبێت هان بدرێن بۆ بەشداریکردن و ڕادەربڕین و پرسایارکردن و تێبینیدان. (خۆشناو محمد:٢٠١٠، ٩)

٤. **بابەتی خوێندن:** کۆمەڵێک شارەزایی پەروەردەییە کە خوێندنگا لە ناوخۆ و دەرەوەیدا بەشێوەیەکی مەبەستدار پێشکەشی فێرخوازی دەکات، بەمەبەستی بە دیهێنانی ئامانجە پەرەردەییەکان و گەشەی گشتگیر و ئەرێنی لای فێرخواز. (سیوەیلی:٢٠١٧، ٢١)

بەرنامە و بابەتی خوێندن یەکێکی تر لە فاکتەرە گرنگەکان و رۆڵی سەرەکی هەیە لە پرۆسەی فێربووندا بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و ئاستی فێرخواز دابنرێت، لەلایەکی تریشەوە حەز و ئارەزووی توانای فێرخواز لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێت. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ١٤)

٥. **پێوانە و هەڵسەنگاندن**: هەڵسەنگاندن کۆمەڵێک چالاکی تایبەت دەکرێتەوە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان وشیکاریکردنی بڕیاردان لەسەریان. بریتییە لە دیاریکردنی بەهای شتەکان، چاودێریکردنی پرۆسەکە. (عسمان:٢٠٠٠، ٢٣)

هەڵسەنگاندن بەشێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، هاوکات دادەنرێت بە یەکێک لە پایەکانی بابەتی خوێندن، هەر لەسەرەتای پرۆسەی پەروەردەوە تاگەیشتنە هەنگاوی کۆتایی و بەدیهێنانی ئامانجەکان، بەردەوام دەبێت و بەشداریپێکی کارادەکات لە کۆی گشتی پرۆسەی پەروەردە، بۆیە پەروەردکاران بەگرنگییەوە لێی دەڕوانن. (سیوەیلی:٢٠١٧، ١٧٢)

2_2 توێژینەوەکانی پێشوو

لەم تەوەردا چەند توژینەوەیەک دەخرێتەڕوو کە نزیکن لە تویژینەوەکە پاشان گفتوگۆکردنی تویژینەوەکان لەڕووی گۆڕاوەکان و ئەنجامەکان هەنگاوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ خستنەڕووی توێژینەوەکان

١. **تـوێژینەوەی اِبـراهیم٢٠١٥:** ئەم تـوێژینەوەیە لە شـاری بەغـداد ئەنجام دراوە بە ئامانجی زانینی جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەسـەر ئاڕاسـتەکانی مامۆسـتایان بە تێڕوانینـی مامۆسـتایان. تـوێژەر پێـوانەی ئاڕاسـتەکانی ئامـادەکرد بە مەبەسـتی پێـوانەکردنی

تایبەتمەندییەکە، بۆ جیاکردنەوەی ئەوەی کام جۆر لە سەرپەرشتیار کاریگەری هەیە و پەیوەندی جۆرەکان بە گۆڕدراوەکانی ڕەگەز و قوتابخانەکان. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جۆری دیکتاتۆری کاریگەری زیاترە لە جۆرەکانی تر. گۆڕاوەکانیش جیاوازییان نەبوو. تۆێژەر لە ئەنجامی تۆێژینەوەکە بەچەند ڕاسپاردەیەک و پێشنیارێک گەیشت. (ابراهیم:٢٠١٥، ٥)

٢. تۆێژینەوەی الزاحمی ٢٠١٣: تۆێژینەوەکە بە ناونیشانی ئاستی سوودمەندبوون سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەنامەی ماستەر و دکتۆرا، کە ئەنجام دراون لە بواری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. ئامانجەکانی تۆێژینەوەکە بریتییە لە زانینیی ئاستی سوودمەندبوون لە تۆێژینەوەکان، ئەو ڕێگرییانەی کە بوونەتە هۆی کەم سوود وەرگرتن لە تۆێژینەوەکان. کۆمەڵگای تۆێژینەوەکە، لە سەرجەم سەرپەرشتیارانی پەروەردە پێکهاتووە، لە ناوشاری مەکەی پیرۆز، بۆسااڵی خوێندنی ٢٠١٢_٢٠١٣. ئامارازەکانی تۆێژینەوەکە، لە (٤) ئامراز پێکهاتوون، بۆ پێوانەکردنی ئاستی سوود بینین لە تۆێژینەوەکان، ڕێگرییەکانی بەردەم سوود لێوەرنەگرتن، ئەو هۆکارانەی کە ئەبنە هۆی سوود وەرگرتن لە تۆێژینەوەکان. ئامرازە ئامارییەکانی کە بەکارهاتووە تاقیکردنەوەی (ت)، شیکردنەوەی دووجایی، ڕێژەی سەدی. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی سوود وەرگرتن لاوازە لەو تۆێژینەوانەی کە ئەنجام دراوە تایبەت بەسەرپەشتیاری پەروەردە، هەروەها سەرپەرشیاران درک بە گرنگی تۆێژینەوەکان دەکەن، هەروەها چەندین ڕێگری و ئاستەم هەیە لەبەردەم سەرپەرشتیاران وەک، کەمی سەرچاوەی زانستی، کەمی بڵابوونەوەی تۆێژینەوەکان لەبڵاوکراوەکان، هەروەها کۆپی ئەو تۆێژینەوانە نابەن بۆ یەکەی سەرپەرشتیاریی بەمەبەستی سوودبینین.

٣. تۆێژینەوەی البلوی،٢٠١١: ناونیشانی تۆێژینەوەکە، ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە گەشەپێدانی مامۆستایان لەبواری پیشەیدا

لەناوچەی (تبوک) لە تێڕوانینی مامۆستایان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە (١١٦٧) مامۆستا پێکهاتووە. هەروەها نموونەی توێژینەوەکە (١٠٠)مامۆستا. بۆ بە دەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە فۆرمێکی ڕاپرسی دروست کرا لە (٤٧) بڕگە پێکهاتبوو دابەشکرا بۆ (پێنج) بوار لەوانە، پلان، کارامییەکانی وانەوتنەوە، ژینگەی پۆل، هەڵسەنگاندنی پڕۆگرام. لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕۆلی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە ئاستێکی ناوەندایە (٣,١٧)، هەروەها دەرکەوت بە بەڵگەی ئاماری جیاوازی نییە لە نێوان گۆڕاوەکاندا بۆ سەر ئەنجامەکان.

٤. توێژینەوەی التروشی ٢٠١٠: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاریی پەروردەییە لەسەر پەرەسەندنی ئەدی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری هۆیەکانی فێرکردن، لە قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لە شاری مەکەی پیرۆز. کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە (٢٦٦) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە، لەگەڵ (٢٠) سەرپەرشتیار. توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنا بۆ توێژینەوەکە لە (٥١) بڕگە پێکهاتووە، پاش ئەوەی ڕاستی و جێگیری بۆ پێوەرەکە دەرهات بەڕێژەی (٠,٩٥). پاشان توێژەر داتاکانی بە بەرنامەی (spss) شیکارکرد. پاشان گەیشتە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێک لە توێژینەوەکە دەرکەوت بە ئاستی ناوەند سەرپەرشتیار ڕۆڵی هەیە لەسەر بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن. (التروشی:٢٠١٠)

٥. توێژینەوەی الدیراوی،٢٠٠٨: ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری لەجۆری (چارەسەرکاری) لە باشکردنی ئەدایی مامۆستایان لەخوێندنگا حکومییەکان لەشاری فەڵەستین. لەسەر گۆڕاوی کۆمەڵایەتی، ناوچەی فێرکردن، قۆناغی خوێندن. ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکە (٢٩٣) مامۆستایە بەڕێژەی(١٩%) لە کۆمەڵگای ڕەسەن. فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکرا کەپێکهاتبوو لە (٥١) بڕگە، لە (٤)بواردا، بواری پلان، هەنگاوەکانی فێرکردن،

ژینگەی پۆل، هەڵسەنگاندن لە دەرئەنجامی تۆژینەوەکە دەرکەوت، کە بواری کۆنترۆڵکردنی پۆل (٦٣%) لە پلەی یەکەم دایە لە لای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هەنگاوەکانی پرۆسەی فێربوون بەڕێژەی (٦٢%) لە پلەی دووەم دایە، هەروەها هەڵسەنگاندن (٦٠%) لەپلەی سێهەم دایە، پلانی وانەوتنەوە لە پلەی کۆتاییدایە. کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار کرا.

دووەم/گفتوگۆی تۆژینەوەکانی پێشوتر

١. ناونیشانی تۆژینەوەکان سەرجەمیان باس لە سەرپەرشتیاریی پەروەردەی دەکەن نزیکن لە تۆژینەوەکەی ئێستا، کە باس لە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەکات لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەناوەندی سلێمانی.

٢. ئامانجی تۆژینەوەکە زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە توانا فێرکارییەکانی مامۆستایان لە بوارەکانی (وانەوتنەوە، ژینگەی پۆل، بابەتی خوێندن، هەڵسەنگاندنی مامۆستایان)، لە تۆژینەوەکانی تر ئامانجەکان نزیکن لە تۆژینەوەی ئێستا وەک لە تۆژینەوەی (ئیبراهیم) ئامانجی زانینیی جۆرەکانی سەرپەرشتیارە لەسەر ئاڕاستەکردنی پەروەردەیی مامۆستایان، بەڵام لە تۆژینەوەی (الزاحمی) بە ئامانجی سودمەندبوونی سەرپەرشتیارنی پەروەردەییە لەو تۆژینەوانەی دەکرێن لە بواری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. هەروەها لە تۆژینەوەی (البلوی) ئامانجی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە پەرەپێدانی پیشەی مامۆستایان. بەڵام تۆژینەوەی (ئەتروشی) کە زۆر نزیکە لە تۆژینەوەکە ئەویش ئامانجی زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی لە ئەدای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە وەک دەبینرێت ئامانجەکان لەیەکەوە نزیکن, سەرجەمیان چەخت لەسەر ڕۆڵی بوونی سەرپەرشتیار دەکەنەوە لە سەر مامۆستایان.

٣. شـوێنی ئەنجامـدانی توێژینەوەکـان جیـاوازن یەک تـوێژینەوە لە (عێـراق) ئەنجامـدراوە ئەوانەی تـر لە (فەلەسـتین و سـعودییە) ئەنجامـدراون، هەرچەندە کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەریەکەیان لە شـوێنی جیـاواز ئەنجام دراوە, بەڵام تـوێژەر سـوودمەند بـووە پرۆگـرام سـتایل و وەرگرتنـی کۆمەڵگاو ڕێکارییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە، لە توێژینەوەکانی پێشوو.

٤. توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو، سەرجەمیان پڕۆگرامی وەسفیان بەکارهێناوە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان.

٥. هەروەها سەرجەم توێژینەوە باسکراوەکان، بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییەکان، فۆڕمی ڕاپرسییان بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا، فۆڕمی ڕاپرسی دروست کراو بەکارهاتووە بۆ زانینی ڕۆلی سەرپەرشتیار، فۆڕمەکە دروستکراوە بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوە توێژینەوەکانی نزیک لە بابەتەکە لە(٥) بوار و (٤٤) بڕگە پێکهاتووە.

٦. ئەم توێژینەوەیە بەنزیکەی هاوشێوەن لەگەڵ پێنج توێژینەوەکی پێشوو، لە ڕووی کەرەستە ئامارییەکان. بەڵام سەرجەمیان ناوەندی شیا و کێشی سەدییان بەکارهێناوە.

بەشی سێهەم

ڕێکاریەکانی توژینەوەکە

3_1 پرۆگرامی توێژینەوەکە:

بەپێی سروشتی کێشەی توێژینەوەکە و گەڕان و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر پرۆگرامی وەسفی بەکارهێنا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

2_3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە: کۆمەڵگا به یەکێک له کاره گرنگەکانی توێژینەوە، کە پێکدێت لەسەرجەم لایەنە دیارەکانی ئەو توێژینەوەی کە توێژەر پێهەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی. (ملحم،٢٠٠٥، ١٤٩) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەسەرجەم مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنگا بنەڕەتییەکانی حکومی، له پەروەردەیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا له ناوەندی شاری سلێمانی کە سەرجەمییان دەکاتە (١٢١٢) بەپێی ئاماری پەروەردەیی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧_ ٢٠١٨ هەروەک له خشتەی (٣_١) ڕوونکراوەتەوە.

(خشتەی ١_٣)

دابەشکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژەینەوەکە	ڕەگەز	ڕێژەی سەدی
مامۆستایانی نێرلەپەروەردەی ڕۆژئاوا	٢٦٠	٠,٢٢
مامۆستایانی مێ لەپەروەردەی ڕۆژئاوا	٥٠٠	٠,٤١
مامۆستایانی نێرلەپەروەردەی ڕۆژهەڵات	١٢٢	٠,١٠
مامۆستایانی مێ لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات	٣٣٠	٠,٢٧
تێکڕای گشتی	١٢١٢	١٠٠

هەولێر کتێبخانەی

3_3 نموونەی توێژینەوەکە:

به لەبەرچاوگرتنی تێکڕای ژمارەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان له خوێندنگا بنەڕەتییەکان، توێژەر هەوڵی داوە زۆرترین ژمارە وەربگرێت له کۆمەڵگای توێژینەوەکە به شێوەی مەبەستدار، هەرچی نموونەی توێژینەوەکە دەگاتە (٢٠٠) مامۆستا له ڕەگەزی نێر و

مـــێ کە دەگـــاتە ڕێـــژەی (١٧%) کۆمەڵگـــای تـــوێژینەوەکە، هەروەهـــا دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکان بڕوانە خشتەی (٣-٣)

خشتەی (٣_٢)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕگەز، بڕوانامە، ساڵانی خزمەت

گۆڕاوەکان	ئاستەکان	ژمارە و ڕێژەی سەدی مامۆستا	
		ژمارە	ڕێژەی سەدی
ڕەگەز	نێر	٧٢	٣٦%
	مێ	١٢٨	٦٤%
	کۆی گشتی	٢٠٠+	100%
بڕوانامە	دبلۆم	١٥٧	٧٨%
	بەکالۆریۆس	٢٢	١١%
	دیبلۆم + بەکالۆریۆس	٢١	١١%
	کۆی گشتی	٢٠٠	100%
ساڵانی خزمەت	لە 5ساڵ کەمتر	٥١+	٢٦%
	٥_١٠ساڵ	٩٥	٤٧%
	لە ١٠ ساڵ زیاتر	٥٤	٢٧%
	کۆی گشتی	٢٠٠	100%

هەولێنامەی گۆڕین

3_4 ئامڕازی توێژینەوەکە:

توێژەر پاش گەڕان و خوێندنەوەی هەندێک لە سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەی پێشوو نزیک لە بابەتەکە فۆرمی ڕاپرسی داخراو دروست کرا، لەوانە توێژینەوەکانی (الکلبانی ،٢٠١٦)، توێژینەوەی (بکور،٢٠١٢) توێژینەوەی الزاحمی،٢٠١١)، (احمد،٢٠٠٣)، توێژینەوەی (لبان،٢٠١٠)، پەرتووکی (درویش و علی،٢٠٠٩) ، فۆرمی ڕاپرسی دوست کراو پێکهاتووە لە (٥) بواری تایبەت بە پرۆسەی فێربوون، لە (٤٤) بڕگە پێکهاتووە بۆ هەر بڕگەیەک پلەیەک دانرا بە پێی پێوەری (لیگەرت) (نایاب، زۆرباش، باش، پەسەند، لاواز) کە هاوشانی ژمارەکانی (١،٢،٣،٤،٥) لە خشتەی (٣-٣) بوار و ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە ڕوونەدەکاتەوە:

خشتەی (٣_٣)

بواراکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە بەپێی ژمارەی بڕگەکان

ژمارە	ناوی‌بوارەکە	بڕگەکان
یەکەم	وانەوتنەوە	١_٩
دووەم	هۆیەکانی فێرکردن	١_٧
سێیەم	ژینگەی ناو پۆل	١_١٣
چوارەم	بابەتی خوێندن	١_٨
پێنجەم	هەڵسەنگاندنی مامۆستا	١_٧

توێژەربە مەبەستی زانینی ڕادەی شیاوی و زانستی بوونی پێوەرەکە ڕاستی و نەگۆڕی بۆ دەرهێنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

3_5 ڕاستی و دروستی (الصدق)

ڕاستی دادەنرێت بەمەرجێکی پێویست کە دەبێت بەرجەستەکرابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەوکارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گرووپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، (ابولبده، ۱۹۷۹: ۲۳۵) ڕاستی ئامراز واتە توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لەپێناویدا دانراوە یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین. (الروسان :۳۱،۱۹۹۹)

بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکەش، توێژەر ئامرازەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێگای وانەوتنەوە، کە ژمارەیان (7)کەس بوو بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر ئەوەی تاچەند بڕگەکانی بەوردی داڕێژراون و ڕوونن و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوانیش بەگوێ دەنگی هەڵسەنگێنەران دوای گۆڕینی هەندێک وشە و چاککردنی هەندێک بڕگە لەڕووی زمانەوانییەوە بە ڕێژەی (۸۵%) بڕگەکانیان پەسەند کرد کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان (۷۵%) یا زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لە لایەنی ڕاستی ڕوالەتییەوە (الزوبعی:۱۹۸۱، ٤٤).

3_6 نەگۆڕی (الثبات)Reliability:

یەکێک لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی پێویستە نەگۆڕبێت، مەبەست لە "نەگۆڕی ئەوەیە کە هاوشێوەبوون هەبێت لە وەڵامەکاندا کاتێک دووبارە ئامرازەکە جێبەجێبکرێتەوە بەسەر هەمان کەسان و لەهەمان بارودۆخدا بەنزیکەی." (الداهری والکبیسی،۲۰۰۰، ۲۰۵)

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی شێوازی دووبارە جێبەجێکردنەوەی ئامرازەکە (Test-Re-test)بەکارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەکە

جێبەجێکرا بەسەر نموونەیەکدا کە پێکهاتبوو لە (١٠) مامۆستا لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوون، جیاوازی کات لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەمی ئامرازەکە و دووبارە جێبەجێکردنەوەی بۆ جاری دووەم (١٠)ڕۆژبوو، لەبەرئەوەی پێویستە ئەم ماوەیە لە (دوو یان سێ هەفتە) زیاتر نەبێت، بۆئەوەی کەسە بەشداربووەکانی هەندێک لە وەڵامەکانیان لە بیرنەچێت، هەروەها هەمان وەڵامبدەنەوە لە جێبەجێکردنی دووەمدا. (الزوبعی، ١٩٨١: ٢٤)

بۆژماردنی هاوکۆلکەی نەگۆڕ (معامل الثبات)ی ئامرازەکە، توێژەر (هاوکێشەی پیرسۆن (Pearson Correlation Coefficient))ی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی دادەنرێت بەباڵاوترین ئامرازێک لەم بوارەدا. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەی دووەمدا.

خشتەی (٣-٤)

نرخی جێگیری برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە بە پێی بوارەکان ڕوونەدەکاتەوە:

بوارەکان ناوی	نرخی جێگیری
وانەوتنەوە	٠,٩١٥
هۆیەکانی فێرکردن	٠,٨٤٣
ژینگەی ناو پۆل	٠,٨٥٦
بابەتی خوێندن	٠,٧٣٢
هەڵسەنگاندنی مامۆستا	٠,٩٦٢
نرخی گشتی جێگیری بۆئامڕازاکە	٠,٨٦١

3_7 جێبە جێکردنی ئامرازەکە:

پاش دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی فۆرمی ڕاپرسی تـوێژینەوەکە، تـوێژەر فـۆرمی ڕاپرسـی دابەش کـرد بەسـەر مامۆسـتایانی بنەڕەتـی لەخوێندنگا بنەڕەتییەکـان لەناوەنـدی سـلێمانی کە (٢٠٠) مامۆسـتابوو، لە مانگی (٤) بۆ کوتـایی (٥) دواتـر فۆرمەکان گەڕانەوە، ئینجـا وەڵامەکان لە فۆرمێکی تایبەت بەوکارە خاڵیکرانەوە.

3_8 هاوکێشە ئامارییەکان:

ئەم ئامرازانەی ئامارکردن بەکارهێنراوە لەتوێژینەوەکەدا.

١. هاوکێشـەی پێرسـۆن (Pearson correlation coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی

$$ر = \frac{ن \text{ مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[ن \text{ مج س}^{٢} - (\text{مج س})^{٢}]\,[ن \text{ مج ص}^{٢} - (\text{مج ص})^{٢}]}}$$

(الجادری، ٢٠٠٧: ٢٨٨)

٢. ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):

بۆ باسـکردنی هەر بـڕگەیەک لە بڕگەکـانی ئـامرازی تـوێژینەوەکە و زانینـی بەهـاکەی لە چوارچێـوەی هەر بواریکـدا، هەروەهـا بـۆ مەبەسـتی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە: (صبری، ٢٠٠٦: ١٠٦)

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(ت١\times٣)+(ت٢\times٢)+(ت٣\times١)}{\text{مج ت}}$$

بۆ ژماردنی هێزی برگەکان، یەک نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی یەکەم (بەپلەی لاواز)، دوو نمرە بە ئەلتەرناتیڤی دووەم (بەپلەی ناوەند)، سێ نمرە بە ئەلتەرناتیڤی سێیەم (بەپلەی باش).

٣.کێشی سەدی: بۆ ڕاڤەکردنی ناوەندی شیاو و برگەکان.

٤.بەرنامەی (spss) بەکارهاتووە بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان (ڕەگەز، تەمەن، خێزمەت، بڕوانامە) لەسەر بۆچوونی مامۆستایان بۆ ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان.

بەشی چوارەم

ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان

4_1 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە دەربارەی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەیاندا ئەم هەنگاوانەی پەیڕەوکردووە، بەم شێوەیە:

١. بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی برگەکان، توێژەر وەڵامە دووبارەکانی هەر برگەیەکیان لە برگەکانی فۆرمی ڕاپرسەکە، بەپێی

هەوڵنامەی کێبڕکێ

ڕەهەندە دانراوەکان (نایاب) (زۆر باش) (باش) (پەسەند) (لاواز)، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش (پێنج) نمرە دراوە بە ڕەهەندی یەکەم و (چوار) نمرە دراوە بە ڕەهەندی دووەم و (سێ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی سێیەم و (دوو) نمرە دراوە بە ڕەهەندی چوارەم و (یەک) نمرە بە ڕەهەندی پێنجەم (1،2،٤،٣،٥) ناوەندی ژمێرەیی پێوەرە پێنج ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (٣) کە پێوەرێکە.

٢. بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان، هەر بڕگەیەک ناوەندی شیاوەکەی (٣) یا بەرزتر بوو ئەوا واتا لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت، ئەگەر لە (٣) کەمتر بوو، واتا لایەنی لاوازی ئاستی تەوەرەکان دەنوێنێت.

٣. تۆێژەر پێی باشبوو تەنها بڕگە لاوازەکان شیبکرێنەوە، هاوکات لەبەر زۆری گۆڕاوەکان و زۆری خشتەی ناوەندەکانی شیاو و کێشی سەدییەکانیان، زۆرینەی بڕگە لاوازەکان پێکەوە شیکراونەتەوە.

٤. تۆێژەر بۆشیکردنەوەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، خزمەت، بڕوانامە)، تیتێست و کای سکوێر، ئانۆفا. بەکارهاتووە بەبەرنامەی (spss).

4_2 شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئامانجی یەکەم

١. تەوەرەی یەکەم /ڕۆڵی لە پەرەپێدانی وانەوتنەوە

(خشتەی ٤_١)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر پەرەپێدانی وانەوتنەوە ڕووندەکاتەوە:

ژ	بڕگەکان	پلە	تایاب	زۆر باش	باش	بەسەند	لاواز	ناوەندی شیاو	کێشی سەدی
1	ڕووبەڕبوونەوەدات لەسەر شێوازەنوێیەکانی وانەوتنەوە	6	7	13	25	65	90	2.92	٪58
2	مامۆستایان ئاڕاستەدەکات بە وهەڵبژاردنی شێواز ڕێگای گونجاوبۆ وانەوتنەوە.	٩	17	21	28	60	74	2.23	٪44
3	گرنگی دانانی پلانی وانەوتنەوەلەلایەن مامۆستایان دەخاتە ڕوو.	V	40	32	29	30	69	2.72	54٪
4	چەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی دەفتەر پلان.	2	67	52	43	22	16	3.66	73٪
5	هەڵسەنگاندن بۆئامانجەگشتی وتایبەتیەکان دەکات	1	61	70	20	41	8	3.67	73٪
6	یارمەتی مامۆستایان دەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەکاتی وانەوتنەوەدا.	3	53	45	63	18	21	3.45	69٪
7	یارمەتی مامۆستایان دەدات لە دارشتنی ئامانج بۆ فێرخوازە بەتواناکان.	5	39	25	57	41	38	2.93	58٪
8	گرنگی دەدات بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە لەناو پۆل	4	45	39	10	80	26	3.38	67٪
.9	کار دەکات بۆ بەشداریکردنی مامۆستایان لەبینینی هەندێك وانەی نموونەیی کە لەلایەن مامۆستای شارەزا دەوترێتەوە.	8	13	4	41	65	77	2.38	47٪
	تێکڕای گشتی							3.3	60٪

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کە تایبەت بە تەوەرەی (وانەوتنەوە) کە لە (٩)بڕگە پێکدێت، تەنها (٥) لە بڕگەکان ناوەندی شییاویان لە خوار (٣) نمرەوەیە ئەوانیش بڕگەکانی (١،٢،٣،٧،٩) ناوەندی شیاوییان لە نێوان (٢,٩٢_٢,٢٣) هەروەها کێشی سەدییان لەنێوان (٥٨%_٤٤%). هەروەها تەوەرەکە بەشێوازێکی گشتی ئاستی پەسەند کراوە، تێکرای ناوەندی شیاوی (٣) نمرە زیاترە، بە پێی تێروانینی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان. بەڵام پێویستە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بواری وانەوتنەوەدا، گرنگی زیاتر بدات بە خستەڕووی شێوازە نوێییەکانی وانەوتنەوە، هەروەها گرنگی و چۆنیەتی دارشپلانی پەروەردەیی بخاتەڕوو، باس لە دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی پلانی وانەوتنەوە بکات، هەروەها هەوڵ بدات کە مامۆستایانی کەم ئەزموون بەشداری پێبکات لە هەندێک وانەی نموونەی کە لەلایەن مامۆستا سەرکەوتووەکان ئامادە بکرێت تاکو زیاتر سوودمەندبن لە ئەزموونیان.

٢. تەوەرەی دووەم / هۆیەکانی فێرکردن

خشتەی (٤-٢)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لە سەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ هۆیەکانی فێرکردن ڕووندەکاتەوە:

ژ	بڕگەکان	پلە	نایاب	زۆر باش	باش	بەسەند	لاواز	ناوەندی شیاو	کێشی سەدی
.1	گرنگی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن دەخاتەروو	V	15	21	49	60	55	2.40	48٪
.2	ڕێنیشاندەرە بۆ بەکار هێنانی هەمەجۆری لە هۆیەکانی فێرکردن.	2	45	16	72	47	20	3.09	61٪
.3	مامۆستا ئاراستە دەکات لە بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن بە شێوەی کاراو سەرنج ڕاکێش بۆخوێندکاران.	6	7	25	70	56	42	2.49	49٪
.4	مامۆستا ئاراستە دەکات لەسەر گونجاوی هۆیەکانی فێرکردن بۆ خوێندکاران.	4	17	38	69	57	19	2.88	57٪
.5	گرنگی بەکارهێنانی واید بۆرد دەخاتە ڕوو بۆ مامۆستایان	3	16	47	72	35	30	2.92	58٪
.6	ڕێنمایی دروست دەدات لە سەر خۆیەتی بەکارهێنانی واید بۆرد.	1	20	26	80	64	10	3.23	64%
.7	مامۆستا ئاراستە دەکات لەسەر بەشداری پێکردنی زۆرترین هەستەوەرەکانی خوێندکاران لەکاتی وانەوتنەوەدا.	5	13	38	60	78	11	2.82	56٪
	تێکڕای گشتی							2.32	56٪

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی تایبەت بەتەوەرەی (هۆیەکانی فێرکردن) کە لە (٧) بڕگە پێکهاتووە، بە تێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، بە شێوازێکی گشتی ئاستی پەسەندی بەدەست نەهێناوە تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی (٢,٣٢) هەروەها کێشی سەدی(٥٦%)، لەگەڵ ئەوەش ئەو بڕگانەی کە خوار ناوەندی شیاویان بەدەستهێناوە، (١،٣،٤،٥،٧) کە ناوەندی شیاویان لە نێوان(٢,٩٢_٢,٤٠) هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٤٨٪_٥٨٪)، بۆیە پێویستە سەرپەرشتیاریی پەروەدەیی گرنگی زیاتر بدەن بەهۆیەکانی فێرکردن لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، تاکو کاریگەری ئەرێنی بکاتە سەر پرۆسەی فێربوونی وانەکە. هەمەجۆری بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن حەز و ئارەزووی فێرخوازان دەوروژێنێت و گەشە بە بیرکردەنەوەیان دەدات. مامۆستایان ئاراستە

هەوالنامەی کێڵگە

بکات که زۆرترین هەستەوەری فێرخوازان بەشداری پێبکات لە پرۆسەکەدا.

٣. تەوەرەی سێیەم ژینگەی پۆل

خشتەی(٤_٣)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر ژینگەی پۆل ڕووندەکاتەوە:

ژ	بڕگەکان	پلە	تایاب	زۆرباش	باش	بەسەند	لاواز	ناوەندی شیاو	کێشی سەدی
.1	یارمەتیدەرە بۆ دابین کردنی ژینگەی بەروەردەی گونجاولەناوپۆل	8	19	37	84	60	0	2.77	55٪
.2	مامۆستایان ئاراستە دەکات لە بەکار هێنانی زمانی جەستە لەناو پۆل.	2	34	29	92	40	5	3.2	64٪
.3	مامۆستایان ئاراستە دەکات لە بەکار هێنانی هاندان بۆ کاراکردنی خوێندکاران.	6	20	38	59	60	23	2.88	57٪
.4	ڕۆڵی هەیە لە بەرزکردنەوەی بانگەوزی خوێندن، ی خوێندکاران.	5	18	45	70	52	15	2.99	59٪
.5	مامۆستایان ئاگادار دەکاتەوە لە دروستکردنی خوشەویستی بۆ بابەتەکە لە لای خوێندکاران.	4	23	58	40	71	8	3.08	61٪
.6	مامۆستایان ئاراستە دەکات لە هاوسەنگی بەشداری خوێندکاران لەناو پۆل.	9	9	26	64	85	16	2.63	52٪
.7	ڕۆڵی هەیە لە سەرگونجاوی گۆڕانی دەنگی مامۆستایان لەکاتی بەخشکردنی وانەکەدا	11	14	17	39	92	38	2.38	47٪
.8	ڕۆڵی هەیە لە سەر گونجاوی گۆڕانی دەنگی مامۆستایان لەکاتی بەخشکردنی وانەکەدا.	3	39	20	73	60	8	3.11	62٪
.9	ڕۆڵی هەیە لەدروستکردنی کارێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان مامۆستایان و خوێندکاران.	7	25	32	39	83	21	2.78	57٪
.10	کار بۆ بەکار هێنانی چالاکی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل دەکات لە لایەن مامۆستایان.	1	31	48	95	19	7	3.38	67٪
.11	ڕێنیشاندەرە لە دروستکردن و بەکار هێنانی یاساکانی ناو پۆل لەلایەن مامۆستایانەوە.	12	13	21	40	80	46	2.37	47٪
.12	ڕۆڵی هەیە لەگۆڕینی ڕەفتاری خوێندکاران هەیە لە ناو پۆل.	10	26	12	49	80	33	2.59	51٪
.13	مامۆستایان ئاراستەدەکات بۆ بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی بونیاتی خوێنکاران لەناو پۆل.	13	7	21	33	99	40	2.28	45٪
	ئێکڕای گشتی							2.80	56٪

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی تایبەت بە تەوەرەی (ژینگەی ناو پۆل) کە (١٣) بڕگە لەخۆدەگرێت، بەپێی تێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، (٨) بڕگەیان لەخوار ناوەندی شیاویان بەدەست هێناوە، لە وانە بڕگەکانی (٣،٤،٦،٧،٩،١١،١٢،١٣) کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (٢,٢٨_٢,٩٩) هەروەها کێشی سەدییان لەنێوان (٥٩%_٤٥%). پێویستە سەرپەرشتیاران چەخت بکەنەوە لەسەر بەڕێوەبرنی پۆل بەشێوەیەک

بێت که لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان گونجاو بێت، مامۆستایان ئاڕاستەبکات بە بەرزکردنەوەی پالّنەری خوێندکاران، هەروەها بەشێوازی هاوسەنگ بەشداری بە خوێندکاران بکات لەکاتی پەخشکردن وانەکەدا، کارلێکی کۆمەلّایەتی دروست بکات لەنێوان مامۆستایان و خوێندکاران. مامۆستایان ئاگاداربکاتەوە گرنگی بە گۆڕینی ڕەفتاری خوێندکاران بدەن. گرنگی بە هەمەجۆری و چالاکییەکانی ناو پۆل بدات.

٤. تەوەرەی چوارەم /بابەتی خوێندن

خشتەی (٤_٤)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر بابەتی خوێندن ڕووندەکاتەوە:

ژ	پرگەکان	پلە	ناپاب	زۆربا ش	باش	پەسەند	لاواز	ناوەندی شیاو	کێشی سەدی
.1	بارمەتیدەرە لە کرداری شیکردنەوەی پەرتوکی خوێندن	4	38	24	59	40	39	2.91	58%
.2	مامۆستا ئاگادار دەکاتەوە لەکەم و کوڕیەکانی پەرتوکی خوێندن	5	22	49	16	87	26	2.77	55%
.3	ڕێنمایی دەدات لەسەر چۆنیەتی شیکردنەوەی چەمك و ئامانجەکانی بابەتەکە.	3	41	50	39	65	5	3.28	67%
.4	بەشداری بەمامۆستایان دەکات لەسەر کرداری هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندن.	6	2	29	67	90	12	2.59	51%
.5	مامۆستا لە گۆڕانکارییەکانی بابەتەکە ئاگادار دەکاتەوە	2	42	30	81	41	6	3.30	66%
.6	هانی مامۆستایان دەدات لەسەر گەشەکردنی زانیاری تایبەت بە بابەتەکە..	4	37	41	50	58	14	3.14	62%
.7	چەخت دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی ڕاهێنان و چالاکیەکانی ناو بابەتەکە لەلایەن مامۆستایانەوە	V	11	25	49	81	34	2.49	49%
.8	ڕێنمایی دەدات لەسەر دارشتنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە ،دابەش کردنی نمرەکان.	1	48	57	80	10	5	3.66	73%
	نێکڕای گشتی							3.01	60%

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی تایبەت بە تەوەرەی (بابەتی خوێندن)، کە (٨) بڕگە لە خۆ دەگرێت بە شێوازێکی گشتی تەوەرەکە بە تێڕوانینی

مامۆستایانی تایبەت بەباتەکە لەسەر تەوەرەکە بەگشتی پەسەندی بەدەستهێناوە، بەڵام هەندێک لە بڕگەکان لەخوار ناوەندی شیاویان بەدەستهێناوە کە ژمارەیان (٤) بڕگەیە، کە ناوەندی شیایان لەنێوان (٢,٤٩_٢,٩١) هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٤٩%_٥٨%). کەواتە دەرکەوت کە پێوەستە سەرپەرشتیاران زانیاری بدەن لەسەر چۆنیتی شیکردنەوەی پەرتوکی خوێندن و هەڵسەنگاندنی بابەتکە تاکو هەر کەموکوڕییەک هەبێت ئاگاداری سەروو لایەنی پەیوندیدار بکاتەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی چونکە مامۆستا کار دەکات لەگەڵ پرۆگرامدا.

٥. تەوەرەی پێنجەم / هەڵسەنگاندنی مامۆستا

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەسەر هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە ڕوونەدەکاتەوە:

خشتەی (٤_٥)

ژ	بڕگەکان	بڕگە	نایاب	زۆر باش	باش	پەسەند	لاواز	ناوەندی شیاو	کێشی سەدی
.1	مامۆستا بە پێی پێوەرێکی دروست بابەتی هەڵدەسەنگێنێت	5	٥	42	71	52	30	2.7	54%
.2	بڕگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندن شیاون بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان.	4	١٦	28	95	4	57	2.71	54%
.3	ڕوونکردنەوە دەدات لە سەرگرنگی کرداری هەڵسەنگاندنی مامۆستا لەپرۆسەی فێربووندا	1	٢٢	31	56	70	21	2.81	56%
.4	شێوازی هەمەجۆر بەکاردێنێت لە کرداری هەڵسەنگاندیی مامۆستایان دا	6	٨	32	67	81	12	2.7	54%
.5	بڕیارەکانی سەرپەرشتیار دروست و بابەتین.	2	٥٠	41	48	51	37	2.81	56%
.6	گفتوگۆ لەسەر ئەنجامی هەڵسەنگاندن دەکات لەگەڵ مامۆستایان	3	٤٢	21	30	70	37	2.80	56%
.7	سەردانەکانی سەرپەرشتیار گونجاوە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا	7	١٨	32	53	64	33	2.69	53%
	تێکڕای گشتی							2.74	55%

بەپێی زانیارییە ئاماریەکانی تایبەت بە تەوەرەی (هەڵسەنگاندنی مامۆستایان)، کە لە (٧) بڕگە پێکهاتووە، بە تێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، سەرجەم بڕگەکانی بابەتەکە لاوازیان بەدەستهێناوە ناوەندی

شیاویان لەخوار (٣) نمرەوەیە، کە دەکەوێتە نێوان (٢,٨٢_٢,٦٩) هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٥٦٪_٥٣٪) ئەوش ڕوونکردنەوە دەدات، لە سەر ئەوەی کە پێویستە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گرنگی زیاتر بدات بە شێوازی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان، پێوەرەکی بابەتی بەکاربهێنێت بۆ پێوانەکردنی مامۆستایان، تەنها هەڵسەنگاندنەکە لە فۆرمێکدا کۆنەکاتەوە، شێوازی جواروجۆر بەکاربهێنێت، ئاگاداری مامۆستایان بکاتەوە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە، گفتوگۆ لەسەر دەرئەنجامی پرۆسەکە بکات، سەردانەکانیان زیاتر بکەن، تاکو یارمەتی دەربن لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێکاری.

3_4 شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئامانجی دووەم

خشتەی(٤_٦)

ڕوونکردنەوە لەسەرئەنجامی گۆڕاوی ڕەگەزلەسەربڕگەکانی تەوەرەکە

برگەکان	ڕەگەز	نایاب	زۆرباش	باش	پەسەند	لاواز	نێگرای گشتی	بەها ی کای2	نمرەی ئازاد
.1	نێر	46	16	0	7	3	72	0.01	4
	مێ	45	49	25	5	4	128		
	نێکرا	91	65	25	12	7	200		
2	نێر	38	21	0	4	9	72	0.001	4
	مێ	40	36	28	16	8	128		
	نێکرا	78	57	28	20	17	200		

(سەربەخشتەی ٤_٦)

.3	نێر	27	16	10	0	19	72	0.001	4
	مێ	60	13	17	19	19	128		
	تێکڕا	87	29	27	19	38	200		
.4	نێر	5	9	14	26	18	72	0.087	4
	مێ	11	13	30	25	49	128		
	تێکڕا	16	22	44	51	67	200		
.5	نێر	4	15	0	34	19	72	0.001	4
	مێ	4	27	21	35	41	128		
	تێکڕا	8	42	21	69	60	200		
.6	نێر	9	0	18	23	22	72	0.005	4
	مێ	12	18	38	22	37	128		
	تێکڕا	21	18	56	46	59	200		
7	نێر	13	25	10	6	18	72	0	4
	مێ	25	16	57	20	10	128		
	تێکڕا	38	41	67	26	28	200		
8	نێر	0	33	0	20	19	72	0	4
	مێ	26	48	10	19	25	128		
	تێکڕا	26	81	10	39	44	200		

(سەربەخشتەی ٤_٦)

.9	نێر	35	16	16	4	1	72	0.001	4
	مێ	41	49	25	0	13	128		
	تێکڕا	76	65	41	4	14	200		
.10	نێر	21	18	20	4	9	72	0.098	4
	مێ	36	41	28	17	6	128		
	تێکڕا	57	59	48	21	15	200		
.11	نێر	9	24	9	6	24	72	0.01	4
	مێ	11	23	64	9	21	128		
	تێکڕا	20	47	73	15	45	200		
.12	نێر	6	21	23	7	15	72	0.571	4
	مێ	14	26	49	9	30	128		
	تێکڕا	20	47	72	16	45	200		
.13	نێر	12	24	20	12	4	72	0.268	4
	مێ	25	39	49	12	3	128		
	تێکڕا	37	63	69	24	7	200		
.14	نێر	11	4	31	20	6	72	.	4
	مێ	20	31	41	26	10	128		
	تێکڕا	31	35	72	46	16	200		
.15	نێر	1	38	22	0	11	72	0.01	4
	مێ	8	27	58	25	10	128		
	تێکڕا	9	65	80	25	21	200		
.16	نێر	2	23	19	19	9	72	0.005	
	مێ	9	56	41	19	3	128		
	تێکڕا	11	79	60	38	12	200		

(سەربەخشتەی ٤_٦)

برگە کان	ڕەگەز	نایاب	زۆرباش	باش	پەسەند	لاواز	ژنکرای گشتی	بەها ی کای2	نمرەی تازاد
17	نێر	45	16	0	7	3	72	0.01	4
	مێ	46	49	25	5	4	128		
	ژنکرا	91	65	25	12	7	200		
18	نێر	38	21	0	4	9	72	0.001	4
	مێ	40	36	28	16	8	128		
	ژنکرا	78	57	28	20	17	200		
19	نێر	27	16	10	0	19	72	0.001	4
	مێ	60	13	17	19	19	128		
	ژنکرا	87	29	27	19	38	200		
.20	نێر	5	9	14	26	18	72	0.087	4
	مێ	11	13	30	25	49	128		
	ژنکرا	16	22	44	51	67	200		
.21	نێر	4	15	0	34	19	72	0.001	4
	مێ	4	27	21	35	41	128		
	ژنکرا	8	42	21	69	60	200		
.22	نێر	9	0	18	23	22	72	0.005	4
	مێ	12	18	38	22	37	128		
	ژنکرا	21	18	56	46	59	200		
23	نێر	13	25	10	6	18	72	0	4
	مێ	25	16	57	20	10	128		
	ژنکرا	38	41	67	26	28	200		
24	نێر	0	33	0	20	19	72	0	4
	مێ	26	48	10	19	25	128		
	ژنکرا	26	81	10	39	44	200		

(سەربەخشتەی ٤_٦)

.25	نێر	11	21	23	11	6	72	0.065	4
	مێ	11	62	26	21	8	128		
	ژنکرا	22	83	49	32	14	200		
26	نێر	0	5	29	26	12	72	0.017	4
	مێ	7	13	66	23	19	128		
	ژنکرا	7	18	95	49	31	200		
.27	نێر	18	41	10	2	1	72	0	4
	مێ	28	39	30	19	12	128		
	ژنکرا	46	80	40	21	13	200		
.28	نێر	13	32	16	0	11	72	0.078	4
	مێ	20	47	34	12	15	128		
	ژنکرا	33	79	50	12	26	200		
.29	نێر	18	32	5	14	3	72	0.002	4
	مێ	22	67	28	7	4	128		
	ژنکرا	40	99	33	21	7	200		
.30	نێر	16	12	25	0	19	72	0.001	4
	مێ	23	28	34	24	19	128		
	ژنکرا	39	40	59	24	38	200		

(سەربەخشتەی ٤_٦)

بڕگەکان	ڕەگەز	تایاب	زۆرباش	باش	پەسەند	لاواز	ژمێرای گشتی
31	نێر	7	27	5	24	9	72
	مێ	18	61	11	25	13	128
	نێکرا	25	88	16	49	22	200
32	نێر	4	19	15	23	11	72
	مێ	1	46	24	27	30	128
	نێکرا	5	65	39	50	41	200
33	نێر	0	32	30	8	2	72
	مێ	11	58	38	21	0	128
	نێکرا	11	90	68	29	2	200
.34	نێر	6	15	35	4	12	72
	مێ	0	26	47	27	28	128
	نێکرا	6	41	82	31	40	200
.35	نێر	8	26	8	21	9	72
	مێ	6	33	42	20	27	128
	نێکرا	14	59	50	41	36	200
.36	نێر	15	21	19	8	9	72
	مێ	19	60	30	17	2	128
	نێکرا	34	81	49	25	11	200
.37	نێر	3	4	20	23	22	72
	مێ	2	7	60	33	26	128
	نێکرا	5	11	80	56	48	200
.38	نێر	18	12	23	15	4	72
	مێ	12	41	48	26	1	128
	نێکرا	30	53	71	41	5	200
.39	نێر	20	2	26	20	4	72
	مێ	36	2	68	9	13	128
	نێکرا	56	4	94	29	17	200
.40	نێر	13	18	20	11	10	72
	مێ	8	53	36	18	13	128
	نێکرا	21	71	56	29	23	200

(سەربەخشتەی ٤_٦)

بڕگەکان	ڕەگەز	تایاب	زۆرباش	باش	پەسەند	لاواز	ژمێرای گشتی
.41	نێر	5	22	22	6	17	72
	مێ	7	61	44	2	14	128
	نێکرا	12	83	66	8	31	200
.42	نێر	17	24	11	16	4	72
	مێ	20	26	38	25	19	128
	نێکرا	37	50	49	41	23	200
.43	نێر	14	26	15	8	9	72
	مێ	23	46	15	12	32	128
	نێکرا	37	72	30	20	41	200
.44	نێر	7	33	20	11	1	72
	مێ	25	32	34	20	17	128
	نێکرا	32	65	54	31	18	200

ژمێرای گشتی	لاواز	پەسەند	باش	زۆرباش	تایاب	ڕەگەز	بڕگەکان
72	0.001	72	6	17	22	22	4
128		128	2	14	44	61	
200		200	8	31	66	83	
72	0.016	72	4	16	11	24	4
128		128	19	25	38	26	
200		200	23	41	49	50	
72	0.181	72	9	8	15	26	4
128		128	32	12	15	46	
200		200	41	20	30	72	
72	0.003	72	1	11	20	33	4
128		128	17	20	34	32	
200		200	18	31	54	65	

(سەربەخشتەی ٤_٦)

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کە لە خشتەی (٤_٦) و پاشکۆکانی ڕوون کراوەتەوە، سەبارەت بە بوونی جیاوازی ئاماری لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر، مێ) بۆ تێڕوانینیان لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری

پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لەوانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان وەڵامەکان شیکرایەوە، بە بەهای (کای٢)، دەرکەوت بۆچوونی مامۆستایانی نێر لەڕەگەزی مێ بۆ زۆربەی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی تایبەت بەتوێژینەوەکە جیاواز نییە، جگە لەهەندێک بڕگە نەبێت وەک (٤٣،٣٧،٣٢،٣١،٢٨،٢٥،٢٢،٢٠،١٣،١٢،١٠). کە جیاوازی بۆ چوون هەیە لەسەر بەڕگەکان بەپێی بەڵگەی ئاماری لەسەر ئاستی (٠،٠٥).

4_4 شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە

سەبارەت بەدەرخستنی جیاوازی ئاماری سەبارەت بە تێڕوانی مامۆستایانی بابەتەکە لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لەسەر تەوەرەکان. بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) بۆ تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە. وەک لەخشتەی (٤_٧) دیارە.

(خشتەی ٤_٧)

گۆڕاوی ڕەگەز لەگەڵ تەورەکان				
تەوەرەکان	ڕەگەز	دووبارە	بەهای فا	ئاستی بەڵگەداری
تەوەرەی یەکەم	نێر	72	0.48	0.05
	مێ	128		
تەوەرەی دووەم	نێر	72	0.56	0.05
	مێ	128		
تەوەرەی سێیەم	نێر	72	0.15	0.05
	مێ	128		
تەوەرەی چوارەم	نێر	72	0.40	0.05
	مێ	128		
تەوەرەی پێنجەم	نێر	72	0.10	0.05
	مێ	128		

بەپێی زانیاریەئامارییەکان کەلەخشتەی(٤_٧)دا هاتووە،دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان بۆچوونی مامۆستایانی ڕەگەزی (نێر)ومامۆستایانی ڕەگەزی (مێ) لەسەر تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.بەپێی بەهای(فا)تەوەرەی یەکەم(٠,٤٨)، تەوەرەی دووەم (٠,٥٦) ،تەوەرەی سێهەم (٠,١٥)، تەوەرەی چوارەم (٠,٤٠)، تەوەرەی پێنجەم (0.10)، لەئاستی بەڵگەداری (٠,٥) دا.

4_5 شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە:

ئەنجامەکانی پەیوەست جیاوازی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکە لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکاییەکان، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەکانی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، دبلۆم و بەکالۆریۆس)، لەسەر تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە. وەک لەخشتەی (٤_٨) ڕوونکراوەتەوە.

وەرگیراوە لە پەیامنامەی کێبڕکێ

خشتەی(٤_٨)

شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاوی (بڕوانامە)

ئاستی بەڵگەداری	بەهای فا	دوجای ناوەندە زمێرەیی	نمرەی ئازاد	کۆ دوجاکان	تەوەرەکان	
0.05	0.019	0.05	2.00	0.11	لەنێوان گروپەکان	تەوەرەی یەکەم
		0.19	197.00	37.23	لەناوگروپەکان	
			199.00	37.34	گشتی	
0.05	0.050	0.14	2.00	0.29	لەنێوان گروپەکان	تەوەرەی دووەم
		0.17	197.00	34.43	لەناوگروپەکان	
			199.00	34.72	گشتی	
0.05	0.180	0.22	2.00	0.44	لەنێوان گروپەکان	تەوەرەی سێیەم
		0.08	197.00	16.15	لەناوگروپەکان	
			199.00	16.59	گشتی	
0.05	0.044	0.10	2.00	0.21	لەنێوان گروپەکان	تەوەرەی چوارەم
		0.15	197.00	30.48	لەناوگروپەکان	
			199.00	30.69	گشتی	
0.05	0.035	0.11	2.00	0.22	لەنێوان گروپەکان	تەوەرەی پێنجەم
		0.20	197.00	39.95	لەناوگروپەکان	
			199.00	40.17	گشتی	

هەوالنامەی زانکۆ

بە پێی زانیارییە ئامارییەکان کە لەخشتەی (٤-٨) داهاتووە، لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی ئاماری هەیە، لە نێوان گروپەکانی (بڕوانامەی دبلۆم، بەکالۆریۆس، دبلۆم و بەکالۆریۆس). بۆ تەوەرەکان، لە تەوەرەی یەکەم، بەهای (فا), (٠,٠١٩) کەواتە جیاوازی ئاماری نییە، لە تەوەرەی دووەم، بەهای (فا) (0.050)، جیاوازی ئاماری هەیە، لە تەوەرەی سێیەم بەهای فای(0.180) جیاوازی ئاماری هەیە، هەروەها لە تەوەرەی چوارەم کە بەهای فای (0.044) جیاوازی ئاماری نییە، تەوەرەی پێنجەم بەپێی بەهای فای (0.035) جیاواز نییە، کە سەرجەمیان لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥).

6_4 شیکردنەوەی ئەنجامی تایبەت بەئامانجی پێنجەم

ئەنجامەکانی پەیوەست، بە جیاوازی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکە لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکاییەکان، بەپێی گۆڕاوی (خزمەت).

خشتەی(٤_٩)

شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە گۆڕاوی (خزمەت)

تەوەرە کان		کۆی دوجاکان	نمرەی ئازاد	دوجای ناوەندە ژمێرەیی	بەهای فا	ئاستی بەڵگەداری
تەوەرەی یەکەم	لەنێوان گروپەکان	0.20	2.00	0.10	0.05	0.05
	لەناوگروپەکان	37.14	197.00	0.19		
	گشتی	37.34	199.00			
تەوەرەی دووەم	لەنێوان گروپەکان	0.82	2.00	0.41	2.39	0.05
	لەناوگروپەکان	33.90	197.00	0.17		
	گشتی	34.72	199.00			
تەوەرەی سێیەم	لەنێوان گروپەکان	0.38	2.00	0.19	0.01	0.05
	لەناوگروپەکان	16.21	197.00	0.08		
	گشتی	16.59	199.00			
تەوەرەی چوارەم	لەنێوان گروپەکان	0.49	2.00	0.24	0.04	0.05
	لەناوگروپەکان	30.20	197.00	0.15		
	گشتی	30.69	199.00			
تەوەرەی پێنجەم	لەنێوان گروپەکان	0.06	2.00	0.03	0.02	0.05
	لەناوگروپەکان	40.11	197.00	0.20		
	گشتی	40.17	199.00			

هەوالنامەی کێبڕکێ

سەبارەت بەخشتەی (٤_٩)ڕوونکردنەوە دەدات لەسەر بوونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لەسەر گۆڕاوی (خزمەت) لەسەر تێڕوانینیی مامۆستایان بۆ ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەسەر پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری هەیە، لەسەر تەوەرەکانی (یەکەم، دووەم) بە بەهای فای (٢,٣٩،٠,٠٥). هەروەها بۆ تەوەرەکانی (سێیەم و چوارەم و پێنجەم)، بە بەهای فای (0.02،0.04،0.01) کەواتە جیاوازی ئاماری نییە. سەرجەمیان لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥).

4_7 ئەنجامەکان:

تـــوێژەرلە ئەنجـــامی شـــیکردنەوە ئەنجامەکـــانی تـــوێژینەوەکە، بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. بەپێی ئەنجامەکـان بە شـێوەیەکی گشـتی سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی، رۆڵی لەسەر پەرەپێدان و گرینگیدان بە پرۆسـەی وانەوتنەوە، لە ئاستێکی پەسەندایە، کە بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی فێربوون، بە تایبەت گرنگی دان بە بەکارهێنـــانی دەفـــتەرپلان، ئاســـتی دەســـتەبرکردنی ئامانجەکـــانی وانەوتنەوە لە لایەن مامۆستایان، چارەسـەرکردنی ئەو کێشـانەی مامۆسـتا هەیەتی لەکاتی وانەوتنەوەدا، هەروەها ڕۆڵی هەیە لەسـەر جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوەی لەلایەن مامۆستایان.

٢. لەئەنجامی توێژینەوەکەدا، دەرکەوت، کە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، لە بواری هۆیەکانی فێرکردن بەگشتی ئاستی لاوازی بەدەستهێناوە لە تێڕوانینی مامۆستایان، بەزۆری گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی هەمە جۆری لە هۆیەکانی فێرکردن شێوازی بەکارهێنانی واید بۆرد.

٣. تێڕوانینی مامۆستایان سەبارەت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بواری ژینگەی ناو پۆل، لە ئاستێکی لاوازدایە، زیاتر چەختی کردووەتە سەر ئاراستەکردنی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی زمانی جەستە و گۆڕانی دەنگ و ئەنجامدانی چالاکیی ناو پۆل هەروەها دروست کردنی خوشەویستی بۆ بابەتەکە.

٤. بە شێوازێکی گشتی سەرپەرشتیار کاردانەوەی هەیە لەسەر پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بە هاندانی مامۆستایان لە خوێندنەوەی سەرچاوەی زیاتر بەدەر لە پەرتووکەکە. ڕێنمایی مامۆستایان دەکات لەسەر دانای پرسیار و دانانی نمرە لەسەر بابەتەکە و شێوازی تاقیکردنەوەکان.

٥. بۆچوونی مامۆستایان لەسەر شێوازی هەڵسەنگاننیان لەلایەن سەرپەرشتیارەوە بەپێی ئەنجامەکان لە ئاستی پەسەندا نییە.

٦. .بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و بەڵگەی ئاماری تێڕوانینی مامۆستیان بەپێی گۆڕانی (ڕەگەز) بۆ بڕگەکان، جیاوازی هەیە، بەڵام بۆ تەوەرەکان جیاواز نین، هەروەها بۆچوونیان بە پێی گۆڕانی (سالانی خزمەت) بۆ تەوەرەکان لە هەندیک جیاوازن، هەروەها بۆ گۆڕاوی (بڕوانامە) جیاوازی ئاماری لە هەندێک تەوەرە بەدیکرا.

4_8 ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ڕاسپاردەکان دیاریکران:

١. سەرەپەرشتیاری پەروەردەیی گشتگیر و هەمەلایەن بێت کاربکات بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بەشێوەی پێکەوەی.

٢. یەکەی سەرپەرشتیاری کاربکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو مامۆستایانەی توانای گەیاندن و وانەوتنەوەیان لاوازە، بە چەند ڕێگایەک لەوانە، بنینی وانەی نموونەی کە لەلایەن مامۆستایانی سەرکەوتوو بوترێنەوە، بەشداری پێکردنی خولی شیاندن، پێدانی سەرچاوەی زانستی تایبەت بەو بابەتە.

٣. ڕوونکردنەوە بدات بەخستنەڕووی وانە و شێوازی نوێی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

٤. کاربکات بۆ بونیادنانی هاوسەنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان مامۆستا و فێرخوازان.

٥. گرنگی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکرن بۆ مامۆستایان بخاتەڕوو، لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانەکەی.

هەوڵنامەی تێبینی

٦. هانی مامۆستا بدات بۆ گەشەپێدان به بیرکردنەوەی فێرخوازان و لایەنەکانی زانیاری و جولی ویژدانی.

٧. گرنگی زیاتر بدات به بابەتی خوێندن، له ڕووی ئاڕاستەکردنی مامۆستایان بۆ چۆنیەتی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە، هەڵبژاردنی شێوازی گونجاوی وانەوتنەوە بۆ بابەتەکە.

٨. شێوازی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بەشێوازێکی دروست و بابەتی بێت دوور بێت له لایەنگیری، هەڵسەنگاندنەگە هەمەجۆر و گشتگیر بێت، مامۆستایان ئاگاداربکرێنەوە له دەرئەنجامەکان.

4_9 پێشنیارەکان

١. توێژینەوەیەکی بەراوردی ئەنجام بدرێت لەنێوان ڕۆڵی سەرپەرشتیارانی پەروەردیی لەنێوان خوێندنگەی ئەهلی و حکومییەکان.

٢. توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی له پەرەپێدانی مامۆستایانی تازە دامەزراو.

ئەرشیفی کتێب

سەرچاوەکان

١.سەرچاوە کوردییەکان

- حەمەد أمین، ڕەزان (٢٠١٤) **ڕێگا و شێوازە تێوری و پراکتیکیەکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چ١
- خۆشناووحمد، خاید و یوسف(٢٠١٠) **ڕێگاوچەرخەکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی کایلاند
- سوەیلی، ئیدریس(٢٠١٧) **مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو**، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چ٢

- عبدالقادر، ئەمیرئەحمد(٢٠١٥) **چۆن دەبیتە بەڕێوبەر و مامۆستای سەرکەوتوو**، چاپخانەی شارستانی، سلێمانی، چ٢
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٨) **سایکۆلۆژی پەروەردەی**، چاپخانەی پەیوەند ،سلێمانی، چ١
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٣) **سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی
- وەزارەتی پەروەردە(٢٠٠٥) **ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کوردی**، چاپخانەی ابداع، بغداد، چ١
- وەزارەتی پەروەردە:(٢٠٠٩) **تەوەرەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بۆ کۆنگرە لە ژێر دروشمی بەرەو کاراکردنی ڕۆڵی سەرپەرشتیاریی وکارکردن بە دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن.**
- ئالانی، عەزیز ئالانی :٢٠١٥، **فەلسەفەی پەروەردە**، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، سلێمانی ،چ٢

٢. سەرچاوە عەرەبیەکان

- الجادري، عدنان حسين (٢٠٠٧) **الاحصاء ا لوصفي في العلوم التربوية**، ط٢ دارالمسيرة للنشر، عمان.
- اِبراهيم، انورعومر(٢٠١٥) **انماط الاشراف التربوى وعلاقه بالتجاهات المعلمين ومعلمات في مرحله الابتدائيه**، بحث منشوره، مجلةالاستاذ، عدد٢٠١٣.
- البدري، طارق(٢٠٠١) **تطبيقات و مفاهيم في الاشراف التربوي**، دار الفكر، عمان، ط١.
- البلوي، مرزوقة حمود (٢٠١١) **دور المشرف التربوي في تنمية المعلمين الجدد مهنيا في منطقة تبوك التعيمية من وجهة نظرهم**، بحث ماجستير غير منشورة.

- التروشى، عبدالله بن موبارك حمدان (٢٠١٠) **دور المشرف التربوى فى طتوير ألاداء المعلم مواد الجتماعيات في مجال الوسائيل التعلوم في وجه نظرالمعلم ومشرفين**، بحث غير المنشوره،جامعه ام القرى ، السعوديه
- الخطيب، رداح،الخطيب، أحمد، الفرح، وجيه (٢٠٠٠) **اِلاداره وألاشراف التربوى اتجاهات الحديثه**، دارالامل، عمان، ط٣
- الداهري، صالح حسن، وهبيب مجيد الكبيسى(٢٠٠٠)**علم النفس العام**، دار الكندى للنشروالتوزيع، اَلاردن
- الدويك، تسير(٢٠٠٧) **أسس ألادارة المدرسة و الاشراف التربوي**، دار فكر للنشر و التوزيع، عمان.
- ديرانى ، محمدعيد(٢٠٠١) **الاشراف التربوى على المعلمين**، جامعهالاردنيه، ط٣
- الديراوى، ايسماعيل (٢٠٠٨) **دورالشراف الوقائى في تحسين أداء المعلمين الجدد في المدارس الحكومية بمحافظات غزة**، رساله ماجستيرغير منشوره، الجامعهالاسلاميه.
- الروسان، فاروق (١٩٩٩) **أساليب القياس و التشخيص فى التربيه الخاصه**، دارالفكر للطباعة، عمان، ط١
- الزاحمي، محمد بن ايبراهيم بن علي (٢٠١٣) **مدى الاستفادة المشرفين التربوين من رسائل ماجستير و أطروحات الدكتورا المتعلقة بالأشراف التربوي**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم القرى، السعودية.
- الزوبعى، عبدالجليل ابراهيم محمد اَحمدغنام (١٩٨١) **منهاهج البحث فى التربيه**، الجزء الاول، بغداد.
- الزوري، أنغام ،القحتانى، شريفه (٢٠١٠) **أساليب الإشراف التربوي**، بحث غيرمنشوره.
- السعود، راتب(٢٠٠٢) **الاشراف التربوى اتجاهات حديثه**، عمان، الاردن، ط١
- الصبري، عزام عبدالرحمن (٢٠٠٦) **الاحصاء الوصفي و تعامل spss**، دارالكتاب العالمي، عمان.
- عبدالهادى، جودت عزت (٢٠٠٢) **الاشراف التربوي مفاهيمه واساليبه**، الدارالعلميه للنشر والتوزيع، عمان، ط١
- عسمان، محمد (٢٠٠٠) **أساليب التقويم التربوى**، دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان.

- لبده، سعد (١٩٧٩) **مبادء القياس النفسى والتقويم التربوى للطالب الجامعى،** كليه التربيه، مطبعهجمعيه عمال المطابع التعاونيه، عمان، ط١.
- محمد و محمد، ماهيرمحمد، مجيد مهدى (١٩٩١) **طرايق التدريس العامه،** جامعه موصل، كليه التربيه، ط١
- مساد، عمرحسن (٢٠٠٥) **الادارة المدرسيه ودورها فى الاشراف التربوي،** دارصفاء للنشر و التوزيع، عمان.
- ملحم، سامى محمود (٢٠٠٥) **القياس و التقويم فى التربيه و علم النفس،** دارالمسيره للنشر والتوزيع و الطباعه، عمان، الاردن، ط٢.

٣.سەرچاوەی ئەینتەرنێت

https://mawdoo٣.com/%D%٨٥%٩D%٨١%٩D%٨٧%٩D%٨٨%٩D٨٥%٩_%D%٨A%٧D%٨٤%٩D%٨AA%D%٨AF%D%٨B%١D٨%٩A%D%٨B#٣.D٨.A٧.D٩,٨٤.D٩,٨٥.D٩,٨١.D٩,٨٧.D٩,٨٨.D٩,٨٥_.D٨.A٧.D٩,٨٤.D٩,٨٥.D٨.B٩.D٨.A٧.D٨.B٥.D٨.Bبةرواری(٢٠١٨)١٢٠١٨/٥/٨

http://eshraf.alafdal.net/t١-topic٢٠١٨/٧/١٣

هەولێری کتێب

ملخص

يتكون البحث من اربعة أجزاءرئيسة اذ ان أجزء الاول منه عبارة عن تعريف عام للبحث، اما أجزء الثاني فيتطرق الى عرض اطار نظري عام للبحث ويوضح فيه مقوماته الرئيسة و اشارة الى اهم الدراسات السابقة في هذا المجال. كما ويشرح الجزء الثالث الخطوات التي أجرتها لإكمال الدراسة من الناحية الميدانية. اما الجزء الرابع والاخير فيعرض تحليل للبحث واهم نتائجه مع مجموعة من التوصيات والاقتراحات .ويهدف البحث الى معرفة تاثير المشرف التربوي في تطوير الامكانيات التعليمية في المدارس الاساسية للسنه الدراسية ٢٠١٧-٢٠١٨ وكذلك تأثير المتغيرات والعنصر والشهادة العلمية وسنوات الدراسة من خلال وجهة نظر المعلمين .وتشمل عينة البحث ٢٠٠ معلم لمادة العلوم الاجتماعية لكلا الجنسين، حيث تم اختيارهم بشكل عشوائي في حقل البحث للمدارس التابعة لمديرية التربية العامة في محافظة السليمانية لكلا فرعيها الشرقي والغربي ٧٢مناها ذكور و١٢٨منها اناث .واعتمد الباحث في جمع المعلومات

لاجراء بحثه على لوحة استبيان كذلك على البحوث السابقة اذ يتناول خمس اختصاصات مستقلة من التدريس والوسائل التعليمية وبيئة الصف وموضوع الدرس وتقيم المعلم حيث يتكون من اربع واربعون فقرة بعد بالاستعانة مقياس الوسيلة واكمال الصدق والثبات قام الباحث بتطبيقه على عينة محددة للبحث من المعلمين وبعد التحليل وابطال الاستبيان من خلال استخدام معادلة الاحصاء المركزي الملائم والنسبة المئوية ثم ترتيب الفقرات ببرنامج spss كما عرضت اهم النتائج التي خرج بها الباحث من اجل تقيم البحث.

Abstract

research consists of four primary sections, the first section is the general introduction of the research, the second section is the general theory frame about the research and its rules and some of the previews researches, in the thirs section is the steps that the researcher took in order to make the research successesful, the fourth section is about the results and some suggestions. the primary target of the research is to know the role of the educational overseer in the learning ability advancement in the primary schools for year of 2017 - 2018, and the effect of the (gender, education, service) on the teachers prospective, the research contains 200 social subjects teachers in both genders that is choseen randomly on purpose in both east and west directorate of education, 72 teachers are male and 128 teachers are female, in order for the researchers to collect information the depended on questionnarie forms and previes researches that consists of 5 different subjects including (teaching, the teaching materials, class condition, teaching subjects, teachers evaluation), it consists of 44 sections, the researcher after being sure about the reality of the results, he/she began to implement it on a ideal research, and after deep analysis by using the ideal statiscs, and percentage and rearrangning the sections by (spss) software, they presented the research

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

بەکارهێنانی پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە

هەوالنامەی کتێب

م. ی. عادل حمە عارف مؤمن
زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
adil.muemen@univsul.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەرۆکە بۆ (بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە) کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوە ئەگرێت: ئایا ڕۆژنامەگەری کوردی و بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار تا چەند گرنگییان داوە بە بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەتایبەت هەر سێ پرەنسیپی (دووبارەبوونەوە) و (کێش/جوولّە) و (هەمەڕەنگی)؟ توێژەر لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەستبوونی کەرەستەی پێویستەوە بواری بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەڕێژەیەک بەکاربراون، لەم ڕووەوە لەپرەنسیپی دووبارەبوونەوەدا ڕەگەزی تێکست پلەی یەکەمی هەیە لە کاتێکدالە هەمان پرەنسیپدا ڕەگەزی لۆگۆ کە شوناسی بلّاوکراوەیە نزمترین پلەی هەیە، چونکە تا ئێستا شەش جار گۆڕانکاری تیا کراوە، هەروەها ڕەگەزی ڕەنگ لە پرەنسیپی هەمەڕەنگیدا پلەی کەمتری هێناوە لەچاو ڕەگەزی هێل لەهەمان پرەنسیپدا، ئەمە و ڕەگەزی بابەت لە پرەنسیپی کێش/جوولّەدا پلەی یەکەمی هێناوە لەچاو ڕەگەزی ڕەنگ لەهەمان پرەنسیپدا کە کەمترین ئاستی هەیە. لەکۆتاییدا توێژەر دەگاتە ئەو ئاکامەی هەرچەندە بەشێوەیەکی زانستی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەکاربهێنرێن لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەوەندە زیاتر بلّاوکراوەکان سەرنج ڕاکێش دەبن.

وشە کلیلییەکان: پرەنسیپەکانی نەخشەسازی، ڕۆژنامەگەری کوردی، کوردستانی نوێ، بڕیار.

بەکارهێنانی پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە (بەکارهێنانی پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە) پێکهاتووە لە سێ بەش: بەشی یەکەم چوارچێوەی توێژینەوەکەیە کە پێکهاتووە لەدەستنیشانکردنی کێشە و ئامانج و کۆمەڵگە و سامپڵ و پاشانیش میتۆد و پێناسەی هەریەکە لە زاراوەکانی توێژینەوەکە کراون.

لەبەشی دووەمدا کە تیۆرییە تاوتوێی ڕای زانایان و شارەزایانی نەخشەسازی کراوە، پاشان پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی ژمێرراون و بەدرێژی باس لەسێ پەرەنسیپی یەکەم کراوە: (دووبارەبوونەوە و هەمەڕەنگی و کێش/جووڵە) لەبەشی سێیەمدا لە ڕووی مەیدانییەوە ئەو سێ پەرەنسیپە دەستەیان بۆ دروستکراوە و پاشان لە ڕێی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە بۆ هەردوو بڵاوکراوەی (کوردستانی نوێ و بڕیار) توێژینەوەکە بەئامانج گەیێنراوە.

بەشی یەکەم

چوارچێوەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوە ئەگرێت:

* ئایا پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەتایبەت هەر سێ پەرەنسیپی (دووبارەبوونەوە) و (هەمەڕەنگی) و (کێش/جوولّە) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار دا تا چ ئاستێکە و ڕێژە و پاتبوونەوەیان چەندە؟ لەکاتێکدا".

ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەدایە:

١.پەیڕەوکردنی پەرەنسیپی دووبارەبوونەوە لە ڕوانگەی (تێکست، ناونیشان، هیدەر و فوتەر، مانشێت، لۆگۆ) لە کوردستانی نوێ و بڕیاردا.

٢.پەیڕەوکردنی پەرەنسیپی هەمەڕەنگی لە ڕووی (ڕەنگ، هێڵ) لە کوردستانی نوێ و بڕیاردا.

٣. پەیڕەوکردنی پەرەنسیپی کێش/جوولّە لە ڕووی (وێنە، ناونیشان، بابەت، ڕەنگ) لە کوردستانی نوێ و بڕیاردا.

گرنگی توێژینەوە:

ئەم بابەتە بابەتێکی هەنوکەییە، توێژینەوەی زانستی لەسەری زۆر کەمە ئەگەر نەڵێین نییە، سەرچاوە و کتێب لەسەر پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەگشتی و ڕۆڵیان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا نادیارە، بۆیە پێدەچێت ئەم توێژینەوەیە بتوانێت لەو ڕووەوە خزمەتێک پێشکەش بکات. گرنگی توێژینەوەی زانستی زۆرجار لەسێ ئاستدا ئەژمار ئەکرێت:

١. ئەو توێژینەوەیە تاچەند توانیویەتی خزمەتی ناوەرۆکی بابەتەکەی بکات؟

٢. ئەو توێژینەوەیە تاچەند توانیویەتی خزمەتی خوێنەرەکەی بکات لەبەخشینی زانیاری پێی سەبارەت بە پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی؟

هەوالنامەی کێبڕکێ

٣. ئەو تۆژینەوەیە تاچەند توانیویەتی خزمەت بە تۆژەرانی دوای خۆی بکات لەو بابەتەدا؟

لەو ڕوانگانەوە دەکرێت بوترێت کە ئەم تۆژینەوەیە گرنگە چونکە:

ئەوەندەی تۆژەر لەتوانایدا بووبێت خزمەتی ناوەرۆکی بابەتەکەی کردووە کە لە تۆژینەوەی زانستیدا بابەتێکی تاڕادەیەک تازەیە و لای لێنەکراوەتەوە، هەر لەو ڕووەشەوە ئەبێتە بابەتێکی نوێ لەلای خوێنەرانی و زانیاری تازەی تیایە لەسەر پەرەنسیپەکانی نەخشەسازی چاپکراو و خاڵێکی دەستپێکیش دەبێت بۆ تۆژەرانی دوای خۆی، بەرچاوڕوونییەکە بۆ تۆژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی بابەتەکە گرنگە بۆ هەموو بڵاوکراوە و چاپکراوەکان بەگشتی و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بەتایبەتی.

بواری تۆژینەوە:

*بواری جوگرافی: هەرێمی کوردستان، سلێمانی.

*بواری بابەتی: هەر سێ پەرەنسیپی نەخشەسازی (دووبارەبوونەوە و هەمەڕەنگی و کێش/جووڵە) لە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار) دا.

*بواری کات: (سەرەتای١٩٩٢ بۆ سەرەتای ٢٠١٦) لە دەرچوونی هەر کام لەبڵاوکراوەکانەوە شەش خول وەرگیراوە کە دەکەوێتە ئەو نێوەندەوە، لە بەشی وەرگرتنی سامپڵدا هۆکارەکەی ڕوونکراوەتەوە.

* بواری مرۆیی: لەبەرئەوەی ئیش لەسەر (کەس) نەکراوە کەواتە: بواری مرۆیی تیا نییە.

کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕۆژنامەگەری کوردی بەگشتی دەستپێدەکات بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی دوای ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستاندا. لە نێو ئەوانیشدا سامپڵێکی عەمدی دیاری کراوە کە بتوانێ ئامانجی توێژینەوەکە بپێکێت، کە ئەویش (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار)ە، وەک نوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێم هەڵبژێردراون، بەهۆی ئەوەی:

١. ڕۆژنامەکە کۆنترینیانە، بەردەوامترینیانە، لە ڕووی دیزاینەوە پێشکەوتووە.

٢. گۆڤارەکەش لەبواری خۆیدا کۆنترینیانە، بەردەوامترینیانە، هەمەڕەنگە و لە ڕووی دیزاینەوە پێشکەوتووە.

٣. ئەرشیفی ژمارەکانی هەر دووکیشیان بەردەست بوون.

بۆ هەرکام لە بڵاوکراوەکان (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار) شەش خول وەرگیراوە لەسەرەتای دەرچوونی هەر یەکێکیانەوە دیاری کراوە تا خولی شەشەم (سەرەتای١٩٩٢ بۆ سەرەتای ٢٠١٦) چونکە لەو ماوەیەدا شەش خولیان تێپەڕاندووە و لەسەرەتای هەر خولێکیشیاندا لۆگۆکانیان گۆڕیوە، لۆگۆیش یەکێک لە دیارترینی شوناسی بڵاوکراوە لەلای خوێنەران.

لەبەر ئەوەی بەپێی موتابەعەکردنی توێژەر بۆ هەر دوو بڵاوکراوەکە لەو ماوەیەدا زۆرترین گۆڕانکاری لەنەخشەسازیاندا ڕوویداوە، پاش ئەوە بەنزیکەیی ئیتر جێگیر بووە و ئەو ستایلە بووەتە شوناسیان، کە ئەویش دەکەوێتە ئەو نێوەندەوە کە ئاماژەی پێکرا، بەتایبەت لە گۆڕینی لۆگۆدا کە دیارترین ڕەگەزی پرەنسیپی دووبارەبوونەوەیە لە نەخشەسازیدا.

هەر کام لە بڵاوکراوەکان لە چ ژمارەیەکەوە لۆگۆکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێت لەو ژمارەیەوە خولی نوێ دەست پێدەکات و نوسخەی یەکەم بەسامپڵ وەرگیراوە، بەو جۆرە لەسەرەتای ١٩٩٢ەوە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ شەش خولیان تێپەڕاندووە، سەرەتای هەر شەش خولەکە لە ڕۆژنامەکەدا لەم ژمارانەدا بووە کە بوونەتە سەمپڵی توێژینەوەکە:

کوردستانی نوێ ژمارەکانی (ژ سفر ی ١٢/ ١ / ١٩٩٢) و (ژ١٠٠٠ ی ١ / ٦/ ١٩٩٥) و (ژ٢٠٠٠ ی ١٤ / ١١/ ١٩٩٩) و (ژ٣٠٠١ ی ٢ / ٣/ ٢٠٠٣) و (ژ٥٠٠٦ ی ٢٣ / ١٠/ ٢٠٠٩) و (ژ٦٨٦٢ی ٣ / ١/ ٢٠١٦). هەروەها بۆ گۆڤاری بڕیاریش بەهەمان شێوە لەسەرەتاوە تا خولی شەشەم بەم شێوەیە وەرگیراوە: گۆڤاری بڕیار ژمارەکانی (ژ١ی ئایاری ٢٠٠٨) (ژ١٢ی ئایاری ٢٠٠٩) و (ژ٢٤ی ئایاری ٢٠١٠) و (ژ٢٦ی تەممووزی ٢٠١٠) و (ژ٥٠ی تەممووزی ٢٠١٢) و (ژ٧٠ی تەممووزی ٢٠١٤).

ڕاستگۆیی توێژینەوە:

ڕاستگۆیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەقۆناغی دوای دروستکردنی دەستەکان بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆک، بۆ هەر سێ پەرەنسیپی (دووبارەبوونەوە) و (هەمەڕەنگی) و (کێش/جووڵە) لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و گۆڤاری (بڕیار) دا و دواتر خراوەتە بەردەستی سێ لە پسپۆڕانی بوارەکە تا بیبینن و تێبینییەکانیان بخەنەڕوو، و بە تێبینییەکانیان سوود بە توێژینەوەکە بگەیەنن، ئەوانیش: پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عومەر ئەحمەد ڕەمەزان بەشی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، زانکۆی سلێمانی/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە نەزاکەت حسێن بەشی ڕاگەیاندن، تەلەفزیۆن، زانکۆی سلێمانی، مامۆستا ڕۆزە حمە وەیس بەشی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، زانکۆی سلێمانی.

میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی میتۆدەوە ڕێبازی وەسفی تیا ڕەچاو کراوە و کار لەسەر (شیکردنەوەی ناوەرۆک) دەکات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

ناساندنی چەمک و زاراوەکان:

بەکارهێنان: لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو چالاکییەی کە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار) نیشانی دەدەن لەسەر پرەنسیپەکانی نەخشەسازی، ئەویش لە ڕێگای شیکردنەوەی پۆلێنەکانی هەرکام لە پرەنسیپی (دووبارەبوونەوە، هەمەڕەنگی، کێش/جوولّە)دا بەرجەستە دەبێت.

نەخشەسازی: نەخشەکێشانی هونەریی لاپەڕە و دیمەنە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕەچاوکردن و دابەشکردنی بابەتە چاپکراو وێنە و ناونیشانەکانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، کە خوێندنەوەیەکی دروستی بۆبکرێت. لە کرداری نەخشەسازیدا کەسێک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی و پێی دەوترێت نەخشەساز "ئەو کەسەیە نەخشەسازیی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە یان گۆڤار دەکات، واتا نەخشەکێشان و دابەشکردنی بابەتە چاپکراوەکان لە ئەستۆ دەگرێت. (عەبدول،٢٠٠٦: ١٨٣).

پرەنسیپەکانی نەخشەسازی: ئەو بنەما جیهانییانەن کە پێویستە هەموو نەخشەسازێکی بڵاوکراوەی چاپکراو لەبەرچاویان بگرێت و لە نەخشەسازی بڵاوکراوەکەیدا جێبەجێیان بکات. کە پێکهاتبوون لەمانە: (دووبارە بوونەوە، هەمەڕەنگی، کێش و جوولّە، ڕێککردن، دژیەکی، جەختکردنەوە، بخوێنرێتەوە، سایکۆلۆجیەتی جەماوەری پێشواز، هاوسەنگی، هاوڕێژە، هەماهەنگی، پلەبەندی زانیاری، نزیکایەتی) (زانگەر،٢٠٠٥:...).

ڕۆژنـامەگەری کـوردی: مەبەسـت پێـی کـۆی گشـتی ئەو بڵاوکـراوە کــوردییە خــوێنراوانەن, کە لە دوای ڕاپەڕینـــی بەهـــاری ١٩٩١ەوە لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک چاپ و بڵاوکرانەوەنەتەوە چ لە شێوەی ڕۆژنامەدا بووبن یان لەشێوەی گۆڤار و بڵاوکراوەی تر.

تۆێژینەوەکانی پێشوو:

تا ئەو جێیەی تۆێژەر ئاگاداربێت تۆێژینەوەی ڕابردوو لەم بوارەدا نییە.

بەشی دووەم

لایەنی تیۆری تۆێژینەوە

چەمکی نەخشەسازیی:

نەخشەسازیی بە زمانی ئینگلیزی (design) بە زمانی عەرەبی (التصميم) واتە:

* فەرهەنگـی ئۆکسـفۆردی ئینگلیـزی سـەبارەت بە نەخشەسـازی نووسیویەتی: هونەر و لێهاتوویی تێکەڵکردنی نووسین و وێنەیە لە گۆڤار و کتێبدا. (Oxford Dictionary.٢٠١٨:...). هونەر و پیشەی بەکارهێنانی توخمەکانی نەخشەسازییە، لە تایپۆگرافی و وێنە بەمەبەستی نمایشکردن و پێدانی کاریگەریی بەهێز (Merriam Webster Dictionary. ٢٠١٨ : ...). نەخشەکێشـانی هـونەریی لاپەڕە و دیـمەنە ڕۆژنامەوانییەکـان و ڕەچـاوکردن و دابەشـکردنی بـابەتە چـاپکراو وێـنە و ناونیشـانەکانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش (عەبدول،٢٠٠٦: ١٨٣).

* داهێنانی شتی جوان و دڵخۆشکەرە یان کارێکی داهێنەرانەیە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، کرداری نەخشەسازیی پشت دەبەستێت بە توانـای نەخشەسـاز بە سـوود وەرگـرتن لە لایەنـی ڕۆشـنبیری بـۆ

دروستکردنی ئیشێکی باش یان پەرەدان بە کارێکی ڕابردوو. پێکهاتە و بنەماکانی نەخشەسازی بەردی بناغەن بۆ داڕشتنی هەر شێوە و ئۆبجێکتێک. سەرکەوتنی بنەمای نەخشەسازی ئەوەیە کە ئێمە دەیکەین بۆ ئەو پێکهاتانەی کە بابەتی نەخشەسازیەکەی گرتووەتەوە، کە ئەتوانین بڕیار بدەین تا چەند سەرکەوتووبووین تیایدا.

* نەخشەسازیی: پرۆسەیەکی گشتگیرە، پلان داڕشتنێکە بۆ کۆی ئیشە هونەرییەکە، بەشێوەیەک کە لە ڕووی پیشە و سوودەوە جێگای ڕەزامەندی بێت، لەهەمانکاتدا بەسەیرکردنی دڵبکاتەوە و سەرنجڕاکێش بێت، گوزارشت بکات لە پێویستییە ستاتیکییەکانی بڵاوکراوەکە. لە داهێنان و دروستکردنی کارێکی جوان و دڵخۆشکەر و بەسوود، پلانێکی تەواوە بۆ دروستکردنی شتێک و دانانی لە قاڵبێکی وەک یەکدا نەک تەنها لەلایەنی جوانییەوە، بەڵکو لەلایەنی ئەرکیشەوە. (محمد ڕؤوف، ۲۰۰۵، ۸۲)

*نەخشەسازی چاپکراو: پلان بابەت هەڵئەبژێرێت و نەخشەسازیش فیکرە ئەدۆزێتەوە بۆ نمایشکردنی بابەتەکە, چونکە مەبەست لە نەخشەسازی چاپکراو ئەو هونەری داهێنان و نوێکاریەیە کە شێوەیەکی جوان و بەسوودی هەیە بۆ مرۆڤ، وەک بەرهەمهێنانی بەرگی کتێبێک، یان نەخشەسازیکردنی ئیعلانێک یان نەخشەسازی گۆڤار و ڕۆژنامەیەک و...هتد.

.(...:۲۰۱۸.design.com)

*(کلین) لای خۆیەوە وەها پێناسەی نەخشەسازی دەکات کە بریتییە لە: هێڵکارییەکی سەرەتایی گشتگیر هونەرمەندان دایدەنێن بۆ بەخشینی بیرۆکەیەکی سادە و ئاسانی شێوەی چاپکراوەکە و دەرهێنانەکەی، پێویستە ئەو هێڵکارییەش زیاتر مەزەندەکانی تێچوون لەخۆبگرێت.

کارێکی داهێنەرانەیە، بۆ ئەو مەبەستەی هەیەتی، دەیهێنێتە دی. (سکوت، بدون سنة نشر، ٥)

* (وونک) یش لای خۆیەوە وا پێناسەی دەکات کە بریتییە لە: پڕۆسەیەکی خوڵقاندن و جوانکردنی وەها کە سوودێکی هەستپێکراو و بینراوی هەبێت، گوزارشتێکی بینراویشە لە کرۆکی شتێک چ پەیامێک بێت یان بەرهەمێک یان هەر شتێکی تر. بریتیە لە کرداری هەڵبژاردن و ڕێکخستنی کۆمەڵێک ڕەگەز و دەستەواژە بە ئامانجی بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن. (عبدالکریم، ١٩٩٨، ٢٦٩)

* دیزاین پشت بەتوانای دیزاینەر دەبەستێت لەداهێنان و ئەفراندنا کە تیایدا ڕۆشنبیری و توانای ئەندێشەیی و لێهاتوویی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ خوڵقاندن و بیناکردنی هێڵکارییەکی سەرەتایی بۆ بیرۆکە گشتییەکەی، بەجۆرێک کە خزمەتی کۆی بونیادی کارە هونەرییەکەی بکات و هەردوو ئامانجی وەزیفی و ستاتیکی بپێکێت، دیزاینەریش بەهێڵ و بەها ڕووکەشییەکان و پانتایی و شێوە و ڕەنگەکان و شتەکانی دیکە گوزارشت لەکارە هونەرییەکەی دەکات.

(موسی، ٢٠٠٤، ٣٤)

*(خونفور) یش نەخشەسازی وا پێناسە دەکات کە بریتییە لە: داهێنان و خوڵقاندنی کاری جوان و چێژبەخش و بەسوود، پلانێکی گشتگیریشە بۆ پێکەوەنانی شتێک یان تێکەڵکردن و ئامێتەکردنی چەند شتێک، لەیەک قاڵبی یەکگرتوودا، نەک هەر لە ڕووی ستاتیکییەوە، بەڵکو لە ڕووی وەزیفیشەوە.. نەخشەسازی بەگوێرەی ڕای (دکتۆر ئەمین شەعبان) یش بریتییە لە: "دەرخستنی پێداویستییە داواکراوەکان و دەرهێنانیانە لە فۆرمێکی گونجاوی وەهادا کە پڕۆسەی جێبەجێکردنەکە ئاسان بکات، هەروەک دیزاین دەرخستەیەک دەخاتەڕوو سەبارەت بەکۆمەڵێک شێوازی هونەری و تەکنیکی و ئەندازەیی کە پێویستە

پەیڕەوبکـرێن، دیـزاینیش بەگـوێرەی گـۆڕانی ئامـانج لە بەرهەمێکـی دیـاریکراودا هەروەهـا بەگوێرەی گۆڕانی کەرەستە خامەکان و دەزگـا و ئامرازەکان، گۆڕانی بەسەردا دێت. (شعبان، ١٩٨٦، ٦٢)

* بەشـێوەیەکی گشـتی بنەماکـانی دیـزایین دائەبەزنە سـەر هەر پارچەیەکی ئامادەکراو، بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایەنە ئەوە دیاریـدەکات کە تاچەنـد کاریگەرییـان ئەبێـت لەسـەر گەیانـدنی پەیـامی داواکراو و بـڕی سـەرنج ڕاکێشـانیان. هەر بۆیە بەشـێوەیەکی کەم نەبێت ڕێگایەکی گونجاومان نییە کە بتوانێت هەموو بنەماکان وەک یەک جێبەجێ بکات.

ئامانجەکانی نەخشەسازی

نەخشەسازی کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەکات:

١-گونجاندنی بابەتەکان لەگەڵ سیاسەتی بڵاوکراوەکەدا.

٢-دانـانی بـابەتەکە بە جۆرێـک لەگەڵ ئەوڕووبەرەدا بگونجێـت کە لە بڵاوکراوەکەدا دانراوە.

٣-دروستکردنی گونجان و هارمۆنییەتێک لە نێوان توخمەکاندا.

٤-دانـانی بـابەتەکە بە شـێوازێک سـەرنجی خـوێنەر ڕابکێشـێت و چێـژ لە خوێندنەوەی وەربگرێت.

٥-پێـدانی ناسـنامەی ڕوخسـاری تایبـەت بە ڕۆژنـامەکە و جیـاکردنەوەی لە بڵاوکراوەی تر.(علم الدين،٢٠٠٠، ٣٨)

٦-بەکارهێنانی باشی تایپۆگرفیی و توخمەکانی تر.

۷- ڕاکێشـــانی ســـەرنجی خـــوێنەر بـــۆ بەردەوامبـــوونی لە گرنگیـــدان بە بڵاوکراوەکە.

۸- بەخشینی جوانی و سەرنجڕاکێشی بە بڵاوکراوەکە.

(designzbyjamz.com، ۲۰۱۸: ...)

پرەنسیپەکانی نەخشەسازی:

پرەنسـیپەکانی نەخشەسـازی ئەو بنەمـا جیهانییـانەن کە پسـپۆران و شارەزایانی بواری دیزاین دایانناون و هەر ئەوانیش بە پێویستی دەزانن, کە لە نەخشەسازی هەموو بڵاوکراوەیەکی چاپکراودا لەبـەر چـاوبگیرێن و جێبەجـێ بکـرێن کە پێکهـاتوون لەمـانە (دووبـارە بـوونەوە، کێش/جـوولّە، هەمەڕەنگـــی، ڕێککـــردن، دژیەکـــی، جەختکـــردنەوە، بخـــوێنرێتەوە، سـایکۆلۆجیەتی جەمـاوەری پێشـواز، هاوسـەنگی، هـاورێژە، هەمـاهەنگی، پلەبەندی زانیاری، نزیکایەتی). ئەو پرەنسیپانە نیشانەیەکی گرنگی سیمای نەخشەسازی جیهانین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپکراو". (زانگەر،۲۰۰۵:...).

بەهـۆی ئەوەی پرەنسـیپەکان ژمارەیـان زۆرە و تـوخم و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانیان فراوانە، بۆیە تـوێژەر باوترین و گشتگیرترین پرەنسیپ وەردەگرێـت کە سـێ پرەنسـیپی یەکەمە (دووبـارەبوونەوە، کێش/جـوولّە، هەمەڕەنگی) زۆربەی ڕەگەزەکانیان دەرخەری ئامانجی توێژینەوەکەن بەو شـێوەیە ئەوەنـدە لە پرەنسـیپەکان بـاس ئەکرێـت کە لە بەشـی پراکتیکیـدا پێویستن بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە، بۆیە باس لە سـێ پرەنسـیپی یەکەم دەکەین.

یەکەم: دووبارەکردنەوە Repetition

ئەم پەرنسـیپی دووبـارەبوونەوەیە ئـاوێنەی ڕەنگـدانەوەی دیزاینـی بنەڕەتـی ڕۆژنـامەیە Basic Design واتە: دانـانی پەیکەرێکـی گشـتی و

نەگـۆڕ لە ژمـارەیەکەوە بـۆ ژمـارەیەکی تـر، ئەوەش لایەنـی سـەرەکی پرۆسـەی دیزاینـی ڕۆژنـامەیە، ئامـانجیش لەو دیـزاینە گەشـەپێدانی شێوەیەکی بینراوی جیاوازی ڕۆژنامەکەیە، هەر ئەوەش دەبێتە بنچینەی نـوێکردنەوەی ناوەنـاوەی ڕۆژنـامەکە. دیزاینـی بنەڕەتـی ڕێسـایەکی هونەرییە دیزاینەر دەیکاتە بناغەیەک بۆ دۆزینەوەی هەندێک خاڵی نەگۆڕ کە هاوکاری بکەن بۆ نەخشەسازی ڕۆژنامەکە.

(daniellesdooodles، ٢٠١٨: ٥)

مەرجەکانی دیزاینی ڕۆژنامەش لەوەدایە بزانرێت لاپەڕەکانی چەندن و ئاراسـتەی ڕۆژنـامەکە چیـیە و گۆشـە نەگـۆڕ و لاپەڕە جوولاوەکـانی کامانەن. دەستەواژەی دیزاینی دەرهێنانی بۆ بەکاردەهێنرێت و مەبەست لەو دەسـتەواژەیە ئەوەیە چۆن مـاددە نوسـراوەکان دابەشـبکرێن بەسـەر لاپەڕەکاندا و کلێشەیەکی گشتی هەبێت بۆ دابەشکردنی ماددەی چاپکراو بەسـەر هەر لاپەڕەیەکدا، کەواتە دیزاینـی بنەڕەتـی یـان نەگـۆڕ بـریتییە لە دیزاینـی هەمیشـەیی ڕۆژنـامەکە، هەر بەگـوێرەی ئەو دیـزاینەش نـاوی چـاپکراوەکە و ژمـارەی لاپەڕەکـان و گۆشـە نەگۆڕەکـان دادەنـرێن و دیزاینەری ڕۆژنامەوانی ئیدی ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری لەو شـتانەدا بکـات. چـونکە ڕۆژنـامەکە ئەو کـاتە ڕواڵەتێکـی گشـتیی هەیە کەسایەتییەکەی دیاریدەکات. (موسی، ٢٠٠٤، ٣٤)

ئەم پرەنسـیپە دووبـارەبوونەوەی تـوخمە بینراوەکـانە، وەکیەکـی نوسـین و شـێوازی هێڵکارییەکـان پیشـانی خـوێنەر دەدات کە بـۆ کـوێ بـڕوات. دووبـارەکردنەوە هاوتـایی دروسـتدەکات، هەروەهـا (کێش: ئیقـاع) یش دروست دەکات. کاتێک سـەیری وێنەیەک دەکەیت دووبـارەبوونەوەی تێـدابێت، ئەوە سـەیری تەنهـا یەک خـاڵ ناکەیـت بەڵکـو چـاوت دەگێڕیـت بەسـەر هەموو دووبارەبووەکاندا. دووبارەکردنەوەی توخمی بینراو لەسـەر لاپەڕە هاوشـێوەیی و یەکێتـی دروسـت دەکـات لە سـیمای بڵاوکـراوەکەدا،

دەکرێت بڵاوکراوەیەک بە بەردەوامی بناسرێتەوە بەهۆی توخمە دووبارە بووەکانییەوە. (Zangar.Magy. 2005.p8).

پەرەنسیپی دووبارەبوونەوە لەهەر بڵاوکراوەیەکدا (ڕۆژنامە بێت یان گۆڤار) ئەو ڕەگەزە سەرەکییانە ئەگرێتەوە کە ئەتوانن ببن بە شوناس (هویە) بۆ ناسینەوەی ئەو بڵاوکراوەیە لەلای خوێنەران و جەماوەری پێشوازی، لەنەخشەسازیدا بەهۆی پێنج ڕێگەوە دەتوانرێت دووبارە کردنەوە دروست بکرێت:

١.لۆگۆ: پێویستە لۆگۆ لە هەر بڵاوکراوەیەکدا کە دروست ئەکرێت و دائەنرێ بەردەوام لەهەموو ژمارە جیاوازەکانیدا ڕەگەزی دووبارەبوونەوەی تیادا دەربکەوێت لە ڕووی (شوێن و ڕەنگ و قەبارە و فۆنتی) لۆگۆکەوەو وەک یەکەمین شوناسی ئەو بڵاوکراوەیە سەیر بکرێت و هەرگیز جارێکی تر دەستکاری نەکرێت و بەردەوام وەک یەکەمجار دووبارەببێتەوە. (عبدالله،٢٠٠٥: ٨)

٢.ناونیشانی بابەتەکان: تایتڵ یان ناونیشان لە دیارترین شوێنی هێدی لاپەڕەی یەکەم داگیردەکات بەجۆرێک کە سەرنجی هەموو خوێنەرێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەر لەپاڵ تایتڵەکە یان ناوەکە، لۆگۆیەک دادەنرێت و ئاماژەیەک دەدرێت بۆ ناساندنی واتای ناوەکە. بۆ نموونە: ڕۆژنامەی دەستووری ئوردونی وێنەی ئاڕمی ڕۆژنامەی دەستوور لەپشتی ناوەکەوە دادەنێت، زۆربەی ڕۆژنامەکانی دنیاش ناوەکانیان لەشوێنەوارە جوگرافییەکانی ئەو وڵاتە وەرگرتووە کە تیایدا دەردەچن، بێجگە لە گرنگترین ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لە وڵاتەکەدا ڕوودەدەن. (الصقر،٢٠٠٦، ٨٢) ناونیشانەکان لە هەر ژمارەیەکی ئەو بڵاوکراوەیەدا لە ڕووی (باکگراوند و قەبارە و ڕەنگ و فۆنت)ەوە پێویستە پەرەنسیپی دووبارەبوونەوەیان هەبێت، لەسەر بنەمای ئەوە هەڵسەنگاندن بۆ

شوناسی ئەو بڵاوکراوەیە ئەکرێت، لەکاتی گونجانیاندا بڵاوکراوەکە شوناسێکی سەربەخۆ و ناسراوی دەبێت.

٣. هێدەر و فوتەر: پێویستە هێدەر و فوتەر لە ڕووی (سەرەتا و کۆتایی) هێدەرەکەدا، واتە: نووسینە پێویستەکانی سەر هێدەر وەک: (ژمارەی ڕۆژنامەکە و بەروار)، هەروەها (بوون و نەبوون)ی هێدەر و فوتەر، بەهەمان شێوە لە هەموو ژمارەکانیدا دووبارەببێتەوە، واتە: ناکرێت لە ژمارەیەکدا هێدەر و فوتەر هەبن لە ژمارەیەکی تردا نەبن، یاخود زانیارییەکانی ناو هیدەر لەهەر ژمارەیەکدا بەجۆرێک بن.

٤. مانشێت: پێویستە مانشێت هەمان دووبارەبوونەوەی هەبێت لەهەموو ژمارەکانی بڵاوکراوەکەدا لە ڕووی: (شوێن و جۆر و قەبارەی فۆنت و ڕەنگ)ەوە، لەبەرئەوەی هەمیشە مانشێت ڕووبەرێک لەلاپەڕەکان دادەپۆشێت بۆیە دەبێتە بەشێک لە شوناسی و پێویستە چوونیەکییەک لە نووسینی فۆنت و ڕەنگی فۆنتەکەوە لەبەرچاوبگیرێت تاخوێنەر ئەو بڵاوکراوەیە بەو سیمایەی بناسێتەوە.

٥. تێکست: پێویستە هەمان دووبارەبوونەوەی هەبێت لە ڕووی: (جۆری فۆنت، بۆشایی نێوان دێڕەکان، قەبارە، ژمارەی ستوونەکان)یەوە. (زانگەر،٢٠٠٥:...).

دووەم: پەرەنسیپی هەمەڕەنگی Variety

کاتێک چەند شێوەیەکی لەیەکچوومان هەیە، بەڵام ڕەنگەکانیان جیاوازن، کەواتە هەمەڕەنگی دروست دەبێت، دیزاین بەبێ هەمەڕەنگی بێزارکەرە. جیاوازی پێکهاتەکان هەمەڕەنگی دروستدەکات، بۆ نموونە ڕەنگەکانی وەک: ڕەش، سپی، سەوز، سوور، شین، قاوەیی، نیلی، زەرد، مۆر، وەنەوشەیی، خۆڵەمێشی...

هێڵ: ئەستور و باریک و کورت و گۆشە و چەماوە...

جیهانێکی بێزارکەر دەبوو ئەگەر هەموو شتەکانی ناوی هەمان ڕەنگیان هەبوایە، یان هەموو کەسەکان هەمان کەسێتییان هەبوایە، هەمەچەشنەیی بەدەست دەهێنرێت بەبەکارهێنانی پێچەوانەیی یان دژیەکی بەهێز. گۆڕینی قەبارەو گۆشەی ماددەیەک هەمەچەشنی و بایەخ دەدات بە وێنە بینراوەکە.. (variety magazine covers 1940's: ...) کاتێک چەند شێوەیەکی لەیەکچوومان هەیە، بەڵام ڕەنگەکانیان جیاوازن، کەواتە هەمەچەشنەیی دروست دەبێت, دیزاین بەبێ هەمەچەشنەیی بێزارکەرە. جیاوازی پێکهاتەکان هەمەچەشنەیی دروستدەکات: هێڵ: باریکی، ئەستوری، نرخ و بەها، ڕەنگ، درێژی، سوچ گۆشە.

شێوە: قەبارە، ڕەنگ، ڕیزکردن، چنین.

ڕەنگ: بۆیە، تێربوون.

بەها: تاریکی، ڕووناکی، دژیەکی بەها، یان جیاوازیی بەها.

چنین: زبر، ساف....تاد. (wikispaces.com، ٢٠١٨: ..)

کەواتە ئێستا ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی پێویستە ئێمەش لەمەودوا بەرەچاوکردنی ئەو پرەنسیپانەی لەبواری زانستێکی گرنگ و نوێی وەک هونەری نەخشەسازیدا هەیە کاربکەین و چیتر بەشێوەی هەڕەمەکی و نازانستی ڕۆژنامە و گۆڤار و وێبسایت و پۆستەر.... هتد نەخەینە بەردەست خوێنەر. (شاسواری، ٢٠١٣. ٣٢٦)

ڕەنگەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە بەپێی جۆری بەکارهێنانی تایبەتییان لە ڕووی هونەرییەوە ئەتوانن ببنە بابەتی جەختکردنەوە و بەچەندین ستایل ئەم دۆخە نیشان بدەن:

هەرالنامەی کێبڕکێ

* ڕەنگە سروشتییەکان: وەنەوشەیی، نیللی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، سوور

* ڕەنگە سەرەکییەکان: سوور و شین و زەرد.

* ڕەنگە دوانەییەکان: وەک بنەما سیانن: سەوز و پرتەقاڵی و مۆر.

سەوز = شین و زۆرد

پرتەقاڵی = سوور و زەرد

مۆر = شین و سوور

* ڕەنگە سەربەخۆکان (بێلایەنەکان): سپی و ڕەش.

* ڕەنگە گەرمەکان: زەرد و سوور و پرتەقاڵی.

* ڕەنگە ساردەکان: شین و مۆر و سەوز.

(Zangar.Magy. 2005.p16)

هێواڵنامەی کێبڕکێ

سێیەم: پەرەنسیپی کێش/جوواڵە Rhythm/Movement

هەر نەخشەسازیەک پێویستی بە جۆرێک لە ئینێرجی هەیە، بۆ بەخشینی جوواڵە بە گیانی ئەو کارە هونەرییەی کە دروستکراوە، ئەگەر ئەم خاڵەی تێدانەبوو زوو لەلایەن بینەریەوە فەرامۆش ئەکرێت، زوو بیر ئەچێتەوە لە زیهنی بینەردا نابێتە وێنایەکی گوزارشتکار. (شاسواری، ۲۰۱۳. ۳۲۲) هەر شتێک کە ببێتە هۆی دروستکردنی جووڵە لەکارە هونەرییەکەتدا ئەوە کێشی نەخشەسازییەکەت لەلای جەماوەری پێشواز بەنرختر و قورس تری ئەکات، ئایا تێبینی ئەوەت کردووە کامێرامان و ڕۆژنامەنووسەکان کاتێ ئامادەی کۆڕ و وۆرکشۆپ و لێدوان و کۆنگرە

ڕۆژنامەنووسییەکانی کەسایەتییە ناوداڕەکان ئەبن، وێنە ناگرن هەتا بێجووڵە تەنها قسە ئەکات بەڵام لەگەڵ دەستی یان پەنجەی جووڵاند چرکەی فلاشی کامێراکان کۆنگرەکە ئەکاتە یەکپارچە چراخان، بۆ؟ وەڵامی ئەم پرسیارەت ئەوە ئەگەییێنێت ئێستا لە چەمکی جووڵە و ئینێرجی تێگەیشتوویت یان نا ؟! (artapprenticeonline.com، ٢٠١٨: ...) کێش لە نەخشەسازیدا لەو ڕووەوە بەها پەیدا ئەکات بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤارەکەت کە بەهۆیەوە بتوانرێت هاوسەنگی نێوان نووسین و وێنەکان لەلایەک و گۆشە جیاوازەکانی لەلایەکی تر بپارێزرێت، وشە و وێنەکانی هەر بڵاوکراوەیەک بەشێوەیەک دابەشبکرێن بەسەر ڕووپەڕی بڵاوکراوەکەدا کە کێش و قورسایی هیچ لایەک نەبێتە ئاستەنگی سەرنج ڕاکێشی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکە بۆ خوێنەر.

جووڵە: هەر شتێک کە ببێتە هۆی دروستکردنی جووڵە لەکارە هونەرییەکەتدا ئەوە کێشی نەخشەسازییەکەت لەلای جەماوەری پێشواز بەنرختر و قورس تر ئەکات، بڕوانە دوو وێنە هەر هی یەک کەسی دیاریکراو لەیەک بارودۆخ و تەنانەت لەیەک زەمەنی تایبەتیشدا بەڵام وێنەیەکیان پێئەکەنێت و وێنەکەی تر زۆر ئاسایی و بەبێ ئیمائەیەکی تایبەت سەیری کامێراکەی کردووە کاتی وێنەکەی گیراوە، ئایا کام لەم دوو وێنەیە ئەبێتە بابەتێکی سەرنج ڕاکێش لەلای جەماوەر لەو ڕۆژنامەیەدا کە تۆ نەخشەسازی بۆ ئەکەیت؟ (rhythmicmovement.org، ٢٠١٨: ...) جووڵە یەکێکە لەخەسڵەتە جیاوازەکانی یەکەی بینین لەکاری دیزایندا، چ دیزاینەکە بەڕاستی جووڵاو بێت یان وەستاو بێت، ئامانجی جووڵەش لەدیزایندا دۆزینەوەی دابەشکارییەکە بۆ توخمە تایپۆگرافییەکان بەجۆرێک کە بەردەوامبوونی جووڵەی چاو بپاریزێت لەسنووری لاپەڕەکەدا هەتا سەرنجی نەڕوات. (موسی، ٢٠٠٤، ٣٦) لە دیزاینە دوو ڕەهەندییەکاندا بە ڕۆژنامەشەوە، جووڵەکردن زیهنییە، واتە هەستکردنە بەبوونی جووڵە لە شتێکی

وەستاودا، وەک ئەو جووڵە دیارەی وێنە وەستاوەکان کە لە فیلمی سینەماییدا بەو پێیەی وێنە وەستاوەکان بەخێرایی بە بەرچاودا تێدەپەڕن، جووڵەش لە لاپەڕەی چاپکراودا لەڕێگەی ئاراستەی توخمە تایپۆگرافییەکانەوە دروستدەبێت. سێ جووڵەی بنەڕەتی هەن بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵەی دیزاینی لاپەڕەیەک، ئەوانیش بریتین لە:

جووڵەی یەکەم: جووڵەی ئاسۆیی (بەئاراستەی ئاسۆییدا)، ئەمەیان ڕاڕەوی چاوە لە کاتی خوێندنەوەدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ یان بەپێچەوانەوە، بەگوێرەی خووی بینین لە کۆمەڵگاکاندا، هەروەها لە کاتی سەیرکردنی توخمە بینراوەکانی وەک وێنە ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕێکخرابوون.

جووڵەی دووەم: جووڵەی شاقوولّییە (بەئاراستەی ستوونی)، ئەمیشیان ئاڕاستەی شاقوولّی بینینە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازیی نییە، توێژینەوەکانی بواری بینین ئەوەیان سەلماندوە کە ئاراستەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاسانترە لەئاراستەی پێچەوانە، چونکە ئەوە بۆ جووڵەی سۆمای چاو ئاسانترە، هەروەک چۆن لەگەڵ یاسای بەکێشکردنی زەویشدا دەگونجێت، ئەم جووڵەیەش یارمەتیدەرە بۆ سەیرکردنی ئەو وێنانەی بەشێوەیەکی شاقوولّی ڕێکخراون، هەروەها بۆ گوازرانەوە لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر، توخمە شاقوولّییەکانیش ئەگەر بارگەیەکی دینامیکی جووڵاویان بدرێتێ هاوسەنگتر دەردەکەون.

جووڵەی سێیەم: جووڵەی بەرەودوایە (بەئاراستەی لە پێشەوە بەرەو دواوە)یە، بەقوولّیش ناودەبرێت، بۆ کاتی هەستکردنیش بەهەندێک توخم باشە کە لەباکگراوندا دانراون و لەسەر لاپەڕە چاپکراوەکە بیرۆکەی ڕەهەندی سێیەم دەهێنێنەدی. باشترە لەکاتی دەرهێنانی دیزاینی لاپەڕەیەکدا، شتە سەرنجڕاکێشەکان بەجۆرێک دابەش بکرێن کە بەردەوامی بدەن بەجووڵەی چاو لە سنووری بینیندا.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە خاڵی سەرەتای ڕۆژنامە، ئەو یەکەمین خاڵەیە کە چاوی مرۆڤەکان دەکەوێتە سەری، ئەوەش بەگوێرەی خووەکانی بینین لای کۆمەڵگا دەگۆڕێت، لە چاپکراو و ڕۆژنامەکاندا چاو لە ڕاڕەوی ئاسایی خۆیدا لە خاڵێکی سەرەتایی خۆیەوە دەکەوێتە جوولە کە دەکەوێتە بەشی ڕاستی سەرەوەی لاپەڕە و بەئاڕاستەیەکی تیرەیی کۆتایی دێت. (شعبان، ١٩٨٦: ٨٢) لەبەر ئەو هۆیە دیزاینەران تەرکیز دەخەنە سەر ئەو سەرەتایەی چاو لە یەکەمین نیگاوە بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت، پاشان بەکێشکردنی چاوەکە دێت بەپێی پلانی دیزاینەرەکە و دواتر گەڕان بەدوای هەر شتێکدا کە چاو پەلکێشبکات لەڕێگەی هارمۆنیای جوولەوە کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی زیندوویەک لەمادە چاپکراوەکەدا. بەهەمان شێوە لێکنەچوون لەڕووی بەهای تیشکییەوە هەستێک بەجوولە دروستدەکات، هەر وەک هێڵەکانی نێوان ڕۆشنایی و تاریک و بەگەڕخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو هێلانە و کۆی فەزای لاپەڕەکە، هەستی جوولە بەبینەر دەبەخشێت. (موسی، ٢٠٠٤، ٣٧)

بەشی سێیەم

بەشی مەیدانی

پێشەکی:

لەبەشی تیۆری توێژەر ئاماژەی بە پرەنسیپەکان کرد بۆ ئەوەی بەشێوەی مەیدانی کاریان لەسەر بکرێت و بەسەر هەردوو سامپڵی توێژینەوەکەدا جێبەجێبکرێن (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار)، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە پرەنسیپە یەکەمەکانی (دووبارە بوونەوە، هەمەڕەنگی، کێش و جوولە) هەڵبژێررێن، بەمەبەستی گەشتن بەو ئەنجامەی تاچەند ئەو پرەنسیپانە ڕەچاوکراون و پەیڕەو کراون لە سامپڵی توێژینەوەکەدا، چونکە ناتوانرێت لە توێژینەوەیەکی وەهادا

هەوالنامەی کێبڕکێ

بەشێوەیەکی زانستیی ورد تەواوی پرانسیپەکان شیکاربکرێن، بەهۆی ئەوەی پرەنسیپەکان ژمارەیان زۆرە و توخم و ڕەگەز و تایبەتمەندییان فراوانە، بۆیە تۆێژەر یەکەمین و گشتگیرترین پرەنسیپ وەردەگرێت کە زۆر لە ڕەگەزەکانیان هەمان ڕەگەزەکانی تری پرەنسیپەکانی تر و دەکرێنە پێوەر بۆ زانینی ئاستی پەیڕەوکردنی نەخشەسازیی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیاردا.

بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ نەخشەسازی

لەبەرئەوەی بەشی مەیدانی تۆێژینەوەکە پەیوەندیدارە بەهەردوو بڵاوکراوەی (کوردستانی نوێ و بڕیار) و ئەوانیش هەردووکیان ڕاستەوخۆ بە بەرنامەی Adobe In Design دیزاییین دەکرێن. تۆێژەر بەپێویستی دەزانێت سەرەتا بەرنامەکە بناسێنێت.

بە ڕای شارەزایان و نەخشەسازانی ئەمڕۆ باشترین بەرنامە بۆ نەخشەسازی ڕۆژنامەگەری لە ئێستادا بەرنامەی Adobe In Design ئەویش لەبەر ئەو هەموو کارئاسانییەی کە لە بەرنامەکەدا هەیە و بەردەستە بۆ نەخشەسازان. هەر وەک لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت بەرنامەی Adobe In Design کۆمپانیای Adobe بەتایبەت بۆ نەخشەسازی دایهێناوە.. سوودی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە تا ئەمڕۆ زۆرترین خەسڵەتی لە بواری نەخشەسازی ڕۆژنامەگەریدا بەرکەوتووە، پاش فێربوونی هونەرەکانی بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە، بەکەمترین ماندووبوون جوانترین نەخشەسازی پێ ئەنجام دەدرێت، کە بە بەرنامەکانی (وۆرد و پەپلیشەر و ئەوانی تری پێش ئەم) بەو ڕادەیە نەبوون لە دیزاینکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بەرگی CD و DVD بەکاردەهێنرێت.

ناساندنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

ڕۆژی ١٩٩٢/١/١٢ ژمارە سفری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوو و بووە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەکە لەشاری هەولێر و لە چاپخانەی ڕۆشنبیری چاپکرا، پاشان ژمارە ١ ی ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/٢٦ چاپ و بڵاوکرایەوە و وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەردەوام بوو، ناوی ڕۆژنامەکە گوزارشتە لە کوردستانێکی نوێ دوای ڕاپەڕین کە جیاوازبێت لە کوردستانی پێش ڕاپەڕین. (بارەگای کورستانی نوێ. ٢٠١٨: ..) لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٣ دا چەند ئامێرێکی کۆمپیوتەر لە وڵاتانی دەرەوە هێنران و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەناوەوەی کوردستان کە بابەتەکانی بە ئامێری کۆمپیوتەر چاپدەکران.. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ سەرەتا بە ٨ لاپەڕەی قەبارەی تابلۆید دەردەچوو پاشان ژمارەی لاپەڕەکانی کراوەتە ١٢ لاپەرە، لەساڵی ٢٠٠٤ هەوە تا کراوەتە ١٦ لاپەڕە، ئێستا هاوپێچ لەگەڵ ١٦ لاپەڕەکەدا پاشکۆش دەردەچێت.

لە ژمارە ١ تاکو ٨١ ڕەنگی ڕۆژنامەکە ڕەش و سپی و سوورە، لەژمارە ٨٢ تا ٩٤ ڕەنگی ڕۆژنامەکە ڕەش و سپی و سەوزە، لە ژمارە ٩٥ تا ١٠٢ ڕەنگی ڕەش و سپی و سوور بەکارهاتۆتەوە، پاش ماوەیەک زیاتر ڕەنگی سەوز کاری لەسەرکراوە، تاوەکو ئێستاش بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە بەردەوامە و ڕەنگی باڵادەستە لە ڕۆژنامەکەدا. (بارەگای کورستانی نوێ. ٢٠١٨:)

ئامانج لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نمایشکردنی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، کە ڕۆژنامەی زمانحاڵی ئەو حزبەیە، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکەشیدا بایەخ بە لایەنی

جۆراوجـۆری دیـکەی وەک لایەنـی کـۆمەڵایەتی و یاسـایی و ژینگەیـی و زانستی و ئەدەبی و هونەریی و ڕۆشنبیریش دەدات. (عابد، ٢٠١٧: ١٠٠)

ناساندنی گۆڤاری بڕیار:

ئەم گۆڤارە (بڕیار) یەکەمین گۆڤاری کارگێڕی و گەشەپێدانی مـرۆییە لە کوردسـتاندا، لەگەڵ ئەو هەمـوو ئاسـتەنگ و کێشـانەی کە بـۆ ڕۆژنامەگەری چاپکراو هـاتووەتە پێشـەوە لە هەرێمـی کوردسـتاندا هێشـتا ئەم گۆڤـارە بەردەوامتـرین گۆڤـاری چـاپکراوە کە لە کـاتی خۆیـدا دەگـاتە دەست خوێنەرانی.

ژمارەی یەکەمی لە (مـانگی ٦ / ٢٠٠٨) بڵاوکراوەتەوە و تـا ئێسـتاش بەردەوامە، خـاوەنی ئیمتیـازی: ئەنـدازیار مەسـعود تـاهیر ڕۆژبەیـانی و سەرنووسەری: عادل محەمەد شێخانی و بەڕێوەبەری نووسینی: بەرزان ئەبـوبەکر و دیـزاین: جەمـال دەرویـش و قەیـدار ڕەحـیم و پشـتیوان عەبولڕەحمـانە و لەچاپخـانەی سـەردەم لەشـاری سـلێمانی چاپـدەکرێت. سەرەتا بەشێوەی A٤ و ئێستاش پاش قەیرانی ئابووری بووە بە شێوەی A٥ بەڵام کوالێتی و هەمەڕەنگی خۆیی هەڕ پاراستووە، کە ئەوە لە ڕووی نەخشەسـازییەوە زۆر گـرنگە بـۆ هەر بڵاوکـراوەیەک. لەو مـاوەیەدا بەشـێوەیەکی مانگـانە و هەمەڕەنـگ و لە دووتـوێی ٥٠ لاپەڕەدا و لەکـاتی خۆیـدا بڵاوکـراوەتەوە، لەڕووی زانسـتییەوە ئەم گۆڤـارە دەچێـتە ڕیـزی (ڕۆژنـامەگەری تایبەتمەنـد) چـونکە گۆڤـارێکی تـایبەتە بە کـارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی و زۆرترینی بابەتەکانی لەو تەوەرەیە دەسوڕێنەوە.

(بارەگای گ.بڕیار. ٢٠١٨: ..)

دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوە:

وەک سەرەتا باسکرا بۆ هەرکام لە بڵاوکراوەکان شەش خول وەرگیراوە لەسەرەتای دەرچوونی هەر یەکێکیانەوە تا خولی شەشەم (سەرەتای١٩٩٢ بۆ سەرەتای ٢٠١٦) چونکە لەسەرەتای هەر خولێکیاندا لۆگۆکانیان گۆڕیووە، لۆگۆیش یەکێک لە دیارترینی شوناسی بڵاوکراوە لەلای خوێنەران و دیارترین ڕەگەزی پەرەنسیپی دووبارەبوونەوەیە لە نەخشەسازیدا.

هەر کام لە بڵاوکراوەکان لە چ ژمارەیەکەوە لۆگۆکانیان گۆڕیووە نوسخەی یەکەم بەسامپڵ وەرگیراوە، سەرەتای هەر خولێکیش لە ڕۆژنامە کوردستانی نوێدا بەم ژمارە و بەروارانە بووە: (ژسفر ی ١٢/ ١ / ١٩٩٢) و (ژ١٠٠٠ ی ١ / ٦/ ١٩٩٥) و (ژ٢٠٠٠ ی ١٤ / ١١/ ١٩٩٩) و (ژ٣٠٠١ ی ٢ / ٣/ ٢٠٠٣) و (ژ٥٠٠٦ ی ٢٣ / ١٠/ ٢٠٠٩) و (ژ٦٨٦٢ی ٣ / ١/ ٢٠١٦).

هەروەها گۆڤاری بڕیاریش بەهەمان شێوە بەم شێوەیە وەرگیراوە: (ژ١ی ئایاری ٢٠٠٨) (ژ١٢ی ئایاری ٢٠٠٩) و (ژ٢٤ی ئایاری ٢٠١٠) و (ژ٢٦ی تەممووزی ٢٠١٠) و (ژ٥٠ی تەممووزی ٢٠١٢) و (ژ٧٠ی تەممووزی ٢٠١٤).

پرەنسیپی یەکەم: دووبارەبوونەوە

خشتەی ١

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی دووبارەبوونەوە لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

زنجیرە	رەگەزەکانی دووبارەبوونەوە	چەندبارەبوونەوە	ڕێژەی %	پلەبەندی
١	تێکست	٤٣٢	٣٩,٧٧	١
٢	ناونیشانی بابەتەکان	٣٢٤	٢٩,٨٣	٢
٣	هێدەرو فوتەر	٢١٦	١٩,٨٨	٣
٤	مانشێت	١,٨	٩,٩٤	٤
٥	لۆگۆ	٦	٠,٥٥	٥
	کۆی گشتی	١,٨٦	%١٠٠	

هەواڵنامەی کێڵێ

خشتەی ٢

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی دووبارەبوونەوە لە بڕیار دا ڕووندەکاتەوە

زنجیرە	رەگەزەکانی دووبارەبوونەوە	چەندبارەبوونەوە	ڕێژەی %	پلەبەندی
١	تێکست	٢٦٠	٤٣,٠٤	١

٢	ناونیشانی بابەتەکان	٢٥٢	٤١,٧٢	٢
٣	مانشێت	٥٠	٨,٢٧	٣
٤	هێدەرو فوتەر	٣٦	٥,٩٦	٤
٥	لۆگۆ	٦	٠,٩٩	٥
	کۆی گشتی	٦٠٤	%١٠٠	

هەوالنامەی کێبڕکێ

شیکردنەوەی خشتەکانی پرەنسیپی دووبارەبوونەوە:

بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە(١) و (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە تایبەتمەندی ڕەگەزەکانی پرەنسیپی دووبارەبوونەوە لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە:

١. تێکست: لێرەدا شیکردنەوە بۆ ناوچەی زیندوو (live matter area) کراوە ئەوەی کە لە لاپەڕەدا وەک نووسین/دەق/تێکست لە ڕۆژنامە و گۆڤارکەدا دەردەکەوێت. کە پێویستە هەمان دووبارەبوونەوەی هەبێت لە ڕووی (جۆری فۆنت، بۆشایی نێوان دێڕەکان، قەبارەی نووسین، ژمارەی ستوونەکان)ی تێکست، لەسەر بنەمای ئەو خاڵانە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە کراوە، هەروەک دەردەکەوێت لەهەردوو بڵاوکراوەکەدا بەپلەی یەکەم دێت و لە کوردستانی نوێ ڕێژەی ٣٩,٧٧% ی بەرکەوتووە و لە گۆڤاری بڕیاریش ڕێژەی ٤٣,٠٤% هێناوە، کە ئەمە زۆرباشە و نیشانەی ئەوەیە بڵاوکراوەکان لە نەخشەسازی تێکستدا زۆرترین پابەندبوونیان بە پرەنسیپەکانی نەخشەسازییەوە هەبووە.

٢. ناونیشـــانی بابەتەکـــان: پێویســـتە لە ژمـــارە وەرگیراوەکـــانی بڵاوکراوەکاندا ناونیشانەکان هەمان دووبارەبوونەوەیان هەبێت لە ڕووی (باکگراونـــد و قەبـــارە و ڕەنـــگ و فۆنـــت) ەوە، لەســـەر ئەو بنەمـــایە هەڵسـەنگاندن بـۆ هەرکـام لە ژمارەکـانی بڵاوکراوەکـان کـراوە، دەبینرێـت ناونیشان زۆرباش پەیڕەوی پرەنسیپی دووبارەبوونەوەی کردووە بۆیە لەهەر ٦ ژمـارەکەدا کوردستانی نوێ پلەی دووەمـی بەڕێژەی ٢٩,٨٣% بەرکەوتـووە و گۆڤـاری برپـاریش ڕێـژەی ٤١,٧٢% هێنـاوە، کە ئەوە نیشـانەی ئەوەیە وەک پێویست (باکگراوند و قەبـارە و ڕەنگ و فۆنت) ی ناونیشانەکان لەژێر پرەنسیپەکاندا کاریان بـۆ کراوە بەپێی پرەنسـیپەکانی نەخشەسازی گونجاو و شیاون.

٣. هێدەر و فوتەر: پێویستە هێدەر و فوتەر لە ژمارە وەرگیراوەکانی ڕۆژنـامەکەدا هەمـان دووبارەبوونەوەیـان هەبێـت لەڕووی (سـەرەتا و کۆتـایی) هێـدەرەکە، واتە: نووسـینە پێویسـتەکانی سـەر هێـدەر وەک: (ژمـارەی ڕۆژنـامەکە و بەروار)، هەروەهـا (بـوون و نەبـوون) ی هێدەر و فـوتەر، لەســەر ئەو بنەمــایە هەڵســەنگاندن بـۆ هەرکـام لە ژمارەکـانی بڵاوکراوەکان کراوە، دەبینرێت لە کوردستانی نوێ بە ڕێژەی ١٩,٨٨% لە پلەی سێیەمدایە و گۆڤاری برپاریش بە ڕێژەی ٥,٩٦% پلەی چوارەمی بەرکەوتووە.

٤. مانشـێت: پێویسـتە مانشـێت هەمـان دووبـارەبوونەوەی هەبێـت لەڕووی: (شـوێن و جـۆر و قەبـارەی فۆنـت و ڕەنـگ)ی مانشـێت، لەسـەر بنەمای ئەو خاڵانە هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوە بـۆ مانشـێتەکان کراوە، لە ئاکامـدا دەرکەوتـووە مانشـێت لە کوردسـتانی نـوێ بە ڕێـژەی ٩,٩٤% بەپلەی چـوارەم دێت و لەگۆڤاری برپـاریش بە ڕێژەی ٨,٢٧% لە پلەی سێیەمدا دەوەستێت.

٥. لۆگـۆ: پێویسـته لۆگـۆ له ژمـاره وەرگیراوەکـانی بڵاوکراوەکانـدا هەمـان دووبـارەبوونەوەی هەبێت له ڕووی (شـوێن و ڕەنـگ و قەبـاره و فـــۆنتی) لۆگـــۆ کەوه، چـــونکه دیـــارترین ڕەگەزی پەرەنســـــیپی دووبـــارەبوونەوەیه لەنەخشەســـازیدا.. لەســـەر بنەمـــای ئەو ڕەگەزانەش هەڵســـــەنگاندن و شـــیکردنەوەی بـــۆ کـــراوه، بەڵام بەداخەوه وەک دەردەکەوێـت هیچکـام له بڵاوکراوەکـان گرنگییـان به جێگیریـی ڕەگەزی لۆگـۆ نەداوه بـۆیه وەک له خشـتەکەدا دیـاره لۆگـۆ لەهەر ٦ ژمـارەی بڵاوکراوەکاندا گۆڕانکاری بەسـەردا هـاتووه بۆیه کوردستانی نـوێ پلەی پێنجەمـی به ڕێـژەی ٠,٥٥% ی بەرکەوتـووه و له گۆڤـاری بڕیـاریش ٠,٩٩% ی هێنـــاوه، که لۆگـــۆ شوناســـی ڕۆژنـــامەیه و له ڕووی پەرەنسیپەکانی دیزاینەوه نابێت بەهیچ پاساوێک گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

پەرەنسیپی دووەم: هەمەڕەنگی

خشتەی ٣

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی ڕەنگ) له کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوه

ڕەنگ	ڕەش	سپی	سەوز	سوور	شین	قاوەیی	نیلی	زەرد	مۆر	وەنەوشەیی	خۆڵەمێشی	گۆی کشتی
بوونەوە	٦١	٦٣	٣٦	١٨	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	١٧٨

هەوڵنامەی کۆیە

ڕێژەی%	٣٤,٢٦	٣٥,٣٩	٢٠,٢٢	١٠,١١	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	%١٠٠

خشتەی ٤

پەیرەوکردنی پرەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی هێڵ) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

بەکارهێنانی هێڵ	ئەستور	باریک	درێژ	کورت	گۆشە	چەماوەیی	کۆی گشتی
دووبارەبوونەوە	٢٤	٥٤	٣٩	٥٧	٣	٠	١٧٧
ڕێژەی%	١٣,٥٥	٣٠,٥٠	٢٢,٠٣	٣٢,٢٠	١,٦٩	٠	%١٠٠

خشتەی ٥

پەیرەوکردنی پرەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی ڕەنگ) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

ڕەنگ	ڕەش	سپی	سەوز	سور	شین	قاوەیی	نیلی	زەرد	مۆر	وەنەوشەیی	خۆڵەمێشی	کۆی گشتی
دووبڕەبوونەوە	٢٥	٢٥	٦٧	٧٢	٥٤	١٩	٢٤	٤٤	٢٨	٤١	١٧	٤١٦

هەوالنامەی کێڵێب

ڕێژەی%	٦	٦	١٦,١٠	١٧,٣٠	١٢,٩٨	٤,٥٦	٥,٧٦	١٠,٥٧	٦,٧٣	٩,٨٥	٤,٠٨	%١٠٠

خشتەی٦

پەیرەوکردنی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی (بەکارهێنانی هێڵ) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

بەکار هێنانی هێڵ	ئەستور	باریک	دڕێژ	کورت	گۆشە	چەماوەیی	کۆی گشتی
دووبارەبوونەوە	١٢	١٨	١٤	٢٩	٣	١١	٨٧
ڕێژەی%	١٣,٧٩	٢٠,٦٨	١٦,٠٩	٣٣,٣٣	٣,٤٤	١٢,٦٤	%١٠٠

هەوالنامەی کێڵ

شیکردنەوەی خشتەکانی پڕەنسیپی هەمەڕەنگی:

١. بەکارهێنانی ڕەنگ/ لەپڕەنسیپی هەمەڕەنگی دا بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ (خشتەی٣ و ٥) دەبینین: لە کوردستانی نوێدا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکی ڕەش و سپیە و بۆشایی سپی (White space) ی زۆر ناوچەیەکە لەسەر لاپەڕەیە و لە ناوچەی زیندوودایە (live matter area) بەڵام هیچ تێکست و وێنەی تیا نییە، هەروەها دەبێتە مایەی دروستکردنی هەستێکی کراوەی دەوڵەمەند و سەرنج ڕاکێشێت دروست دەکات بۆ زیاتر حەوانەوەی چاوی خوێنەرە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە قەرەباڵغ نەبێت –

ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی پلەی یەکەم بۆ ڕەنگی سپی بێت و پلەی دووەمیش بەر ڕەش بکەوێت واتە: ئەو دوو ڕەنگە (ڕەش و سپی) یەکەم و دووەم گرگنترین ڕەنگ بن لە ڕۆژنامەکەدا، لەکاتێکدا لە گۆڤاری بڕیاردا و لەهەمان بەکارهێنانی ڕەنگدا لەبەر ئەوەی تەواوی گۆڤارەکە هەمەڕەنگە (ملون) هەردوو ڕەنگی سوور و سەوز دەبنە پلەی یەکەم و دووەم.

٢. (بەکارهێنانی هێڵ)/ لە پڕەنسیپی هەمەڕەنگیدا بۆ بەکارهێنانی هێڵ (خشتەی٤ و ٦) دەبینین: لە کوردستانی نوێدا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیە و بۆکس و ستوون و گۆشەی زۆرە لەو ٦ ژمارەیەدا ١٧٧ هێڵی (ئەستوور و باریک و کورت و گۆشە و چەماوەی) تیا بەکارهاتووە، بەڵام لە بڕیار لەبەر ئەوەی گۆڤارە و هەمەڕەنگە، کەمتر پەنایان بردووەتە بەر هێڵ، بۆیە لەهەر شەش ژمارەکەدا تەنها ٨٧ هێڵیان بەکارهێناوە و پلەی یەکەمیش لە هەردووکیاندا بەر هێڵی کورتەودا دەکەوێت.

پڕەنسیپی سێیەم: کێش/جوولّە

خشتەی ٧

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (وێنە) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

کێش و جوولّەی وێنە	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
وێنەی بەکارهاتوو بەهێزە	٤٣	%٤٧,٧٧	دووەم
وێنەی بەکارهاتوو	٤٧	%٥٢,٢٢	یەکەم

هەوالنامەی کێڕ

لاوازه			
کۆ	٩٠	١٠٠%	

خشتەی٨

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (ناونیشان) لە کوردستانی نوێدا ڕوونەدەکاتەوە

کێش و جوولّەی ناونیشان	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ناونیشان بەکارهاتوو بەهێزە	٥٦	٤١,١٧%	دووەم
ناونیشان بەکارهاتوو لاوازە	٨٠	٥٨,٨٢%	یەکەم
کۆ	١٣٦	١٠٠%	

خشتەی٩

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (بابەت) لە کوردستانی نوێدا ڕوونەدەکاتەوە

کێش و جوولّەی بابەت	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی

هەوالنامەی کێڵێ

بابەتی بەکارهاتووی بەهێزە	٨٨	%٥٢,٣٨	یەکەم
بابەتی بەکارهاتووی لاوازە	٨٠	%٤٧,٦١	دووەم
کۆ	١٦٨	١٠٠%	

خشتەی ١٠

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (ڕەنگ) لە کوردستانی نوێدا ڕووندەکاتەوە

کێش و جووڵەی ڕەنگ	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ڕەنگی بەکارهاتووی بەهێز	١٠	%٣٨,٤٦	دووەم
ڕەنگی بەکارهاتووی لاوازە	١٦	%٦١,٥٣	یەکەم
کۆ	٢٦	١٠٠%	

خشتەی ١١

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (وێنە) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

کێش و جوولّەی وێنە	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
وێنەی بەکارهاتوو بەهێزە	٩٣	%٥٦,٣٦	یەکەم
وێنەی بەکارهاتو لاوازە	٧٢	%٤٣,٦٣	دووەم
کۆ	١٦٥	١٠٠%	

هەواڵنامەی کێبڕکێ

خشتەی ١٢

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (ناونیشان) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

کێش و جوولّەی ناونیشان	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ناونیشان بەکارهاتوو	٧٧	%٦١,١١	یەکەم

بەهێزە			
ناونیشان بەکارهاتوو لاوازە	٤٩	%٣٨,٨٨	دووەم
کۆ	١٢٦	١٠٠%	

خشتەی ١٣

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوولّە بەکارهێنانی (بابەت) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

هەوالنامەی کێش

کێش و جوولّەی بابەت	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
بابەتی بەکارهاتووی بەهێزە	٩٦	%٧٢,١٨	یەکەم
بابەتی بەکارهاتووی لاوازە	٣٧	%٢٧,٨١	دووەم
کۆ	١٣٣	١٠٠%	

خشتەی ١٤

پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی کێش/جوواڵە بەکارهێنانی (ڕەنگ) لە بڕیاردا ڕووندەکاتەوە

کێش و جوواڵەی ڕەنگ	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ڕەنگی بەکارهاتووی بەهێز	٨٣	%٦٦,٤	یەکەم
ڕەنگی بەکارهاتووی لاوازە	٤٢	%٣٣,٦	دووەم
کۆ	١٢٥	١٠٠%	

هەوالنامەی کێبڕکێ

شیکردنەوەی خشتەکانی پڕەنسیپی کێش/جوواڵە:

پڕەنسیپی کێش و جووڵە لە چوار ڕووەوە بۆ کوردستانی نوێ و بڕیار شیکراوەتەوە:

١. کێش و جووڵەی وێنە/(خشتەی ٧ و ١١) لەبەر ئەوەی کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیە و لەلایەک زۆربەی وێنەکانی ڕەش و سپین و لەلایەکی تریش لە ١٩٩٢/١/١٢ەوە وەشاندنی دەستپێکردووە – کە ئەو کاتە تەکنۆلۆجیای ئەلەکترۆنی و بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەر – بەو ڕادەیە نەبوو بۆیە پلەی یەکەم بەر وێنەی بەکارهاتووی لاواز دەکەوێت لە

کاتێکدا هیچ کام لەو هۆکارانە لەگۆڤاری بڕیاردا بوونیان نیە بۆیە ئەنجام بەپێچەوانەوەیە و پلەی یەکەم بەر وێنەی بەکارهاتووی بەهێز دەکەوێت.

٢. کێش و جووڵەی ناونیشان/(خشتەی ٨ و ١٢) ناونیشان لە کوردستانی نوێدا بۆ دوو ڕەهەندی بەهێز و لاواز دابەش ئەبێت لەڕووی شێوەی نەخشەسازییەوە نەک ناوەرۆک، لە ئاکامدا پلەی یەکەم بەر لاواز کەوتووە و پلەی دووەم بەر بەهێز کەوتووە، لە کاتێکدا بەهۆی کوالێتی لە فۆنت و ستایل لە بڕیاردا پلەی یەکەم بەر بەهێز و پلەی دووەم بەر لاواز کەوتووە.

٣. کێش و جووڵەی بابەت/(خشتەی ٩ و ١٣) لە ڕووی نەخشەسازی بابەتەوە بۆ ئەم پرەنسیپە هەردوو بڵاوکراوەکە بە ڕێژەی جیاواز بابەتی بەکارهاتووی بەهێز پلەی یەکەمی هەیە و لاوازیش پلەی دووەم کە ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت: هەردوو بڵاوکراوەکە بە ڕێژەیەکی زۆرباش گرنگییان بەنەخشەسازی بابەت داوە چ لەڕووی کێشی بابەتەکان لە دوو لاپەڕەی بەرامبەر یەکدا کە یەک یەکەی بینراو پێکدەهێنن، لە ڕۆژنامەدا پێی دەڵێن (Double Truck) دەبڵ تراک و بەگشتی پێیشی دەڵێن: (Spread) کە برتییە لەو دوو لاپەڕەیەی کە لە تەنیشتی یەکەوەن، پێویستە نەخشەساز ئاگادار بێت لە کاتی دیزایین کردنیدا چونکە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر یەکتری.

٤. کێش و جووڵەی ڕەنگ/(خشتەی ١٠ و ١٤) لەبەر هەمان ئەو خاڵەی کە لە شیکردنەوەی کێش و جووڵەی وێنەدا ئاماژەی پێدرا بۆ ڕەنگیش دووبارە هەر ڕاستە، چونکە ڕۆژنامەکە ڕەنگی یان بەکارنەهێناوە یان کەمترین بڕی بەکارهێناوە چونکە ئەو ڕەش و سپیە و گۆڤارەکە هەمەڕەنگە لەبەر ئەوە ئاساییە ڕەنگی بەکارهاتووی بەهێز لە بڕیاردا پلەی یەکەمی هەبێت و لە کوردستانی نوێدا پلەی دووەم بەتایبەت لەخەسڵەتێکدا کە لە ڕۆژنامەکەدا زۆرتر بەرچاو دەکەوێت لەچاو

گۆڤارەکە ئەویش بۆکسی خۆڵەمێشیە (Gray Boxes) کەشتێکی باش نییە لە نەخشەسازیدا، چونکە کۆنتراستی کەمە و لاوازە، وەکو کۆنتراستی ڕەش لەسەر سپی نییە.. زۆر بەکارهێنانی چاوی خوێنەر عەزیەت ئەدات نووسینی ڕەش لەسەر خۆڵەمێشی یان نووسینی سپی لەسەر خۆڵەمێشی بەبەراورد بە کۆنتراستی ڕەنگە گەرم ساردەکان کە زۆرئاسانتر دەخوێنرێنەوە.

ئەنجامەکان:

تـوێژەر لە ئەنجامـدانی ئەم تـوێژینەوەیە (بەکارهێنـانی پرەنسـیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنـامەگەری کوردیـدا، ڕۆژنـامەی کوردسـتانی نـوێ و گۆڤاری بڕیار بەنموونە) گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- نەخشەسـازیی بنەمـایەکی سـەرەکی ڕۆژنـامەگەرییە و بەکارهێنـانی پرەنسیپەکانی کاریگەری هەیە لە بەرەو پێشچوونی بڵاوکراوەکاندا.

٢- بەهـۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەسـتبوونی کەرەسـتەی پێویسـتەوە بواری نەخشەسازیش فراوانتر بووە و زۆر قۆناغی تێپەڕاندووە.

٣- نەخشەسـازیی بـێجگە لە بەخشـینی ڕوخسـارێکی سـەرنجراکێش بە ڕۆژنامە، هاوکات هاوکاری خوێنەریش دەکات بۆ ئەوەی جەختکردنەوەی لەسەر بابەتەکان زیاتر بێت و ماندوو و بێزارنەبێت.

٤- ڕۆژنـامەی کوردسـتانی نـوێ و گۆڤـاری بڕیـار تـاڕادەیەک ڕەچـاوی پرەنسـیپەکانی نەخشەسـازییان کـردووە و هەریەکەیـان بە ڕێژەیەکـی جیـاواز (وەک لەبەشـی پراکتیکیـدا ئامـاژە بـەبڕ و ڕێژەکـان کـراوە) تێگەیشتنیان بۆ بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازیی هەیە و گرنگیان پێداون.

٥- لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەستبوونی کەرەستەی پێویستەوە بۆ بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بڕیار لە پرەنسیپی دووبارەبوونەوەدا ڕەگەزی تێکست پلەی یەکەمی هەیە، لە کاتێکدا لە هەمان پرەنسیپدا ڕەگەزی لۆگۆ کە شوناسی بڵاوکراوەیە نزمترین پلەی هەیە، چونکە تا ئێستا شەش جار گۆڕانکاری تیا کراوە لەڕووی (فۆنت، ڕەنگ، قەبارە، شوێن).

٦- لە دوا ئەنجامدا تۆێژەر دەگاتە ئەو ئاکامەی هەرچەندە بەشێوەیەکی زانستی پرەنسیپەکانی نەخشەسازی بەکاربهێنرێن لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەوەندە زیاتر بڵاوکراوەکان سەرنج ڕاکێش دەبن، بۆ نموونە: ڕەگەزی (ڕەنگ) لە پرەنسیپی (هەمەڕەنگی)دا: پلەی کەمتری هێناوە لەچاو ڕەگەزی (هێڵ) لەهەمان پرەنسیپدا، ئەمە و ڕەگەزی (بابەت) لە پرەنسیپی (کێش/جووڵە)دا پلەی یەکەمی هێناوە لەچاو ڕەگەزی (ڕەنگ) لە هەمان پرەنسیپدا، کە کەمترین ئاستی هەیە، ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستییانەتر مامەڵە لەگەڵ پرەنسیپەکاندا بکرایە و هەردوو پرەنسیپی (هەمەڕەنگی) و (کێش/جووڵە) گونجاوتر پراکتیک بکرانایە ئەنجامی باشتری بەدەستەوە دەدا.

سەرچاوەکان:

کتێبە کوردییەکان:

- زانگەر، ماگی(٢٠٠٥) پرەنسیپەکانی نەخشەسازی/ وەرگێڕانی: ئالان عەتوف. چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- شاسواری، عادل(٢٠١٣) بەکۆمەڵایەتیبوون لە نێو ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەنددا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- عبدالله، سالار(٢٠٠٦) ٢٥ ئامۆژگاری بۆ دیزاینکردنی لۆگۆیەکی گونجاو، نووسەر:..... وەرگێڕان: چاپی ئەلەکترۆنی.

کتێبە عەرەبییەکان:

- سكوت، روبرت جيلام(بدون سنة نشر) أسس التصميم، ت: محمد محمود يوسف، عبدالباقي محمد ابراهيم، مراجعة: عبدالعزيز محمد فهيم، تقديم:عبدالمنعم هيكل، مصر: دار نهظة مصر للطبع والنشر.
- شعبان، أمين (١٩٨٦) أسس انتاج الكتاب من التصميم الي التنفيذ. عالم الطباعة، اب.
- الصقر، اياد (٢٠٠٦) تصميم الصحافة المطبوعة واخراجها/ دار أسامة.
- عبدالكريم، عمرو محمد سامي. (١٩٩٨) فن الدعاية والإعلان ـ رؤية فنية معاصرة، القاهرة: جامعة حلوان.
- علم الدينم محمود (٢٠٠٠) فن التحرير الصحفي: المفاهيم، المتطلبات، الَاشكال، دار الحكيم للدراسات والنشر والإعلان.
- موسى، انتصار رسمي.(٢٠٠٤) تصميم واخراج الصحف والمجلات . الطبعة الاولى .عمان . دارالاوائل للطباعة والنشر.
- موسى ؛انتصار رسمي (٢٠٠٤).نظام الاخراج والتصميم الصحفي.عمان . دارالاوائل للطباعة والنشر.

کتێبە ئینگلیزییەکان:

- Jacci Howard Bear, Desktop Publishing Expert: Principles of Design Definitions, Updated February, ٢٠١٦.
- Pawr Din. Variety magazine covers. of USA 1940's
- Zangar, Magy. Design Principles use. 2005

نامەی زانکۆیی:

- محمد رؤوف، زينب ليث عباس.(٢٠٠٥) الَاساليب الفنية للإعلان في شبكة المعلومات العالمية ـ دراسة مسحية للَاساليب الإعلانية في موقع مكتوب عبر الانترنت، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد: كلية الإعلام.

- عابد، سومەییە فازیل.(٢٠١٧) کاریگەریتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لە سەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، نامەی ماستەر/بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

فەرهەنگ:

- عەبدول، جەمال، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی

Oxford Dictionary
https://en.oxforddictionaries.com/definition/graphic_design 10 / 6 / 2018

فەرهەنگی مەریەم وبستەر

(Merriam Webster Dictionary)

www.merriam-webster.com/dictionary/graphic%20design 10 / 6 / 2018

دیدار:

- ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٤ سەردانی بارەگای گۆڤاری بڕیار کراوە.
- ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٤ سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کراوە.

دەرسگوتار:

- دەرسگوتارەکانی (د. ماگی زانگەر) کە لەبەریتانیاوە هاتبوو بۆ کۆرسی (نەخشەسازی چاپکراو) لە ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ لە زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن/ قۆناغی چوارەم / ڕۆژنامە.

ئەلەکترۆنی:

- http://nwrain.net/~tersiisky/design/principles.html / ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://www.j٦design.com.au/٦-principles-of-design/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://www.designzbyjamz.com/benefits-of-graphic-design/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- https://daniellesdooodles.wordpress.com/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨/poster-research-continued-week- ٥daniellesdooodles.
- http://٦٠٥.wikispaces.com/Variety ١٠/ ٦/ / ٢٠١٨
- http://www.tunedintolearning.com/rhythm-movement-and-autism/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://artapprenticeonline.com/blog/rhythm-in-art/ ١٠/ ٦/ ٢٠١٨
- http://rhythmicmovement.org ١٠/ ٦/ ٢٠١٨

هەوالنامەی کتێب

ملخص

هذا البحث تحلل مظمون (استعمال المباديء التصميم في الصحافة الكردية صحيفة كوردستاني نوي و مجلة بريار نموذجا) المشكلة البحث تاتي عندما تبرز سؤال وهي (هل الصحافة الكردية بالاخص صحيفة كوردستان نوي ومجلة بريار الي اي مستوي اهتم بالتصميم بالاخص المبادي و الثلاثة: (التكرار) و (الوزن/الحركة) و(التنوع). وصل الباحث الي نتيجة بانه بسبب تقدم التكنولوجيا والمواد المتاحة في مجالات استخدام مبادو التصميم في صحيفة كوردستاني نوي ومجلة بريار بدرجة محدودة وفي هذه ناحية من حيث المبدو (التكرار) عنصر الكتابة تحتل المركز الاول ولكن في نفس المبدو العنصر(العلامة -لؤطؤ) تحتل ادني مستوي لانه لحد الان تغيرة (٦) مرات، اما بالنسبة لعنصر (التلوين) في مبدو التنوع تحتل مستوي أقل من العنصر (الخط)من نفس المبدو، اما العنصر (الموضوع) من مبدو (الوزن /الحركة) تاتي في مرتبة الاولي، بالنسبة

لعنصر(اللون) من نفس المبدو التي تعتبر اقل المستوي وفي نهاية وصل الباحث الي نتيجة بانه مهما استخدم المباديو التصميم بطريقة علمية في صحافة الكردية ساعد اكثر جذب القارئ للمنشورات.

Abstract:

